# ئایین و کێشەکان

تەحسین حەمەغەریب

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان


- پرۆژەی کتێبی هەژان: ژمارە (٢٣)
- بابەت: کتێبی فیکری.
- ناوی کتێب: ئایین و کێشەکان.
- ناوی نووسەر: تەحسین حەمەغەریب.
- تایپ: هەردی محەمەد.
- پەراوێزەکان: یاسین حەمەسەعید.
- نۆرەی چاپ: یەکەم، ٢٠١٨.
- بلاوکردنە وەی: **پرۆژەی گەشە**
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە.


- هەموو مافەکانی پارێزراوە بۆ ناوەندی هەژان.



لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٣٠١)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە..


**پرۆژەی گەشە بۆچاپو بڵاو کردنەوەی کتێب**

**هەوڵێک بۆ گەشەپێدانو تێگەیشتن**


**بۆ پەیوەندی:** ٠٧٥٠١٢١٤٧٧٣

# پێشەکی

سوپاس بۆ خودای باڵادەست کە دەرفەتی بۆ رەخساندم  بە نووسینی ئەم کتێبە جارێکی دیکە بچمەوە خزمەت بابەتە ئایینی و مەعنەویەکان. ئەویش بە مامەڵەی فیکری و وردکردنەوەی پەیوەندی نێوان بابەت و کێشەکانی سەردەم و ئایین.

بە مامەڵەیەکی هزری تر لەتەک ئەو بابەتانەدا  و دۆزینەوەی پێگەی ئایین و چاوەڕوانیەکانی ئێمەی مرۆڤ لەتەک ئەو مەوجودەدا کە هەزاران ساڵە بانگەشەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ  و ئاسمان دەکات و مرۆڤگەلێک هەوڵیان داوە بە ئێمەی مرۆڤ بگەیەنن کە ئەوان هەواڵی ئاسمانیان پێیە و دەبێت ئێمەش بەوان باوەڕ بهێنین و بیانکەیەنە قیبلەی دڵی خۆمان.

ئایا ئایینی مێژوویی (هەموو ئایینەکان بە تایبەت ئایینە ئاسمانیەکانی وەک ئیسلام و ئایینی جوو و ئایینی کریستیان) پێگەی راستەقینەی خۆیان لە دەستداوەو ناتوانن رۆڵی چاەڕوانکراو و نەریتی خۆیان بینن، ببنە جێگەی رازەکانی مرۆف و روانینەکانی بۆ ئاسمان، یاخود بوونەتە بەشێک  لە رابردوو و ئیتر دەبێت لێیان بگەرێین و تەنانەت ئەگەر ئێمە پێویستمان بە بابەتە مەعنەویەکانیش هەبێت ئەوا دەبێت لە دەرەوەی ئایینەوە بۆیان بگەڕێین، وەک هەندێک لە  فەیلەسف و رۆحانیە مەعنەویەتگەراکان وا دەڵێن.

لە ئەدەبیاتی دینی سەرەتای سەدەی بیست بە دواوە فیلدێک لە فیکری  ئیسلامی بە وەڵامدانەوەی گومانەکان (رد الشبهات) خۆی خزاندە نێو فیکری ئیسلامیەوە، ئەویش دوای داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی لە لایەن داگیرکەرانەوە  و ئەو پرسیارە شێلگیر و قەیرانیانەی کە زانستی نوێ و فیکری نوێ بۆ بابەتە ئایینیەکانیان دروستکرد، ئیتر موسڵمانن هەوڵی ئەو پرسیارە جیدیانەیان دایەوە کە رووبەڕوویان بوونەوە هەم لە بابەتی دواکەوتنی جیهانی ئیسلام و پێشکەوتنی جیهانی کریستیان، هەمیش لەو دژهاتنەوانەی  کە لە نێوان  ئایین و زانستدا بوونی هەبوو.

دەشێت ئەوەش بوترێت ئەم بابەتە پێشتر رووبەڕووی ئایینی مەسیحی بووبوویەوە، هەر بۆیە موسڵمانان هەوڵی ئەوەیاندا هەم درێژە بە کاری زانا ئایینپەروەرە مەسیحیەکان لە بواری گونجاوی نێوان ئایین و زانست بدەن و هەمیش بە کتێبەکانی ئەوان بۆ زمانی نەتەوە موسڵمانەکان وەربگێرن.

باوەر ناكەم هیچ رۆشنبیرێک و بانگخوازێکی موسڵمان هەبێت کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا ژیا بێت و کتێبەکانی وەک (الله یتجلی فی عصر العلم) (خودا لەسەردەمی زانستدا نومایان دەبێت) و (العلم یدعو للإیمان) (زانست بۆ ئایین بانگەشە دەکات)ی زانای بەناوبانگ (کریسی مۆریسۆن) و ( الانسان ذلك المجهول) (مرۆڤ ئەو نەزانراوە)ی زانا و پزیشکی بەناوبانگ ( ئەلەکسیس کاریڵ)ی نەخوێند بێتەوە یان ئاگای لێیان نەبێت.

هەروەک بابەتی گرنگی وەک شیاوی جێبەجێکردنی شەریعەت (تطبیق الشریعة) لەم سەردەمەدا کە یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەتنی موسلمانان دادەنرا، ئای لەو پێناوەدا بۆ بەرگریکردن لە ئایین کتێب نووسران و هەوڵی پاراستنی شوناسی ئایینی درا، ئەمەش بە یەکێک لە رۆلە نەریتیەکانی ئیلاهیاتی ئیسلامی و مەسیحی دادەنرێت کە بریتیە لە بەرگریکردن لە هزر و پێگەی ئایین، کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئایینەوە یەکێک لە رۆڵەکانی بووە.

بێگومان کەلام و دین ناسی لەم ئەرکەیدا لە نێوان سەرکەوتن و هەوڵدا لە هاتن و چووندا بووە، بەڵام دواجار ئەم ئەرکەش ئەرکێک پیرۆز بووە تا ئەو کاتەی پشتی بە گفتوگۆ و بەڵگەهێنانەوە بەستووە، ئەمەش هەمیشە لە قازانجی مرۆڤایەتی و شارستانی ئایینیدا بووە، تا ئەو کاتەی کە پەنا بۆ زۆر و سەپاندن نەبرا بێت بۆ سەپاندنی فیکری ئایینی یان دژە ئایینی رەسمی.

ئیتر بابەتەکانی وەک پێەی ئافرەت لە ئیسلامدا و بابەتەکانی وەک فرەژنی و غەزا و فتوحاتی ئیسلامی و بوونی کۆیلە و جیاوازی نێوان موسڵمانان و نا موسڵمانان لە ناو کۆمەڵگەی موسڵمانان و حوکمی ئیسلام و بابەتەکانی وەک ئازادی و دیموکراسی و ...هتد، لەو بابەتە هەرە گرنگانە بوون کە هەوڵی وەڵامدانەوەیان درایەوە.

ململانێی نێوان هەر دوو ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و مارکسیەت لەو قۆناغەدا کە دەتوانرێت بوترێت نووسەرە موسڵمانەکان لەو قۆناغەدا باش ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاند. بە تایبەت لە بابەتی گرنگی (نەبوونی خوا)دا و بە تایبەتی تریش بەرامبەر ئەو کێشەیەی هەم هزری مادیگەرای مارکسی و هەمیش تیۆریای پەرەسەندنی داروێنی کردیان.

پاشان هەوڵی خستنەڕووی پرۆژەی سیاسی بەدیل دوای پەرەسەندنی گروپ و حیزبە ئیسلامیەکان و چوونە سەر کورسی دەسەڵاتیش لە هەندێک وڵاتدا. دەتوانرێت بووترێت ئەمەش گەورەترین وەرچەرخان بوو لە (مەعریفەت)

سەنتەریەوە بۆ (سیاسەت) سەنتەری، کە هەنوکە دوای تەمەنێکی دوور و درێژ دەرەنجامی ئەو وەرچەرخانە دەبینین.

ئەڵبەت نابێت هەندێک هەوڵی بچووکی وەک دامەزراندنی زانستی تایبەت بە ئیسلام (یاخود مەسیحیەت) لە بیر بکەین وەک زانستە ئەزموونیە ئیسلامیەکان و پرۆژە زانستیەکان، زانستە مرۆییە ئیسلامیەکانی وەک ئابووری ئیسلامی و سیاسەتی ئیسلامی و تەنانەت کۆمەڵناسی و دەروونناسی ئیسلامی و تا بگات بە مافی مرۆڤی ئیسلامی، کە تا هەنوکەش بە لاوازی ئەو هەوڵانە بەردەوامن و دەرەنجامی هێندە دیار و لەبەرچاویان نەبووە.

بەڵام چارەسەرەکانی ئەو قۆناغە وێرای زەحمەتەکانیان و چەشتنی ئازار و بێبەشی لە پێناویاندا و جێکەوتە نەرێنیە ئایینیەکانیان دەتوانریت چەندین خەوشی بنەڕەتیان تێدا کەشف بکرێن لەوانە:

یەکەم: رووکەشی بێقووڵایی ئەو وەڵامانە و هێنانی وەڵامەکانی زانست بوون و کە دوای کەشفکردنیان لە بوارەکانی زانستدا بۆ ئایین دەگوازرانەوە.

دووەم: وەڵامی گشتی و سادە و بۆ مرۆڤی ئاسایی و وەڵامی ئامادە بوون و بۆ لایەنگران بوون تاوەکو وەڵامی کێشمەکانی نەیاران.

سێیەم: هێندە وەڵام بوون وروژاندنی پرسیار و فیکری رەخنەگرانە نەبوون و خۆیان لەقەرەی کێشە جەوهەریەکانی کێشە دروستکەر بۆ ئایین نەبوون.

چوارەم: زۆربەیان پشتیان بە زانستە ئەزموونیەکان دەبەست نەوەک فیکر و فەلسەفە و تەنانەت زانستە ئینسانیەکانیش، بۆیە هەمیشە وەڵامەکان یەک لایەنە و حەتمی بوون و حەقیقەتی رەهابوون.

پێنجەم: هێندەی مەبەست لەو وەڵامانە خولقانی فەزای سەیر و ئەفسونی سەروو ئینسانی و بڕینی پێشبینی زەمان بوو هێندە ئامانجەکە وەڵام رەسەن و گونجاو لەگەڵ پێویستی مرۆڤدا نەبوو، هەر بۆ نموونە پیشاندانی پێشبینیە پێشترەکانی ئایین کە وەک رۆژی روون لەم رۆژگارەدا هاتوونەتە دی هێندە وەڵامگۆی پێویستیە قووڵەکانی مرۆڤ لە مانا بەخشین بە ژیانی مرۆڤی ئایینپەروەرو دۆخە وجودیەکانەی وەک مەرگ و تەنهایی قووڵی مرۆڤ نەبوون.

ئامانج لەو وەڵامانە تەنها بەرگریکردن بوو نەوەک ژیان لەناو جیهانی مەعنەوی و پڕ لە جوانی و عیشق و خێرویستی و گەیشتنی رۆحیدا، ئیتر نەبوونە سەرزەوی ژیانی ئەخلاقی و ئەزموونی عیرفانی، هەر بۆیە دەرەنجامەکانی یان مرۆڤی رووکەشگەرای بێ قووڵایی و سیاسی پراگماتیکی و رۆشنبیری فرە زانیاری و بێ ئەزمونی رۆحی پێگەیان.

هەنوکەش کە هەم سروشتی کێشەکان گۆڕاوە ئیتر بابەتەکان فەلسەفی و هزری ترن و هەمیش خۆیان لە جەوهەری بابەتە ئایینیەکان دەدەن و هەنوکە ئەو کێشانەی فەیلەسوف و بیرمەندە نا ئایینیەکان دەیانوروژێنن راستەوخۆ لەبەردەست ئەوانەدان کە زۆربەیان چەندین زمانی زیندووی وەک زمانی ئینگلیزی دەزانن، هەمیش دەرکەوتنی چەندین کایەی فەلسەفی زانستی وەک فەلسەفەی زەین و دەمارناسی و مەعریفەتناسی و زمان چەندین کێشەی بنەڕەتی و فەلسەفیان بۆ ئایینەکان دروستکردوە.

بێجگە لە کێشەکانی وەک کوشتار و جەنگی مرۆڤ لە دژی مرۆڤ و نا عەدالەتی تێکدانی ژینگە و ژیانی زیندەوران و بوون لە لایەن مرۆڤە دەستنەگرتنەکانی لە لایەن خواوەندەوە کە ئایینەکان باوەڕیان پێیەتی و ئەو کێشە وجودی و دەروونیانەی تەکنەلۆژیا و سەردەمی نوێ بۆ مرۆڤیان خولقاندوە لە بێمانایی و خەمۆکی و چاوەڕوانی وەڵامی زوودەست و خێرا لە ئایین بۆیان و بوونی ژیانی مەعنەوی و ئەزموونی راستەقینە لە نێو فەزای ئایینیدا ئەمە وایکرد بێت، گۆڕانێکی ریشەیی و دوو لایەنەی ئایین و کێشەکان دەخوازێت و پێویستی بە بیرکردنەوە و بە کێشەی فیکری کردنی بابەتەکانی دەوێت.

ئیدی نە خوێنەری ئەمرۆ بە وەڵامە سادە و یەک دیوەکانی پێشوتر رازیە و ناسینی ئەم سەردەمە و ئایینیش پێویستی بە وەرچەرخان مەعریفی و ئاگاداری فیکری جیهانی و شەپۆلە فیکریەکانی و گۆرینی شوێنگەی ئایین و چاوەڕوانیەکانی مرۆڤ لە ئایین و شارەزایی قووڵی کایەکانی وەک فەلسەفەی ئایین و ئەخلاق و هەموو فەلسەفە زیادکراوەکانی وەک فەلسەفەی زمان و زەین و عەدالەت و قوتابخانەی تەحلیلی و کیشوەری دەوێت.

هەوڵێک ئێمە لەم کتێبەدا داومانە، تا ئێمەی مەعنەوی و ئایینخواز لەبری ئەوەی ئایین تەنها بە شوناسی خۆمان بزانین و بەرگری رووکەشی لێ بکەین ژیانی ئیمانی و مەعنەویمان هەبێت ئەویش هەم بە ناسینی سەردەم و هەمیش بە ناسینی دیوی قووڵی ئایین، بە عەقلانیەتێکی ناڕازی بەڵگەخوازی ئەم سەردەمەوە.

ماوە ئەوە بلێم بێجگە لە سوپاسی بێ پایانم بۆ ئامادەکاران ئەم کتێبە (مامۆستا هەردی) بە نووسینەوەی و (مامۆستا یاسینی برام) بۆ ئامادەکردنی هەموو پەراوێزەکانی و ئامادەکردنی بابەتیانە و چاککردنی زمانەوانی و دەزگای بڵاوکراوەش بۆ لە چاپدانی، دەبێت خوێنەر ئەوەش بزانێت ئەم کتێبەش خولێکی ساڵی (٢٠١٦)ەی هەژان بوو لە ژێر هەمان ناونیشاندا (ئایین و کێشەکان) کە وەک هەموو جار زەحمەتی ستافی ئیداری هەژان (مامۆستا کارزان و مامۆستا ئاری) و

گەرموگوڕی خوێندکارانی خوولەکە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە بە ئەنجامگەیاندنی خوولەکەدا تا بوو بەم کتێبەی بەردەستان، سوپاس بۆ ئەرکی هەموو لایەک. خودا یارمەتیدەری هەموو لایەکیش بێت بۆ ئەوەی ڕاستە کە خۆشی هەر ئەوەی لە ئێمەی بەندەی لاواز دەوێت.

تەحسین حەمەغەریب

سلێمانی
٢٨/ ١/ ٢٠١٨

# دەروازەیەک

لە کتێبی "حوزور و قورئاندا"[1] جەختمان لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە بۆ ئەوەی مرۆڤ رەسەن بێت، دەبێت ئامادەیی هەبێت و لە رووکەشگەرابوون رزگاری ببێت، بەڵام تەنها بەمە مرۆڤ سەرکەوتوو نابێت بەڵکو دەبێت لە خورافەگەراییش رزگاری ببێت، کە ئەمەش دەردێکە زۆرێک لە مرۆڤەکان پێوەی گیرۆدەن، یان رووکەشگەران و ناتوانن بچنە قووڵایی تێکستەکانەوە و مەعنەویانە مامەڵە بکەن، یان مرۆڤگەڵێکی خورافەگەران، هەر شتێکیان پێبوترێت یەکسەر وەریدەگرن بەبێ ئەوەی خۆیان بیری لێبکەنەوە، بۆیە ئەم کتێبەمان تایبەت کرد بە گرفتی دووەم لە بەردەم مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێت بە مرۆڤی رەسەن.

ئایینیش بابەتێکی وجودیە کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لێ ببوێرێت و مامەڵەی لەگەڵدا نەکات، تەنانەت ئەو کاتەش کە رەتی دەکاتەوە ئەوا لە هەمان کاتدا هەر ئەو بەلایەوە سەنتەرە چونکە دەیەوێت لێی دوور بکەوێتەوە، لەبەر ئەوە ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە و هیچ کەسێک ناتوانێت خۆی لێ لابدات.

گرفتی ئەم بابەتەش لە کلتوری ئیسلامی رۆژهەڵاتیدا، بەتایبەت لە وڵاتی خۆماندا ئەوەیە ئەو قسانەی دەربارەی بابەتە ئایینیەکان دەکرێت هەمیشە وەڵامی ئامادەیان داوەتەوە، بۆ نموونە: خودا هەیە؟!.

لە وەڵامدا کۆمەڵێک بەڵگەی وەستاو هێنراونەتەوە بەڵێ خودا هەیە، لە کاتێکدا ئەوەندە مامەڵە لەگەڵ ئەو بەڵگانەدا نەکراوە کە ئایا ئەو بەڵگانە بۆشاییان تێدا نیە هەتا مرۆڤ رەخنەیان لێبگرێت و لە رێگەیەوە خۆی پێ بگەیەنێت.

بۆ ئەوەی لە تێگەیشتنێکی پێ نەگەیشتووەوە بگوازێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی تەواو و پێگەیشتوو، هەموو بابەتە ئایینەکان بەتایبەت بابەتە جەوهەریەکانی ئایین وەک بابەتی (خودا، پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر، پەیوەندیەکانی نێوان ئایین و کۆمەڵگە، ئایین و سەردەمی نوێ، ئافرەت، دیموکراسی، مەعریفە و زانست و...هتد)، ئەم

---

١. تەحسین حەمەغەریب، حوزور و قورئان "دربارەی تێگەیشتن لە قورئان"، پرۆژەی کتێبی هەژان ژمارە (١٩)، بڵاوکردنەوەی پرۆژەی گەشە، چاپی یەکەم، سلێمانی: ٢٠١٧.

بابەتانە خەڵکی پێی ئاشنایە بەڵام لە رووکەشدا و نەچوونەتە قووڵایی ئەم بابەتانەوە.

هەمیشە قسەی بەرامبەرەکان نەکراوە بەڵکو قسەی خۆمان کردووە و نەمانزانیوە بەرامبەرەکانمان چیان لەم بابەتەدا وتووە، لە کاتێکدا بۆ یەکلایی کردنەوەی هەر گرفت و جیاوازیەک دەبێت بەڵگە و قسەی هەر دوو لایەنەکە بخەیتەڕوو، بۆ نموونە ئایینیەکان هەمیشە قسەی ئایینیان کردووە بەڵگە ئاینیەکانیان بۆ نموونە بۆ هەبوونی خودا هێناوەتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەو کەسانەش کە بڕوایان بە ئایینەکان نیە هەر قسەی خۆیان کردووە نەک قسەی ئەوانی تریش، کۆمەڵگەی ئێمە لەم بابەتانەدا وەک هەموو بابەتەکانی تر بووە بە دوو بەشەوە هەموو کەسێک هەر باسی خۆی دەکات و باسی بەرامبەرەکەی ناکات، بۆیە زۆرجار دەبینیت لەبواری فیکردا لە ناو ئیسلامیەکاندا کەسانێک هەن هەتا ئاستێک چوونەتە پێشەوە، فیکری پێیە کە مامەڵەی مەعریفی دەکات.

شەڕێکی نامەعریفی لە ناو کۆمەڵێک بەناو نووسەردا هەیە کە بەرپەرچ دانەوەی سروش (وەحی) بەجۆرێک لە جۆرەکان بە مامەڵەیەکە کە بۆنی دژایەتی و دوژمنداری لێدێت، هەروەها بەرگریەکی لاوازی ئەوانەی کە بەرگری لەم بابەتە دەکەن، کە لە راستیدا ئەگەر ئینسان مەعریفیانە و ئەقڵانیانە بیری لێبکاتەوە دەڵێت زۆرباشە کە بەرامبەرەکانیان زۆر لەو بابەتەدا شارەزا نین، ئەگینا هەر لە بنەوە دەری دەهێنن.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە و رزگارکردنیان لە پێنەکردن و بۆشایی ئەوا پێویستیان بە مامەڵەی ئەقڵانی و مەنهەجیە، دەبێت ئامانج لەمەش دەرخستنی هەقیقەت بێ نەک ئەو شتەی کە خۆت پێت خۆشە و دەتەوێت. لە جێبەجێکردنی ڕێساکان (شەریعەت)دا خەڵکێکی زۆر خۆی لەپێناویدا بە کوشت دەدات و خەڵکێکی زۆریش دەکوژێت لەکاتێکدا بە پێی فەرموودەکەی پێغەمبەر کوژراوەکە نازانێت بۆ کوژراوە و بکوژەکەش نازانێت بۆ کوشتوویەتی، چونکە ئەو بابەتەی کە شەڕی لەسەر دەکەن تەنانەت خۆیانیش نازانن لە سەر چیە؟، ئەو کەسانەشی لەمەدا شارەزان نەچوونەتە قووڵایی و نەبۆتە کێشەی فیکری لایان چونکە بە رۆحیەتێکی نامەعریفیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا کراوە و هەر لە سەرەتاوە مەسەلەکە یەکلایی کراوەتەوە و هەر کەسە و بەرگری لەوە دەکات کە خۆی بڕوای پێیەتی ئەگەر ناهەقیش بێت.

بە بۆچوونی ئێمە ئەم بابەتانە مامەڵەی وردتری دەوێت و هەر لە سەرەتاوە گریمانەی ئەوە دابنێی کە دەگونجێت راکەی تۆ راست نابێت. ئەمەی لێرەدا لە دوو تویی ئەم نووسین لە خزمەتاندا پێشکەشی دەکەم پێشەکی پێشەکیە سەبارەت بە بوونی خودا و پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر و هەموو ئەو مەسەلانەی تر کە لە دواییدا باسیان لێوەدەکەی دەمەوێت سەرەتا بەرچاو روونیەک بخەینەروو تا بتوانین باشتر لە داهاتوودا دەرکیان بکەین.

ئەو بەڵگانەی کە رابردوودا پێشکەش دەکران سەبارەت بەبوونی خودا، سێ بەڵگە بوون یەکەمیان بەڵگەی گەردونناسی کە هەموو شتێک لە دەرئەنجامدا هۆکارێکی هەیە ئەویش هۆیەکی تری هەیە هەتا دەگاتە خودا کە هۆکاری هەموو هۆکارەکانە کە لای فەیلەسووفەکان بە بەڵگەی (علة و معلول) ناو دەبرێت.

بەڵام دوای خوێندنەوە و توێژینەوە بۆم دەرکەوت کە بونیادی ئەم بەڵگەیە لاوازە چوون ناکرێت شتەکان بە زنجیرەیی بەردەوام بن، بەڵام لە دواییدا سەلمێنرا کە ئەم بەڵگەیە لاوازە و ناکرێت شتەکان بە زنجیرەیی بۆ خودا بگەڕێنەوە بەتایبەت لە سەردەمی کانت هەموو ئەو شتەی کە لە سەر ئەم بەڵگەیە بونیادنرا بوو رووخا.

بەڵگەی ئامانجناسی کە ئەم بوونە ئامانجێکی لە دروست بوونیدا هەیە، مادام ئامانجێکیش هەیە کەواتە دەبێت کەسێکیش هەبێت ئەو ئامانجەی بۆ دانا بێت، چۆنیش دەزانین ئامانجی هەیە چونکە سیستەمێکی تێدایە ئەمە زاناکانی زانستی ئەزموونی زۆر ئیشیان لە سەر ئەم بابەتە کردووە، بەڵام بۆم روون بوویەوە گەر رای ئەمانەش راست بێت و سیستەمێکی هەیە ئەوا تەنها داهێنەرێک دەسەلمێنێت نەک خودا، لە کاتێکدا داهێنەر و خودا دوو شتی لەیەکتر جیاوازن.

کاتێکیش باسی سیستەم دەکرا ئاینیەکان دەگەڕان لە کوێدا سیستەمە رێکوپێک بووایە ئەوا قسەیان دەبوو بەڵام لەکوێدا نا رێکوپێک بووایە خۆیان بێ دەنگ دەکرد، یەکێک لە فەیلەسووفە نائاینیەکان دەیوت: بێهێنە بەرچاوی خۆت بێچووە ئاسکێکی شیرەخۆرە لە دارستانێکدا، راوچیەکان، دایکیان کوشتووە کە بەدڵنیاییەوە ناتوانێت خۆی بژێنێت، لەو کاتەدا دەسوڕێتەوە دارستانەکەش گڕی تێ بەر دەبێت و هەموو گیانی دەسوتێت بەڵام بەو سووتانەوە نامرێت و چەندین رۆژ بەو ئازارەوە دەتلێتەوە، ئەم ئازارە بۆ؟!! ئەگەر خودا هەیە ئەم بێچووە ئاسکە گوناهی چیە؟!.

شەڕ بەڵگەی ناسیستەمی ئەم بوونەیە، خەڵکی بۆ لە برساندا دەمرن و نەخۆشی لەناویاندا بڵاودەبێتەوە، بۆچی مرۆڤەکان یەکتر لەناودەبەن؟!! ئەوەی کە ڤۆلتێر و ئەوانیتر لە سەدەی هەژدەهەمدا وەڵامی پیاوە ئاینیەکانیان دەدایەوە، لەبەر

ئەوە بەڵگەی سیستەمبوونی بوون بەڵگەیەکی لاواز بوو. بەڵام روخاندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەڵگانە مانای روخانی بوون و نەمانی خودا ناگەیەنێت، بەڵکو ئێمە دەبێت وردتر و پێگەیشتووتر و تێگەیشتووتر بین و بەو شتە سادانە رازی نەبین.

هەروەها بەڵگەیەکی تر کە بەناوبانگە و فەیلەسوفە مەسیحیەکان جەختیان لێدەکردەوە بەناوی بەڵگەی بووننماسی "وجودناسی" کە (ئانسلم)[١]ی فەیلەسوف دایهێناوە کە زۆرترین گفتوگۆی لە سەرە لە رۆژئاوا بەتایبەت لە ئیتالیا، دەڵێت: "ئەگەر من هەبوویەک وێنا بکەم و هیچ لەو کامڵتر نەبێت ئەوا دەبێت ئەو هەبووە لە دەرەوەی بوونی منیش بوونی هەبێت، چونکە ئەگەر لە دەرەوەی من بوونی نەبێت کەواتە کامڵ نیە، واتە من هەبوویەک وێنا دەکەم کە دەبێت بیسەلمێنم کە لە هەموو ئەوانیتر کامڵترە و لەدەرەوەی منیش بوونی هەیە کەواتە ئەو بوونی هەیە، ئەمە سەرەکیترین بەڵگەیە لە فیکری مەسیحیدا لە قەشە (ئۆگەستین) [٢] بەدواوە هەتا ئێستاش.

---

١. ئانسلم لەدایکبووی ئاۆستا-یە لە بورگەندی باڵا، لە ساڵی ١٠٣٣، ئەم ناوچەیە ئێستا بەشێکە لە کۆماری ئیتاڵیا، لەو سەردەمەدا بەشێک بوو لە شانشینی کارلینگز.

لە تەمەنی پانزە ساڵیدا ئانسلم خوازیاری چوونە راهیبگەی هەبوو، بەڵام بەهۆی رازی نەبوونی باوکیەوە سەرۆکی دێرەکە وەرینەگرت. بەهۆی ناساغیەکەیەوە کە بە نەخۆشی لەشدەرونی (سایکۆسۆماتی) ناسرا، لە رووی بێهیواکردنەوە لە سەری باندۆری هەبوو.

دوای مردنی دایکی یان لەدایکبوونی خوشکەکەی ریچێرا، باوکی شێوەی ژیانی بە جۆرێک دەگۆرێت و روو لە جۆرە ئیمانێک دەکات کە ئانسلم هەست دەکات کە وەها دینداریەک مرۆڤ بەرگەی ناگرێت.

دوای چەندین هەوراز و نشێو لە ژیانی ئاینداری و ئەزموونی دینی و بەشداریکردن لە کۆرِی رێبەرانی گەورە، وەرگرتنی رێبازی زاهید و پیاو و ژنانی تەرکە دنیا، ئیدی هێدی هێدی لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا یەکەمین کاری فەلسەفی خۆی نووسیەوە، دەربارەی چارەسەری دژوازە لاتینیەکان بەناوی (<u>Grammarian</u>).

جگە لەمەش یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسوفانی سەدەی یازدەهەم، بۆچوونەکانی قەدیس ئۆگەستین زۆر کاریان تێکردووە، بۆیە زۆرێک لە مێژوونووسانی هزر و ئەندێشە ئانسلم بە ئۆگەستین-ی دووەم ناودەبەن.

ئەم کەسایەتیە فەلسەفی و دینیە پڕ بەرهەم و دیارەی ئایینی مەسیحی و ئایینزای کاسۆلیکی سەربە کڵێسای رۆما ٢١ی نیسانی ١١٠٩ دونیای جێهێشت.

٢. قەشە ئۆگەستین: لە ١٣ ی تشرینی دووەمی ٣٥٤ زایینی لە شاری ( <u>عەنابەی</u>) ئێستای <u>جەزائیر</u> لە دایک بووە.

دیکارت هات ئەم بیردۆزەی (ئانسلم)ی بەکارهێنا بەڵام بەجۆرێکی تر کە دەڵێت: "ئەگەر من هەبوویەک بە کاملی وێنا بکەم و بۆم روون بێتەوە هیچ هەبوویەکی تر لەو کاملتر نیە لە دەرەوەی منیش بوونی هەیە کەواتە ئەو هەبووە خودایە.

ئەمە سێ بەڵگەی سەرەکین و ئیقباڵی لاهووریش لە کتێبی تازەکردنەوەی فیکری ئایینیدا ئەم بەڵگانەی هێناوە، هەر لەوێدایە کە پێی وایە ئێمە پێویستمان بەجۆرێکی تر لە دارشتنەوەی فیکری ئایینی هەیە، ئەمە تەنها بۆ دیندارەکان گرنگ نیە بەڵکو بۆ بێدینەکانیش گرنگە، چونکە بەبێ دارشتنەوە و دەستکاری کردنی ئەم بابەتە ئێمە ناتوانین لە کۆمەڵگەکانی خۆماندا هیچ چاکسازیەک بکەین.

گەورەترین پایەی ناو کۆمەڵگەکانی ئێمە ئایین و بابەتەکانیەتی، چونکە ئەمە ئەگەر لەسەر بناغەیەکی پتەو دانەمەزرا بێت و خزمەت نەکرا بێت ئیتر شتەکانی تر هیچ گۆڕانکاریەکیان پێناکرێت، ئەو پێشبینیەی ئیقباڵی لاهوری باش دەرچوو کە دەیوت شارستانێتی ئیسلامی دەبێت لە مەعریفە سەنتەریەوە دەست پێبکات، بەڵام بەداخەوە لەباتی ئەوەی لەو بوارەدا ئیش بکەین ئێمە هاتین و بووینەوە بە سیاسەت سەنتەر.

ئایینیەکان و نادیینیەکان گرنگیان بە بابەتی سیاسەتدا و وای کرد ئەم شتانە هەر بە کاڵی بمێننەوە هیچ گفتوگۆیەکیان لەبارەوە نەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی

---

باوکێکی بتپەرست و دایکێکی زۆر ئاییندارى هەبووە کە ناوی "مۆنیکا" بووە. باوکی گوێی پێ نادات بەڵام دایکی کە ئاییندارێکی مەسیحی بوو و زۆر بڕوادار بوو، ئەویش زۆر کاریگەری دایکی بەسەریەوە دەبێت دەچێت بۆ خوێندن و زۆر زیرەک دەبێت. دواتر دەچێتە رۆما و پاشان دەبێتە ئەو قەشە گەورەیەی بەو بەناوبانگیەی ئێستایەوە.

ئۆگەستین یەکێک بوو لە بیرمەندە هەرە گەورەکانی سەدەکانی ناوەراست و پێی وابوو دەبێت دەوڵەت لە خزمەت کڵێسادا بێت، کڵێسا سەرپەرشتی کاروبارەکانی دەوڵەت بکات.

ئەو پێی وایە هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەبێت و دادپەروەری بەرقەرار بێت چونکە بەبێ دادپەروەری پاشا دز و جەردەیە، دەوڵەتێک کە دادپەروەری تێدا نەبێت ئەشکەوتێکە بۆ دزەکان.

قەشە ئۆگستین لە رێکەوتی ٢٨ ئابی ٤٣٠ زایینی کۆچی دوایی کردووە.

هەموو بابەتەکانمان بوون بە بابەتی  سیاسی و دینمان لە ئایدۆلۆژیادا کورت کردۆتەوە.

بە وتەی (عەلی شەریعەتی)ش[1] ئایدۆلۆژیاش بۆتە هۆکاری جولاندنی کۆمەڵگە، نەمانویستووە و نەمانتوانیوە بزانین خۆیان چەندێک پتەو گرنگن. لەبەر ئەوە دەبێت ئەو رەوتە جارێکیتر زیندوو بکرێتەوە واتە مەعریفە سەنتەری دەرەوەی ئایین نەک ئایینی چونکە ئەم بابەتانە باسی هەمو ئایین دەکات و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئەو کەسەی کە حەقیقەتویستە گرنگ نیە بەلایەوە حەقیقەتەکە لای خۆیەتی یان لای غەیری خۆیەتی چونکە نائایدۆلۆژیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکات، شەڕی پێناکات بەڵکو بەشوێن حەقیقەتدا وێڵە و دەگەڕێت.

مرۆڤی مەعنەوی یەکەم تایبەتمەندی ئەمەیە و بە شوێن ئاوازی حەقیقەتەوەیە وەک (موستەفا مەلەکیان) دەڵێت: نەک ئەوەی خۆی بە حەقیقەت دەزانێت، مرۆڤی مەعنەویەتگەرا بە شوێن ئەم بابەتانەدا دەڕوات، دێڕە شیعرێکی فارسی هەیە دەڵێت: مرۆڤ پێش ئەوەی موسڵمان بێت دەبێت (سەلمانی فارسی)[2] بێت کە گەنجێک بووە

١. عەلی شەریعەتی: لە ساڵی ١٩٣٣ لە دێی کاهەک شاری سەبزەوار سەر بە پارێزگای مەشهەدی ئیران لە دایک بووە.

شەریعەتی فەیلەسووفێکی، کۆمەڵناس، شاعیر و نووسەری موسوڵمانی ئێرانی بوو. رۆڵێکی گرنگی بوو لە شۆرشی ئیسلامی ئێران و ژیانەوەی بڕوای ئیسلامگەرایی لە کۆمەڵگەی ئێراندا.

لە قۆناغی لاوێتیدا چۆتە نێو بزوتنەوەی (مصدق) و وەکو مامۆستا کاری کردووە و لە کاتی خوێندندیندا لە زانکۆ دواجار دەستبەسەر کراوە، لە پاریسیش دەست بەسەر کرا دوای ئەوەی بەشداری لە چەند خۆپیشاندانێک کرد.

سەرەتای وەرگێڕانی شەریعەتی بۆ کوردی لە کارەکانی هەژار موکریانیەوەیە و بە چوار نامیلکەی عەلی شەریعەتی دەستی پێکرد و دواتر کەسانی تریش بەرهەمەکانی تری ئەویان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی.

بڕێک لە بەرهەمەکانی بریتین لە: حەج، ئیسلام و مرۆڤ، رۆشەنبیری ئیسلام، ئایین دژی ئایین، فاتیمە فاتیمەیە، لە کوێوە دەست پێ بکەین؟، نیشتنەوە لە بیابان و  نزا و .... هتد،.

لە ساڵی ١٩٧٧ لە مەنفا کۆچی دوایی کرد.

٢. سەلمانی فارسی: یەکێک بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ)، یەکەم کەس بوو ببێتە موسوڵمان کە عەرەب نەبوو بێت. لە پێش ئیمانهێنانی ناوێکی فارسی هەبوو کە (روزبە) بوو، بەر لە موسڵمان هێنانیشی بە دوای حەقیقەتدا وێڵ بوو تا خۆی گەیاندە مەدینە و وازی لە ئایینی زەردەشت هێناو موسڵمان بوو.

و کوڕی پیاوێکی بەدەسەڵات و خاوەن سامان بووە و وازی لەو ژیانە هێناوە و بە دوای حەقیقەتدا گەڕاوە دواتر رێکەوت لە موسڵمان بوون، ئەگەر قەرار بێت ئێمەش بەشوێن حەقیقەتدا بگەڕێین ئەوا هیچ شتێکی خۆمان بە بڤە نازانین، مادام بە شوێن حەقیقەتیشەوەین ئەوا دەبێت بێباکانە شتەکان و باسەکان بخەینەڕوو، تەنها مەبەستمان وروژاندن نیە بەڵکو وەڵامدانەوەی وجودیانەی خۆمان و ئەوانی تریشە، هەموو مرۆڤێکی رەسەن دەبێت بەمجۆرە بێت.

بۆ ئەوەی زیاتر یارمەتیتان بدەم بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە ئەوا دەگەڕێمەوە بۆ سەردەمی رۆشنگەری، لە ئێستا چەمکی مرۆڤ سەنتەری زۆر بەکاردێت کە لایان وایە لەم سەردەمەدا مرۆڤ سەنتەرە بەڵام ئەگەر ورد لە بابەتە بڕوانین بۆمان روون دەبێتەوە ئەم بابەتە هەڵەیە بە بۆچوونی من ئەم سەردەمە بەتایبەت لە رۆشنگەری بە دواوە مرۆڤ سەنتەر نیە بەڵکو مرۆڤناسی سەنتەرە، چۆن مرۆڤ بناسین نەک ئەوەی مرۆڤ بەجێگرەوەی خودا بکەن.

ئەگەر بە وردی ورد بینەوە لە فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە ویستیان مرۆڤ سەنتەری نەبووە بەڵکو ئامانجیان مرۆڤناسی بووە هەر لێرەوەیە بۆ مرۆڤناسیش پێویست بەبەڵگەهێنانەوە هەیە، دەبێت حەقیقەت ویست بیت بۆ ئەوەی حەقیقەتی مرۆڤیشت بۆ دەرکەوێت، لەخۆت رابمێنی، من چیم و دەورووبەرم چیە؟

بێ ترس و بێ ئەوەی ئەوان ئازارم بدەن ئەگەر ئەو پرسیارەش بکەم، لەم بابەتانەدا کەشێکی سایکۆلۆژی زاڵە بە ئاگاداریەوە باسی ئەم شتانە دەکەین لە کاتێکدا نابێت وابێت لەم سەردەمەدا بابەتەکانی مافی مرۆڤ بوون بە سەنتەر، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بیر بکاتەوە پێویستە ئەو گرنتیەی پێبدەن کە ئەوانی تر ئازاری نادەن، لای (هۆبز)ی فەیلەسوف ئەو گرنتیە مافی مرۆڤە، سەرەتایی ترین چەمکێک لە مافی مرۆڤدا لای هۆبز بریتیە لە پاراستنی مرۆڤ.

مرۆڤایەتی لەم بابەتەدا چەندێک چووبێتە پێشەوە ئەوەندە مرۆڤ بوون تیایدا زیاتر بووە، کۆمەڵگەی ئێمە ئەم گرنتی و پاراستنەی تێدا نیە مافی بیرکردنەوەمان لە خۆمان و لەوانی تریش وەرگرتۆتەوە، بۆ ئەوەشی دەرکی ئەمە بکرێت دەبێت

---

کاتێک قورەیش هێزەکانی خۆی نزیکی شاری مەدینە کردەوە ئەو بوو کە پێشنیاری کرد لە سەر شێوازی فارسەکان خەندەقێک بە دەوری شاردا هەڵبکەنن و بەمەش توانیان مەدینە لە دەست پێگەیشتنی قورەیش بپارێزن و غەزاکەش بە غەزای خەندەق ناسرا.

دواتر کرا بە والی لە شاری (مەداین) کە پێشتر پایتەختی دەوڵەتی ساسانی بوو لە وڵاتی ئێران، لەدوای گرتنی ئەم شارە لەلایەن موسڵمانانەوە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا.

تایبەتمەندیەکانی سەردەمەکانی پێشوو و ئەم سەردەمەش بزانین تا بۆمان روون بێتەوە.

سەبارەت بەوەی تایبەتمەندیەکانی سەردەمەکانی لەوەو پێش چی بووە؟ فەیلەسوفەکان زۆر ئیشیان لە سەری کردووە بەتایبەت فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەمریکی (مەک ئانتایر)[1] ئێستاش لە ژیاندایە بە نزیکەیی شەست هەزار لاپەڕەی نووسیووە لەسەر ئەم بابەتانە لەکتێبێکیدا کە (٢١٠٠) لاپەڕەیە، سەنتەری ئەم کتێبەی ئەوەی کە مرۆڤ لە سەردەمەکانی پێشوودا دوو شتی هەبوو کە بەهیچ شێوەیەک لەو دوو شتە نەدەگەڕا.

تایبەتمەندی یەکەم: نەریتێک کە هەموو پارێزگاری لێدەکات، ئەو نەریتە داوای هەرچی لێبکردایە ئەو جێبەجێی دەکرد، ئیتر لەوەی نە دەپرسی کە ئەم نەریتە لەکوێوە هاتووە، کە لای وایە هەموو شارستانیەتیەک کۆمەڵێک نەریتیان هەبووە و سەنتەربوون: مرۆڤەکان جێبەجێیان دەکرد بەبێ ئەوەی بیربکەنەوە و پرسیاربکەن لەوەی لەکوێوە هاتووە، بەپێی قسەی زانایانی ئیسلامی مرۆڤ لەو قۆناغەدا فەرمانی جێبەجێ دەکرد.

تایبەتمەندی دووەم: دەسەڵات و سوڵتەیەک هەبوو کە لە هەموو بوارەکاندا دەسەڵاتی هەبوو تەنانەت لە مەعریفەشدا بۆ نموونە کاتێک گفتوگۆ لەسەر بابەتێک بکرایە ئەگەر پیاوی گەورەی ئەو ناوچەیە قسەی تێدا بکردایە ئیتر مەسەکە یەکلایی دەبووەوە، ئەوەندە بەشوێن بەڵگەکاندا دەڕۆشتن تا کەسەکە قسەی تێدا دەکرد کە

---

١. مەک ئانتایر: لە ١٢ کانوونی دووەمی ١٩٢٩ لە گلاسکۆی سکۆتلەندایە و لە ئینگلتەرا خوێندنی بە کۆتا گەیاند و لە زانکۆی "کۆیین مریلاند" و ماستەری لە زانکۆی مەنچستەر بەدەستهێناو لە هەر یەک لە زانکۆکانی ئەکسفۆرد، بۆستۆن و دۆک و ... هتد وانەی وتۆتەوە.

بۆ ماوەیەکیش سەرۆکایەتی بەشی رۆژهەڵاتی ئەنجومەنی فەلسەفەی ئەمریکای لە ئەستۆ بوو

گەلێک نووسین و بابەتی هەیە و یەکێک لە کتێبەکانی زیاتر لە ١٧٠ جار چاپ دراوەتەوە و بە یەکێک لە فەیەلەسوفە نێو سوکراتیەکان دادەنرێت.

هەندێک لە نووسین و کتێبەکانی بریتین لە: مارکسیسم، پوختەیەکی مێژوویی ئەخلاق، سیکۆلاریزاسیون و گۆڕانکاریە ئەخلاقیەکان، مارکسیسم و مەسیحیەت و ... هتد،.

ئەو قسەی تێدا بکردایە ئیدی مەسەلەکە و بەڵگەکانی کۆتاییان دەهات بەبێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە.

سەردەمی نوێ چۆن دەستی پێکرد و مرۆڤی نوێ چۆن لە دایکبوو، سەبارەت بەمە قسە زۆرکراوە، لەمەشدا چەند بابەتێک هەن کە سەنتەرین و ئەم سەردەمە دەناسێنن، یەکەم تایبەتمەندی مرۆڤی ئەم سەردەمە کە هەموو فەیلەسوفەکانی ئەم سەردەمە لە سەری کۆکن ئەوەیە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە بەڵگەگەرایە و بەڵگەی دەوێت بۆ سەلماندنی شتەکان و باسەکان بە پێچەوانەی پێشووەوە هەرچیەک بوترێت ئەو داوای بەڵگە دەکات، جا ئەمە بە قسە سادەیە بەڵام ئەگەر وردی بکەیتەوە زۆر دەرئەنجامی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

لە سەرەتاوە زانست لە سەردەمی نوێدا لە لوتکەی لەخۆبایی بووندا بووە بۆ نموونە کە بابەتی ئایین دەهاتە ناوەوە هەر شتێکی ئایینی بوترابایە دەیان وت بەڵگەی زانستی بۆ پشتگیری ئەم رایە چیە؟؟

ململانێی نێوان ئایین و زانست لێرەوەیە، داوای بەڵگەی زانستی ئەزموونی لە ئایین دەکرا بۆ سەلماندنی راکانی خۆی، دیکارت وەک یەکەم بەرگریکاری ئایین لەسەردەمی نوێدا دەڵێت: با رێگە بە ئایین بدەین بمێنێتەوە ئەگەرچی بەڵگەی زانستیشی نەبێت واتا یەکەم کەسە کە وتوویەتی بەبێ بەڵگەی زانستیش، ئایین حەقە ببێت چونکە ئەو سەلماندی کە جگە لە بەڵگەی زانستی بەڵگەی تریش هەیە.

دوای ئەو (جۆن لۆک)[1] هات و وتی: نا ئایین تەنانەت ئەگەر مەعریفەشی هەبێت مادام مەعریفەکەی سیستەماتیک نەبێت ئەوا حەقی بوونی نیە.

---

١. جۆن لۆک: لە دایکبووی ٢٩ی ئابی ١٦٣٢ کە بەگشتی بە باوکی لیبرالیزم ناسراوە، فەیلەسوف و فیزیکزانی ناوداری ئینگلیزی و یەکێک لە کاریگەرترین کەسایەتیەکان لە سەر بیرۆکەکانی سەردەمی روناکبیری بوو.

وەک یەکێک لە یەکەمین بڕوادارانی ئەزموون باوەڕی لە ئینگلتەرا دەناسرێت لە سەر رێچکەی فرانسیس بەیکن و هەروەها کەسایەتیەکی گرنگ بووە بۆ تیۆریای بەڵێنە کۆمەڵایەتیەکان.

کاریگەری هەبوو لە سەر تیۆری مەعریفەتناسی و فەلسەفەی رامیاری و نووسراوەکانی کاریگەری لە سەر ڤۆلتێر و رۆسۆ و کۆمەڵێک لە رووناکبیرانی سکۆتلەندی و هەروا شۆڕشگێڕانی ئەمەریکی هەبوو.

کاریگەریەکەی لە سەر کۆمارخوازی ولیبرالیزم لەبەڵگەنامەی سەربەخۆیی ئەمەریکادا دەبینرێت. یەکێک لە کارە گرنگەکانی جۆن لۆک گرنگیدان بوو بە ئەدەب و وێژەی منداڵان.

دواتر هیۆم دەرکەوت کە بە باوکی ئیلحادی نوێ دادەنرێت، لە سەردەمی خۆیدا بە فەیلەسوف ناسراو نەبوو بەڵکو بە مێژوونووس ناسراو بووە، دەڵێت: ئێمە نابێت لە ئایین بگەڕێین و بڵێین قەینا با زانستیشی نەبێت، با مەعریفەی سیستەماتیکیشی نەبێت یان هەیبێت، نا بەڵکو دەبێت ئایین بەگیر بهێنین و لێی بدەین ئەگەر وەڵامی هەبوو بۆ هەموو تەحەدا مەعریفیەکان ئەو کات حەقی بوونی هەیە.

چونکە لە مەعریفەدا ئەو بابەتە هەیە ئەگەر شتێک توانای مانەوەی هەبێ هەتا لێی بدەیت گەورە و قەڵەو دەبێت، دەڵێت: تەنانەت کتێبی پیرۆز ئەگەر توانای وەڵامدانەوە و ئەزموونکردن نەبوو لێدانەکەش دەبێت دەرئەنجامێکی ئەزموونکراو بێت، ئەگەر وا نەبوو ئەوا بیسوتێنن. لەوکاتەوە تا ئێستا ئەو تەحەدایە بەردەوامە.

ئیقباڵ لاهوری دەڵێت: گەورەترین گرفتی ئەم بەڵگانە ئەوە بوو دروستکەر و دروستکراویان "خالق و مخلوق"یان لە یەک جیاکردەوە. دووریان لەنێوان مرۆڤ و خودا دروست دەکرد، بەڵام مرۆڤی ئەمڕۆ ئەوەی ناوێت بەڵکو دەیەوێت لەگەڵ خودا بژی، مامەڵەی وجودی بکات، دین چی بۆ من دەکات، ئایا دڵنیاییم پێدەبەخشێت، مانا بە ژیانی من دەبەخشێت؟.

***

---

هەندێک لە بەرهەمەکانی بریتین لە: نامەیەک دەربارەی لێبوردەیی، نامەی دووەم دەربارەی لێبوردەیی، نامەی سێیەم دەربارەی لێبوردەیی، دوو توێژینەوە لە سەر دەوڵەت، وتارێک دەربارەی تێگەشتنی مرۆڤ و هەندێ بیرۆکە دەربارەی پەروەردە و ...هتد.،

جۆن لۆک لە ڕێکەوتی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٧٠٤ کۆچی دوایی کرد.

## تێڕوانینی مرۆڤی نوێ بۆ خودا:

مرۆڤی نوێ خودایەکی ناوێت لە دەرەوەی بوون بێت بەڵکو دەیەوێت نزیکی بێت، بۆ ئەمەش بەڵگەی دەوێت. مرۆڤناسی یەکێکی ترە لە تایبەتمەندیەکانی سەردەمی نوێ کە تیایدا مرۆڤ خاوەن مافی جێگیرە، بابەتەکە ئەوەیە چۆن مرۆڤ بتوانێت مرۆڤ بێت، دەبێت مافەکانی پارێزراو بن.

سەرەکی ترین شتێکیش کە لە فەلسەفەدا کەشف بووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت مرۆڤ بێت دەبێت ئەزموون بکات، هەر ئەمەیە لە فەلسەفەی یۆناندا لای سوقرات کە دەڵێت: ژیانی ئەزموون نەکراو شایستەی ژیان نیە. بەڵگەی ئەزموون نەکراویش شایستەی باوەڕپێکردن نیە، بۆ نموونە کاتێک دەڵێن خودا هەیە پێویستی بەوەیە من ئەزموونی بکەم کە بوونی هەیە نەک هەر ئەوەندەی وتیان هەیە خێرا بلێم هەیە.

مرۆڤ بوونی من بەستراوە بەوەوە بەبێ ئەو ژیانی من مانایەکی نیە، یەکێکە لەو پرسیارە وجودیانەی ئەگەر وەڵامی نەدەمەوە ئەوا من ژیانێکی ئەزموونکراوم نیە. مرۆڤ دەیەوێت خۆی شتەکان ئەزموون بکات ئەوەی رازی بێت کە خەڵک لەبری ئەو بیر بکاتەوە ئەوە بەشێکی لە مرۆڤ بوون دەکەوێت، کاتێک من تۆ بێدەنگ دەکەم لەوەی ک ەنابێت قسە بکەیت ئەوە تەنها هەر ئەوە نیە کە بێدەنگ بیت بەڵکو لە فەلسەفەی نوێدا قسەکردن و بیرکردنەوە یەک شتە.

کاتێک تۆم لە قسەکردن دوورخستەوە ئەوا تۆم لە بیرکردنەوە خستووە کە ئەمەش بوو ئیتر تۆ مرۆڤێکی خاوەن ئەزموون نیت کاتێکیش وا بوویت ئەوا بەشێک لە مرۆڤ بوونت کەمە، بۆیە ئەم بابەتە دەبێتە بابەتێکی ناوەکی "جەوهەری" خەیاڵ و وەهم نیە بەڵکو راست پەیوەندی بە ژیانی تۆوە هەیە.

(پلانتیجا) فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەمریکي دەڵێت: بەڵێ گوزارە ئایینیەکان مانایان هەیە بەبێ ئەو گوزارە ئایینیانەش ژیانی من بێ مانا دەبێت واتا ژیان دەبێت لە نامۆیدا ژیان ئەوەی تۆ خەریکی تیایدا دەژیت، هی تۆ نیە.

ئەو کەسەی کە تینوو نیە و ئاو دەخواتەوە لەگەڵ ئەو کەسەی کە تینووە جیاوازن ئەوەی کە تینووە ژیانەکەیە و شتەکە ئەزموون دەکات و دەیچەژێت هەر ئەوەیە مەولانا دەڵێت: (فێری هونەری تینوێتی ببە نەک ئادابەکانی ئاو خواردنەوە)، ئەو کەسەی کە تەنها ئادابەکان بەکاردەهێنێت بەبێ ئەوەی خۆی تینوو ببێت سوود

و چێژ لە ئاو نابات بەڵام ئەو کەسەی کە تینووە ئەوە ژیانی ئەزموونکراوە دەزانێت تامی ئاو چۆنە چونکە پێی تینووە.

بە بۆچوونی (پلاتینجا)، بابەتە ئایینیەکان مانای وجودی بە مرۆڤ دەبەخشن، تینوێتی دەشکێنن و برسێتی تێر دەکەن، ئەگەر دین کوورت بوویەوە لە ئادابە دەرەکیەکاندا و مانا وجودیە قووڵەکەی خۆی لەدەستدا ئیتر دەبێتە هۆی ئەوەی کە: دەکرێت مامەڵەی بەرژەوەندی خوازانەی لەگەڵدا بکرێت بۆ نموونە بابەتە ئایینیەکان بۆ بەرژەوەندی خۆم بەکاربهێنم، بۆشایی تێدا دروست دەبێت، چونکە وەڵامی راستەقینەی شتەکان ناداتەوە.

ئایا بابەتە ئایینیەکان ئەو دیووە وجودیە قووڵەی من تێردەکەن، ئەمەیە مانای مانایان تێدایە، پلاتینجا دەڵێت: تۆ وا دابنێت دوو کەس بە رێگایەکدا دەڕۆن گفتوگۆ لە نێوانیاندا هەیە کە دەڵێن ئەم رێگەیەی ئێمە بۆ کوێ دەڕوات و بە کوێ دەگات؟

یەکێکیان دەڵێت: من وا دەبینم کە هەر دەڕۆین و ناگەینە هیچ دەرئەنجامێک و لەو سەرەوە هیچ نیە، ئەویتریان دەڵێت: من وا نابینم بەڵکو وا دەبینم لەو سەرەوە شارێکە و هەموو پێداویستیەکانی ئێمە فەراهەم دەکات، نەک تەنها پێویستیە جەستەییەکان بەڵکو پێویستیە رۆحیەکانیش، ئێستا هەر هەمان رۆیشتن دەڕۆن بەڵام رۆیشتنی ئەم دوو کەسە دوو مانای جیاواز دروست دەکات، مانای راستەقینە نەک وەهمی، ئەو کاتەی دڵنیام بە رۆیشتنم دەگاتە شوێنێک جیاوازە لەوەی کە پێم وابێت ناگەمە شوێنێک. من خەیاڵێک ناکەم لەوێدا دەڵێم دەڕۆم بۆ فلان شوێن بەڵکو ئەو شوێنەی ئەوێ مانا بە ئێستای من دەبەخشێت،

بەلای (پلاتینجا)وە بابەتە ئاینیەکان بێ مانا نین، بەڵکو مانا بە جووڵەکانی ئێمەش دەبەخشن، مرۆڤ بۆ ئەوەی مانا لە ژیانیدا هەبێت پێویستی بەوەیە ئەم بابەتانە یەکلایی بکاتەوە، بۆیە ئەم بابەتانەی ئێمە تەنها بۆ گفتوگۆ نیە بەڵکو هەوڵمان ئەوەیە مانا بۆ ژیانمان بگەڕێنینەوە. بۆیە پێویستە بپرسین ئایا ئەو بەڵگانە بەڵگەن، ئایا بە راستی مامەڵەی ئیسلام لەگەڵ ئافرەتدا بۆ وایە، بۆچی ئێمە لە مامەڵەکانماندا یەکتری فریو دەدەین و فێڵ بەکاردەهێنین، ئایا جێبەجێکردنی شەریعەت و رێساکان ئاوایە کە ئێستا هەیە، ئایا ژیانێکی رەسەن بۆ من دروست دەکات، هەموو ئەم پرسیارانە بۆ؟ ئەمەش دەبێت بیچەژین نەک بیزانین و هیچ پەیوەندیەکی بە ژیانی منەوە نەبێت.

لێرەوە پێویست بە پینەسازی ناکات بۆ بڕواهێنان بە کەسی بەرامبەر، زۆرجار ئەم بابەتانە کە باس دەکەم مامۆستاکانم زۆرجار پێیان وتووم تۆ سەر لە خەڵک دەشێوێنیت منیش هەردەم ئەوەم وەڵام داونەتەوە کە: من کێشەم بۆ دروست ببێت

کە ژیانێکی رەسەنانە بژیم باشترە لەوەی ژیانێکی درۆزنانەم هەبێت، تەنانەت ئەگەر بابەتەکەش بەرگری کردنیش بێت لە حەقیقەت و دین ئەم رێگەیان باشترە، چونکە ئەویتریان مامەڵەیەکی نائەخلاقیە و هەڵخەڵەتاندنی بەرامبەرە، لەمەشدا بوێری یەکەمین هەنگاوە.

لێرەدایە کانت وتی: سەردەمی نوێ لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە وترا بوێری بیرکردنەوەت هەبێت، بەڵام ئەمە بۆ بەزاندن و ستەمکردن و بە جاهیل دانانی خەڵکی نا بەڵکو بۆ ئەوەی بە یەکەوە بارودۆخێک دروست بکەین و مرۆییانە بژین، چونکە ئەگەر مرۆڤ بیرکردنەوەی نەبێت لەگەڵ ئاژەڵێکدا جیاوازی نیە، بۆ ئەوەشی مرۆڤ بیت دەبێت بوێری بیرکردنەوەت هەبێت، ئەو کاتەی بیرم کردەوە ئەو کاتە ژیانێکی ئەزموونیم هەیە بەڵام ئەگەر هەموو کتێبەکانی دونیا لە ناو زەینی مندا بوونی هەبێت بەڵام خۆم بیرنەکەمەوە ئەوا حەقیقەتم لا نیە.

مستەفا مەلەکیان دەڵێت: (ژیانی فەلسەفیانە جیاوازە لە مێژووی فەلسەفە)، ئەوەی کە کتێبە فەلسەفیەکانی لەبەرە ئەوە مێژووی فەلسەفە دەزانێت بەڵام ژیانی فەلسەفیانە ژیانێکی رەسەنە، ئەزموونیە، خۆت بیردەکەیتەوە. ژیانی ئایینیانەش جیاوازە لە مێژووی ئایین ئەوەی کە کتێبە ئایینیەکانی لەبەرە ئەوە مێژووی ئایینیەکان دەزانێت، خۆی نەیچەشتووە، بەڵکو تەنها کۆپیەک زیادی کردووە، کتێبەکە لە زەینی ئەودا هەیە بەڵام خۆی نەیچەشتووە و ئەزموونی نەکردووە، ئەو فەرمان جێبەجێ دەکات نەک بەشداری هەبێت و بیربکاتەوە.

هیگڵ دەڵێت: (پەیوەندی نێوان خالیق و بەندە لە ئایینیەکاندا بە تایبەت ئایینی یەهودی پەیوەندیەکی نائەخلاقیە چونکە ئایین بە شوێنکەوتوانی دەڵێت: فەرمانەکان جێبەجێ بکە و بیر مەکەرەوە).

واتا من کاتێک ژیانی ئایینیم هەیە کە ئەزموونی بکەم هەر بۆیە یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی فەلسەفەی ئایین لە ئێستا بریتیە لە ئەزموونی دینی، لە ئەزموونی دینیدا مرۆڤ گۆڕانکاری بۆ دروست دەبێت و پێدەگات بەڵام بە لەبەرکردنی کتێبە ئایینیەکان مرۆڤ زەینی گەورە دەبێت بەڵام خۆم هەر کاڵم و پێنەگەشتووم.

بە بۆچوونی ئێمە رەوتە ئایینیەکانی ئەم سەردەمە ئەمە هەڵەکەیانە کە کتێبەکان زۆر دەبن و لەبەر دەکرێن بەڵام هیچ وەرچەرخانێکی رۆحی لە تاکەکاندا دروست ناکات و ئەزموونی رۆحیان بۆ دروست نابێت، لەم سەردەمەدا ژیانی دینی زۆرینەی رەسەن نیە بۆیە زۆر بە ئاسانی دەخلیسکێت و لە لوتکەیی ئایینداری دایە بەڵام دواتر دەبینیت وازی لە دین هێناوە، بەپێچەوانەشەوە نائایینیەکەش ئەگەر بە

ئەزموون نادینی بێت باشە نەک بە تەمەڵی روخسار، ئەویش لەولاوە کۆمەڵێک کتێبی هێناوە دەیخوێنێتەوە و لەبەر دەکات و وەڵامی ئەوانی تری پێدەداتەوە لەکاتێکدا خۆی هیچ ئەزموونێکی نەکردووە، لەکاتێکدا ئەم بابەتانە (استجب الله اذا دعاکم لما یحیکم) وەڵامی خودا بدەنەوە و پێغەمبەر بانگتان دەکات بۆ ئەوەی کە زیندووتان دەکاتەوە و دەتانژێنێت.

ئەم بابەتانە دەبێت مرۆڤ بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئێمە سەرەتاکەمان هەڵەیە کە دەبێت لە یەکتاپەرستیەوە دەست پێ بکەینەوە کە چ وێنایەکمان دەربارەی خودا هەیە، ئەو وێنایەی لە زەینی زۆرینەماندایە وێنەیەکی هەڵەیە، هەر بۆیە فیکری شپرزە دەبێتە هۆی دروستبوونی وێنەی شپرزە، وێنای دەربارەی خودا ئەوە دەبێت کە خودایەکی ترسێنەرە و تەنها تۆڵە دەسێنێتەوە، دەی سلوکیشی لە راستیدا وا دەردەچێت.

تەنانەت گەر بە مانا تەقلیدیەکەش لە خودا تێبگەیت ئەوا تەنها یەک ناوت لە ناوەکانی خودا بەکارهێناوە ئەوانی ترت خستۆتە لاوە، ئیقباڵی لاهوری دەڵێت: (موسڵمانان "خودا یان خۆیان"؟! لە ناو زانستەکەی خودادا زیندانی کردووە)، زانستێک لەوەو پێش بڕیاری داوە هەر وابێت لەکاتێکدا خودا خودایە، وێناکانی ئێمە بۆ ئەم بابەتە و ئەوانی تریش رەسەن نین.

بە پێی خوێندنەوە و بەدواداچوونی خۆم بۆم دەرکەوتووە بۆیە ئێمە نەمان توانیوە داهێنان بکەین و لە سەر رای پێشوو بمێنینەوە و خۆمان خاوەن قسە نەبین ئەوەیە کە هەردەم پینەمان کردووە بە دوای چارەسەری یەکجاریەوە نەبووین، بۆ ئەوەشی رزگارمان ببێت دەبێت مامەڵەی مەعنەوی بکەین و ئەزموونی بکەین نەک تەنها ئاستی زانیاری خۆمان بەرز بکەینەوە، چەندەها ملیۆن دۆلار خەرجکراوە بە دەیان کتێب نووسراوە لەسەر سەلماندنی بەڵگەکانی بوونی خودا کەچی ئێستا مرۆڤێکی عاقڵ تەنها بە وردبوونەوە لێیان تێدەگات کە چەندێک لاواز و پووچن.

(ئۆنا مۆنۆ)[1] دەڵێت: (من دەپرسم ئایا خودا دەیتوانی بە ناسیستەمی دونیا دروست بکات، ئەگەر وەڵامتان بەڵێ بێت ئەوا بەڵگەی ئێوە هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەر نەخێریش بێت کەواتە خودا بێ توانایە و شایستە بەخودایەتی نیە).

---

١. میگێل دی ئونامونۆ: فەیلەسوف، شاعیر، نووسەر، رۆمان و شانۆنووسی ئیسپانی لە رێکەوتی ٢٩ سێپتامبەری ١١٨٦ لە بلباوی ئیسپانیا لە دایک بووە، لە ساڵی ١٨٩١ بووە بە مامۆستای زمانی یۆنانی لە زانکۆی سلامێنکا و دوای ٩ ساڵ بووە بە سەرۆکی زانکی ناوبرا.

بۆیە ئەوەندە گرنگی پێ دەدەم هەتا لەو پینەکاریەی لەوەو پێش دەربچین، بگەرێین بەدوای حەقیقەتدا، کرۆکی پەیامی پێغەمبەرانیش هەر ئەمەبووە، بەوە دەردەکەوێت من مرۆڤم، کاتێک کەسێک لای وایە کە لە هەموو شتێکدا لەسەر حەقە و هیچ کەموکورِیەکی نیە ئەوا خۆی کردووە بە خودا و خۆی لە مرۆڤ بوون خستووە لە کاتێکدا پەیامی هەموو دینەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە تۆ مرۆڤیت نەک دروستکراوێکی تر.

تۆ نابێت بت بپەرستی ئەگەر بیروباوەڕەکەی خۆشت بێت، مستەفا مەلەکیان دەڵێت: (بت واتە سەیرکردنی شتێکی ڕێژەیی بە ڕەهایی) پەیام و کەماڵی دینەکانیش ئەوەیە کە مرۆڤ دەڵێت: بت مەپەرستە، بۆیە دەبێت بگوازمەوە لە مامەڵەی پینەکاریەوە بۆ مامەڵەی مەعنەوی و ڕەسەنانە کە پێویستمانە تاکو لە خورافە ڕزگارمان ببێت تەنانەت گەر بەناو دینیشەوە پێمانی بدەن.

---

سەرەڕای کتێبە زۆرەکانی زیاتر لە ٣٠٠٠ کورتە وتاری نووسیوە، بەهۆی ڕەخنە بوێریەکانیەوە لە لایەن چوار حکومەتی سەردەمەکەی دژایەتی کراوە و سزا دراوە.

ئەندامی ئەکادیمیای پاشایەتی ئیسپانیا بووە و لە نووسینە دیارەکانیشی (ڕۆمانی تەم)ە.

ئۆنا مۆنۆ لە ٣١ دیسەمبەری ١٩٣٦ لە ئیسپانیا کۆچی دوایی کرد.

# مرۆڤی نوێ، مرۆڤێکی خاوەن مافە

مرۆڤی نوێ مرۆڤێکی خاوەن مافە، مرۆڤی خاوەن مافیش لە هەمان کاتدا خاوەن پرسیارە، پرسیاری دەبێت لە سەر بوون و دەرکەوتەکانی، مرۆڤی نوێش دوو تایبەتمەندی هەیە ئەوانیش:

یەکەم: بەڵگەگەراییە، واتە کەسێک شتێک ناسەپێنێت و ئەمیش خێرا قبوڵی بکات بەڵکو بیری لێدەکاتەوە و داوای بەڵگە دەکات بۆ سەلماندنی هەتا ئەمیش بڕوای پێ بێنێت یان رەدی بکاتەوە.

دووەم: سەربەخۆیە، واتە شتێک ناکات لەبەر ئەوەی ئەوانی دی پێیان باشە، بەڵکو بیرکردنەوەی خۆیشی لە بابەتەکاندا رۆڵ دەگێڕێت و بە سەربەخۆیی گەر بڕوای بە بابەتەکە هەبوو ئەوا لایەنگری دەکات یان نا، گرنگ نیە لای کەسێکی تر چۆن دەڕوانێت بۆ شتەکان و بابەتەکان.

بەتایبەت لە بابەتە وجودیە قووڵەکاندا، ئەو بابەتەنانەی مرۆڤ ناتوانێت بێباک بێت بەرامبەریان، چونکە مانا بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشن، چونکە ئەگەر وەڵامی پرسیارە ئەنتۆلۆژیەکان (وجود) نەزانین ئەوا ژیانمان بێمانا دەردەچێت و پووچگەرایی روو لە ژیانمان دەکات، لەبەر ئەوە دەبێت مرۆڤ خۆی تێبگات و هەرگیز رێگە نەدات کەسێکی تر لەبری ئەو بیر بکاتەوە و نەخشەی ژیان و بیری بۆ دابڕێژێت.

بابەتی بوون و نەبوونی خودا هێندە بابەتێکی گەورەیە کە مرۆڤ ئەگەر بە هەر لایەکدا بکەوێت ئەوا ژیانی دەگۆڕێت، رووگە و بینین و جووڵەکانی دەگۆڕێت، راستە لە رووکەشدا فەلسەفیە بەڵام لە دەرئەنجامدا واقیعیە و پەیوەندی بە هەر چرکە ساتێکی ژیانمانەوە هەیە، هەر چرکەساتێک لە ژیانماندا دەگونجێت کە مرۆڤ بڕوای بە خودا هەبێت یان نەبێت، کاتێک کە باوەڕمان هەیە مانایەک پەیدا دەکات، کاتێک کە باوەڕمان نەبێت مانایەکی تر پەیدا دەکات.

ئەم بابەتە هەروا بابەتێکی لاوەکی نیە ئەگەر بیزانین باشە و ئەگەر نەیزانین گرنگ نیە، بەڵکو کاتێک کە باوەڕت وایە کە خودا بوونی هەیە ئەو کات دەبیتە کەسێکی تر، تەنها لەوەدا ناوەستمەوە بەڵکو لەگەڵ ئەو خودایەدا مامەڵە دەکەم، راز و نیاز دەگۆڕمەوە، تەنها زانین و تێگەیشتن و مەعریفەم نیە دەرهەقی بەڵکو گفتوگۆم لەگەڵ خودادا دەبێت، ئەم مامەڵەیەشی کە لەگەڵ خودادا هەمە لە هیچ

مامەڵەیەکی تر ناکات، چونکە خودا یەکێک نیە لە پاڵ شتەکانی تردا بەڵکو ئەو یەکێکە بەتەواوەتی جیاواز لەوانی دیکە.

ناسینی خودا ڕێژەیی و ژمارەیی نیە، یەکێک لە فەیلەسوفەکانی دین دەڵێت: خودا و ناسینی بەتەواوەتی جیاوازە لە ناسینی ئێمە بۆ شتەکانی تر، کاتێک ڕۆمانێک دەخوێنینەوە چێژی لێ دەبەین، گوێ لە گۆرانی دەگرین شاد دەبین یان دڵتەنگ.

کاتێک کە خودات ناسی سەر دەخەیتە سەر زەوی، یەکێک لە فەیلەسوفەکان دەڵێت: کاتێک کە من شێکسپیر دەناسم لەبەری هەڵدەسمەوە، مامەڵەیەکی وجودی قووڵە وەک هیچ جۆرە مامەڵەیەکی تر نیە، بۆیە گرنگە مرۆڤ بۆی دەربکەوێت بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەم هەبووەدا دەکات، هەم لەسەر ئاستی تاک هەم لەسەر ئاستی گروپ و کۆمەڵگەدا گرنگی خۆیی هەیە، ئێستا باسی ئەوەیە کە لە ڕۆژئاوا لە دوای (نیچە)وە دەوترێت خودا مرد.

مرد بەو مانایە نا کە خودا بوونی نەما بەڵکو لەناو ژیانی ئەواندا ئەو ڕازە گەورەیە ئامادەیی نەما، ئەوان وا مامەڵە ناکەن کە خودایەک بوونی هەیە، بەڵکو وا مامەڵە دەکەن کە خودا بوونی نیە، ئاخر زانینی هەر شتێک جیاوازە لە باوەڕبوون بە شتێک، تەنانەت ئەگەر بشزانین کە خودا بوونی هەیە بەڵام مامەڵەی خۆت وا ڕێکخستووە کە خودا بوونی نیە ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ باوەڕت بەخودا نیە، باوەڕبوون بە خودا ڕازێکە کە هاتە ناو مرۆڤەوە ئیتر بەتەواوەتی ژیانی دەگۆڕێت، مامەڵەیەکی تر و لە دایکبوونەوەیەکی نوێی بۆ دروست دەبێت، دەبێتە هەبووەیەکی تر، ڕووگە و بینین و مامەڵەی لەگەڵ بووندا جیاوازە لە پێشووی.

بۆیە ئێمە ناچارین بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە بیکەین بە مەعریفە باسی هەموو ئەو بەڵگانە بکەین کە باس لە بوون و نەبوونی دەکەن، تەنانەت ئەو خەڵکانەشی کە بڕوایان وایە خودا هەیە دەبن بە چەند جۆرێکەوە چونکە سروشتی سایکۆلۆژی مرۆڤ جیاوازە لە یەکتری بۆیە بەڵگەکانیش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، مرۆڤێک هەیە کە بەیەک بەڵگە باوەڕ دەکات بەڵام هی واش هەیە چەندین بەڵگەشی بۆ بهێنەوە بڕوا ناکات یان هەر بە گومان دەبێت و داوای بەڵگەی زیاتر دەکات، دواجار جێکەوتی ئەم بەڵگانە ل ەسەر ژیانی ئێمە، مرۆڤەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکەن.

***

# بەڵگە دەرەکیەکانی بوونی خودا

لە پێشوودا باسی سێ بەڵگە لە بەڵگە دەرەکیەکانی بوونی خودام کرد، ئەوانیش بەڵگەی ئامانجناسی بوون: لەم بوونەدا ئامانجێک هەیە هەموو شتەکانی ناو بوونیش ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەم بوونە دەجووڵێت و ئامانجێکی هەیە، مادام ئامانجیش بوونی هەیە دەبێت کەسێک هەبێت ئەم ئامانجەی دانا بێت.

بەڵگەی گەردوونناسی: لەم بوونەدا سیستەم بوونی هەیە واتە شتەکان یەکتری تەواو دەکەن، کاتێک ئەم سیستەمە ڕێکوپێکە دەبینین بۆمان روون دەبێتەوە کە دروستەرێکی هەیە.

بەڵگەی بوونناسی: یەکێک لە فەیلەسوفەکان بە ناوی (ئانسلم) داییناوە ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت: ئەگەر من لەخەیاڵی خۆمدا درکی هەبوویەک بکەم کە هیچ شتێک لەو کامڵتر نەبێت ئەو کات دەبێت ئەو هەبووە لە دەرەوەی منیش بوونی هەبێت، دەی خودا بوونی هەیە چونکە لە دەرەوەی منیش بوونی هەیە.

ئەوەی کە ئەم سێ بەڵگەیە کۆ دەکاتەوە بریتین لەوەی کە باسی هەبوویەک دەکەن لە دەرەوەی مرۆڤ، لە پێش سەردەمی فەلسەفەی یۆنانەوە هەتا سەردەمی (هیۆم) و دواتریش (کانت) زۆرینەی بەڵگەکانی بوونی خودا لە بەڵگە دەرەکیەکان بوون، لە دەرەوەی مرۆڤ بە شوێن بوونی خودادا دەگەڕان لە ڕێگەی ئایەتەکانی خوداوە.

لە راستیدا ئەمانە پشتیان بەیەک شت دەبەست کە لە فەلسەفەدا پێی دەوترێت بەڵگەی زنجیرە (برهان تسلسل) بنچینەی عەقڵی مرۆڤ بە جۆرێکە ناکرێت شتێک، شتێکی تری دروست کرد بێت ئەویش شتێکی تر واتە دوابەدوای یەک بڕۆن واتە بێکۆتایی بێت بەڵکو دەبێت لە شتێکدا بووەستێت.

دواجار چ ئەوانەی کە دەڵێن خودا نیە و چی ئەوانەشی کە دەڵێن هەیە خزمەتێکی چاک دەکەن بەم بابەتە ئەویش ئەوەیە کە بە گەرموگوڕی دەیهێڵنەوە، (سیڤن) وا دەڵێت: بەدبەخت ئەو کەسەیە کە کەس لا بەلایدا نەکاتەوە، ئەم بابەتە هەمیشە بەلای مرۆڤەکانەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە، هیچ شتێک وەک ئەمە بەلای مرۆڤایەتیەوە گرنگ نەبووە، کە خۆی بۆ خۆی لەناو ژیانی مرۆڤەکاندا مانای بەهێزی و گرنگی ئەم بابەتەیە.

دەوترێت مارکس زۆرتر خزمەتی بە فیکری خودا کرد هەتا (داروین)[1] چونکە داروین کە خۆی کەشیشێکی مەسیحی بوو خاوەن بیردۆزی پەرەسەندنە سیستەمێکی زنجیرەیی داهێنا کە وتی: شتە زیندووەکان بە زنجیرەیی دەچنە خوارەوە هەتا دەبنەوە بەیەک خانە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی خودا بوونی لە بیردۆزەکەیدا نیە، بەڵام مارکس کە هات یەکسەر وتی: خودا نیە، لە بەرامبەردا ئیماندارەکانیش بەڵگەیان هێنایەوە کە خودا بوونی هەیە، خۆی بۆ خۆی بەگەرم راگرتنی ئەم مەسەلەیە بابەتێکی گرنگ بوو.

لە لۆژیکی نوێدا بەڵگەی زنجیرەیی بۆشاییەکەی دەرخراوە کە (کەشف) وا نیە چونکە لە جیهانی هەبوودا ئەو جیهانەی کە لە نێوان من و تۆدا بوونی هەیە زنجیرە ناکرێت هەتایە رۆشت بێت دەبێت بگاتەوە یەک بەتایبەت دوایی هیۆم ئەمە سەلمێنراو ئەو بەڵگەیە هەڵوەشێنرایەوە.

لە سەردەمی نوێدا بێجگە لە کۆمەڵەی ئینسکلۆپیدیای فەرەنسی کە تاکو ئێستاش بۆنی دژایەتی کردنی فیکرەی خودای لێدێت نەک بەڵگەهێنانەوە لەسەر بوون و نەبوونی خودا، زۆربەی زۆری فەیلەسوفەکانی ئەو قۆناغە هەر لە

---

١. چارلز رۆبێرت داروین: لە دایکبووی ١٢ فێبریبەوەری ١٨٠٩ لە ئینگلتەرا، خوێندنی پزیشکی لە زانکۆی ئەدینبۆگ جێدەهێڵێت بۆ بەدواداچوونی خوێندن سەبارەت بە گیانلەبەرە بێ ئێسکەکانی ژێر دەریا و دواتر زانکۆی کەمبریج هانی بۆ خوێندنی لە بواری زانستی سروشتدا دەدات.

ئەو سەفەرە ٥ ساڵە دەریاییەی وای لێدەکات وەک زەویناسێکی بە توانا روانگەکانی و تیۆریاکانی پاڵپشتی لە تیۆریای یەکگرتوویی (چارلز لیل) دەکرد و هەروا بڵاوکردنەوەی گۆڤاری سەفەرەکەی ناسراوی کرد.

لە گەشتەکەیدا بە دیتنی بڵاوبوونەوەی جوگرافیای ژیانی ئاژەڵان و کۆکردنەوەی بە بەردبووەکان سەری سووڕدەمێنێت و بە دواداچوونی گۆڕانی چەشنەکان دەکات و ئەوە تیۆریای هەڵبژاردنی سروشتی خستە مێشکیەوە.

کتێبەکەی لە ساڵی ١٨٥٩ لە سەر سەرچاوەی چەشنەکان باسی تەکامۆڵی نەژادی بوو بە پێداچوونەوەیەک وەک لێکدانەوەیەکی زانستی سەرکەوتوو سەبارەت بە جیاوازی لە سروشتدا. لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە رووەک لە زنجیرە کتێبێکدا بڵاوکرایەوە.

لە دوایین کتێبەکەی باسی گەرمبوونی زەوی و کاریگەریەکی لە سەر خۆڵ کرد. تاکو ئێستاش مشتومڕ هەیە لەبارەی تیۆریەکەی و بە تایبەتی لەبارەی بیروڕاکانی سەبارەت بە سێکس و قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆڤ و تەکامولبوونی.

داروین لە رێکەوتی ١٩ ئەپریل ١٨٨٢ کۆچی دوایی کردووە.

دیکارتەوە هەتا کانت باوەریان بەم بەڵگانە نەما (بەڵگە دەرەکیەکان)، بەڵام ئەو دەردەشیان هەبوو کە ناکرێت خودا بوونی نەبێت.

کانت شۆڕشێکی گەورەی فیکری بەرپا کرد، دەڵێت ئەو کودەتایەی بەسەر (بەتڵیمۆس)دا[1] کرا منیش لە بواری فەلسەفەدا کردوومە، هەر ئەمەش وای کردووە بە باوکی فەلسەفەی نوێ دابنرێت، پێش کانت ئەو کەسەی کە زۆر درکی بە کەموکوڕیەکانی بەڵگە دەرەکیەکانی بوونی خودا کرد بوو (هیۆم)ە، ئەم بەڵگانە پشت بەبەڵگە نەویستەکان دەبەستن، ئەم بەڵگە نەویستانەش هەموویان بەڵگە نەویستی حەتمی نین بەڵکو ئەگەری هەیە وا بێت و ئەگەری هەیە وا نەبێت.

دوایی ئەو کانت هات کە پێش ئەوەی فەیلەسوف بێت زانای فیزیا بوو، زۆربەی داهێنانە فەلسەفیەکانی لە دوایی تەمەنی شەستساڵیەوە کردوویەتی، لە دوای ئەو تەمەنەوە پرۆژە گەورە فیکریەکەی راگەیاند لەهەر سێ بوارەکەدا (بوونناسی، مەعریفەتناسی، هونەر و ئەخلاقناسی) بەشێوەیەک هەتا ئێستاش هیچ کەسێک نیە لەم بوارانەدا ئیش بکات و بۆ کانت نەگەڕێتەوە، دەڵێت: من هیۆم بە ئاگایی هێنامەوە خەوتبووم، چونکە لە پێشدا هیۆم قسەی لە سەر ئەو بەڵگانە کرد بوو باسی ئەوەی کردبوو کە خودا بوونی نیە و ئەگەر دینەکان نەخرێنە ناو بواری ئەزموونەوە، هیۆم دەیوت ئەگەر کتێبی پیرۆز (ئینجیل) بۆت نەخرایە ناو ئەزموونەوە ئەوا بیسووتێنە.

---

١. کلاودیۆس بەتڵیمۆس: نووسەرێکی یۆنانی-میسری بوو لە هەمان کاتدا بیرکاریزان و گەردووناس و جوگرافیاناس و ئەستێرەناس بووە.

لە یەکێک لە پارێزگاکانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی کە ئەسکەندەریە بوو ژیانی بەسەر بردووە و بە زمانی یۆنانی بابەتەکانی نووسیوە و رەگەزنامەی هاوڵاتی بوونی لە رۆمانی بەدەستهێناوە.

بە زۆری ناوبانگی دەرکردووە بەهۆی تێڕوانینە جیاوازەکەی بۆ گەردوون و زەوی کە پێی وابووە هەسارەی زەوی دەکەوێتە ناوەڕاستی گەردوونەوە، کە ئەمەش ناسراوە بە سیستەمی بەتڵیمۆسی.

زۆر شت دەربارەی ژیانی نەزانراوە تەنها ئەوە نەبێت کە لە نووسینەکانیەوە ماوەتەوە.

یەکەم بەرهەمی لەسەر گەردوونناسی بریتی بوو لە کتێبی (ماجستی) کە لە نزیکەی ساڵی ١٥٠ زایینی تەواو بووە و بریتیە لە چەند راپۆرتێکی زانستی گەردونی کە بەتڵیمۆس لەو چارەکە سەدەیەی پێشوودا بە دەستی هێناون.

وێڕای بەرچاو روونیەکانی هیۆم بۆی، بەڵام کانت لە قووڵایی بووندا دەیزانی کە ناکرێت بێ خودا بژین، (ئێرنست کاسیرێر)[1] مێژوونووسی بەناوبانگ ئەو سەردەمە لە کتێبەکانیدا دەیسلەمێنێت کە رۆشنبیرەکانی ئەو قۆناغە هەموویان بە هەمی ئایینیەوە چوونەتە ناو بابەتە فەلسەفیەکان، هیچ کامیان بە بیانوو نەبوون کە لە سەرەتاوە بیسەلمێنن خودا بوونی نیە، بەڵکو وا چوونەتە ناویەوە کە بیسەلمێنن خودا بوونی هەیە بەڵام بە بەڵگەوە نەک لەبەر قسەی ئەوانی دی بەڵکو سروشتی مرۆڤی ئەو سەردەمە بەو جۆرەیە دەیەوێت خۆی بەڵگەی دەستبکەوێت.

بۆ سەلماندنی بوونی خودا واتە مرۆڤێک بووە بەشداری هەبووە و خاوەن بیر و ئایدیای خۆیەتی، هەندێکیشیان لە رێگەی گرنگیەوە (ضرورت) کە دەیانزانی گەر باسی خودا لە کۆمەڵگەدا نەمینێت چ وێرانیەک دروست دەبێت، ڤۆڵتێر دەیوت: تەنانەت ئەگەر خوداش نەبێت، دەبێت خۆمان بیخولقینین، چونکە بۆ کۆمەڵگە پێویستە. هەموویان دەیانویست بۆیان روون بێتەوە بە بەڵگەوە کە خودا بوونی هەیە یان نا بەتایبەتی کانت هەموو تەمەنی خۆی لەم بابەتانەدا یەکلایی کردبووەوە هەتا لە (پروسیا)[2] کە شوێنی نیشتەجێ بوونی بوو لەهەموو تەمەنیدا لەو شارە

---

١. ئێرنست کاسیرێر: لە ٢٨ جولای ١٨٧٤ لە بریسلاڤی ئەڵمانیا لە بنەماڵەیەکی یەهودی لە دایک بوو.

لە تەمەنی هەژدەساڵیدا لە زانکۆی بەرلین وەرگیرا و لە لەسەر خواستی باوکی رووی لە کۆلیژی یاسا کرد و هەر زوو هەستی کرد حەزی لەم کۆلیژە نیە و روویکردە کۆلێژی فەلسەفە و ئەدەبیاتی ئەڵمانی و لەوێدا بە نووسینەکانی "کۆهن" لە بارەی کانتەوە ئاشنا بوو.

کاسیرێر فەیلەسوفێکی نیۆ کانتی و و مێژوونووسی فەلسەفەی رۆژئاوایە و بە دەیان کتێب و نووسینی هەیە و وەک هەر یەهودیەکی تر پاش بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلەر ناچار بوو ئەڵمانیا بەجێ بهێڵێت و رووی لە ئینگلتەرا کرد و بوو بە مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆرد. دواتریش رووی لە ئەمریکا کرد و لە زانکۆ بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتەدا خەریکی وانە وتنەوە بوو.

جگە لەوەی خاوەنی نووسین و کتێبی زۆر و زەبەند بوو ئەوا هەر یەک لە زمانەکانی، ئینگلیزی، ئیتالی، سویدی، فەرەنسی و لاتینی دەزانی.

لە ١٣ی ئەپریلی ١٩٤٥ لە تەمەنی حەفتا و یەک ساڵیدا لە کەمپی زانکۆی کۆلۆمبیادا لەکاتێکدا خەریکی وەڵامدانەوەی پرسیارێکی یەکێک لە خوێندکارەکانی بوو لەناکاو باری تەندروستی تێکچوو و هەر لەوێشدا گیانی سپارد.

٢. پروسیا: لە بنەڕەتدا ناوی دەڤەرێکی ئەڵمان نشین بوو، ریشەی پروسیا لە ناوی دانیشتوانی (پروس)ەوە هاتووە کە بە رەچەڵەک (بەلتیک)ی بوون.

نەچووبووە دەرەوە دەڵێن: خەڵکی شارەکە کانتیان وەک سەعات بەکاردەهێنا چونکە تەنیا دەمە و ئێوارە دەهاتە دەرەوە و هەموو سەعات چوارێکی عەسران کە کانت دەردەکەوت ئیدی خەڵک دەیانزانی سەعات چوارە چونکە کانت لە دەرەوەیە.

وێڕای ئەوەی لە ناخەوە باوەری بە خودا هەبووە دامەزرێنەری مەعریفەی نوێیشە، کە مەعریفەی ئەم سەردەمە مەعریفەی سەردەمەکانی پێشوو نیە گەورە بووبێت و چوو بێتە سەری بەڵکو بەدڵنیاییەوە بەتەواوەتی لە یەکتری جیاوازن، چونکە ئەگەر درێژکراوەی ئەوەی پێشوو بووایە ئەم هەموو گۆڕانکاریانە لەم سێ سەدەیەدا رووی نەدەدا کە لە ٣٠٠٠ – ٤٠٠٠ ساڵ لەوە و پێش رووینەدا بوو، لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری ریشەیی لە رووگەی مرۆڤەکاندا روویدا، کە لە فیکردا پێی دەوترێت روانینی گشتی "گەشتاڵ" بۆ بوون، واتە لە هەموو روویەکەوە سەیری شتەکان دەکرێت نەک لە یەک رووەوە.

پێغەمبەرانیش "د.خ" لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر وایان کردووە، کاتێک پێغەمبەر لەناو قورەیشیەکاندا بوو بە پێغەمبەر پێی وتن تاکو ئێستا ئاوا بۆ خوداتان روانیووە کە لە ئاسمان خودا هەیە و لە زەویش ئێمە لە نێوان ئێمە و خودادا، کۆمەڵێک دروستکراوی تر هەن پێیان دەوترێت فریشتەکان، پیاوچاکان، ئێمە دەستمان ناگات بەخودا دەبێت لە رێگەی ئەم پیاوچاک و فریشتە و هەر هۆیەکی

---

ناوی پروسیا گشت ناوچەکانی دەوڵەتی براندنبیرگی داگرت پاش ئەوەی لە ١٧٠١دا خانەدانانی (هۆهنتسولرن) ناوزەدی شای پروسیایان پێدرا. هەر زوو پروسیا بووە دەوڵەتێکی زلهێز لە ئەوروپا و رۆڵی رابەرایەتی کردنی وڵاتە ئەڵمانەکانی لە دەست نەمسای قەیسەرنشین دەرهێنا.

ناوی پروسیا ئەمڕۆ وەک زاراوەیەکی مێژوویی و کلتوری و جوگرافیایی بە کار دێت. لە یادەوەری زۆرینەی خەڵکی ئەڵماندا جێگەی شانازین و ئەم بەهایانە کە هێشتا جێگەی پەیڕەوکردنن بریتین لە: رێکخستنی نموونەیی، رێزگرتن، خۆبەختکردن، پیرۆزکردنی قانون، گوێڕایەڵی بە فەرمانەکانی دەوڵەت و....هتد،.

کاریگەری ناو و کلتووری پروسیا تا ئێستا لە زۆر لاوە بە زیندوویی ماوەتەوە سەرباری هەڵوەشاندنەوەی لە ساڵی ١٩٤٧ ئەم زیندوو مانەوەیە لە لایەنی ژیانی رۆژانە و رۆشنبیری و وەرزشی و ناوە بە کارهێنراوەکان دیارە.

لە ساڵی ١٨٧١ بوو بە پایتەختی نوێی دەوڵەتی نوێی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا. ساڵی ١٩٩٠ پاش رمانی دیواری بەرلین و یەکگرتنەوەی هەر دوو بەش دووبارە کرایەوە بە پایتەختی فیدراڵی ئەڵمانیای یەکگرتوو.

ترەوە بێت بگەین بە خودا واتە ئێوە نێوەندگیریەک گەیشتنتان بۆ بەخودا دادەنێن، بەڵام پێغەمبەر فەرمووی وەرن با جۆرێکی تر سەیری ئەم بابەتە بکەین، کە ئەو نێوەندەی نێوان ئێمە و خودا بوونی نیە بەڵکو دەتوانین راستەوخۆ بگەین بە خودا و مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

هەر ئەمە بوو ئەوان لێی تێنەدەگشتن، گەردونناسی مەککەیەکان تێکچوو، کە (کانت)یش هات گەردونناسی مرۆڤەکان تێکچوو ئیتر دوایی ئەوەی کە ئەم فەیلەسوفانە دەرکەوتن ئیتر مرۆڤەکان جیاواز لەوانەی پێشوو سەیری بوونیان دەکرد، چونکە دەرگایەکی نوێکراوەتەوە جیاواز لەوەی دی لەوێوە سەیری بوون دەکەین.

گرنگی ئەم فەیلەسوفانەش لەوەدا بوو جۆرێکی تر لە روانینیان داهێنا بۆ بوون بەتایبەتی روانین بۆ خودا کە بەتەواوی جیاواز بوو لەوەی پێشوو، گومانیان لەسەر هەموو بەڵگەکانی پێشوو هەبوو توانیشیان کەشفی بکەن و دەشیانزانی کە بەبێ خودا ناکرێت بۆیە بە دوای بەڵگەی تردا دەگەڕان بۆ سەلماندنی بوونی خودا و نەبوونی، چونکە روانینەکانیان داوای بەڵگەی تری لێدەکردن، بۆیە هەر لەو کاتەدایە لە ئاییندا کۆمەڵێک زانست دەرکەوتن کە لە پێشوودا بوونی نەبوو، وەک فەلسەفەی ئایین، ئەزموونی ئایینی هاتە ناوەوە واتا من بە هەموو بوونمەوە خودا دەناسم نەک لە رێگەی هەستەکانمەوە، بەبێ ئەوەی پشت بە بەڵگە ئایینیەکان ببەستم.

لە سەردەمی کانت و (شلایماخەر)دا ئەم ئەزموونە هاتە ناوەوە، دەرگایەکی نوێ لە خوداناسی و دینناسیدا کرایەوە، کاتێک بە هەموو بوونمەوە تۆ دەناسم ئەو کاتەشی کە هەستەکانیشم لە دەست بدەم تۆ هەر هەیت.

لەم جۆرە خوداناسیەدا من روو دەکەمە خودا، بە وتەی (سوهرابی سپێهری)[1]:
من دەچمە سەروەختی خودا، مانایەکی تر لە ژیانمدا دروست دەبێت، ئەمە تەنها لە

---

١. سۆهراب سپێهری: لە ساڵی ١٩٢٨ لە شاری کاشان دایک لە بووە، شاعیر و نیگارکێشی بەناوبانگی ئێرانیە.

سۆهراب لایەنگری شیعری نوێ بوو و لە گەورەترین شاعیرانی ئەم چەشنە شیعرەیە لە ناو ئێرانیەکاندا.

سۆهراب لە شیعرەکانیدا زۆر جار باسی لە فەلسەفەی ئایینی بوودیزم کردووە، شیعرەکانی پڕە لە باسی ژیان و مردن، ئەوین، مرۆڤایەتی و سەرخۆشی، کە هەر ئەمانە سۆهرابی لەگەڵ شاعرانی دیکەی سەردەمی خۆی جیاواز کردووە.

سۆهراب لە ١٩٨٠ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێنەوە لە تاران کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژئاوا ڕووی نەدا بەڵکو لای ئێمەش خەڵکانێک هەبوون بەتایبەت ئەوانەی لە ڕۆژئاوا خوێندبوویان لەبواری فەلسەفەی دین ئەگەرچی لەدواتردا نرخیان نەزانرا، درکیان بەم بابەتە کردبوو.

یەکێک لەوانەی کە یەکەم کەس بوو، لایان وایە بەڵگەکانی لەوەو پێش خۆ خەڵەتاندنە، کە خەڵکی گشتی پێ بخەڵەتێنرێت، بەڵام خۆشت لە ناخەوە پێی قایل نیت و مانا بە ژیانت نابەخشێت، بەڵام لە ڕێگەی ئەزموونەوە وا دەکات ژیان بەتەواوی مانا وەربگرێت و ئایین کورت بوویەوە بۆ چەند بەشێک کە بەپێچەوانەی پێشووەوە کە دین پزیشکی، زانست، ئەستێرەناسی و ...هتد، بەڵام پانتایی دین دوای دەرکەوتنی ئەزموونی دینی بچووک بوویەوە بەڵام لە هەمان کاتدا قووڵایی پەیداکرد.

چیدی چاوەڕوانیمان لە ئایین نیە فیزیا و کیمیا و زانستەکانمان بداتێ، بەڵام چاوەڕوانیم لێی هەیە کاتێک بە هەموو بوونمەوە مامەڵە لەگەڵ خودادا دەکەم مانا بە ژیانم ببەخشێت، گەرموگوڕ بم، تینوو بم، هەردەم بە گەنجی بمێنمەوە، ژیان جۆرێکی تری لێدێت، ئیقباڵ لاهوری دەڵێت: چونکە چووە ناو گیانەوە، گیان دەبێتە گیانێکی تر، کە گیانیش گۆڕا ئیدی جیهانیش دەگۆڕێت بۆ جیهانێکی تر. ئیتر ئەزموونێکی ترت بۆ دروست دەبێت، ئیمانت بۆ دروست دەبێت.

لەکاتێکدا بەڵگەکانی لەوەو پێش هەموویان گوماناوی بوون تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بوو بن ئەو بەڵگانە، یەکێک باوەری پێی بوو یەکێکی تر پێی نەبوو، بەڵام لەمەیاندا عیشق و تاسەت بۆ دروست دەکات، ئومێدت بۆ دروست دەکات (وترجون من الله ما لایرجون).

هەر ئەوە نیە کە تۆ دەزانی خودا هەیە بەڵکو تۆ ئومێدت پێی هەیە و پشتی پێدەبەستی، دڵنیایت بەرامبەری هەیە، دۆستایەتیت لەگەڵیدا هەیە. خەڵک وا دەزانن لە ڕۆژئاوا باسی دین و خودا نەماوە لە کاتێکدا لەوێ قووڵتر بووەتەوە بەجۆرێکی تر ئەم بابەتانە دەوروژێنرێت و زیاتر وجودیترن، تەنها بیری مرۆڤ پڕ ناکەن لە زانیاری بەڵکو بوونی مرۆڤ دەگۆڕێت.

لە دوای کانتەوە قۆناغی دەرکەوتنی بەڵگەی نوێ لەسەر بوونی خودا دەستی پێکرد، دەتوانین بڵێین لە ڕووی مێژووییەوە قۆناغی یەکەم لەسەرەتای مرۆڤایەتیەوە هەتا (کانت) ئەمانە بڕوایان بە بەڵگە دەرەکیەکان هەبوو فەیلەسوفەکان، بۆیە زۆرینەی دینەکان کێشەیان لەگەڵ فەیلەسوفەکاندا هەبوو، چونکە فەیلەسوفەکان هەوڵیان دەدا ئەم بەڵگانە بسەلمێنن لەسەر بوونی خودا، بەڵام دواجار کە نەیان دەتوانی بگەنە یەقین ئەو کات گومانیان دروست دەکرد.

تایبەتمەندی ئەو بەڵگانەی کە لەم قۆناغەدا بوونی هەبوو خۆیان دەبینیەوە لە:

تایبەتمەندی یەکەم: بەڵگەی دەرەکی بوون، لە دەرەوەی مرۆڤ بوون لە بووندا ئامانج، سیستەم، چ هەموو دروستکراوەکان کە خۆیان نیشانە بوون بۆ بوونی خودا.

تایبەتمەندی دووەم: پشتیان بە شتی بەڵگە نەویست دەبەست، زنجیرەیی بوون بۆ سەرەتا، بەڵام لەو بڕوایەدا بوون دەبێت ئەم زنجیرەیە لە شوێنێکدا بووەستێت، بنەمایەک هەیە دەبێت لەوێدا بووەستێت ئەویش ئەوەیە ناکرێت ئەم زنجیرەیە بەردەوام بێت، کێشەکە ئەوەیە کاتێک گومان دەربارەی ئەو بنەمایە دروست دەبوو ئیدی بەڵگەکە بەتاڵ دەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەمە شتێکی وجودی نیە لە مرۆڤدا بەڵکو دەبێتە شتێکی زەینی فەیلەسوفەکان نەک ئیشی ژیان.

دەرکەوتەی ئەم بابەتە لەناو ژیانی مرۆڤەکاندا زۆر گرنگ نەبوو بۆیە فەیلەسوفەکان دەبوو لە گۆشەیەکدا لێکۆڵینەوەیان بکردایە دوور لە خەڵک لەناو ژیاندا ئامادەییان نەبوو، (ئەبوعەلی سینا)[1] دەڵێت: لێکۆڵینەوەم دەکرد لە ماڵەوە

---

١. ئبن سینا یان ئەبوعەلی سینا: ناوی تەواوی (ئەبو عەلی حسێن کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی سینا)یە، لە ڕۆژئاوادا بە (Avicenna) ناسراوە، لە ساڵی ٩٨٠ زایینی لە شاری ئەفشانش لە نزیک شاری بوخارا لە ئۆزبەکستانی ئێستا لە دایکبووە. زمانی دایکی ئیبن سینا فارسی بووە. خوێندنی سەرەتایی لە بوخارادا بووە. لە هەموو تەمەنێکیدا بلیمەتی پێوە دیار بووە بووە.

ئیبن سینا بەناوبانگترین پزیشک و فەیلەسووف و ئینسایکلۆپیدیست و بیرکاریناس و گەردووناسی سەردەمی خۆی بووە. بەشداری سەرەکی ئیبن سینا لە بواری زانستی پزیشکیدا بریتیە لە کتێبی (القانون في الطب) لە ساڵی ١٠٢٥ دا تەواوکردووە.

ئەم کتێبە لە سەدەی دوازدەی زاییندا وەرگێردراوەتە سەر زمانی لاتینی .تاوەکو نزیکەی نیوەی سەدەی پازدەیەمی زایینی ئەم کتێبە پازدە جار بە لاتینی و یەک جاریش بە زمانی عیبری بە چاپ گەیەنراوە. لەم ساڵانەی دواییدا بەشێکی لێ وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی .لە سەدەی دوازدە تا حەڤدە وەک ڕێبەری سەرەکی پزیشکی بەکارهێنراوە.

(برۆکلمان) پێی وایە ئیبن سینا (٩٩) کتێبی هەیە، (١٦) کتێبیان لەسەر پزیشکی، (٦٨) یان لەسەر ئایینناسی و مێتافیزیک، (١١) یان لەسەر گەردوناسی و چواری دیکەیان لەسەر شیعرن. زۆرترینی کتێبەکانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە.

ئینسایکلۆپیدیا فەلسەفیەکەی ئیبن سینا کە ناوی کتێبی شیفا (کتاب الشفا)یە کارێکی عەقڵی زۆر گەورە و کاریگەرە کە رووبەرێکی گەورەی لە مەعریفە گرتۆتەوە هەر لە فەلسەفەوە تا دەگات بە زانستە ئەزموونیەکان.

ئەبوعەلی سینا لە مانگی یەکی ١٠٣٧ لە شاری هەمەدانی ئێران کۆچی دوایی کرد.

دانیشتبووم هەموو پەردەکانم دادابووەوە هیچ شتێکم لێوە دیارنەبوو (قاعیدەی زەینی) یاسایی فەلسەفیم دادەنا ئەمە هۆیە بۆ روودانی ئەو شتە و ئەمەش دەرئەنجامەکەیەتی، لێکۆڵینەوەم لە دروست بوونی باران دەکرد بەڵام لەو کاتەدا پەردەکە لادراو سەیرم کرد هەڵم لە دەریاکەوە بەرز دەبێتەوە، بۆم دەرکەوت هۆی دروست بوونەکەی هەڵمەکەیە.

لە راستیدا لە ناوەوە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی دەکرد بەڵام کە روانی شتێکی تری بۆ دروست بوو، فەیلەسوفەکان کاتێک بەڵگەیان لەسەر بوونی خودا دەهێنایەوە گفتوگۆیەکی گەرم لەنێوان ئەواندا هەبوو، بەهۆی ئەوەی ئەم گفتوگۆیە نەزەریە هیچ جێکەوت و کاریگەری و مانایەکی لە سەر ژیانی مرۆڤەکان دانەدەنا، لە کاتێکدا مرۆڤەکان خۆیان دیندار‌بوون بەڵام بەهۆی لاوازی بەڵگەکانی ئەوانەوە هیچ جێکەوتێکی لە سەریان نەدەبوو.

لە دوای کانتەوە جۆرێک لە فەلسەفە دروست بوو بەناوی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیا (دیاردەناسی)، ئەم فەلسەفەیە دەڵێت: کاتێک ئێمە لەگەڵ بووندا مامەڵە دەکەین لەگەڵ بوونی راستەقینەی شتەکاندا مامەڵە ناکەین بەڵکو لەگەڵ دەرکەوتەی شتەکاندا مامەڵە دەکەین.

شوبهاندن نەبێت ئێستا من بەلامەوە گرنگ نیە خودا ماهیەتی چیە بەڵکو ئەوەی گرنگە دەرکەوتەی ئەوە لە ژیانی مندا بە چ جۆرێکە و چۆنە، ئەمە پێی دەوترێت پرۆگرامی فینۆمینۆلۆژی، هەمیشە لە مەجالەکانی فەلسەفەدا مامەڵەی فینۆمینۆلۆژی بەرامبەرە لەگەڵ جۆرێکی تر لە مامەڵە کە پێی دەوترێت (میتافیزیکی).

مامەڵەی فەلسەفی میتافیزیکی پێش ئەوەی بچێتە ناو ژیانەوە و دەرکەوتەی هەبێ لە ئاوەز (عەقڵ)دا بابەتەکە یەکلایی دەکاتەوە، هەتا ئێستا زۆرجار مرۆڤایەتی سوودی لێ نەبینیوە، کاتێک لە پێشدا لە عەقڵدا بابەتەکە یەکلایی کراوەتەوە و دواتر دەچێتە ناو ژیانەوە و جێکەوتی دەبێت دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و گرفت، توندوتیژی زۆربەی لەوەوە دروست بووە و سەرچاوەی گرتووە.

***

## وەستانەی هیۆم و کانت لە دژی بەڵگەهێنانەوە:

هیۆم و کانت زۆر بە توندی لە دژی ئەم بەڵگانە وەستانەوە وتیان لە مانەدا پشت بە کۆمەڵێک بەڵگەنەویست دەبەستن جا بەڵگەنەویستی عەقڵی بن یاخود هەستی بن، یاخود بەڵگەنەویستی فیکری بن، هیچ کام لەمانە بەڵگەنەویست نین بەڵکو ئێوە بەبەڵگەنەویستان داناوە، مادام ئەمانە جێگەی گومانن ئەو شتەشی لە سەر بناغە و بنەمای ئەمانە دروست ببێت ئەوا ئەویش جێگەی گومانە.

کانت رێگەیەکی تری بۆ ئەم بابەتە دۆزیەوە وتی: هەموو ئەوەی ئەوان پشتی پێدەبەستن یان بەڵگەی دوابەدوادا هاتنە، کە ناکرێت بەڵگەی زنجیرەیی بەردەوام بێت لە سەردەمەکانی پێشوودا دەیانوت زنجیرە مەحاڵە ناکرێت وابێت بەڵام کانت وتی مەحاڵ نیە، هەروەها بەڵگەی هۆ و دەرئەنجام کە شتێک هۆکاری شتێکی ترە.

هیۆم و کانت سەلماندیان کە ئەم بەڵگەیەش جێگەی گومانە چونکە مەرج نیە هەر شتێک هۆکار بوو ئیتر دەرئەنجامیشی هەبێت، نموونەیەکی سادە ئەویش ئەوەیە ئاگر هەیە بەڵام حەزرەتی ئیبراهیم ناسوتێنێت، کانت وتی: هەموو ئەوەی ئێوە وادەزانن لە دەرەوەیە و رێسای بوونە لەبنەڕەتدا ناو زەینی ئێمەدایە، ئەوا ئێمەین بوون پۆلبەندی دەکەین و هۆ و دەرئەنجام دیاری دەکەین، دەیخەینە ناو کات و شوێنەوە، عەقڵە بوونمان بۆ پۆلبەندی دەکات هەتا بیناسین ئەگینا لە راستیدا وانیە ئەوە زەینی ئێمەیە دەڵێت دوو دژ پێکەوە کۆ نابنەوە.

کانت باوەری وایە زەینی ئێمەش بۆ ئەوەی لە واقیع تێبگات لە شێوەی تاقیگەیەکدایە کۆمەڵێک شتی تێدایە دەبێت بە پێشگریمانە دایان بنێیت دواتر لە واقیعدا لێی دەگەین بۆ نموونە کات خۆی بۆ خۆی بوونی نیە بەڵکو لە ناو زەینی ئێمەدا بوونی هەیە، تەنانەت خوداش لای کانت یەکێک لەو پێشگریمانانەیە کە ئەگەر ئێمە پێشگریمانەی نەکەین بوونی نیە، ئەمە کودەتایەکی گەورە بوو کە کانت بەسەر فیکری مرۆڤایەتی، فەلسەفە و فەلسەفەی دین و بەڵگە ئایینیەکانیشدا هێنای.

ئەو بەڵگانەی پێشوو هەرچەندە هیشتا خەڵکانێک هەیە بەرگریان لێدەکەن بەڵام فەیلەسوفە گەورەکان زۆرجار گاڵتەیان بەم بەڵگانە کردووە، (ڤۆڵتێر) یەکێک لەو کەسانە بوو کە گاڵتەی بەو فەیلەسوفانە دەهات کە ئەم بەڵگانەیان پێشکەش دەکرد، کانت هات بەڵگەیەکی تری داهێنا ئەویش بەڵگەی ئەخلاق بوو کە ئەخلاق یەکێک لە

هەرە پێویستیە زۆر قووڵەکانی مرۆڤە هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ ئەخلاق ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات، ئەخلاق بۆ مرۆڤ هێندەی خۆراک پێویستە.

ناکرێت مرۆڤ بێ ئەخلاق بژی بۆ؟ چونکە دەڵێت ئەو کەسەی بیەوێت قەفەسێک دروست بکات بۆ باڵندەیەکی رام و راهاتوو ئیشێکی ناعەقڵانی دەکات چونکە قەفەسەکە بۆ ئەوەیە کە نەڕوات لە کاتێکدا خۆی رامکراوە ئیتر قەفەسی بۆ چیە!! دەڵێت: لەبەر ئەوەی مرۆڤ دروستکراوێکی رامکراو نیە بۆیە پێویستی بە شتێکە تا رامی بکات کە ئەوەش بریتیە لە بابەتی ئەخلاق.

مرۆڤ مادام خاوەنی ئیرادەیە دەتوانێت چاکە و خراپە بکات، هەتا داخوازی ئەمەش ئەوەیە دەبێت بتوانێت خراپە بکات بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی بکەوێتە ئەستۆ و دواتر لێی بپرسنەوە، هەر ئەمە بوو فریشتەکانیش لێی نەدەگشتن کە بە خودایان وت: تۆ کەسێک دەکەیتە جێنشین کە خوێن دەڕێژێت و فەساد بڵاو دەکاتەوە.

ئەم دروستکراوە خاوەن ئیرادەیە رام ناکرێت بۆیە لێرەدا شتێک دێتە پێشەوە بۆ رامکردنی کە پێی دەوترێت ئەخلاق. بەردەوام پرسیار لە خۆی دەکات من بۆ بەئەخلاق بم، کە ئەمەش سەرەکیترین بابەتی فەلسەفەی ئەخلاقە، کانت دەڵێت: ئەگەر خودا بوونی نەبێت وەڵامی ئەم بۆیە نیە بۆیە یەکێک لە گرنگترین بەڵگەکان بوونی خودا بە لای کانتەوە وەڵامی ئەم پرسیارەیە، مادام پێویستە ئێمە بەئەخلاق بین، قەت لە حەقیقەتی ئەخلاقیش تێناگەین هەتا تێنەگەین کە کەسێک ئەم ئەخلاق و بەهایەی داناوە کەواتە خودا بوونی هەیە، ئەم بەڵگەیەی کانتیش رەخنەی لێگیرا.

کانت گەورەترین فەیلەسوفی سەردەمی نوێیە، دوو تایبەتمەندی لە کانتدا هەیە کە یەکەمیان ئەوەیە: هەموو داهێنانەکانی لە دوای شەستساڵیەوە بووە، دووەمیان: کەسێکی زۆر وردبووە خەڵکی شارۆچکەکە وەک کاتژمێر بەکاریان هێناوە پیاسەیەکی ئێوارانی هەبووە ئەو کاتەی کە کانت دەرچۆتە دەرەوە خەڵک بینیوویانە بۆیان دەرکەوتووە کە کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆیە.

ئەم مرۆڤە کێشەکانی فەلسەفەی بەرەو ئاقارێکی تر برد چونکە ئەوەی کە کانت سەیری دەکرد لەوەو پێش بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم بابەتە فەلسەفیانە بۆ یەکلایی نابنەوە.

کانت لەو بڕوایەدایە ناتوانین بابەتە فەلسەفیەکان یەکلایی بکەینەوە هەتا کۆمەڵێک شت هەیە کە پێش فەلسەفە یەکلایی بکرێنەوە، کاتێک ئەوشتانە یەکلایی بوونەوە ئیتر بابەتە فەلسەفیەکانیش یەکلایی دەبنەوە، ئەو بڕوای وابوو ئەو شتەی کە وایکردووە لەوەو پێش فەیلەسوفەکان نەگەنە هیچ دەرئەنجامێک لە هەموو بابەتەکاندا بەتایبەت لە بابەتی بوون و نەبوونی خودا پەیوەندی بەوەوە هەیە

کەهەمیشە لە بەڵگەکان لە دەرەوە بۆی گەڕاون لە کاتێکدا ئەم بابەتانە لە ناوەوەی مرۆڤدان بۆیە کانت بە باوکی فەلسەفەی زیهنیش دادەنرێت.

بوون هێندەی بیرکردنەوەی ئێمەیە بۆیە هەر یەکەمان جیهانێکین، دەبێت لێرەدا ئەوەمان بۆ یەکلایی بێتەوە کە بە راستی مەعریفە چیە؟ دواتر بچینە ناو ئەوە کە فەلسەفە وەک بەشێک لە مەعریفە چیە؟.

دواتر (ڤیتگنشتاین) هات وتی: نەک بوون تەنها بەقەد بیری ئێمەیە بەڵکو بوون بەقەد زمانی ئێمەیە، ئێمە چەند دەتوانین بلێین ئەوەندە بوون دەناسین لەبەر ئەوەی ئەو شتەی کە ناتوانین بیڵێین دەبێت لە ئاستیدا سکوت بکەین، کە نەشتوانی بیڵێیت ناشتوانی بەڵگەی بۆ بێنیتەوە، ئەمیش هاوڕایە کە دەبێت پێش فەلسەفە زمان یەکلایی بێتەوە دواتر خودا و ...هتد، ئایا لە بنەڕەتدا رستەی خودا بوونی هەیە واتای چیە؟ ئەمە سەرەتای مەعریفەناسی نوێ بوو.

ترازانێک هەیە لە نێوان مەعریفەی مرۆیی و خودی مرۆڤ خۆی لە کاتێکدا لە سەردەمەکانی لەوەو پێشدا وا نەبوو، مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا لە دایک بووایە هەر لەو سەردەمەدا دەژیا بەڵام لە ئێستادا ئەگەرچی کەسێک لەم سەردەمەدا لە دایک دەبێت مەرج نیە لەم سەردەمەدا بژی، بۆیە پێویستمان بە پێشەکیەک لەم بابەتەدا هەیە.

ئەوەی کە لە پێشووتردا لە سێ سەدە لەمەو پێش لە سەر ئەم بابەتە قسەی کردووە و پێشەکی باشی چنیووە "جۆن لۆک"ە کە بە دامەزرێنەری رێگەیەکی نوێ لەم بابەتەدا دادەنرێت کە دەرئەنجامەکەی دەتوانین بڵێین ئەم سەردەمەی دروست کردووە. ئیشی لە فەلسەفەی ئەخلاقدا کردووە کە بە گەورەترین داهێنانی لە فەلسەفەدا دادەنرێت.

ئەخلاقیش بە رای جۆن لۆک (ئیرادەیە) ویستە، بەڵام ئەوەی زۆر هەوڵی تێدا و ئیشی تێدا کرد ئەوەیە ئەخلاق تەنها پەیوەندی بە پارچەکان (دیووی دەرەوە)ی منەوە نیە بەڵکو ڕای وایە زانینیش دیوی ئەخلاقی هەیە، من ئەرکی ئەخلاقیمە رێگە نەدەم هەواڵێکی درۆ و زانیاریەکی درۆ بێتە ناو زیهنمەوە.

خاڵەکە لێرەدا دەستی پێکرد وەرچەرخانی سەردەمەکانی لەوەو پێش و ئەم سەردەمە لەو قسە سادەیەی جۆن لۆکەوە دەستی پێکرد، کتێبێکی گەورەی هەیە بەناوی (هێزی تێگەیشتنی مرۆڤ) کە نموونەیەکی سادە دێنێتەوە و تیایدا جیاوازی دەکات لە نێوان باوەڕ و زانستدا.

باوەڕ دەکرێت راست بێت و دەکرێت هەڵەش بێت، کەی باوەڕ وەر دەچەرخێت بۆ زانست کاتێک ئەو باوەڕەی من هەیە لەگەڵ واقیعدا وێک بێتەوە، ئەوەی لۆک

ئیشی تێدا کرد گرنگیەکەی لە دواتردایە نەک لێرەدا ئەویش ئەوەیە کە من لە رووی ئەخلاقیەوە هەر شتێک کە باوەڕم پێی هەبوو وێکیش هاتەوە لەگەڵ واقیعدا ئەوا هەر مافم هەیە بیڵێم و باوەڕم پێی بێت بۆیە شتێکی داهێنا کە لە دینی مەسیحیەوە وەری گرتبوو بەناوی شایستەبوون.

من باوەڕم وایە بەپێی کاتژمێرەکەم، کات سێیە بێ ئەوەی سەیری کاتژمێرەکەم بکەم لە واقیعیشدا سەعات سێیە، راستە من باوەڕم وایە ئەو باوەڕەشم لەگەڵ واقیعدا وێک دێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی من پشتم بە بەڵگە نەبەستووە حەقم نیە ئەوە بڵێم، هەر ئەمەیە ساحیرەکان زۆرجار ئەوەی کە دەیڵێن لەگەڵ واقیعدا دێتەوە و وا دەردەچێت.

بابەتەکە تەنها بە باوەڕبوون پێی و وێک هاتنەوە لەگەڵ واقیعدا نیە بەڵکو لەوێوە دەست پێدەکات ئایا ئەو کەسە حەقیەتی ئەمە بڵێت یان نا، ئایا بەڵگەی لەوێدا چیە، هەر ئەمەیە شایستەبوون و بیرکردنەوەی پێگەیشتوو، باس باسی حەق بوونە یان نەبوونە.

لە ناو ئاییندا بابەتی شایستەبوون لە ئێستادا بابەتی ئیستدلالە، تەنها بیروباوەڕ و وێکهاتنەوە لەگەڵ واقیعدا گرنگ نیە ئەوەی کە گرنگە شتێکی ترە ئەویش ئاگابوون و بەڵگەهێنانەوەیە بۆ ئەم بابەتە، ئەمە سەرەتای مرۆڤی رەسەنە لەم سەردەمەدا، بۆ نموونە من باوەڕم وایە خودا بوونی هەیە لە واقیعیشدا بوونی هەیە، من حەقمە ئەوە بڵێم یان نا بەگوێرەی ئەوەی کە چەندە کامڵم بەوە، لە سەردەمی نوێدا حەقم نیە چونکە بەڵگەم نیە، بۆیە بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە خاوەنی بیروباوەڕ دەبێت خۆی ئاگابێت هەر ئەمەیە لەقیامەتدا (وَكُلُّهُمۡ ءَاتِيهِ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَرۡدًا) خۆت بەرپرسیاری کارەکانی خۆتی.

(ئیمامی رازی)[1] دەڵێت: پێغەمبەر تەنها ئەم ئایەتەی بهێنابایە بەس بوو چونکە لەوێدا تەنها خۆت بە ئاگای بەخۆت و دەیچەژی و بەڵگەی بۆ دەهێنیتەوە، ئەکرەم

---

١. ئیمامی رازی یان فەخری رازی: ناوی (ابوعبدالله محمد بن عمر بن حسین بن حسن تیمی بکری طبرستانی رازی)ە و لە ساڵی ٥٤٤ کۆچی لە شاری رەی لە نزیک تارانی پایتەختی ئێستای ئێران لە دایک بووە.

فەقیهـ و موتەکەلیم و موفەسیر حەکیمێکی موسڵمانە بوو کە تاڕادەیەکی زۆر ئاگاداری زانستەکانی سەردەمی خۆی بوو و کتێبەکانی لە زۆرێک لە ناوەندەکانی خوێندنی ئەو سەردەمەدا دەخوێنران و کاتێک لە شاری هەراتی ئەفغانستان وانەی دەوتەوە دوو هەزار خوێندکار ئامادە دەبوون و لەکاتی سەفەرکردندا کاتێک سواری ئەسپ دەبوو زیاتر لە ٣٠٠

عەنەبی دەڵێت: بە کۆڵێک بڕوانامەوە خودایە وێڵ و نائاگام، دەبێت مرۆڤ خۆی تێبگات.

لێرەدایە قوتابخانەی نویێ لە فیکردا دروست دەبێت وەک قوتابخانەی دیاردەناسی "فینۆمینۆلۆژیا" خاڵی ئەم قوتابخانەیە لە کانتەوە دەست پێدەکات، شتێک کە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە حەقیقەت خۆی بۆ خۆی گرنگ نیە بەڵکو حەقیقەت چۆن بۆ من دەردەکەوێت گرنگە، خودا هەیە یان نیە لە واقیعدا گرنگ نیە دەرکەوتەی خودا بۆ من گرنگە.

ئەگەر درەختێک لە دارستانێکدا بکەوێت لە رووی فیزیکیەوە دەنگی هەیە گفتوگۆی ئەم بابەتە دەکەن ئایا ئەو دەرەختە کە دەکەوێت دەبیسترێت، لە کاتێکدا دەزانین بیستن کاتێک بوونی هەیە کە منی مرۆڤ لەوێدا بم و بیبیسم، بۆیە بیستنی مرۆڤی جیاوازە لە دەنگی فیزیکی، حەقیقەت خۆی لە خۆیدا گرنگ نیە حەقیقەت بۆ خودی مرۆڤ و دەرکەوتنی گرنگە. تەنها بەڵگەش بەس نیە بەڵکو ئامادەییش "حوزور" لەو شوێنەدا گرنگە.

ئەو چەمکانەی کە ئێمە واهەست دەکەین لە دەرەوە بوونیان هەیە ئەگەر ئێمەی مرۆڤ نەبووینایە ئەوا بوونیان نەدەبوو تەنانەت چەمکی خوداش، چونکە خودا ئەو هەبووە نیە لە دەرەوەی بوونی من بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە خودا بۆ من چ مانایەکی هەیە، چ رازێک بۆ من دەدرکێنێت، چ عیشقێک لەم باسەدا هەیە، چ بەڵگەیەکم هەیە کە من مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم، مامەڵەی من لەگەڵ خودا مامەڵەی من و ئەو نیە بەڵکو مامەڵەی من و تۆیە، راز و نیازی لەگەڵدا دەکەم.

فەیلەسوفی ئەمریکی پلانتینجا دەڵێت: (justification) تەنها شایستەبوون نیە بەڵکو ئاگابوونە، رۆشنبوونەوەیە. ئێستا مەعریفە سێ بەشە (باوەڕ، وێکهاتنەوە لەگەڵ واقیعدا راستگۆیی و بەڵگە) هەموو مەعریفەیەک لەم سەردەمەدا دەبێت ئەم سێ شتەی تێدا بێت.

---

خوێندکار لەگەڵیدا بوون بۆ ئەوەی لێوەی زانست وەربگرن و ئەویش لە سەفەرەکانیدا خەریکی وانە وتنەوە دەبوو.

گەلێک نووسین و پەرتووکی هەیە و بەوە ناسراوە زۆر سەفەر و گەشتی کردووە و هەروەها لەگەڵ زۆرێک لە زانایانی تردا موناقەشەی کردووە و بەهۆی زانستەکەیەوە لەگەڵێک پاشاکانیش نزیک بووە.

فەخری رازی لە رۆی دوو شەمە و لە رۆژی جەژنی رەمەزانی ٦٠٦ کۆچی لە شاری هەرات کۆچی دوایی کرد و هەندێک لە سەرچاوەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە پێدەچێت لە لایەن گروپی (کرامیە) بەهۆی پێگەی زانستی و ئێرەیی پێبردنەوە ژەهرخوارد کرا بێت.

عەقڵ لەم سەردەمەدا جیاوازە لە عەقڵ لە سەردەمەکانی لە پێشوودا پێی وتراوە عەقڵی شهودی کە بریتیە لەو عەقڵەی کە وا دانێت جۆگەیەکە خۆی بۆ خۆی ئاوی تێدا نیە، لەوەو پێش عەقڵ ئەو جۆگە وشکە بووە کە ئێمەی دەبەستەوە بە عەقڵی کاراوە "العقل الفعال" کە بریتی بووە لە زەینی خودا، خودا زانیاریەکەی خستە ناو عەقڵی ئێمەوە ئیتر دەبووین بە کەسێکی ژیر، واتە لە پێشوودا عەقڵ ئامرازێکە زانیاری و داتاکانی لە شوێنێکی ترەوە بۆ دێت، بەڵام عەقڵ لەم سەردەمەدا بریتیە لە میتۆد، بەڵگەهێنانەوە لەسەر وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی شتێک کە هەیە یان نیە نەک ئەوە شتەکە بێتە ناو منەوە، ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەم سەردەمەیە، بۆیە هەر شتێک دەخرێتەڕوو یەکسەر داوای بەڵگە دەکرێت بۆی.

هیچ کەسێک ناتوانێت ئەمە لە مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە وەربگرێتەوە، واتە لە رێگەی شتەکانی ئەم سەردەمەوە دەبێت بتوانیت بەڵگە بهێنیتەوە، ئێمە پێویستمانە بەڵگە بهێنینەوە لەسەر بوون و نەبوونی خودا، هەندێک لە فەیلەسوفەکان بۆ نموونە "ڤیلیەم جەیمز" باوەڕی وایە تەنانەت ئەگەر ئێمە نەشگەینە ئەوەی کە پێویستە بەڵگە بهێنینەوە لە سەر بوونی خودا ئەوا هەر پێویستە بەڵگەی دەربارە بهێنینەوە، دەڵێت: لەبەر ئەوەی کە بابەتە باوەڕیەکان دوو بەشن، بەشێکیان تێپەڕن بەشێکیشیان تێنەپەڕن.

بابەتی بوونی خودا لەبەشی دووەمیانە تێنەپەڕە و ناتوانین بێباک بین بەرامبەری بۆیە پێویستە بەڵگەی بۆ بهێنینەوە، تەنانەت (ڤیلیەم جەیمز) باوەڕی وایە کە نابێت بووەستین تا دەگەینە دەرئەنجامی کۆتایی چونکە کاتەکەمان لە دەست دەچێت.

نموونەیەک دەهێنێتەوە لە کتێبەکانیدا کە دەڵێت: تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت دەچیتە کەناری ئاوێکەوە دەبینی کەسێک لە ناو ئاوەکەدایە دەستی درێژ دەکات و داوای یارمەتی دەکات تۆش سەیری دەکەیت و بارودۆخی خۆتی بۆ شی دەکەیتەوە ئەویش دەڵێت: تۆ فریام بکەوە من خەریکە دەخنکێم. تۆ حەقیقەتی بۆ باس دەکەیت بەڵام ئەم وێکهاتنەوەیە بەس نیە بەڵکو پێویستی هەیە لێرەدا، تۆش پەتێکی بۆ هەڵدەدەیت کەسەکەش دەڵێت: من ئەو پەتەم ناوێت چونکە جارێک بە پەتێکدا خۆی راگرتووە بەڵام پچڕاوەو ئازاری پێگشتووە، بەڵگەکەی ئەویش راستە بەڵام نابێت ئەو لەوێدا ئەو بەڵگە بەکار بهێنێت.

بابەتی بوون و نەبوونی خودا بەم شێوەیەیە، خودا هەیە یان نیە لە رووی زانستەوە گرنگ نیە بەڵکو ئەوەیە کە دەبێت بەڵگەی بۆ بهێنینەوە و دوای نەخەین، بەبێ ئەوە ژیانمان واتای نابێت، مەبەست تەنها بەڵگەکە نیە بەڵکو پێویستی

بەڵگەکانە بۆ ئێمە، پلانتیجا لە پەنجاکانی سەددەی رابردووەوە هەتا ئێستا لەم بوارەدا دەنووسێت، کە ئایا بوونی خودا شیاوە کە من باوەڕم پێی هەبێت یان نا؟.

(ڤیلیام پی ئەلستۆن)[1]ی فەیلەسوفیش لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئێستا لە سەر ئەو بابەتە دەنووسێت هێشتا هەر لەسەر ئەو بابەتە ماوەتەوە، بۆچی ئەمانە خەریکن بەوەوە چونکە ئەمە بابەتێکە ناکرێت مرۆڤ بەرامبەری بێباک بێت، ئەم دوو فەیلەسوفە تەنها بەوە نەوەستاون لە بواری فەلسەفەی ئاییندا بەڵکو بوون بە فەیلەسوف لە بوارێکی تردا هەتاکو بتوانن وەڵامی ئەمە بدەنەوە، ( ئەلستۆن) یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسوفەکانی فەلسەفەی زمان لە جیهاندا، لە سەرەتادا خۆی کەسێکی دینی بووە[2]، دواتر ناچار بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئایین چوو بۆ بواری فەلسەفەی زمان.

پلانتیجا ناچار بوو بۆ وەڵامدانەوە و بەڵگەهێنانەوە بۆ بوون و نەبوونی خودا چوو بۆ بواری مەعریفەتناسی و بوو بە یەکێک لە گەورەترین فەیلەسوفەکانی مەعریفەتناسی. وەڵامدانەوەی بەڵگەکانی بوونی خودا مانا ئەوە نیە کە بوونی خودا شتێکی ناعەقڵانیە، ئەم دوو فەیلەسوفە (پلانتیجا، ئەلستۆن) پێیان دەوترێت دوو فەیلەسوفە بناغەییەکە، باوەڕییان بە بناغە هەیە لە بەریتانیاش فەیلەسوف (جۆن هیک) هەبوو کە ئەمانە پێکەوە گەورەترین فەیلەسوفەکانی دینن.

---

١. ڤیلیام ئەلستۆن: لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٢١ لە ویلایەتی لویزانای ئەمریکا لە دایک بووە و هەر لەو ویلایەتەدا پلەکانی خوێندنی تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٤٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە میۆزیکدا بەدەستهێناوە.

لەو ماوەی جەنگی جیهانیدا وەک تیمی میۆزیکژەنی پێشوازیکردنی سەربازی کاری کردووە و لەو ماوەیەشدا حەز و خولیای بۆ فەلسەفە بۆ دروستبووە و دوای تەواوکردنی خزمەتکردنی سەربازی بە مەبەستی خوێندنی فەلسەفی پەیوەندی بە زانکۆی شیکاگۆوە دەکات و لە ساڵی ١٩٥١ دەتوانێت بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست بهێنێت.

مامۆستای زانکۆ و فەیلەسوفێکی مەزنی بواری فەلسەفە بووە و بیروڕاکانی لە بوار رواڵەتگەرایی و بەها مەعریفی و ئەزموونە عیرفانیەکاندا کاریگەری فراوانیان لەسەر رەوتی کارەکانی بەجێ هێشتووە و ئەویش وەک زۆربەی فەیلەسوفە ئەمریکیەکان سەر بە قوتابخانەی شیکاریە.

ئەلستۆن لە نەخۆشخانەیەکی شاری نیۆیۆرک لە ١٣ ئەیلولی ٢٠٠٩ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

٢. ویلیام. پی، آلستون، تجربەی دینی (دربارەی دین)، مجموعەی مترجمان: تهران ١٣٨٣ هـ.ش.

ئەم دوو فەیلەسوفە بناغەییە دەڵێن: هەرچی مەعریفەی مرۆیی هەیە دوو بەشە بەشێکی بناغەیە بەشەکەی تری سەروو بناغەیە کە لە سەر بناغە دروست دەبێت، بۆ نموونە لە بیرکاریدا دەوترێت ١+١ دەکاتە ٢ ئەمە بناغەیە هەموو ڕێکارە بیرکاریەکانی تر لە سەر ئەو دروست دەبن، ئەمە تەنها پەیوەندی بە بیرکاریەوە نیە بەڵکو هەموو زانستەکانی تر بەهەمان شێوەیە ئەگەر بچیتە خوارەوە پێیدا هەر یەکەیان بناغەی خۆیان هەیە، ئیتر عەقڵانیەت ئەمەیە تۆ بەڵگە بۆ ئەم شتانە دەهێنیتەوە دەیگەڕێنیتەوە بۆ بناغەکەی، مەعریفە لە سەردەمی نوێدا ئەمەیە، لە دینیشدا بەهەمان شێوەیە مەعریفەی دینی لەسەر بناغەیەک دروست بووە کە خودا بوونی هەیە.

ئەم قسەیە لە ڕواڵەتدا زۆر سادەیە بەڵام کێشەی زۆری ناوەتەوە لەو کاتەوە هەتا ئێستا هەزاران کەس لەم بوارەدا خەریکی گفتوگۆن، دەڵێن کاتێک مرۆڤی ئیماندار ئەوەی کردووە بە بناغەی ئیمانی خۆی کە خودا بوونی هەیە ئەمە شتێکی ناعەقڵانی نەکردووە هەر وەکو چۆن فەیلەسوفێکی بیرکاری وای کردووە، ئەمە عەقڵانیەتی ئاینیە، ئەمە بناغەی بەڵگەکەی ئێمەیە.

لە ژیانی هەر یەکە لە ئێمەشدا کۆمەڵێک شت هەن بناغەن، لە زانستە ئەزموونیەکانیشدا بە هەمان شێوەیە دکتۆرێک کە نەخۆشێک دەبینێت دەرمانی بۆ دەنووسێت لە سەر بنەمای ئەوەی کە سروشت وەکو یەکە ئەم ئازارەی کە لەم نەخۆشەدا دەرکەوتووە هەر هەمان ئازارە کە لە دوو ساڵ لەوەو پێش لە نەخۆشێکی تردا دەرکەوتووە، سروشتیش بەردەوامە واتای ئەوەیە کە ئەمە هەروەکو ئەویتر وایە.

زانستی ئەزموونی پشت بەوە دەبەستێت کە هەموو شتێک هۆکارێکی هەیە بۆیە زاناکان هەموو تەمەنی خۆیان یەکلایی دەکەنەوە بۆ دۆزینەوەی هۆکاری شتەکان، ئەگەر گونجاوبێت بەبێ هۆکار شتێک ڕوو بدات ئەوا ئەو هەموو زەحمەتەیان نەدەکێشا، ئەوە لە فیکری ئەو زانایەدا بناغەیە کە هەموو شتێک هۆیەکی هەیە بۆیە تەمەنێکی زۆری خۆیی تێدا داناوە.

لە فەلسەفەی دینیشدا ئێمە بناغەیەکمان هەیە کە دامانناوە ئەویش ئەوەیە کە خودا بوونی هەیە و ئیتر هەموو مەعریفەی خۆمان لە سەر ئەوە بونیادناوە کە دامەزرێنەری بناغەیی هەر دوو فەیلەسوف (ئەلستۆن و پلانتیجا)ن هەتا ئێستاش گفتوگۆیەکی زۆر و زەبەندە لە سەر ئەم بینا بووە و دەبێت، ئایا بەڵگەمان بۆ ئەو شتە بناغەییە چیە؟

ئەوانیش دەڵێن: مرۆڤ لە مەعریفەی خۆیدا شتێک هەیە کە دەگاتە ئەوێ ئیتر دەوەستێت جا ئەوەش یان بەڵگەنەویستە عەقڵیەکانن وەکو ئەوەی کە ناکرێت لەیەک کاتدا من هەبم و نەشبم، یان هەم یان نیم بە هەر بارێکدا بێت ئیتر دەوەستم، ئیدی بینا لە سەر ئەوە دەکەم.

شتێکی تریش هەیە کە مرۆڤ دەیکاتە بەڵگە بەسەر بەڵگەنەویستەکانەوە کە ئەوان ناویاننناوە (وضوح) دەرکەوتن، رووتبوونەوە، ئیشراق، ئاگابوون، ئەزموونکردن، لە زمانی دینیدا پێی دەوترێت (حلاوة الایمان) هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) دەیانووت بەرامبەر بەخودا شتێکی سەیرمان بۆ دروست بووە لە روومان نایەت باسی بکەین، ئەویش فەرمووی بۆتان دروست بووە؟

ئەوانیش دەیانوت بەڵێ، ئەویش دەیفەرموو: دەی ئەوە ئیمانە. چێژ و کرانەوەیە، جۆرێکی ترە لە بینین، ئەمە دەبێتە بناغە و بنەما و هەموو مەعریفە و ژیانی خۆت لە سەر ئەوە دادەڕێژیت. ئەمەیە لە نێوان مەولانا و شەمسی تەبریزیدا روویداوە تەنها زانیاری و داتا نیە بەڵکو جۆرێکی تر لە کرانەوە و بینینە جیاواز لەوەی پێشوون ئیتر ئەوانی تر لەسەر ئەم بینا دەکات و مەسنەوی و مەعنەوی لە دایک دەبێت.

هەر کەسێک بنەمایەکی هەبێت و شتەکانی تری لە سەر بوونیات بنێت وا دەکات مەعریفە تەنها زانیاریەکی وشک نەبێت بەڵکو بە عیشقەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەزموونی دەکات، ئەگەر ئەم مامەڵەیە لەگەڵ دین و خودادا بوو ئەوا هەموو بوون "وجود" مامەڵە دەکەیت.

ئەزموونەکان دوو بەشن یەکێکیان ئەزموونێکی جوزئیە تەنها بەشێکی دەبینیت، ئەزموونێکی تر هەیە تۆ لەگەڵ هەموو بووندا مامەڵە دەکەیت ئەمەیە کە یەکێک وتی: ئەگەر شێکسپیر بێت هەمووومان لەبەری هەڵدەستین بەڵام ئەگەر مەسیح بێت هەمووومان سەردەخەینە سەر ئەرز، هیچ شتێک هاوبەشی خودا نیە ئەگەر هاوبەشی هەبێت ئەوا بێدەنگیە.

ئەزموونێکی ترە زانیاری نیە دەربارەی خودا. بۆ نموونە دۆستێکی من دێت ناوی عەلیە، ئێوە کەستان نایناسن من نەبێت، تەنها زانیاریتان لە سەر ئەوەیە کە هاوسەرگیری کردووە و بڕوانامەی هەیە و کوردە، هەموویشی لەگەڵ واقیعدا دێتەوە رەنگە بیشزانن ناوی عەلیە بەڵام بە هەموو ئەو شتانەوە ئەوەی ئێوە عەلیەکەی من نیە چونکە من ئەزموونم هەیە و لەگەڵی ژیاوم. زانیاری دەربارەی خودا تاک و تەنهایە جیاوازە لەوەی کە ئەزموونت لەگەڵی هەیە، ئەمە بناغە و بنەمای شتەکانی ترە.

ناسینی خودا لە ڕێگەی ناو و تایبەتمەندیەکانی (اسماء صیفاتەکان) ئەو کاتەیە بۆتە دیاردە و ئەزموونی دەکەم، هەزار ساڵ بڵێت خودا ڕەحیمە قەت بەوە نابێت کە تۆ یەکجار ڕەحیمی خودا لە ژیانی خۆتدا ئەزموون بکەیت. ئایەتەکانی بەهەشت و دۆزەخ تەنها دڵخۆشکردن و ترساندن نین بەڵکو لایەق بوونە بەوەی کە دەچیتە بەهەشت یان دەچیتە دۆزەخ، بۆ نموونە ئەگەر ئایەتەکانی دۆزەخ وەک ئەوە بێت کە من منداڵەکەم ئازار بدەم و شایستە بەو ئازارە نەبێت ئەوا جیاوازی نێوان ئەو منداڵە و ئاژەڵ چیە؟.

ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ لە دینەکاندا ئەمەیە، لە دینی ئێمەدا (وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ) ئەم شایستە بوونەیە، ئێمە بەرپرسیارێتی کارەکانی خۆمان هەڵبگرین لێرە و لە قیامەتیشدا، من شایستەی ئەوەم دادگای بکرێم چونکە خاوەن ئیرادە بووم، مرۆڤ لێرەدا پێگەیشتووە، ئێستا فەلسەفەی دین باسی شایستەبوونە نەک ترسان لە دۆزەخ و خۆشی بەهەشت، ئازاری جەهەنم و دڵشادی بەهەشت، من شایستە بەوەم ئەو باوەڕەم هەبێت نەک ئەوەی کە ئەم بیروباوەڕە هەیە و گومانی تێدا دروست بکرێت. خەڵکی دەڵێت: زانست ڕێژەییە بەپێچەوانەوە زانست لە شایستەبووندا ڕێژەیی نیە، ڕاستە دەکرێت ئەو زانیاریەی من وابێت یان وا نەبێت بەڵام ئەگەر تۆ شایستە نەبیت لەو زانیاریەی من تێناگەیت، وەک ئەوەی کە باسی سێکس بۆ منداڵ بکەیت لەبەر ئەوەی شایستەنیە تێناگات و نازانێت چیە!! دەبێت گەورە ببێت و پێبگات و شایستە بێت ئینجا تێدەگات.

ئێمە دەبێت شایستەی بیرکردنەوە بین دەربارەی خودا ئینجا تێدەگەین و لە ژیانماندا دەیچەژین، هەندێک باسکردنی شەریعەتیش هێندەی دوورکەوتنەوە و ناشایستەیە بە شەریعەت هێندە شایستە نیە، هەر بۆیە کورتکردنەوەی شەریعەت لە چەند باسێکدا ئەوا هێنانە خوارەوەی شەریعەتە نەک بەرزڕاگرتن و بەرگری کردن لێی. فەلسەفە و فیکر مرۆڤ شایستە دەکات بە بابەتەکان و تێگەیشتنی بۆیان، ئەوەی کە دەڵێت هیچ نیە ئەوە لێی ناگات و شایستە نیە پێی و نەیناسیووە، وەک ئەو منداڵە وایە کە بۆ ئەوەی فیری شمشێر بەکارهێنان بێت دەبێت سەرەتا دار بدەیت بەدەستیەوە تا پێدەگات و شایستەی ئەوە دەبێت شمشێر بدەیت بەدەستیەوە، ئێمە دوو ئیشمان هەیە هەر تەنها گەیاندنی زانیاریەکە نیە بەڵکو شایستە بوونیشە.

عەبدولکەریم سروش دەڵێت: خودا خۆی لێ شاردوینەتەوە وەک ئەوەی کە نەبێت هەتا ئێمە شایستە بین بەوەی کە بەندەی بین. نە ئایین ئەوەندە سادەیە کە

بەناویەوە خەڵک سەر ببڕدرێت نە فیکرەی خوداش ئەوەندە سادەیە کە بازاری بکرێت، بەڵکو شایستە بوونێکە کە مرۆڤە خاوەن عەقڵەکانی مرۆڤایەتی بیری لێبکەنەوە، پیر و عاریف و زاناکان بۆی بمرن، کورتەی ئەوەیە کە بەڵگەی بوونی خودا ئەوەیە کە ببێت بە بناغە و مەعریفەکانی تری لە سەر ئەو بونیاد بنرێت.

***

## داهێنانەکانی قوتابخانەی بناغەیی:

فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی بناغەیی کۆمەڵێک داهێنانیان کرد کە ئێمە دەتوانین سوودی لێوەربگرین سەرەکی ترین داهێنانیان لەم بوارەدا ئەوەیە کەوتیان: مەعریفە تەنها خود و بابەت نیە، من خودم و بابەتێکیش لە دەرەوە هەیە و من مەعریفەم دەربارەی دەوێت، تەشبیە نەبێت منی مرۆڤ لەگەڵ خودادا ڕووبەڕوو ببمەوە، بەڵکو هەمیشە سێیەمێک بوونی هەیە ئەویش زەینی مرۆڤەکانە، کۆمەڵگەیە، ئەم زەینەیە کە هەردەم گرفتی بۆ ئەوانە دروستکردووە کە بەڵگەیان لەسەر هەبوونی خودا هێناوەتەوە کەزۆرجار بەڵگەکانیان بۆشایی تێدابووە هەر ئەم سێیەمەش بووە کێشەی بۆ ئەوانە دروستکردووە کە دەڵێن خودا بوونی نیە و بەڵگەکانیان بۆشایی تێدایە.

لە ئێستادا ئیشکردن لەسەر ئەم لایەنی سێیەمە لە فەلسەفەی دیندا پانتایەکی زۆری داگیرکردووە، لە کۆندا بڕوابوون بە خودا بابەتێکی ئەخلاقی بوو کۆمەڵێکی زۆر هەبوون بڕوایان بەخودا هەبوو لەلایەن خەڵکەوە پەسەندەکران و کۆمەڵێکی کەمیش هەبوون بڕوایان بەخودا نەبوو کە ئەمەش مامەڵەیەکی نا ئەخلاقی بوو لەلایەن خەڵکەوە ڕەت دەکرانەوە دەیان هێنان لێیان دەدان و دەکوژران کەمتر مەسەلەکە مەعریفی بووە، بەڵام مرۆڤی ئێستا مرۆڤێکی بەڵگەگەرایە بۆ هەموو شت داوایی بەڵگە دەکات.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بە دواوە چەمکی گوناە جارێکی تر زیندوو بۆتەوە، گوناە لەم بابەتەدا ڕۆڵی چیە، ئەوان پێیان وایە گوناە دەکەوێتە ناو بەشی سێیەمەوە، مرۆڤ دەیەوێت گوناە بکات دەڵێت قیامەت کەی دێت، حەزی لە گوناهە و وای لێدەکات بەشوێن بەڵگەکاندا نەچێت.

ئەم سێیەمە بەشێکی ئەخلاقیە، (لۆک) دەڵێت: لە بواری عەقڵیشدا بابەتی ئەخلاقیشمان هەیە بۆ نموونە: کاتێک من شتێک لە زەینی خۆمدا دامناوە حەقیقەت هەر ئەوەیە ئیتر خۆم دادەخەم ناهێڵم مێشکم بکرێتەوە ئەمە بابەتێکی نائەخلاقیە و دەکەوێتە ناوبەشی سێیەمەوە چونکە ئەگەر بڕیار بێت من بە بەڵگەوە بژیم دەبێت ڕێگە بدەم و بکرێمەوە، ئیرەیی و ڕق بابەتێکی نامەعریفین و لە مەعریفەی مرۆڤدا ڕۆڵ دەگێرن. دەمەوێت بڵێم: جگە لە مەعریفە و بەڵگە و ئەو شتەی بەڵگەی بۆ دێنیتەوە شتێکی سێیەم هەیە کە ڕۆڵی هەیە هەر ئەمەیە زۆرجار کۆمەڵگەکان

تووشی کێشە دەکات واتە مامەڵەی سایکۆلۆژی لەگەڵدا دەکرێت، بۆ نموونە گەر باسی نەبوونی خودا بکەین یەکسەر بەرامبەر ترسی لێدەنیشێت ئەمە دەریدەخات هیچ پەیوەندی بە مەعریفەوە نیە چونکە گەر قەرار بێت مەعریفە بێت ئەوا ناترسێت، کەواتە سێیەمێک هەیە.

یەکێک لە فەیلەسوفەکان نزیکەی بیست و یەک رێگری دۆزیوەتەوە کە جگە لە مەعریفە کاریگەریان لە سەر مرۆڤ هەیە کە مامەڵەی نامەعریفی بکات، رێگرن لەوەی کە مرۆڤ بە ئازادی بیربکاتەوە کە خودی داوای بەڵگەکردن لە شتە مەعریفیەکاندا خۆی بۆ خۆی مامەڵەیەکی ئەخلاقیە، ئەو کەسەی کە واناکات و خۆی بەدەستەوە دەدات بەبێ ئەوەی بەڵگەی پێ بێت و کاتێک بەڵگەی بۆ دێنیتەوە دەڵێت واز بێنە خەریکە بێدین دەبم، ئەمە مامەڵەیەکی نامەعریفیە، خودی مەعریفەکە نیە بەڵکو لایەنی سێیەمەکەیە ئەخلاقەکەیە، زەینی مرۆڤە، رێگرە لەوەی کەسە بە بەڵگەوە بژی.

مرۆڤ دەبێت شایستە بەوە بێت کە فەلسەفیانە و مەعریفیانە بژی، (کانت) وتی: شتێک هەیە پێش فەلسەفە دەبێت چارەسەر بکرێت ئینجا بێین بۆ لای فەلسەفە و شتەکانی تر چارەسەر بکەین ئەویش ئەوەیە کە دەبێت زەینی خۆمان یەکلایی بکەینەوە و چارەسەری گرفتەکان و روانینی خۆمان بکەین.

ئێمە هەرگیز لەگەڵ خودی شتەکاندا راستەوخۆ مامەڵە ناکەین مێشکی ئێمە رێگرە لەوەی کە راستەوخۆ لەگەڵ شتەکاندا مامەڵە بکەین، مێشکمان چاویلکەیەکە و دەیکەینە چاومان بەڵام جاران وایان دەزانی مێشکی ئێمە ئاوێنەیەکە و شتەکە دەداتەوە تەنها ئەو دوو شتەیە کە تۆ دەچیتە بەردەم ئاوێنەکە و ئەو وێنەکەت دەداتەوە، بەڵام کانت سەلماندی کە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ شتەکاندا وەک ئاوێنە نیە بماندداتەوە بەڵکو بابەتەکە وەک چاویلکەیە بۆ نموونە گەر رەش بێت ئیدی شتەکان بە رەش و سپی دەبینم، سێیەمێک هەیە کە ئەویش چاویلکەکەیە ناهیلێت واقیع وەک خۆی ببینم.

فەیلەسوفەکان کە گەورەترین داهێنانیان کردووە لە بواری فەلسەفەی دیندا باسی ئەو سێیەمە دەکەن، جا ئەویش ئایا ئەخلاق، سایکۆلۆژیا، مەعریفە، زمان بێت، جا کەشفکردنی ئەو سێیەمە زۆر گرنگە بەبێ لەبەر چاونەگرتنی ئەو سێیەمە هەموو بەڵگەکان بۆشاییان تێدا دروست دەبێت، کەشف نەکردنی ئەم سێیەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرجار ئەو شتەی کە وەرمگرتووە وادەزانم لە دەرەوە وەرگرتووە کەچی هی ناو مێشکی خۆمە و وەک داتاشۆیەک داومەتە دەرەوە. نازانین کە مێشک و ئەخلاقی خۆمان رۆڵی لە بابەتەکاندا هەیە.

# گرنگیدان بە پۆختەکردنی ئەخلاق:

فەیلەسوفەکانی پێشوو گرنگیان بە پوختەکردنی ئەخلاق داوە، وشەی فیلۆسۆفیا و خۆشویستنی دانایی دەکەوێتە ناو بەشی سێیەمەوە، بەم بارودۆخەی ئێستاوە ناتوانین ببین بە مرۆڤێکی مەعریفی چونکە بە خۆشەویستی و رقەوە لەم بابەتەدا مامەڵە دەکەیت، ئارزووت هەیە کە خودا بوونی هەیە بۆیە دەچیت بە شوێنیدا و بەڵگەی بۆ دێنیتەوە و رق لێیە و خودات قبوڵ نیە بۆیە دەچیت بەشوێن بەڵگەدا بۆ نەبوونی دەگەڕێیت، کە ئەم ئارەزوو و رق و خۆشەویستیە دەکەوێتە ناو لایەنی سێیەمەوە.

پوختەکردنی لایەنی سێیەم لە ئێستادا ئیشی فەلسەفەیە، بۆیە ڤیتگنشتاین دەڵێت: ئیشی فەلسەفە کەشفکردنی شتێک نیە لە دەرەوە بەڵکو روونکردنەوەی ئەوەیە کە هەیە، بۆیە ناویان ناوە مامەڵەی دەرمانی، واتای ئەوەی کاتێک ئێمە مامەڵەی مەعریفی دەکەین بەو جۆرەیە کە ئێمە نەخۆشین و راستەوخۆ ناتوانین شتەکان ببینین، هەر چەندە شیرینیش دەخۆین بەڵام چونکە خۆمان نەخۆشین لەناو دەم ماندا تاڵە، ئیشی فەلسەفە ئەوەیە کە چارەسەری بکات تاوەکو شیرینی هەر شیرین بێت، تاڵی بەتاڵی بیچەژین، هەرشتە و رەنگ و بۆ و تامی خۆیی هەبێت.

بەبێ چارەسەرکردنی ئەم لایەنی سێیەمە هیچ کارێکی فەلسەفی رێک ناکەوێت و سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بێلایەن بێت، لانی کەم دەبێت ئاگا بێت بەوەی کە بزانێت لەچیدا بێلایەن نیە، بیردۆزی مەعریفە کە ئێمە بەدەستمانەوەیە باس باسی ئەمەیە، روونکردنەوەی مەعریفە بۆ ئەوەی کە خەوشەکان نەهیڵین، فەلسەفە ئیشی نەهێشتنی رێگریەکانی بەردەم دەرکەوتنی حەقیقەتە نەک خودی حەقیقەت.

من راستەوخۆ لەگەڵ واقیع ناکەم بەڵکو لە رێگەی ئەو سێیەمەوە مامەڵە دەکەم بۆیە دەبێت شایستە بم و ئەو سێیەمە چارەسەر بکەم، ئەم داهێنانەی فەیلەسوفەکان خزمەتی کرد چ بەوانەی کە دینین و بەڵگەیان هەیە لە سەر بوونی خودا چ ئەوانەی کە بەڵگەیان هەیە لەسەر نەبوونی خودا کە بابەتیانە مامەڵە بکەن نەک توندوتیژی و دەمارگیریانە و شوناس بکەن بە سەنتەر نەک حەقیقەت، لەکاتێکدا بەڵگەکانی هەر دووکیان بۆشاییان تێدایە، بۆیە لەژێر کاریگەری ئەم

داهێنانەدا هەر دوو لایەنەکە ئاستی سوربوونی خۆیان لەسەر بیروڕاکانی خۆیان هێناوەتە خوارەوە.

دەڵێن: کە دڵنیا نین بەڵگەکانمان بەتەواوی راستە بەڵکو ئەگەری هەیە بۆشاییان تێدابێت بەڵام لانیکەم دەبێت گونجاو بێت بتوانرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت، مرۆڤە تێگەیشتووەکانی ئەم سەردەمە گشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ناتوانین بەتەواوی بیسەلمێنین کە بەڵگەکانی من هەموویان راستن و ئەوانەی بەرامبەرم هەموویان هەڵەن بەڵکو بەو مەعریفە و ئەخلاقەی لە نێوانماندا هەیە دەتوانین بیسەلمێنین بەڵگەکانمان گونجاوە.

لە سەرەتای سەردەمی نوێدا زانست زۆر لە خۆبایی بوو دەیوت من چارەسەری هەموو کێشەکان دەکەم هەر لەو کاتەشدا بوو بێدینەکانیش دەیانوت لە سەدا سەد دەیسەلمێنین خودا بوونی نیە. زانست ورد ورد هاتە خوارەوە تا ئاستێک خاکی بووەتەوە و بانگەشەی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان ناکات، فەیلەسوفەکانی ئینسکلۆپیدیایی فەرەنسیش کەدەیان وت ئەسڵەن خودا بوونی نیە ئێستا بیروڕاکانیان خاکی بۆتەوە.

دەبێت دیندارەکانیش کە بڕوای تەواویان بە بەڵگەکانی خۆیان هەبوو کە بێخەوشن لەو بڕوایەی خۆیان بێنە خوارەوە و بڵێن لانیکەم ئەوەی ئێمەش گونجاوە گفتوگۆی لە سەر بکەین، ئەم سێیەمە کۆمان دەکاتەوە و دەبێت گفتوگۆی لە سەر بکەین، پێشتر پێیان دەوت عەقڵانیەت بە مانا کلاسیکیەکەی وەک جۆن راولز دەڵێت: حەتمی بوون، یەکلاکردنەوە، ئێستا لەبری عەقڵانیەت، مەعقولیەت بوونی هەیە، دەگونجێت، بەپێی ئەو بەڵگە باوانەی کە هەیە رێی تێدەچێت ئەوەی من راست بێت و ئەوەی تۆش راست بێت، ئەوەشی عەقڵانیەت دەکات بە مەعقولیەت بوونی بەڵگەیە، بەڵام ئەگەر بەڵگەم نەبوو و پێداگیریشم لەسەر راستی ئەوەی خۆم کرد ئەوکاتە ئەوە دەبێتە نەفامی "جەهل".

گونجاوبوون ئەوەیە ئەوپەری ئەخلاقیانە مامەڵە دەکەم و عەقڵی خۆمم کردۆتەوە، رێز لە بەرامبەرم دەگرم، دوای ئەوەش لەو بڕوایەدام ئەوەی کەخۆم دەیڵێم بە رەهایی راست نیە، لە ئێستادا هێشتا مەعریفەی ئێمە نەگەیشتووە بەمە بەڵکو هەموومان خۆمان بە حەق دەزانین بۆیە خەڵک لەپێناو ئەوەدا خوێن دەڕێژێت.

لە راستیدا عەقڵانیەت بە شێوەیەکی رەهایی مامەڵەیەکی نائەخلاقیە چونکە لایەنی سێیەمی پشتگوێ خستووە و ئامادەی گفتوگۆ و گوێگرتن نیە ئەمەش یان دەترسێت یانیش نایەوێت ئەو باسە بکرێتەوە چون بە قازانجی نیە.

ئەمە گەورەترین داهێنانی ئەم فەیلەسوفانە بوو کە کردیان و بووە هۆی ئەوەی بەڵگەی دیندارەکان و بێدینەکانیش بخەنەوە قاڵبی خۆیانەوە و بە رەهایی سەیری بەڵگەکان و بیروڕاکانی خۆیان نەکەن، بۆ نموونە بێدینەکان بەم شێوەیە قسەیان لەسەر ئایین دەکرد لەوانەش، (فیۆرباخ)[1]: دەڵێت دین تەنها وەهمێکە و مرۆڤەکان بۆ خۆیان خولقاندووە و خودا بوونی نیە، (دورکهایم)یش دەیوت: دین، تەوتەمە و کۆمەڵگە دەیەوێت خۆی رێک بخات لەرێگەی دینەوە ئەگینا لە واقیعدا ئایین بوونی نیە.

لە بەرامبەردا دیندارەکانیش دەیانوت نەخێر دین حەقیقەتی رەهایە و هیچ حەقیقەتێکی تر بێجگە لەو بوونی نیە تەنانەت هیچ مەعریفەیەکیش لە دەرەوەی ئایین بوونی نیە، لەکاتێکدا گرفتەکە رەهایی ئایین نیە کێشەکە ئەوەیە من بەرەهایی مامەڵە دەکەم و مەعریفەی دینی و ئایینم تێکەڵکردووە، لەکاتێکدا هیچ کات من راستەوخۆ لەگەڵ ئاییندا مامەڵە ناکەم بەڵکو لە رێگەی مەعریفەیەکەوە مامەڵە لەگەڵ ئاییندا دەکەم، ئەویش مەعریفە و فەلسەفە و فیکری سەردەمی خۆمە دەی کە ئەمانە رێژەیین دەبێتە رێگر لەوەی کە حەقیقەتی ئایین وەک خۆی کەشف بکەم.

عەبدولکەریم سروش لە ئێران بە پیاوە ئایینیەکانی وت: (ئەوەی کە ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن کە هی خودایە ئەوە هی مرۆڤە)، واتە مەعریفەیەکی زەمینیە بە ئاسمانەوە پێچاوتانە. ئەم مەعریفەیە خاکیە نابێت بە رەهایی مامەڵەی پێوە بکەین.

---

١. ئەندەریاس فۆیرباخ: لە سیانزەی سێپتامبەری ١٨٠٤ لە شاری لاندسهوتی ویلایەتی بافاریای ئەڵمانیا لە دایکبووە.

لە سەرەتادا یەکێک بوو لە قوتابیەکانی هێگل و بەڵام هەر زوو لە بیروڕاکانی هیگڵ دوورکەوتەوە و رووی لە رەسەنایەتی مادە کرد و کتێبە بە ناوبانگەکەی جەوهەری مەسیحیەت کاریگەریەکی گەورەی لەسەر بیریار و فەیلەسوفانە مادەگەرا و رەخنەگرانی ئایینی هەبوو.

فۆیرباخ نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ هەر یە لە کارڵ مارکس و ئەنگڵس هەبوو و هەردووکیشیان رەنگدانەوە و کاریگەری ئەو لەسەر کارەکانیان هەبوو.

گەلێک بەرهەم و کتێبی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە: (رەخنەی فەلسەفەی هیگڵی، جەوهەری مەسیحیەت، بابەتە باوەکان لە ریفۆرمی فەلسەفیدا و بنەماکانی فەلسەلەی داهاتوو و ...هتد).

فۆیرباخ لە تەمەنی ٦٧ ساڵی و لە رێکەوتی ٢٨ جولای ١٨٧٢ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.

لێرەدایە حەقیقەت و مەعریفە بە حەقیقەت لێک جیادەبنەوە، کێشەی ئێستا مەعریفەیە بە حەقیقەت، ئەمەیە دەبێت چاک بکرێت و پاک بکرێتەوە هەر ئەمەیە ناومان نا چاویلەکە، پێشگریمانەکانی منە کاتێک مامەڵە لەگەڵ ئەو شتەدا دەکەم، کارڵ پۆپەر دەڵێت: (هیچ روانینێک بابەتی نیە بەڵکو هەمیشە پێشگریمانەیەک هەیە)، واتە من جۆرێک ئەو شتەم بینی وەک خۆی دەرنەکەوت، پێشگریمانەکانی مرۆڤ بە شوێن ئەو شتەوەیە کە خۆی حەزی لێیە ئەمەیە لایەنی سێیەم وا دەکات لە ئێمە خاکی بین و بانگەشەی رەها بوون نەکەین ئەگەر بیکەین دوو دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە:

## جێکەوتەکانی بانگەشەکانی رەها بوون:

یەکەم: مامەڵەیەکی نائەخلاقی دەکەم.

دووەم: ئەگەر وا دەرنەچوو دەڕوخێم.

زۆرجار دەبینین ئەوانەی کە زۆر بەتووندی دەستیان بە فیکری خۆیانەوە گرتووە و بە رەهایی مامەڵە دەکەن پاش ماوەیەک بەتەواوی پێچەوانە دەبنەوە بە فیکر و روانینی پێشووی خۆیان چونکە ئەگەری ئەوەی دانەناوە رەنگە پێچەوانەکەشی هەبێت و بۆشاییەک لە بیروڕاکانی خۆیدا هەبێت، ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت لە ناوچەی سێیەمدا ئیش دەکەین و هیچ کات مامەڵەمان راستەوخۆ لەگەڵ شتەکاندا نیە، ئەمەیە دەبێت ببێتە مەعریفەی گشتی و پانتایی دروست دەکات و خودی مەعریفەش بەرهەم دێنێت.

زانکۆکان بەرهەمی ئەم ناوچەی سێیەمەن، لە کاتێکدا دەوترا هەموو زانستێکمان هەیە ئیدی چ پێویستیمان بە زانکۆکانە، ئەمەیە عەقڵانیەت بەرهەم دەهێنێت، دوو تیۆریا هەیە دەربارەی عەقڵ تیۆریایەکیان دەڵێت: عەقڵ حەقیقەتێکی وەستاوە و ئامێرێکە تۆ بەکاری دەهێنیت بۆ کەشفکردنی حەقیقەتەکان، تیۆریاکەی تریان ئەوەیە کە عەقڵ خۆی بۆ خۆیشی دروست دەبێت چەندە کەشی بۆ دروست بکەیت ئەوەندە ئەویش دروست دەبێت و گەشە دەکات و نوێ دەبێتەوە.

چەندێک گفتوگۆی پێ بکەیت هێندە دەکرێتەوە لەبەر ئەوە کاتێک من تۆ بێدەنگ دەکەم تەنها تۆم بێدەنگ نەکردووە بەڵکو تۆم لە مرۆڤ بوون خستووە، مامەڵەی ناعەقڵانی و نائەخلاقی و نەگونجاوم کردووە چونکە بەشداریت نیە لەم بابەتەدا، بۆیە ئێستا زانست حەقیقەتێک نیە کەشفی بکەیت بەڵکو بەشداریکردنە

تیایدا بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکرێت لە کاتێکدا لە پێشوودا کۆمەڵگە بابەتی لێکۆڵینەوە بوو لەلایەن زانستەکانەوە بەڵام ئێستا بابەتی لێکۆڵینەوە نیە لەلایەن لێکۆڵەرەوە بەڵکو گفتوگۆکردنە لەنێوانیاندا.

بەشداریکردنی مرۆڤیش لە لێکۆڵینەوەکاندا بابەتێکی نوێیە، لە پێشوودا خودێکی جێگیر هەبوو پێیان دەوت خودی میتافیزیکی کە ئەو خودە بوو کە تەواو کامڵ بوو و حەقیقەتەکانی کەشف دەکرد بەڵام ئێستا خودی پرۆسیسی هەیە لەخودی پرۆسیسیدا مرۆڤەکە خۆشی بەرەبەرە پێ دەگات و کامڵ دەبێت، زەین و بیربۆچوونی پوخت دەبێت و دروست دەبێت. ئەوسا حەقیقەت لە دەرەوە کەشف دەکرا ئێستا خۆشی بەشداری دەکات لەدروستکردنی حەقیقەتەکەدا.

ئیشێکی تری ئەو فەیلەسوفانە ئەوە بوو سەلماندیان کە لەبواری دینیدا بوون و نەبوونی خودا تەنها بابەتێکی مەعریفی نیە بەڵکو بابەتێکە جێکەوتی راستەوخۆی لە سەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە و دایدەنێت، مادام خۆشیان بەشێکن لەو بابەتە کەواتە وایان لێدەکات جۆرێکی تر بژین، مانا بۆ ژیانیان دروست ببێت، لە سەرەتاوە کاتێک لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە دەکرا زۆر راستەوخۆ جێکەوتی لەسەر ژیانی تاکەکان نەبوو.

بەڵام ئێستا کاتێک من دەزانم خودا بوونی هەیە ئیتر ژیان دەگۆڕێت و کاتێکیش دەڵێم خودا بوونی نیە جۆرێکی تر دەژیم، بابەتێکی وەهم و خەیاڵی نیە شایستەم دەکات، دەژیم پێ دەگەم، سلووک دەکەم هەر وەکو عاریفەکان باسی دەکەن.

ئیشێکی تری ئەوان ئەوە بوو راستە ئەم بابەتە لە دیندا خۆی دەبینێتەوە بەڵام ئەمە کێشەی مەعریفەکانی تریشە واتە کاتێک لە رەوتی یەکەمی دەروونناسیدا، دەروونناسەکان بە رەهایی شتی خۆیان دەڵێن بۆ نموونە دەربارەی خودا کێشەکە هەر ئەوە نیە زیان بە بابەتێکی وەک بوون و نەبوونی خودا دەگەیەنن بەڵکو خودی دەروونناسیش وێران دەکەن کاتێک کەسێکی وەک دورکهایم دەڵێت ئایین خۆی بوونی نیە ئەوە کۆمەڵگەیە بۆ رێکخستنی خۆی دروستی دەکات تەنها زەرەری لە ئایین نەداوە بەڵکو کۆمەڵناسیش ئیدی لەوێدا وەستێنراوە و پێشنەکەوتووە.

کاتێکیش فەلسەفە رێگە نادات گفتوگۆ لە سەر بابەتە ئایینیەکان بکرێت هەر ئەوە نیە ئێمە لە بابەتە ئایینیەکاندا زیان دەکەین بەڵکو لە خودی فەلسەفەشدا زەرەر دەکەین، ئەمە هۆیەکی یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی فەیلەسوف و دەرروونناس و کۆمەڵناسەکان بێنەوە ناو گفتوگۆکان.

پەیوەندیەک هەیە لەنێوان مەعریفەی مرۆیی و بابەتی دیندا بۆیە ئێستا هیچ زانستێک لە زانستەکان ناتوانێت بڵێت من بەتەنها هەموو شتەکان یەکلایی دەکەمەوە بەڵکو پێویستی بەشتەکانی تریش هەیە، دەبێت جێگەیەک و مەودایەک هەبێت گفتوگۆی تێدا بکەین لەسەر شتەکان و بابەتەکان.

دواتر کۆمەڵێک فەیلەسوفی تر دەرکەوتن وتیان تەنانەت ئەوەی کە بناغەگەراکان دەڵێن: مەعریفەیەکی بناغەییمان هەیە و دواتر مەعریفەی لە سەر دروست دەکرێت، ئەسڵەن پێویست بە بەڵگە ناکات چونکە تەنها روونی بابەتەکە بەسە گرنگە روون و ئاشکرا بێت، دەرکەوتنی ئەمە هەبێت واتە ئەزموونی بکەم من بەڵگەم نیە لەسەر بوونی خۆم بەڵام باوەڕیشم وایە کە بوونم هەیە، بەڵگەم نیە لەسەر مێشکی ئەوانی تریش کەچی واش گریمانە دادەنێم کە تۆ مێشکت هەیە، چونکە بابەتێکە پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات بۆ سەلماندنی هەبوونی بەڵکو پێویست بە ئەزموونکردن دەکات.

بۆیە وتیان لە بابەتی بوون و نەبوونی خودا گرنگ هەر ئەوەندەیە بابەتەکە روون بێت تەنها وەرچەرخان پێویستە بۆ روانینمان بۆ بابەتەکان و بەجۆرێکی تر بڕوانین بۆ ئەوەی بابەتەکان بەجۆرێکی تر ببینین، بەڵگەی ناوێت هەر خودی ئەزموونکردنەکە خۆی بەڵگەیە بۆی، کەواتە بێ بەڵگەیی بناغەیە و خۆی بەڵگەیە نەک نەفامی، هەر ئەوەی تۆ گەرمیت و عیشقت هەیە بۆی و ئاسوودەیت و هەست بە چاودێری خودایی دەکەیت ئیتر چ پێویست دەکات بەڵگە بهێنیتەوە بۆ سەلماندنی هەبوونی خودا.

ئەمان هاتن و وتیان ئێمە کۆمەڵێک هەستی ترمان هەیە کە ئەمەمان بۆ دەردەخات ئیتر چ پێویست دەکات بەڵگە بهێنینەوە بۆ هەبوونی، (جۆن هیک) ناویناوە هەستی پێنجەم، هەستێکی ترە هەموو مرۆڤێک درکی دەکات بەتایبەتی لەکاتی وەرچەرخانەکاندا لە قورئاندا باسکراوە کاتێک کە کەشتیەکەیان لەناو ئاودایە و وەردەگەڕێت و دەریا هوروژم دێنێت بۆ ئەوەی لە خۆییدا نقومیان بکات، ئەوانیش هەست دەکەن دەستیان بە وشکایی ناگات و دەزانن ئیتر رزگاربوونیان نیە (دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ) ئیتر دەردەکەوێت و روون دەبێتەوە کە تەنها خودا دەتوانێت فریایان بکەوێت بە هەموو بوونیانەوە هەست بە خودا دەکەن و دەیچەژن و مامەڵە لەگەڵدا کردن و ژیان لەگەڵیدا وادەکات پێویست بەبەڵگە نەکات.

دواجار هەر شتێک بکەیتە بناغە کۆمەڵێک بەڵگەنەویستت دەوێت لە کاتێکدا ئیشی بەڵگەنەویستەکان تەنها روونکردنەوەیە دەی ئەمەش خۆی بۆ خۆیی روون

دەکاتەوە، لێرەدا ئەسڵەن مەعریفە گرنگ نیە بەڵکو رووگە وەرگرتن گرنگە شێخی سەعدی دەڵێت: ئەو کەسەی کە پشتی لە گەنجینەیەکە هەتا بجووڵێت دوورتر دەکەوێتەوە یەکەم هەنگاو بۆ ئەوەی بگات بە گەنجینەکە ئەوەیە روو وەربگێڕێت و رووگە وەربگرێت.

ئێمە پێویستمان بەم روو تێکردنەیە چونکە خراپ و هەڵە دەڕوانین، لە فەلسەفەدا نموونەیەک هەیە کە کابرا لە ماڵەوە کلیلەکەی ون کردووە کەچی لەسەر شەقام بۆی دەگەڕێت دەڵێن: بۆچی لەسەر شەقام بۆی دەگەڕێیت، دەڵێت: چونکە ئێرە رووناکە. دەبێت شوێنەکەی بگۆڕیت، هەزار ساڵ لە بەردەم رۆشنایی گڵۆپەکاندا بۆ کلیلەکە بگەڕێیت نایدۆزیتەوە چونکە لەوێ ونی نەکردووە، بەڵکو لە ژوورەوە ونیکردووە، دەبێت رووی تێبکات.

ئەمانە پێیان دەوترێت ئەزموونگەراکان کە دەڵێن: گرنگ لە بابەتە دینی و عیرفانی و مەعنەویەکاندا رووتێکردنە، روو بکەینە ئەو شوێنەی بڕیارە گەنجینەکە لەوێ بێت، نەک بەڵگەی بۆ بهێنینەوە بەڵکو بە رووتێکردن دەیچەژین، ئەوان بڕوایان وایە خودا بۆیە خۆی لە ئێمە شاردۆتەوە بۆ ئەوەی رووی تێبکەین و بۆی بگەڕێین، ئەمە بنچینەی ئیمان و ئایینە کە پێکهاتووە لە رووتێکردن و جووڵەکردن.

تەنها مەعریفەیەک نیە وەریبگرین، دەڵێن: ئەگەر لە شتەکان و بابەتەکانی تردا پێویستمان بە مەعریفە بێت ئەوا لێرە تەنها پێویستمان بەر ووتێکردنە و خۆشمان تیایدا بەشدارین. ئیمان کردەیە ئاوێنەیەک نیە وەریبگریت و مەعریفەیەکی وشک نیە، بەتایبەتی لە ناو فەیلەسوفە مەسیحیەکاندا زۆر بڵاوە لە ناو موسڵمانەکانیشدا عاریفەکان ئەم رێگەیان لە دینداریدا گرتۆتەبەر، پێیان وایە بابەتی عیشق بە بیری فەیلەسوفەکان ناخوێنرێتەوە و لێی تێناگەین بەڵکو دەبێت بیچەژیت، بە عەقڵێکی ئامرازی کە هەمیشە بۆشایی تێدایە و بەڵگە لە دەرەوە دەهێنێت چارەسەر ناکرێت و لێناگەین بەڵکو بە عەقڵی شهودی دەخوێنرێتەوە کە کرانەوە تیایدا روودەدات و بۆی بڕوانین.

هەر ئەوەی شیعری هەموو شاعیرەکانی ئێمە باسی سەیری مەعشوق و برۆی مەعشوق و هەموویان دەکەونە ناو ئەم بابەتەوە، ئەزموونکردن و رووتێکردنە، فەیلەسوفی گەورە و مەزن لە رۆژئاوادا هەیە کە سەر بە قوتابخانەی ئەزموونگەراکانن، ڤیلیەم جەیمز دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیەیە  کە بیردۆزێکی هەیە بەناوی (ئیمانی کاری) ئیمان کارە و چەشتنە، رێگە گرتنەبەرە، جووڵەیە، لە کاتی کارکردن و جووڵە کردنەکەشدا خۆشت دەگۆڕێیت، (جەیمز) نموونەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێت: (وا دابنێ کەشتیەک هەیە رووبارێکیش هەیە دوورگەیەکیش

هەیە لەوبەری رووبارەکەوە، خەڵکیش دەیانەوێت بگەنە ئەو دوورگەیە، هەموو کەسێک بەشوێن ئەوەوەیە کە ئەو دورگەیەش دوورگەی بەختەوەریە، ئایینەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ دەگەیەننە ئەو دوورگەیە.

کۆمەڵێکیان سواری کەشتی دەبن دەچن بۆ دوورگەکە تەنها یەکێکیان دەجوڵێت، کۆمەڵێکی تریان بە مەلەکردن دەچن ئەزموون پەیدا دەکەن لەکاتی جووڵە و برینی مەوداکەدا خۆشیان بەشداری دەکەن، دەڵێت: "ئیمانداری ئەوەی دووەمیانە"، کە تۆ لەکاتی نوێژ و رۆژ و چەشتندا خۆت پێدەگەیت و شایستە دەبیت، ئاسۆیی ترت لێدەکرێتەوە دەچیتە سەربان و ئەو کەسەی لەوێ بێت دوورتر و فراوانتر دەبینێت، کەواتە بینین بەستراوە بە ئیشەکەی پێشترەوە کە چەندە سەرکەوتوویت.

بە رای ئەمان ئایین مرۆڤ شایستە دەکات و پێی دەگەیەنێت، بەبێ ئەزموون مرۆڤ هەرگیز ناگاتە حەقیقەت بەتایبەت حەقیقەتی بوونی خودا و لەگەڵ خودا مامەڵەکردن، بەهۆی خەوشەکانی فەلسەفەوە ئەم قوتابخانەیە ئەم رێگەیەی گرتەبەر، ئیشی ئەمان ئەوەیە کە جارێکی تر مرۆڤ لەدایک دەبێتەوە بەهۆی ئەو مامەڵە راستەوخۆیە.

کێشەی ئەم رەوتە لە راستیدا ئەوەیە کە بۆ خۆیان دەیچەژن بەڵام بابەتەکە بابەتی گفتوگۆیە کاتێک کە دەبێتە مەعریفە لەوێدا چی دەکەن، لە بەشی سێیەمدایە کە دەگونجێت وابێت و دەشگونجێت وا نەبێت، مەعریفە تەنها لەو شوێنەدا هەیە کە دەگونجێت وابێت و دەشگونجێت وا نەبێت، ئەگینا ئەگەر شتەکە وابوو و بڕایەوە ئەوا پێویست بە مەعریفە ناکات.

هەرگیز مەعریفەیەک نیە یەک روو بێت بەڵکو مەعریفە هەمیشە لەroویەک زیاتری هەیە کە ئەمە یەکێکە لە داهێنانەکانی سەردەمی نوێ. کاتێک من ئازارم هەیە ئەمە بۆخۆم وایە و ئازارم هەیە بەڵام کاتێک کە بە کەسێک دەڵێم ئازارم هەیە دەبێت بە مەعریفە و دەگونجێت وابێت و ئازارم هەبێت دەشگونجێت وانەبێت.

کاتێکیش خودا دەبێتە بابەتێکی چەشتن و مامەڵەکردن ئەوا مەعریفە نیە بەڵکو ئەزموونکردنە، بەڵام کاتێک دەڵێم خودا هەیە ئەو کات دەگونجێت هەبێت و دەگونجێت نەشبێت، لە کەشی گشتیدایە کە گفتوگۆ دەکرێت و بەڵگەکان دەردەکەون، باس باسی مەعریفەیە بە خودا نەک خودی خودا خۆی، لە مەعریفەدایە بەڵگەکان بۆشاییان تێدایە. زۆر گرنگە بابەتەکە بە گەرمی رابگرین گرنگ نیە بەڵگەکە خۆیی چیە، ئەوانەی کە باسی بوون و نەبوونی خودا دەکەن زیاتر خزمەت بەگفتوگۆکان دەکەن وەک لەوانەی کە خودا لە بیردۆز و راکانیاندا بوونی نیە.

## بەڵگەکانی نەبوونی خودا:

ئەمانیش چەندین فەیلەسوفی گەورە هەبوون و هەن کە پشتگیریان لەم بەڵگانە کردووە بەشێوەیەکی گشتی سێ گروپن، گروپی یەکەمیان: (تەحویلگەراکانن – گواستنەوەگەڕاکان): ئەوانەن کە دەڵێن ئایین، خودا خۆی بۆ خۆی بوونی نیە ئەوەشی باس دەکرێت لەناو کۆمەڵگەدا شتێکی ترە بەناوی دینەوە دەردەکەوێت، (فرۆید) یەکێکە لەوانەی ئەم رایەی هەیە کە دەڵێت: (خودا بوونی نیە و ئەوەش باس دەکرێت بێدەنگ کردنی هەستی مرۆڤەکانە لەلایەن کۆمەڵگەوە لە رێگەی دینەوە جارێکیتر خۆی نیشان دەداتەوە).

دورکهایم دەڵێت: (خودا بوونی نیە بەڵکو ئەوە تەنها تەوتەمێکە کۆمەڵگە خولقاندوویانە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی تاکەکانی خۆیانی پێبکەن)، مارکس دەڵێت: (دین خۆی بۆ خۆی نیە بەڵکو تەنها ئامرازێکە بەدەست چینی سەرمایەدارەوە بۆ ئەوەی چینی کرێکاری پێ رێکدەخەن)، کەواتە لای مارکس بابەتێکی ئابووریە، لە سەرەتای سەردەمی نوێوە ئەمانە زۆربوون کە شتە دینیەکانیان بە وەهم دادەنا و کاتێکیش کە پرسیاریشیان لێدەکرا کە ئەمانە چین هەریەکەیان لە رێگەی پسپۆڕی خۆیەوە وەڵامیان دەدایەوە کە ئەوە شتێکی ترە بۆتە هۆی ئەوەی وەک ئایین پیشان بدرێت.

ئەمانە ئێستا لە بواری فەلسەفەدا کەمترین بەرگریان لێدەکرێت چونکە فیکرەکەیان زۆر بەلاوە سادەیە. گروپی دووەمیان: (شەڕ سەنتەر)ن: کە بە رای ئێمە سەرنجیان پێشکەوتووترە لە گروپەکەی تر کە خۆشیان دەڵێن ئیشی ئێمە تەنها هەر ئەوە نیە وەڵامی بەڵگەکانی ئایینیەکان بداتەوە بەڵکو تایبەتمەندیەکی دەسەڵاتیشی هەیە و دەیرۆخێنێت و بەڵگەکانیان لە ریشک دەردێنێت.

فەیلەسوفی بەناوبانگی ئینگلیز (برایان مەگی)[1] دەڵێت: (ئەگەر خودا بوونی هەبووایە ئەوا شەڕ لەم جیهانەدا بوونی نەدەبوو) بە هەر سێ جۆرەکەی شەڕەوە

---

١. برایان مەگی: لە ١٢ نیسانی ١٩٣٠ لە شاری هۆکستۆن لە ئینگلتەرا لە دایک بووە، شاعیر و نووسەر و سیاسەتکارێکی ئینگلتەراییە و هەر چەندە شەیدای شانۆ و میۆزیکە و هەروەها دەرهێنەری چەند فیلمێکیشە کەچی ناوبانگیەکەی بەهۆی سینەما و هونەرەوە نیە بەڵکو زیاتر وەک بیریار و فەیلەسوف ناسراوە.

خاوەنی چەندین بەرهەم و نووسینە کە بریتین لە: پیاوانی هزر، فەیلەسوفە مەزنەکان، بەسەرهاتی فەلسەفە، فەلسەفەی شۆپنهاوەر و فەلسەفەی نوێی ئینگلتەرا و ...هتد.

"میتافیزیکی، ئەخلاقی، فیزیکی" ئەگەر خوداش بوونی هەبێت کەواتە یان بوون فەوزا و ئاژاوەیە یان خودایەکی لاوازە و نەیتوانیوە ئەم بوونە وا دروست بکات کە شەڕی تێدا نەبێت یان نابێت خودا بوونی هەبێت، ئەم گروپە زۆرترین رۆڵیان هەبووە لەناو ئەوانەی کە دەڵێن خودا بوونی نیە زۆرترینی وەڵامەکانیش تایبەتە بەم گروپەوە.

گروپی سێیەمیان: (بێ بەڵگەکان) کە لایان وایە بەڵگەیەک نیە بیسەلمێنێت خودا بوونی هەیە کەواتە نیە، واتە نەبوونی بەڵگە دەکەنە سەنتەر. گروپی سێیەم ئەم نموونە دێننەوە وەک بەڵگە لە سەر نەبوونی خودا، (دوو کەس دەچن بەناو دارستانێکدا، شوێنێک دەبینن، کەسی یەکەم وا گریمانە دەکات کە کەسێک لێرەدا ژیاوە، کەسی دووەم دەڵێت: نەخێر کەس لێرەدا نەژیاوە ئەوە نیە نایبینم، کەسی یەکەم دەڵێت: ئێستا لێرە نیە، کەسی دووەم: ئەی شوێن پێیەکی بۆ نیە؟، کەسی یەکەم دەڵێت شوێن پێشی سڕاوەتەوە و نەماوە، کەسی دووەم دەڵێت ئەی شوێنەوارێکی ناڕاستەوخۆ کە جێ مابێت، کەسی یەکەم دەڵێت: ئەویش هەر نەماوە، کەسی دووەم دەڵێت: (ئەگەر کەسێک هیچ شوێنەوارێکی نەبێت کەواتە هیچ بوونێکی نیە).

***

## ڕەهەندەکانی ئایینە یەکتاپەرستیەکان:

ئایین بەگشتی و ئایینە یەکتاپەرستیەکان بەتایبەتی (یەهودیەت، مەسیحیەت و ئیسلام) سێ ڕەهەندی سەرەکیان هەیە.

ڕەهەندی یەکەم: ڕەهەندی ئەزموونی ئایینی کەسی یەکەمی ئەو ئایینە (وەحی) "پێغەمبەر"ێک ئەزموونێکی ڕۆحی بۆ دروست دەبێت بەشێوەیەک لە سەرەتاوە خۆیشی نازانێت چیە، ئەم ئەزموونە دواتر وەردەچەرخێت لە شێوەی وشە و زماندا "چ نووسراو و چ وتراو" بە ئەوانی تر دەگات.

ڕەهەندی دووەم: ئەوەیە کە ئەم ئەزموونە کە وەرچەرخا و بوو بە بابەت و وشە و زمان و نووسراو دواتر، مامەڵەی مەعریفی لەگەڵدا دەکرێت، لێکۆڵینەوەی دەربارە دەکرێت لە رووی، یەکەم: وجودی کە ئایا بە ڕاستی وایە وەحیە؟

دووەم: لە رووی بەڵگە بۆ هێنانەوە چەندێک ئەو بابەتە گونجاوە چەندە دەچێتە دەرەوە و خەڵکی تر دەتوانن گفتوگۆی بکەن.

سێیەم: چەندە ئەم بابەتە دەکرێتە چەمک و چەندە دەتوانین بە زمانە مرۆییەکان گفتوگۆی لەبارەوە بکەین نەک تەنها لە رووی بەڵگە و مەعریفیەوە بەڵکو لە رووی زمانەوانیەوە، لە ئاییندا ئەمە پێی دەوترێت (عەقیدەناسی)، ئیتر ئەو دینە چەندە چەمکی زیاتر بێت ئەوەندە گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێت لە رووی تێڕوانینی بۆ خودا و مرۆڤ و وەحی و فەرمانەکانی ئایینەکە و پابەند بوونەکانی مرۆڤ تێیدا، چەندە بواری جێبەجێکردنی هەیە بۆ نموونە لە دینی ئیسلامدا بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت.

ڕەهەندی سێیەم: لایەنی کردەیی ئەو کەسەی کە شوێن ئەم ئایینە دەکەوێت، لە سەر ئاکاری ئەو کەسە چەندە جێکەوتی هەیە و چۆن فەرمانەکان کە پێغەمبەرەکە هێناویێتی ئەم کەسە جێبەجێی دەکات لە زمانی ئایینیدا پێی دەوترێت: (شەریعەت). لە کتێبی حوزور و قورئاندا ئیشمان لە سەر ڕەهەندی یەکەم کرد، لەم کتێبەدا ئیش لەسەر ڕەهەندی دووەم و سێیەم دەکەین لە رووی مامەڵەی مەعریفی (بەڵگەهێنانەوە) و لایەنی کردەیی ئەو ئایینە لەلایەن شوێنکەوتوانیەوە .

بۆ چوونە ناو باسەکەوە ئێمە پێویستمان بە شتێکە لە فیکر و فەلسەفەدا بەتایبەت لە قوتابخانەی فەلسەفەی کیشوەریدا (ئەڵمانی و فەرەنسی) پێی دەوترێت: (ئاگایی) کە بریتیە لە: ناسین نەوەک زانین. ناسین جیاوازە لە زانین کە زانین بریتیە

لەزانینی فاکت (حەقیقەت) شتی بەرجەستە و خاوەن رەهەند، بەڵام ئاگایی بریتیە لەوەی کە تۆ شتێک دەناسی بەبێ ئەوەی بیر لە لایەنی چیەتی ئەو شتە بکەیتەوە.

ئاگایی بنەمای زۆرێک لە زانستەکانی سەردەمی نوێیە (یاسا، سیاسەت، هونەر و ئەخلاق) پشت بە ئاگایی دەبەستن، کەسێک نوێژ دەکات تەنها لە جووڵە وتنەکاندا کورت نابێتەوە بەڵکو ئاگاییە بەوەی کە لە نوێژدا گشت دەکات، شێخی سەعدی دەڵێت: (کە نوێژ دەکەیت سەرت "حەقیقەت" مەخەرە سەر زەوی بەڵکو ئەوە بخەرە سەر زەوی کە لە سەرتدایە)، هەر ئەمەیە دەوترێت: (عیبادەتەکان نزیک بوونەوەیە لە خودا نەک ئەوەی بزانی خودا چیە وەک حەقیقەت)، ئەم ئاگاییە پێی دەوترێت: (خۆناسی).

سەردەمی نوێ ناونراوە بە سەردەمی ماف ئەوا لە سەر بنەمای ئەم ئاگاییە بونیاد نراوە، من خاوەن مافم واتە من ئاگام بە خۆم و دەوروبەرم و گفتوگۆکانی کۆمەڵگە، ئەمەیە دەوترێت: (مرۆڤ واتە گفتوگۆ) چونکە مرۆڤ ئاگاییەکانی خۆی لەناو گفتوگۆدا کۆ دەبێتەوە و دێتە ناو قسەکانیەوە، بۆیە کاتێک کەسێک بێدەنگ دەکرێت تەنها بێدەنگ نەکراوە بەڵکو لە مرۆڤ بوونت خستووە.

ئەم ئاگاییە وەستاو نیە بەردەوام لە جووڵەدایە و تەنها زانینی حەقیقەتێک نیە کە یەکجار بیزانی و ئیتر نەگۆڕێت، لە کاتێکدا ئاگایی دەکاتە خودی مرۆڤ و بەردەوام دەگۆڕێم و دروست دەبم و لە دایک دەبمەوە، باوەڕبوونی مرۆڤ بەخودا پەیوەندی بە زانینەکانی مرۆڤەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بە ئاگایی مرۆڤەکەوە هەیە کە دەزانێت خودا بوونی هەیە ئەبەدی و بێ بڕانەوەیە نەک هەر ئەوە بەڵکو دڵنیایە کە خودا ئاگای لەمە.

پەیوەندیەکی راستەوانە هەیە لە نێوان خودی مرۆڤ و لەگەڵ چۆنێتی ناسینی خودا کاتێک من ئاگا دەبم و پێدەگەم، ناسینی منیش بۆ خودا تەنها کاڵ و پێنەگەیشتوو نابێت بەڵکو ناسینێکی پێگەیشتوو دەبێت، مادام ئاگایی مرۆڤ دەگۆڕێت کەواتە خوداناسی مرۆڤیش دەگۆڕێت. هەرگیز خوداناسی کەسێکی پێگەیشتوو لە رووی رۆحیەوە وەک خوداناسی کەسێکی پێنەگەیشتوو نیە چونکە ئاگاییەکانیان جیاوازە، کاتێک گوێ لە پاڕانەوەکانی کەسێک دەگریت دەزانی خوداناسیەکەی چۆنە و ئاستی ئاگاییان لە داواکانیانەوە دیارە.

خودا بە حەقیقەتە دەرەکیەکان ناپێوریت چونکە کاتێک کردم بە فاکتێکی دەرەکی ئەوا خودام کردۆتە (بت)ێک، ئەریک فرۆم دەڵێت: (لەسەردەمی نوێدا جۆرێک لە بت دروست بووە بە وشە دروست دەبێت جیاواز لەوانەی پێشوو کە لە مادە دروست دەکران).

با ئەو کەسەش خۆی بە یەکتاپەرست بزانێت کاتێک ئاوا بە وشەکانی وێنای خودا دەکات کە دەستی هەیە و قاچی هەیە و ... هتد، ئەمانە هەمووی بدە لەیەک جەستەیەکی لیّ پێکدێت کە ئەمەش دیسانەوە دەبێتەوە بە پەیکەر و بتەکانی پێشوو و دەبێت بە فاکتێک و حەقیقەتێکی دەرەکی بەرجەستە، تێگەیشتنێکی کاڵە ئەوە (وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ) قەدری خودایان نەزانی، (وَمَا يُؤۡمِنُ أَكۡثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشۡرِكُونَ ) زۆربەیان ئیمانیان بە خودا نیە مەگەر ئەم هاوبەش و شیرکەیان تێدایە، چونکە کاڵ و پێنەگەیشتوون.

کێشەی ئەو بەڵگانەی کە دەڵێن خودا بوونی نیە ئەوەیە کە هەموویان خودا بە حەقیقەتێکی دەرەکی دەبینن. بۆ نموونە مارکس لای وابوو لایەنی ئابووری چینی بورژوازی وای کردووە کە خودا و ئایین بەکار بهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی چینی کرێکار و پرۆلیتاریا.

واتە خودا لێرەدا وەرچەرخاوە بۆ بابەتی ئابووری، پەیوەندی کردووە بە چیەتی نەک ئاگایی، یان فرۆید پێی وایە مرۆڤ چونکە ئارەزووەکانی چەپێنراوە بۆیە دێت وێنەیەک دروست دەکات لە دەرەوەی سنوورەکان و ناوی دەنێت ئایین و خودا، کەواتە فرۆید وەریچەرخاند بۆ لایەنی ئارەزووەکانی مرۆڤ واتە خودا لە رێگەی ئارەزووەوە نەک لە رێگەی دینەوە ناسینرا.

ئەگەر سەیر بکەین خودا لە دینەوە نەناسرا بەڵکو هەر یەکەیان کورتیان کردەوە لە رەهەندێکدا جا (ئابووری، کۆمەڵناسی، دەروونناسی). ئەمان بابەتە ئایینیەکان وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن بەڵکو وەریچەرخێنن بۆ لایەنێکی تر و لە رێگەی ئەو شتەوە باسی خودا دەکات، بۆیە هەر ناتەواویەک لەو بابەتەدا هەبێت ئەوا راستەوخۆ لە دینەکەشدا دەبێت چونکە کردوویەتی بە بەشێک لە بابەتەکە. کاتێک کەلێنەکانی فیکری فرۆید دەرکەوت ئەو کات ناتەواویەکانیشی دەرکەوت لەبواری دیندا بەڕادەیەک دەروونناسەکانی دوای فرۆید دەڵێن: بریا فرۆید بوونی نەبووایە چونکە هەڵەکانی ئێجگار زۆرن.

بە بۆچوونی کۆمەڵێک لە فەیلەسوفەکانی ئایین کەشفکردنی بۆشاییەکانی ئەم تەحویلگەرایانە ئاسانە چونکە مامەڵە لەگەڵ خودی شتەکەدا ناکەن بەڵکو دەیکەن بە شتێکی تر ئینجا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن دەیکوژن.

مامۆستا سەعیدی نورەسی دەفەرموێت: (زانستی نویّ، مرۆڤناسی ناکات بەڵکو لە رێگەی زانستە ئەزموونیەکانەوە مرۆڤ وەردەچەرخێنێت بۆ شتێکی تر ئینجا

مامەڵەی لەگەڵدا دەکات) بۆ نموونە لە تاقیگەدا دەیگەڕێنێتەوە بۆ توخم و پێکهاتەکانی جەستەیی ئینجا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەمەش مرۆڤ نیە بەڵکو تەنها مادە و توخمەکانە، کاتێکیش کە ئایین وەرچەرخا بۆ شتێکی نادینی یەک ڕەهەند ئیدی لە ئایین بوون دەکەوێت هەر وەک مرۆڤە مردووەکە وایە.

بۆیە لای فەیلەسوفەکانی ئایین بابەتی تەحویلگەراکان زۆر ئاسایی بۆتەوە و پێیان تەنها شتێکی کلاسیکە و هیچی تر و کەس پشتیان پێ نابەستێت، چونکە هەر یەکەیان بە ڕەهایی دینی دەبردەوە بۆ لایەنێکی تر بۆ نموونە مارکس بە ڕەهایی دەیوت ئایین بەشێکە لە لایەنە ئابووریەکە، ئەم بە ڕەهاییە بۆ قۆناغی دەرکەوتنی زانستی نوێ شتێکی ئاسایی بوو چونکە زانست لە سەردەمی لووت بەرزی و بوغرابوونی خۆیدا بوو، بۆ ئەو کات ئەو بەڵگانە گونجاو بوو بەڵام ئێستا بۆشاییەکانیان دەرکەوتووە بۆیە تەنانەت فەیلەسوفە دژە ئایینەکانیش پشت لە ئێستادا بەم بەڵگانە نابەستن، بەڵام بەداخەوە تازە لە کایەی ڕۆشنبیری ئێمەدا باسی ئەم بەڵگانە گەرمە.

فەیلەسوفەکانی بواری ئایین ئەوانەی کە بڕوایان بەخودا نیە پشت بە بابەتێکی تر دەبەستن دەڵێن ئەو بابەتانەی پێشوو دینی لە دەرەوە ڕاڤە کردووە هەم شتانێکی سادەی یەک ڕەهەندن بۆ ئەم قۆناغە ناشێن و هەمیش دیووی نەرێنیان هەیە و ناتوانێت هێرش ببات و هەژموونی نیە، بۆیە دەبێت ئێمە بەڵگەی تر بدۆزینەوە و تایبەتمەندی هەژموونی هەبێت و بیسەلمێنین کە خودا بوونی نیە و ئایین ڕاست نیە.

گەورەترین بەڵگەی ئەم پۆلە لە فەیلەسوفەکان لەم سەردەمەدا بە تایبەتی لە پەنجاکانی سەدەی بیست بە دواوە هەتا ئێستا بریتیە لە بابەتی (شەڕ) دەڵێن: ئەگەر خودا بوونی هەیە بۆچی لەم بوونەدا شەڕ هەیە و ئەگەر خودا بوونی هەبێت ئەوا دەبێت بەتوانا بێت و نەهێڵێت خراپەکاری و کوشتن و برین و کاولکاری لە بووندا بکرێت ئەگەر ئەو خودایە بوونی هەبێت مەوجودێکی خێرۆمەندە و چاکەی هەیە و ئەخلاقیە بەڵام دروستکردنی شەڕ شتێکی نائەخلاقیە. ئەی ئەگەر ئەو خودا بوونی هەیە بۆچی ڕێگەی داوە.

ئەگەر خودا هەبێت ئەوا دەبێت ئاستی زانیاری ڕەها بێت ئەگەر زانستی هەیە ئەی هەر لە سەرەتاوە نەیدەزانی ئەم خراپانە دروست دەبن ئەی بۆ هێشتی دروست ببن، کەواتە مادام خودا هەم توانا و چاکە و زانستی ڕەهای هەیە بوونی شەڕ دەیسەلمێنێت یان خودا بێ توانایە یان هەر بوونی نیە.

زۆر فەیلەسوف ئێستا پشت بەم بەڵگەیە دەبەستن فەیلەسوفی ئینگلیزی (برایان مەگیە) دەڵێت: بەڵگەکانی تر بەڵگەی نەرێنین نابێت پێ ببەستین هەر لە بنچینەدا بەڵگەیەک بوونی خودا هەڵبووەشینێت و تایبەتمەندی هەژمورونی هەبێت بابەتی بوونی شەڕە. بابەتی شەڕ بەلای ئەمانەوە سێ رەهەندی هەیە ئەوانیش (میتافیزیکی، فیزیکی، ئەخلاقی).

رەهەندی میتافیزیکی "دیووی نەبینراو": ئێمە ناتوانین لە بوونی خودا تێبگەین هەتا خودا رەها نەبێت چونکە ئەگەر خودا رەها نەبوو ئەوا دروستکراوە، مادام خوداش رەها بێت ئەوا دەبێت توانا و زانست و چاکەیشی رەها بێت بوونی شەڕیش لەناو بووندا لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەدا پێچەوانە دەبێتەوە، تەنانەت هەندێک لە زانا فیزیاییەکان دەڵێن: ئەوەی ئێمە بە سیستەم دەیبینین لەناو ئەم بوونەدا تەنها بەریەک کەوتنی شتەکانە.

بەهۆی شپرزەیی ئەم بوونەوە بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵێک شت فڕێ بدرێت لە ژوورێکدا وێڕای شپرزەیی بەڵام هەندێک شتی رێکخراوی بە سیستەم بوو دروست دەکات، دەڵێن: ئەوەی کە ئایینیەکان ناوی دەنێن سیستەم هچ نیە بێجگە لە ناسیستەمێک لە دیووی دەرەوەی ئەم بوونەدا کە بەهۆی فەوزاوە دروست دەبێت، کەواتە شەڕ و ناسیستەمی لەناو ئەم بوونەدا هەیە بوونی ئەمانەیش واتای ئەوەیە خودا ئەو تایبەتمەندیە رەهانەی نیە کەواتە ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی نەبوونی خودا.

رەهەندی میتافیزیکی: ئەوەی بەچاوی خۆمان دەیبینین و ئەزموونی دەکەین و دەیچەژین، منالێک لەدایک دەبێت هیچ هەستێکی نیە، هەبوویەکی سەیر و ناتەواوە چاوێکی نیە یان بەشێکی تری لە جەستەی ناتەواوە و تۆ ناتەوێت بیبینی و خەڵکانێک بە چەندین نەخۆشیەوە لەدایک دەبن و بەدەستیەوە دەناڵێنن و هەژاریەکی سەخت لەناو بووندا هەیە، ئەو هەموو ئازاری ئاژەڵانە و لە شەڕەکاندا ئەو هەموو مرۆڤە دەکوژرێت.

لە فەلسەفەی دینی نوێی مەسیحیدا ویستیان چارەسەری ئەم بابەتە بکەن دەڵێن: وەک ئەوەی کە خودا بوونی نەبێت، لە فەلسەفەی رۆژهەڵاتدا دەڵێن: لەم کاتانەدا خودا بێ نیازە و نیازی نەماوە.

یەکێک لە زاناکان لە کاتی هێرشی مەغۆلەکاندا و کە کوشتار و برینێکی زۆریان کرد، دەنگ هەبوو کە دەیانوت خودا بوونی نیە بۆیە رێگە دەدات بەم کوشتارە ئەویش وتی: خودا بوونی هەیە بەڵام بێ نیازە.

رەهەندی ئەخلاقی: ئەخلاق بەستراوە بە ئیرادەوە، خودا بۆچی ئەم ئیرادەی داوە بەمرۆڤ کە ئەم هەموو خراپەیە بکات، ژمارەیەکی کەم لەناو کۆمەڵگەدا ئەوانی تر دەچەوسێننەوە و برسیان دەکەن و هەژاری و خواردنی مافی یەکتر ئەگەر خودا خاوەن ئیرادەیە بۆچی ئەم ئیرادەیەی بەخشیووە بە مرۆڤ کە ئەم مامەڵە نائەخلاقیە بکات.

ئەمە تەنها پرسیاری ئێمە نیە بەڵکو فریشتەکانیش هەمان پرسیاریان کرد کەوتیان خودایە تۆ هەبوویەک دەکەیتە جێگری خۆت کە خوێن دەڕێژێت و خراپە لە سەر زەوی بڵاو دەکاتەوە (قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ) ئەمە دیووی ئەخلاقی ئەم بابەتەیە بۆیە ئێستا هەموو هەوڵی فەیلەسوفە ئایینیەکان ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئایین نیە لەم بابەتەدا کۆبۆتەوە.

لە پێشوودا وتمان راستی بەڵگەکان گرنگ نین بەڵکو هەر ئەوەندە بەسە تۆ بتوانیت گونجاوبوونی بەڵگەکەت بسەلمێنیت و لانی کەم خەڵک قبوڵیان بێت و بۆشاییەک دروست ببێت لەم بابەتەدا کە ناکرێت خودا هەبێت و رەها بێت بەڵام لە هەمان کاتدا شەڕیش بوونی هەیە، هەروەها هەر ئەوەندە بەسە بیسەلمێنین کە شەڕیش بوونی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا خودا بوونی هەیە.

بابەتەکە باسی گونجاوی و نەگونجاویە نەک عەقڵانیەت و بەڵگەی بنبەست، ئەوانەی کە دەیانەوێت بەڵگەی حەتمی (دەبێت) بۆ ئەوە بهێننەوە ئەوە خۆیان و خەڵکی دەخەڵەتێنن، ئەو فەیلەسوفانەی باوەڕیان بە بوونی خودا هەیە دەڵێن: ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە شەڕ بوونی هەیە، فەیلەسوفی دیندار (پۆڵ ریکۆر)[1] لە

١. پۆل ریکۆر لە ٢٧ی مانگی دووی ساڵی ١٩١٣دا، لە شاری ڤالێنسای وڵاتی فەرەنسادا، لەدایک بووە. فەیلەسووفێکی بەناوبانگ و شارەزای دیاردەگەرایی و هێرمۆنتیک یان لێکدانەوەیە.

فەلسەفەی پۆل ریکۆر لە هەمان رەوت و رێبازی فەیلەسوف و بیرمەندە رەخنەگرەکانی وەک هایدگەر و (هانس گیۆرگ)دا بوون و بنیاتی هزری خۆی دەرخست.

ئەوەی زیاتر ناساندی و نێوبانگی پێدا بریتی بوو لەوەی کە توانی لە زەمینەکانی شرۆڤەی تەئویل و هێرمۆنتیکادا، ناسنامە و پێناسەی دیاردەگەراییدا پێکەوە کار بکات و کۆیان بکاتەوە.

دیدێکی فەلسەفیی قووڵی بۆ فەلسەفەی مێژوو هەیە، جگە لەوەش ریکۆر، بایەخی زۆری بە مرۆڤ داوە، بەو پێیەی دەتوانێت ئەوەی لە توانایدایە بیکات، بۆ ئەمەش پرۆژە فەلسەفیەکەی خۆی لە: ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفیدا کۆکردۆتەوە.

فەلسەفەی دیاردەناسیدا باڵا دەست بوو دەڵێت: (شەڕ بوونی هەیە و گرنگ ئەوەیە ئێمە هەوڵ بدەین نەیهێڵین).

ئەوەی بڵێ شەڕ نیە ئەوە لە وەهمدا دەژی. ئایا گونجاو بوو شەڕ بوونی نەبێت وەکو شەڕ؟! ئەوانەی لەم بوارەدا ئیشیان کردووە لەسەر ئەوە هاوڕان کە بوونێکی مومکین نەک ئەم بوونەی ئێستا هەیە ئەوا نەدەگونجا جیهانێکی تر هەبێت بەبێ شەڕ مادام هەبوویەکی خاوەن ئیرادە و هەڵبژاردن بوونی هەیە، بۆ نموونە نەدەکرا ئێمەی خاوەن ئیرادە هەبووینایە و شەڕ بوونی نەبووایە، لانی کەم شەڕ پێویستە بۆ ئەوەی ژیانێکی گونجاو بوونی هەبێت.

شادبوون چاکەیە و خەم خواردنیش شەڕە، منیش دۆستێکم هەیە کاتێک دۆستەکەم دڵی شاد دەبێت منیش دڵخۆش دەبم، دۆستەکەی منیش ئازادە لەوەی کە چاکە بکات یان خراپە کە کەسەکە خراپە دەکات من بەبێ ئەوەی هەڵەیشم هەبێت تووشی خەم دەبم بەهۆی دۆستەکەمەوە، ئەو خەم خواردنەی من لەوێدا لایەنێکی ئەخلاقیە کەواتە شەڕ بۆ ئەخلاق پێویستە.

لێرەدا فەیلەسوفەکانی ئایین دەڵێن: لانی کەمی شەڕ دەبوو خودا دروستی بکات هەتا ئەم مەوجودە بەم شێوەیە بێت و ژیانی ئەخلاقی و دادپەروەری خودایی دروست ببێت و دەرکەوێت چونکە ئەگەر خودا ئیرادەی نەدایە بە ئێمە ئەوا مامەڵەیەکی نادادپەروەرانەی دەکرد، کۆمەڵێک لە فەیلەسوفەکان لە ڕێگەی دادپەروەری خودایی و ئیرادەوە دەیسەلمێنن کە دەبێت خوداش هەبێت و شەڕیش بوونی هەبێت.

مادام مرۆڤیش خاوەن ئیرادەیە کەواتە دەبێت توانای هەڵبژاردن و کردنی چاکە یان خراپەی هەبێت، بۆیە لانی کەم دەبێت شەڕ بوونی هەبێت بەڵام ئیدی ئەوە مرۆڤەکانن ئەو شەڕە پەرەپێدەدەن یان کپی دەکەنەوە. ئایا ئەمە پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ ناوەکانی خودا (چاکەی خودا و توانای خودا و زانستی خودا) دەڵێن: نەخێر پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ توانای خودا (القادر) چونکە توانای خودا لە شتە مومکینەکاندایە کە مومکینە وابێت و وانەبێت.

***

---

ناودارترین کتێبەکانی (تیۆری لێکدانەوە، مێژووی هەقیقەت، زەمەن و گفتوگۆ، گوتاری زیادبوونی واتەیی) ئەم کتێبانە لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی تەکساسی مەسیحین.

پۆڵ ریکۆر لە ٢٠ ئایاری ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کرد.

# توانا و زانست و ئیرادەی خودا:

توانای خودا لەوەدا دەردەکەوێت کە شتێک دەگونجێت ببێت بەڵام خودا نایکات ئەگینا شتێک خۆی مەحاڵ بێت توانای خودا لەوەدا دەرناکەوێت بۆ نموونە شتێک لەهەمان کاتدا ببێت و لە هەمان کاتیشدا نەبێت.

زانستی خوداش تەنها لە شتە راستەکاندایە نەک لە شتە درۆکاندا، مادام خودا ئیرادەی بە مرۆڤ داوە لە داهاتوویشدا مرۆڤ دەتوانێت چاکە بکات و خراپەش بکات کەواتە زانستی خودا لەگەڵ ئەو شتانەدایە کە راستن نەک درۆ چونکە ئەگەر خودا وای دانابێت مرۆڤ خراپە بکات و مرۆڤەکە نەیکات کەواتە خودا هەڵەی کردووە و زانستەکەی راست نەبووە، بۆیە هەمیشە زانستی خودا لەگەڵ شتە راستەکاندایە نەک درۆ هەمیشە زانستی خودا راست دەردەچێت.

خودای خاوەن چاکە چۆن ئەم شەڕانەی دروست کردووە لەبەر ئەوەی کە خاوەنی چاکەیە بۆیە رێگە بدات بە مرۆڤ خۆی سەر پشک بێت کەواتە ئەمە سەلمێنەری چاکەی خودایە نەک بێ توانایی و نەبوونی و شەڕی چونکە ئەگەر وای نەکردایە ئەوا لە من لێپرسینەوەیەکی لێدەکردم لە سەر شتێک کە تیایدا دەستم نەبووە.

خەیام دەڵێت: (ئەم عارەق خواردنەی من، ئەمە بنچینەی یەکتاپەرستیە ئەگەر خەڵکی تێ بگەن) چونکە ئێستا کە من عارەق دەخۆمەوە خودا لە ئەزەلدا نووسیویەتی (ئاگاداربووە بەوە) من بیخۆم ئەو کەسەی کە باوەڕی بەمە نیە دەبێت بە بیروباوەڕی خۆیدا بچێتەوە چونکە خودا بە نائاگا نیشان دەدات ئەمە لە لایەنی میتافیزیکیەوە.

لە رووی فیزیکیەوە دەڵێن: ئەوەی ئێمە بەو حەتمیە نیە مادام لە رووی فیزیکیەوە شەڕ بوونی هەیە ئیتر خودابوونی نیە چونکە ئێمە نازانین ئەو بەشە کەمە چەندێکە کە پێویستە خودا دروستی بکردایە بۆ ئەوەی بوون هەبووایە، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکانیش دروستکراوێکی ئەخلاقین ئەوا توانای کردنی شەڕ لە نێوانیاندا هەیە بۆ ئەوەی خوداش لە دواییدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات واتە شایستەی ئەوە بن لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.

مرۆڤ بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی رووی لێ بنێت دەبێت هەبوویەکی ئەخلاقی بێت ئەگەر ئەخلاقیش بێت کەواتە توانای کردنی چاکە و خراپەشی هەیە. دوایی

ئەوەی بۆشایی دۆزرایەوە لە بەڵگەکانیاندا ئەوانەی کە بڕوایان بەوەیە کە خودا بوونی نیە وتیان بەڵگەکانی ئێوەی دیندار گونجاون بەڵام ئێمە قسەی ترمان هەیە بۆ ئەمەش پشتیان بە تیۆریای (لەوانەیە- شیان) گریمانەی (نظریە احتمالات) بەست.

کاتێک تۆ دەچیتە ماڵێکی شپرز و پیسەوە، خاوەنی ماڵەکەت نەبینیوە گریمانەی چی دادەنێیت، کەسێکی پاک و خاوێنە و هەموو شت لە جێگەی خۆی دادەنێت یان گریمانەی ئەوەی کە کەسێکی شپرزی پیس و پۆخڵە، بەدڵنیاییەوە لە ڕێگەی شوێنەوار و لێکەوتەکانی ناو ماڵەکەوە گریمانەی پیس و پۆخڵی دادەنێیت.

ئەگەر ئەم تیۆریایە بگوازینەوە بۆ باسی خودا ئەوا مادام لە بووندا ئەو هەموو فەوزا و شەڕە هەیە یان دەبێت خودا نەبێت یان خودایەکی بێ توانا و شپرزە هەیە. ئاییینیەکانیش دەڵێن بۆ ئەمەش قسەی خۆمان هەیە، جارێک گریمانە دوو جۆرە (کەسی، ئاماری) (object,subject) گریمانەی کەس(subject) ئەوەیە کە شتێک بەلای تۆوە فەوزا و شپرزیە بەڵام بەلای کەسێکی ترەوە وانیە کەواتە شتەکە لەسەر میزاجی کەسەکەیە کە ئەمەش جوانیە نەک ناشیرینی.

لە ڕووی ئاماریشەوە object نموونە بەوە دەهێننەوە کە بۆ نموونە لە هەر ١٠ کەسی کورد یەکێکیان مەلە دەزانێت، داراش کوردە کەواتە گریمانە هەیە کە ٩٠% دارا مەلە نازانێت، دەڵێن گریمانەی ئەوەی کە خودا بوونی نەبێت زۆرترە لەوەی کە خودا بوونی هەبێت، (ڤیکتۆر هۆگۆ)[1] لە ڕۆمانی عیشق لە سەردەمی

---

١. ڤیکتۆر ماری هوگۆ : لە ٢٦ی شوباتی ١٨٠٢– لە فەرەنسا لە دایک بووە. شاعیر و نووسەری شانۆگەری و ڕۆماننووس و کاربەدەستی دەوڵەت و چالاکوانێکی مافی مرۆڤی فەرەنسی بوو.

سەرەتا ناوبانگی ئەدەبی هوگۆ لە فەرەنسادا بە هۆی هۆنراوەکانیەوە بوو، بەڵام ڕۆمانەکانیشی هەمدیسان لە ناوبانگیەکەی ڕۆڵیان هەبوو.

هوگۆ هەندێکجار وەک گەورەترین شاعیری فەرەنسی دەناسرێت و ناسراوترین کارەکانی لە دەرەوەی فەرەنسا ڕۆمانی بێنەوایان بوو.

لە تافی گەنجیدا لە شاپەرستێکی پابەندەوە بۆچوونەکانی گۆڕا بە تێپەڕ بوونی چەند دەیەیەک بوو بە لایەنگرێکی توندڕەوی کۆماری، لە کارەکانیدا پەنجە بۆ زۆربەی باسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و ڕێچکە هونەریەکانی سەردەمی خۆی درێژ دەکات.

بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لە ساڵی ١٨٥٥ بۆ ساڵی ١٨٧٠ لە مەنفا ژیانی بە سەر بردووە، دامەزرێنەر و سەرۆکی فەخری کۆمەڵەی نووسەران و هونەرمەندانی جیهانی بووە لە ساڵی ١٨٧٨، ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی فەرەنسا و ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی فەرەنسا بووە.

کولێرادا دەنووسێت بۆ هاوڕێیەکی وەرە ببینە بە هەزاران خەڵک بە هۆی کولێراوە مردوون تۆش باسی بوونی خودام بۆ دەکەیت.

فەیلەسوفە دینیەکانیش دەڵێن: بەڵگەکانتان بۆشایی تێدایە چونکە ئەو تیۆریا ئاماریەی ئێوە دایدەنێن پابەندە بەو زەمینەیەی کە دەیکەنە بنەمای تیۆریاکەی خۆتان ئەوە پیشانی دەدات چەندە ئەو ئامارە راستە یان نا، هەر ئەو نموونەی مەلەکردنە، ئەگەر دارا ئیشی رزگارکردنی ئەوانە بێت کە خەریکە دەخنکێن و زەمینە و زانیاریەکەی پێشووم گۆڕی ئەوا گریمانەکەش دەگۆڕێت واتە بەستراوە بەو زانیاریەی کە تۆ لە ئامارەکەتدا پشتی پێدەبەستیت، بۆیە ئەو گریمانەی ئێوە ناتەواوی زانیاریە نەک حەقیقەتی ئامارەکە.

ئەوەی ئێوە داتان ناوە بۆ شەڕ رەنگە ئیشێکی هەیە ئەویش چاکەیە، ئەوەیە کە سونەتگەراکان دەڵێن: (شەڕ بۆ خۆیی عەدەمیە)، کاتێک من قاچم تووشی نەخۆشی بووە و دەیبڕنەوە بە نیسبەت قاچمەوە شەڕە بەڵام بە نیسبەت منەوە رزگارکردنمە، کەواتە گونجاوە خودا بوونی هەبێت و شەڕیش بوونی هەبێت.

ئایینیەکان دەڵێن: راستە ئێمە بەڵگەیەکی رەهامان نیە لە سەر ئەوەی کە خودا بوونی هەیە چونکە ئەگەر بەڵگەیەکمان هەبێت خۆی لە دژی خۆی دێتەوە (دلیل ارجاعی) واتە خۆی لە دژی خۆی بەکار بهێنیتەوە، ئێوەش هیچ بەڵگەیەکتان نیە بیسەلمێنێت کە خودا بوونی نیە چونکە ئەگەر هەتان بێت دەبێت خۆشی لە دژی خۆی بەکار بهێنیتەوە، بۆ نموونە کاتێک فرۆید دەڵێت: خودا بەهۆی هەستەکانەوەیە دروست بووە ئایا بیردۆزەکەی خۆشت بەهۆی هەستەوەیە.

بەڵگەکان هەمیشە بۆشاییان تێدایە، ئێوە هەمیشە باسی مەعریفە دەکەن لە کاتێکدا ئەوەی کە ئێوە دەتانەوێت بیسەلمێنن بابەتێکی وجودیە و هیچ مەعریفەیەک نیە، کەواتە ئێوە لە کایەکەی خۆتان نەتان گواستۆتەوە بۆ کایەیەکی تر.

لە رووکەشدا باس باسی مەعریفەیە کەچی باس، باسی وجودە لە مەعریفەناسیەوە چوون بۆ وجودناسی ئەمەش مامەڵەیەکی ناعەقڵانیە، ئەوەندە بەسە کە ئێمە بۆشایی بەڵگەکانی ئێوەمان دۆزیوەتەوە و ئێوەش بۆشایی لەوەی ئێمەدا دۆزیوەتەوە، بەڵام ئێمە لە روویەکی ترەوە مامەڵەمان لەگەڵ خودا هەیە، ئەویش ئەوەیە ئێمە ئەزموونمان هەیە لەگەڵ خودا، دەیچەژین، هەروەها مانایە بۆ ژیانمان لە رووی سزا و پاداشتەوە، بەڵام ئێوە مانا لە ژیانتاندا ناهیلێت.

---

هۆگۆ لە ٢٢ ئایاری ١٨٨٥ و لەتەمەنی ٨٣ ساڵیدا لە پاریس کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی مەزنەکانی پاریس نێژراوە.

لەو گفتوگۆیەی لە نێوان (عەبدولکەریم سروش و جۆن هیک)دا روویداوە، جۆن هیک دەڵێت: تۆ باوەڕت چیە لەسەر بوونی خودا ؟ عەبدولکەریم سروش دەڵێت: بەڵگەیەکی رەها و دەرەکیم نیە بەڵام بوونی خودا گونجاوترە. واتە منیش بەڵگە بە ئەندازەی تۆ هەیە و هاوسەنگیش لە ژیانمدا هەیە و رێکخستنی ژیانم لەوەی تۆ گونجاوترە.

کەواتە ئەزموون لە بەڵگە بەهێزترە چونکە بەڵگە هەردەم بۆشایی تێدایە، ئاگابوون بەهێزترە لەزانین، بەڵام ئەم ئاگابوونە بەمەرجێک بە ئەفسانە نەکرێت.

***

## مەعریفە چیە؟

مەعریفە بریتی نیە لە خودی شت، خودا خۆی بۆ خۆی چیە ئێمە نازانین، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە مەعریفەی ئێمە بەخودا، من خۆم لە زاتی خۆمدا چیم گرنگ نیە بەڵام من چۆن دەبمە مەعریفە لای تۆ، ئەم مەعریفەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە کە دەکاتە باوەڕ و وێک دێتەوە لەگەڵ واقیعدا و بەڵگەشی بۆ دەهێنینەوە بۆ سەلماندنی.

مەعریفەش دوو جۆرە، زانایانی مەعریفەتناس لە سەر ئەوە کۆکن کە مرۆڤ بەبێ مەعریفە ناژی، زۆرێکیشیان باوەڕیان وایە کە هیچ کردەیەکی مرۆیی ئیختیاری بەبێ بوونی مەعریفەیەک نابێت، تەنانەت راشیان وایە کە ئەو جووڵانەی مرۆڤ لەکاتی خەو و بێ ئاگاییدا دەیکات مەعریفەی لەگەڵدایە، لانی کەم لە سەر ئەوە کۆکن کە مرۆڤ بەبێ باوەڕ کە پایەی یەکەمی مەعریفەیە ناژی، فەیلەسوفانی مەعریفەی زەینی کۆمەڵێک شتیان داناوە کە مرۆڤ بەبێ ئەوانە ناتوانێ بژی، بەتایبەت پێنج شتیان کە زانایان و فەیلەسوفانی مەعریفەتناس لە سەری کۆکن کە مرۆڤ بەبێ ئەمانە ناتوانێت بژی، ڤیلیەم جەیمز ناوی دەنێت (مەعریفەی زیندوو).

یەکەم: بریتیە لەوەی کە ئەم بوونە ئاگایی و وشیاری تیایە واتە (حی القیوم) زیندوویەک کە راگیرکەری ئەم بوونەیە کە ئەم نەبێت هیچ شتێکی تر نابێت، دەتوانین بڵێین لە دینە یەکتاپەرستیەکاندا ئەو ئاگایی و زیندوێتیە (خودا)یە لە دینی هیندیدا پێی دەوترێت: ئاگایی (وعي)، ئەمە زیاتر بە بێدەنگی دەرکی دەکەیت، هەر ئەمەیە دەوترێت ئەگەر شتێک هاوشێوەی خودا بێت بریتیە لە بێدەنگی و خامۆشی (سکوت)، تەنانەت نەخوێنەوارترین مرۆڤەکان دەربارەی ئەمە شتێکیان هەیە.

دووەم: بەردەوامی ژیان، ئەم ژیانەی من بەرەو کوێ دەڕوات، ئایا قیامەتێک و زیندوو بوونەوە و ژیانێکی دوای مردن بوونی هەیە، ئایا ئەو بەردەوامیە چوونە بۆ ژیانێکی تر یاخود رۆحی منە دێتەوە بۆ ئێرە (دۆنادۆن – تناسخ)، هەندێکیان ئەوەشیان پێ گرنگە کە پێش ئەم ژیانە لە کوێ بووین، بەڵام ئەمە لە سەری کۆک نین، فەیلەسوفی بەناوبانگی ئیسپانی (ئۆنا مۆنۆ) دەڵێت: ئەمە سەرەکی ترین پرسیاری ئاینە.

سێیەم: ناچاری و هەڵبژاردن (جەبر و ئیختیار) ئایا من ناچارم ئەو شتانە بکەم یاخود هەڵبژاردن و ئیرادە و ویستی خۆمی تێدایە، ئەگەر ئیختیارم هەیە لە کوێدایە لە کوێدا لە سەرم واجیبە و لەکوێدا ئازادم.

چوارەم: ئەم بوونە بوونێکی ئەخلاقیە، ئایا ئەخلاقیە یان ئەخلاقی نیە، هەموو کەسێک ئەم پرسیارەی هەیە، ئایا من چاکە بکەم ون دەبێت؟ ئایا خراپە بکەم دیتەوە ریگەم (فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾) ئەمە پرسیارێکی وجودی قووڵە.

پێنجەم: ئایا ژیانی من مانایەکی پێشتری هەیە یاخود من خۆم بۆ خۆم مانای بۆ دادەنێم یان بێ مانا دەبێت (پووچگەرایی) بۆیە زۆربەی کتێبە گەورەکانی دونیا و فەلسەفەکانی دونیا و رۆمانەکانی دونیا باسی ئەم پێنج شتە دەکەن.

کتێبە گەردونیەکان لەوانەش دینیەکان باسی چیمان بۆ دەکەن، لێرەشدا گەرانێکی تر کراوە کە دەڵێن: ئەگەری هەیە کتێبە گەردونیەکان سێ شت بۆ مرۆڤ باس بکەن و لەمانەش بەدەر نین، یاخود سێ جۆر خوێندنەوە هەیە بۆ کتێبە گەردونیەکان جا زەمینی بن یان ئاسمانی، چ هی دینە رۆژهەڵاتیەکان بن (هیندۆسی، بوزی) چ هی دینە رۆژئاواییەکان بن (یەهودیەت، مەسیحیەت، ئیسلام) چ کتێبی عاریف و فەیلەسوفە گەورەکان سێ جۆر مامەڵەیان هەیە.

جۆری یەکەمیان: بریتیە لەوەی کە نەخشە بە ئێمە ئەدەن دەربارەی وەڵامی ئەو پێنج شتە، بۆ نموونە قورئان دەربارەی ئەم پێنج شتە وەڵامی ئێمە دەداتەوە.

لە سەر ئەم پێنج شتە (خودا چیە "ئاگایی"، من مردم بۆ کوێ دەچم، ئایا من هەڵبژاردن و ئیختیارم هەیە یان هەموو شت سەپێنراوە بەسەرمدا، ئەم بوونە بوونێکی ئەخلاقیە، ئایا ژیانم مانای هەیە)، بۆیە زۆرێک لەو کەسانەی مامەڵەی قووڵ لەگەڵ ئەم کتێبە گەردونیانەدا دەکەن دەڵێن: وەڵامەکان ئەو نەخشەیە. مەرج نیە تەنها لە کتێبە گەردونیەکاندا هەبێت، بۆ نموونە مەسنەوی مەولاناش کاتێک تۆ لە ناویدا بە شوێن ئەو پێنج شتەدا دەگەڕێیت.

جۆری دووەم: خوێندنەوەی یاسایی: چی بکەم و چی نەکەم، شەریعەت و ئەخلاق و بابەتەکانی تر لەمەوە سەرهەڵدەدەن، بۆ نموونە لە قورئاندا چەندین ئایەتی تێدایە ئەوە بکە بە فەرمان، ئەمە بکە بە نەرێنی، ئەحکامی خەمسە (واجیب، حەرام، مەکروە، سوننەت، موباح) هەیانە فەرمانت پێدەکات کە بیکەیت، هەیانە داوات لێدەکات نەیکەیت، هەیانە پێی باشە بیکەیت، هەیە پێی باشە نەیکەیت، ئەمە مامەڵەی یاساییە.

جۆری سێیەم: خوێندنەوەی دەرمانی: ئێمە کۆمەڵێک دەردمان هەیە هەموو کتێبێک، کتێب نیە چونکە وەڵامی ئەم پرسیارە وجودیانەی تۆی تێدا نیە، رەنج و ئازار و شەقاوەتمان هەیە، ئەم دەردانەمان بۆ چارەسەر دەکات.

گرنگ نیە ئایا ئەوەی لە کتێبەکاندا هەیە مامەڵەیەکی حەقیقیە تەنانەت ئەگەر ئەفسانەش بێت بەڵکو گرنگ ئەوەیە وەڵامی دەردەکەمان دەداتەوە، لێرەدایە ئەدەب رۆڵ پەیدا دەکات، یەکەم کەس لە رۆژهەڵاتدا ئەمەی کرد بێت شێخی سەعدیە، (گوڵستان و بوستان) زۆرینەی رووداوەکان راستەقینە نین هەر چەندە خۆی وا دەردەخات راستەقینە بن.

بەڵام ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لە شێخی سەعدیدا کردووە لایان وایە ئەو رووداوانە روویان نەداوە بەڵام وەکو رووداو و چیرۆک دەیگێڕێتەوە و ئێمە دەرمانی دەردەکانمان تێیدا دەبینینەوە، کاتێک (کلیلە دیمنە)[1] دەخوێنینەوە دەرمانی دەردەکانی خۆمان لەو چیرۆکانە دەدۆزینەوە، ئەو رووداوانە دەرمانی دەردی ئێمەی تێدایە نەک ئەوەی رووداوەکە حەقیقەتە یان نا، رەنگە بەلاتەوە ئەفسانە بێت لە سەرەتای سەدەی بیستدا ئەفسانە واتە پێچەوانەی واقیع بەڵام ئێستا ئەفسانە لە دەروونناسی نوێ و زانستە مرۆییەکاندا، ئەفسانە واتە ئەو چیرۆکانەی کە وەڵامی رەنج و ئازارەکانی من دەدەنەوە.

لە راستیدا ئێستا لە دەرونناسی ئاییندا و فەلسەفەی دیندا بە جۆری سێیەم خوێندنەوە بۆ ئایین دەکرێت کە چی دەکات بۆ من و چی پێیە بۆ دەرد و ئازارەکانم، هەر ئەمەیە پێی دەوترێت چاوەڕوانیەکانی مرۆڤ لە ئایین، قورئان خوێندنەوەی من چیم بۆ دەکات و چ دەردێکم دەرمان دەکات؟!.

---

١. کتێبی "کلیلە و دیمنە" کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ١٠٠ تا ٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین وکتێبێکی بە رەچەڵەک هیندیە و لێوانرێژە لە ئامۆژگاری و حیکمەتی ژیان.

ئەم کتێبە پێک هاتووە لە چیرۆک و بەسەرهاتی جۆراوجۆر کە زۆربەیان لە زمانی ئاژەڵانەوە نووسراوە.

ناوی کتێبەکە لە ناوی دوو چەقەڵەوە هاتووە بەناوەکانی کلیلە و دیمنە کە لە زۆربەی چیرۆکەکاندا دەوری سەرەکی دەبینن. رووداوەکانی ناو ئەو کتێبە سەرجەمیان لە هیندستان رووی داوە.

ئەم کتێبە بە زمانی سانسکریتی نووسراوە و بۆ زۆربەی هەرە زۆری زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراوەتەوە. کلیلە و دیمنە لەو کۆمەڵە کتێبانەیە کە بەرهەمی حیکمەت و ئەندێشەی جیهانیە و زاناکانی مێژوو کۆیان کردۆتەوە و بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەریان گێڕاوە و وەک میراتێکی مەعریفی بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێیان هێشتووە.

هۆکاری ئەوەی کە پەنا براوە بۆ ئەم جۆری مامەڵەی دەرمانیە لەبەر ئەوەی لە رووی مێژووییەوە مامەڵەکردن لەگەڵ کتێبە گەردونیەکاندا لە چەند روویەکەوە تووشی گرفت بووە، کتێبی پیرۆز (ئینجیل)، تەورات، تەنانەت قورئانیش بە رێژەیەکی کەمتر چونکە ئێمە کەمتر لەم بوارەدا ئیشمان کردووە لە چەند روویەکەوە لەگەڵ سەردەمی نوێدا دژن، بۆ نموونە لە رووی زانستە سروشتیەکانەوە بیردۆزی گەردونی بەتلیمۆس کە دەڵێت: ئاسمانەکان حەوت چینە و لەکتێبە گەردونیەکانیشدا هەیە بەتایبەت ئینجیل وا نووسراوە.

بەڵام لە دوای (کۆپەرنیکۆس)[١]ەوە دەرکەوت کە ئەمە وانیە واتە نەگونجاوە، زانست شتێکی تری وت و نەدەکرا کتێبی پیرۆزیش فەرامۆش بکەن لەبەر ئەوە وتیان ئێمە دەکرێت مامەڵەیەکی راڤەکاری و ئەفسانەیی بۆ ئەوەی ناو کتێبی پیرۆز بکەین.

زۆر شتیش هەبوو تیایاندا کە پێچەوانە هاتەوە لەگەڵ مێژوودا بۆ نموونە لە تەوراتدا هاتووە داستانی نووح کە هەموو سەر زەوی بوو بە ئاو مێژووەکەی ٣٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا بووە لەکاتێکدا لە ئەفسانەی گەلگامێشدا ٥٠٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا روویداوە، تەنانەت لەگەڵ زانستە ئەزموونیەکانیشدا پێچەوانە هاتەوە چ ئەزموونە مرۆییەکان چ زانستە ئەزموونیەکان بۆ نموونە ئێمە لە قورئاندا هەمانە: (ئەگەر کەسێک کەسێکی کوشت بیکوژنەوە ئیتر ژیان لەناوتاندا دروست دەبێت) بەڵام لەو شوێنانەی کە ئەمەش جێبەجێکرا دزی و خراپە هەر بوونی هەبوو واتە

---

١. نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس: لە ١٩ی شوباتی ١٤٧٣ لە پۆڵەندا لە دایک بووە و خاوەنی بیردۆزی خولانەوەی زەوییە بەدەوری خۆردا و بە دامەزرێنەری زانستی گەردوونی نوێ دادەنرێت.

بەهۆی ئەم بۆچوونەشی کڵێسای کاسۆلیکی بوونە دوژمنی بە کافر ناوزەدیان کرد چونکە کڵێسا دەیگوت زەوی چەقی هەموو گەردوونە و جێگیرە و ناجوڵێت و خۆریش بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە.

ئەو بۆچوونە هەڵەیە وەک خۆی مایەوە هەتا کۆپەرنیکۆس ساڵی ١٥٤٣ز رایگەیاند کە زەوی جێگیر نیە و بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە. بەمەش کڵێساکان هەژان و کۆپەرنیکۆس بە لادەر و بێباوەڕ ناوزەد کرا.

کاتێک کۆپەرنیکۆس لە سەدەی شازدەهەم کتێبی (شۆرشی ئەستیرەکانی لە ئاسماندا) بڵاوکردەوە، سەلماندنی کە بیروراکانی کەنیسە هیچ پەیوەندیەکی بە پەیامە ئاسمانیەکەی مەسیحەوە نیە.

کۆپەر نیکۆس لە رێکەوتی ٢٤ی ئایار ١٥٤٣ کۆچی دوایی کردووە.

ئەمە جێگەی پرسیار بوو ناچاربوون بە جۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵ ئەم ئایەتانەدا بکەن.

لە رووی فەلسەفیەوە بۆ نموونە لە سەردەمەکانی پێشوودا باسی شەڕ بەو شێوەیەی ئێستا بوونی نەبوو ئەگەر خودا بوونی هەیە ئەی ئەم هەموو وێرانیە بۆ روودەدات، ئەی بۆچی کتێبی پیرۆز بەو شێوە بەڵگە نەویستیە باسی خودا دەکات کەواتە دەبێت راڤەی ئەمە بکەین و مامەڵەی دەرمانی لەگەڵ ئەم باسەدا بکەین کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە.

لە رووی کرداریەوە ئێستا بابەتی مافی مرۆڤ، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، یەکسانی ئایینی، من رێگە بدەم خەڵکی تر بێتە سەر دینەکەی من و پێشوازی لێدەکەم بەڵام ئەگەر کەسێک لە دینی منەوە بچێ تە سەر دینێکیتر ئەوا بیکوژم، پێچەوانەی عەدالەتە، ئەی ئەو دەقانەی باسی ئەمە دەکەن چی؟ دەبێت جۆرێکی تر لێیان بگەین. بۆیە خوێندنەوەی دەرمانی گرنگە تاکو بتوانین لە رێگەیانەوە چارەسەری گرفت و دەردەکانمانی پێ بکەین. لەم سەردەمەدا نەدەکرا خوێندنەوەی نەخشەیی بۆ دەقەکان بکرێت، بەڵکو دەبێت خوێندنەوەیەک بێت بۆ من مانا بەخش بێت، بۆ ئەوەی هەم بە تەڕی بمێنێتەوە و لەهەمان کاتدا کێشەم لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بۆ دروست نەکات.

جۆرێک لە خوێندنەوە لەناو تیۆریای مەعریفەی نوێدا دروست بوو لە رۆژئاوا کە کۆمەڵێک فەیلەسوف بە تایبەت لەناو مەسیحیەتدا کە وتیان ئێمە مامەڵەیەکی دەرمانی لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا دەکەین کە ئەو دەردانەی ئەمرۆ هەیە نە بە زانستی پزیشکی، ئابووری، فەلسەفە، بە شتەکانی تر چارەسەر ناکرێت بەڵکو بە ئایین چارەسەری دەکەین.

بێگومان کۆمەڵێک شت هەیە تەنها بە ئایین چارەسەر دەکرێن، ئێمەی مامەڵەی مامەڵەی دەرمانی دەکەین، ناکرێت مامەڵەی نەخشەیی بکەین چونکە ئەگەر مامەڵەی نەخشەیی بکەین دەبێت بە حەرفی ئەو ئایەتانەی کە لە ئینجیل و تەوراتدا هاتووە وەک خۆی وەریبگرین و هیچ لێی دەرنەچین.

فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی (گۆتە)[1] کتێبێکی هەیە لە پێشدا لەرۆژنامەدا بڵاوکردەوە و وتی: من هیچ قسەیەک ناکەم بەس تەنها یەک ئیش دەکەم دێم ئەو

---

١. یۆهان ڤۆن گۆتە: لە ٢٨ ئەگۆستی ساڵی ١٧٤٩ لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لەدایک بووە، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بووە و پلەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی بڕیوە و کۆلیژی یاسای تەواوکردووە.

شتانەی کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، مێژوو و تەمەنی حەزرەتی نوح و باڵای، مێژووی مرۆڤایەتی، ژیان لەم سەرزەویەدا کەی دروست بووە، زانستی نوێش شتی هەیە لەسەری ئەوانە دەنووسم، ئەویتریش بەجێ دەهێڵم بۆ ئێوەی خوێنەر و ببینن چەندە جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە گەشتە ئەو بڕوایەی کە خوێندنەوەی نەخشەییانە چارەسەر نیە.

ناکرێت مامەڵەی یاسایش لەگەڵیدا بکرێت چونکە یاسای نوێ لە هۆکاری کۆمەڵێک شت دروست بووە، یەکێک لەو شتانەی کە یاسای نوێ لە سەری دروست بووە بریتیە لە فرەیی (پلۆرالیزم) لە هەموو رووەکانەوە بۆیە ناکرێت مامەڵەی یاسایی لەگەڵدا بکەین چونکە لە کتێبی پیرۆزدا لانی کەم ژن مافی لە پیاو کەمترە، کەواتە باشترین مامەڵە و خوێندنەوە (دەرمانی)ە.

لێرەدایە ئەزموونی ئاییني و مانابەخشین بە ژیان، شادبوون، مەعنەویەتی نوێ دروستبوون، ئەوەی کە ئێستا پێی دەوترێت مەعنەویەت کە ئومێد بۆ من دروست دەکات و شاد و ئارامم دەکات هەروەها مانا بەژیانم دەبەخشێت. گەرم و گوڕم و تینوێتیم دەشکێنێت، تەنها ئادابەکانم فێر ناکات بەڵکو فێری هونەری تینوێتیم دەکات لەناو ژیانیشدا دەردەکانم چارەسەر دەکات.

ئەم خوێندنەوەیە لە فەلسەفەی دیندا دەرکەوت لە هەموو کایەکانی تری دیندا بۆ نموونە لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی دینیدا، لە بەراوردکردنی دینەکاندا لە مێژووی ئایینەکاندا ئەم خوێندنەوە دەرمانیە دەرکەوت بەڵام ئەم خوێندنەوە دەرمانیە کێشەیەکی هەبوو ئەویش ئەوە بوو ئەگەر من ئەو هەواڵانەی لەکتێبی پیرۆزدا هاتووە بۆ ئەوی مەسیحی و چیرۆکەکانی قورئان بۆ منی موسڵمان و

---

گۆتە تەنها شاعیرێک نەبووە و بەڵکو خوێندنەوەی بۆ زانستەکانی تریش کردووە وەکو وەرزش و وێنەکێشان و شیعر و مۆسیقا و وێنەگرتن، هەروەها لە بواری پزیشکی و یاسا و سیاسەت و ئەندازیاریدا خوێندویتی.

شارەزایی لە زمانەکانی لاتینی و یۆنانی و ئیتالی و فەرەنسی و ئینگلیزی و عیبری هەبووە.

گۆتە پێی وابووە کە هیچ زمانێک هێندەی عەرەبی گیان و وشە پێکەوە نابەستێتەوە، بە قووڵی شەریعەتی ئیسلامی خوێندۆتەوە و ئاشنایەتی لەگەڵ شیعر و چیرۆکی عەرەبی پەیداکردووو و هەندێک لە شاعیرە عەرەبەکان کاریگەریان بە سەریەوە هەبووە و زۆر حەزی لە موعەلەقاتی عەرەبی بووە و لە ساڵی ١٧٨٣ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی.

گۆتە لە ٢٢ مارسی ساڵی ١٨٣٢ لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

بەسەرهاتەکانی تەورات بۆ ئەوی یەهودی هاتووە تەنها چیرۆک بن من دەردەکانی خۆمی پێ چارەسەر بکەم کێشەیەکی فەلسەفی دروست دەبێت.

ئەویش ئەوەیە کە هیۆم کەشفی کرد کە وتی: (کێشەیەک هەیە لە فەلسەفەدا کە بکە و مەکە لە سەر بنەمای هەیە و نیە دروست دەبن) ئەمە بەدەستەمەوە کتێبە ئەمە هەیە و نیەیە، من چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کتێبەدا بکەم کە دەیخوێنمەوە یان نایخوێنمەوە ئەوە خۆم بڕیار دەدەم لە کتێبەکەوە دەرنایەت.

پرسیاریان لەوانە کرد کە مامەڵەی دەرمانی لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا دەکەن کە کتێبی پیرۆز هەواڵی تێدایە دەڵێت: ئەوە وایە و ئەوە وانیە بەڵام ئێوە بکە و مەکەی لێ دەردەهێنن بۆ ئەوەی دەردەکانی خۆتانی پێ چارەسەر بکەن، (پارادۆکسەکەی هیۆم) ئەوەیە کە ناکرێت بکە و مەکە لەسەر بنەمای هەیە و نیە دروست بکەیت گەورەترین هەڵەیە.

وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئێوە دەڵێن هیچ کەسێک نیە بەبێ وەڵامی ئەوانە بژی پێویستی بە مەعریفەیە دەڵێن لە کتێبی پیرۆزدا هەیە و هیچ پێویستمان بە مەعریفە نیە ئێمە تەنها دیوی ئەخلاقی چارەسەری پێ دەکەین، کەواتە دەبێت لە کتێبە پیرۆزەکاندا مەعریفە بوونی هەبێت ئەگینا ئەگەر مەعریفە بوونی نەبێت من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارانەی خۆم دەست بکەوێت، کاتێکیش کە دانی پێدا دەنێم کە ئەم کتێبە پیرۆزانە وەڵامی ئەو پرسیارە گەردونیانەی کە هەن بوونی هەیە واتای ئەوەیە کە دەبێت حەقیقەت لەناو کتێبە پیرۆزەکاندا بوونی هەبێت.

ئەمە سەرەکی ترین کێشەی فەلسەفەی ئایینە لە سەردەمی نوێدا کاتێک دەڵێم لەم کتێبانەدا مەعریفە نیە چونکە باس باسی چاکبوونی منە وەکو چۆن من چیرۆکی شوانە درۆزنەکە لە منداڵیدا بیستوومە ئێستا هەموومان دەڵێن راستەقینە نەبووە بەڵام ئێمە سوودی ئەخلاقیمان لێکرد مامەڵەی دەرمانیمان لەگەڵیدا کرد، ئایا ئێمە لەگەڵ کتێبە پیرۆزەکاندا ئاوا مامەڵە دەکەین، ئەمانە حەقیقەتی تێدا نیە و تەنها بۆ ئەوەیە کە سوودی ئەخلاقی لێبکەین واتە وەکو چۆن رۆمانێک دەخوێنینەوە دەزانین خەیاڵە بەڵام گۆڕانکاری ئەخلاقی لەناو ئێمەدا دروست دەکات.

ئایا کتێبە پیرۆزەکانیش بە هەمان شێوەن دەی ئەگەر وایە چۆن مەعریفە دروست دەکەن، چۆن دەستمان بەم مەعریفەیە دەگات کە لەناو کتێبە پیرۆزەکاندا هەیە؟ پەیوەندی نێوان سوونەت و قورئان چیە لە رووی مەعریفیەوە؟ ژیاننامەی پێغەمبەر بە من چی؟ چۆن سوود لە کتێبە گرنگەکان بکەم؟ ئایا تەنها بۆ ئەوەیە گۆڕانکاری لەناو ئێمەدا دروست بکات؟ یاخود مەعریفەش بە من دەدات؟ بۆ

ئەوەشی مەعریفە بەمن ببەخشێت دەبێت مەعریفە لەناو خۆیدا هەبێت ئەگەر تێیدایە چۆن بە من دەگات؟

ئەوانەی وەڵامی ئەو کەسانەیان دایەوە کە دەیانوت ئایین ئەفسانەیە خۆیان هاتن و وتیان لەگەڵ مامەڵەکردنی دەرمانی لەگەڵ دیندا دەبێت مامەڵەی مەعریفیش لەگەڵیدا بکرێت.

کێشەکە ئەوەیە چۆن بۆی بگەڕێین؟ سێ گرفت هەیە لەم رووەوە، گرفتی یەکەم: پەیوەندی بە سەرچاوەی مەعریفەوە هەیە، لەم گەردونەدا بە چەند شێوەیەک مەعریفە بۆ کەسێک دروست دەبێت، لە رێگەی بەڵگەی عەقڵیەوە ١+١=٢ ناکاتە ٣، شتێک لەیەک کاتدا ناکرێت ببێت و نەشبێت، لە رێگەی بەڵگەی ئەزموونیەوە، لە رێگەی بەڵگەی مێژووییەوە، لە رێگەی بەڵگەی شهودیەوە، بۆ نموونە من خۆم دەزانم بوونم هەیە بەڵام کە تۆ لێم دەپرسی تۆ چیت دەڵێم نازانم بەڵام دەزانم کە هەم، یاخود بەڵگەی شاهیدی هەیە.

ئایا ئەوەی کتێبی پیرۆز و قورئانی دروستکردووە کام لەمانەیە؟، ئایا لە رووی عەقڵیەوە و حەتمیە، ئەگەر ئەوە بێت ئەو کەسەی بڕوای پێنەبێت دەبوایە شێت بوایە، کەواتە بەڵگەی عەقڵی نیە.

ئەزموونیش مەبەست لە هەستە دەرەکیەکان نیە چونکە جگە لە پێغەمبەر هیچ کەسی تر ئەو سروش (وەحی) نەدەبینی کە بۆی دەهاتە خوارەوە، کەواتە ئەزموونیش نیە، زاکیرە و حافیزە نیە چونکە هەر کە تێپەڕی، گومان دەکەوێتە سەری لە کاتێکدا ئەوانەی ناو کتێبەکان بە یەقینەوە باسی دەکەن، کەواتە ئەمەش نیە، بەڵگەی شهودیش نیە بەو مانایەی بۆ هەموو کەس وایە.

ئێستا هەموو کەس باوەڕی بەبوونی خۆیی هەیە بەڵام هەموو کەس خۆی بە پێغەمبەر دانانێت، بەڵگەی شایەتیدانیش نیە کەس لەگەڵ ئەوەدا نیە کە وەحی بۆ دێتە خوارەوە. کەواتە سەرچاوەی مەعریفی وەحی چیە؟!.

یەکەم: لە رووی مەعریفیەوە کێشەیەکمان هەیە دەبێت چارەسەری بکەین تا بزانین لەناو کتێبی گەردونیدا مەعریفە هەیە، دووەم: لە رووی مێژووییەوە ئێمە ئێستا لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ)دا نین ئایا ئەو مەعریفەیەی لەناو قورئاندا هەیە ئێمەی موسڵمان چ لە فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە بەدەستمان دەگات.

لە سەردەمی پێشووشدا هەروا بووە، دەستکاری نەکراوە، راسڵ دەڵێت: مێژوو خۆی بۆ خۆی سەرچاوەی گومانە دەکرێت من لەسەر ئەم گومانە یەقینێک بینا بکەم، کێ دەڵێت ئەم بوونە ٣٠ هەزارساڵە دروست نەبووە کێ دەڵێت وا نیە، تۆ چ وەڵامێکت بۆی هەیە؟. کێ دەڵێت فەرموودە بەناوی پێغەمبەرەوە نەنووسراوەتەوە،

کێ دەڵێت ئەم قورئانە وانەبووە، لە رووی مێژووییشەوە دەبێت ئەوە راست بکرێتەوە.

گەورەترین گۆڕانکاری لە فیکری مێژوویی نوێ و کۆندا روویداوە، (ئیبن خەلدون)[1] کتێبێکی هەیە بەناوی "مێژووی ئیسلام"ەوە، کتێبێکی تریشی هەیە پێشەکی ئەو کتێبەی تریەتی کە ناسراوە بە پێشەکی ئیبن خەلدون (مقدمە ابن خلدون)[2] کە ئەمەی دواییان باسی چۆنێتی نووسینەوەی مێژوو دەکات.

هیۆم فەیلەسوفی بەناوبانگی ئینگلیزی لە سەردەمی خۆیدا بە مێژوونووس بەناوبانگ بوو کتێبێکی پێنج بەرگی هەیە مێژووی بەریتانیایە، پێشەکیەکی هەیە هاوشێوەی پێشەکیەکەی ئیبن خەلدونە، کە باسی ئەو گۆڕانکاریانە دەکات کە لە مێژوونووسیدا دەبێت روویدات، یەکێک لە سەرەکی ترین ئەو خاڵانەی کە هیۆم باسی دەکات دەڵێت: مێژوونووسانی پێش من لە شتێکدا هەڵەیان کردووە کە هەتا گیرەرەوەکان هاوشێوەی یەکتر بن باشتر قبوڵیان کردووە.

بۆ نموونە (زانستی فەرموودە) هەتا سونیەک گیڕابێتیەوە باشتر قبوڵ کراوە هەتاوەکو کەسێکی شیعە، موسڵمانێک گیرابێتیەوە باشتر قبولکراوە هەتا ناموسڵمانێک، لەناو سونیەکانیشدا هەتا کەسێکی سەر بە مەزهەبەکەی من گێڕابێتیەوە باشتر قبوڵمە تا کەسێکی مەزهەب جیاواز.

هیۆم دەڵێت: لە کاتێکدا بۆ نووسینەوەی مێژوو هەتا هەمە جۆری بێت باشتر یەقین دەگەیەنێت بۆ نموونە ئەگەر هەزار کەس باس لە شتێک بکەن پێنج سەد کەسیان موسڵمان بن پێنج سەدیان ناموسڵمان بن ئەوە باشتر جێگەی یەقینە هەتاکو هەموویان موسڵمان بن، چونکە ئەویتر هیچ مەجبور نیە بەهۆی

---

١. عەبدولرەحمان موحەمەد کوڕی خەلدون لە ساڵی (١٣٣٢) زایینی لە تونس لەدایک بووە و لە بنەچەدا سەر بە بنەماڵەی کیندەی عەرەبیە.

ئیبن خەلدون هەر لە منداڵیەوە فێری رێزمانی عەرەبی بووە لە سەر دەستی باوکی و بەشێکی زۆری زانستە مێژووییەکان و فەلسەفیەکانی لە زانا مەغریبیەکانەوە وەرگرتووە.

ئیبن خەلدون خاوەنی بیردۆزی تایبەتی خۆیەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، و تا ئێستاش ئەو بیردۆزە پەیرەوی دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی کە ئیبن خەلدون دەستی باڵای لە بواری کۆمەڵناسی و ئابووری سیاسیدا هەبووە.

لە ساڵی (١٤٠٠) زایینی لەگەڵ شاڵاوەکەی میسردا دەچێت بەرە و دیمشق بۆ بەرەنگاری کردنی تەیموری لەنگ و لە ساڵی (١٤٠٦) زایینی کۆچی دوایی دەکات.

٢. ابن خلدون، مقدمه ابن خلدون، ترجمه: محمد پروین گنابادی، چاپ هشتم، جلد اول، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران ١٣٧٥ هـ ش.

موسڵمانێتیەوە ئەوە بکا، ئەگەر هەزار کەس بیگیرنەوە پێنج سەدیان پیاو بن و ئەوی تریان ژن بن باشترە لەوەی کە هەر هەزارەکەیان پیاو بن، چونکە ڕێگەی تێدەچێت بەرژەوەندیەکی ڕەگەزی لەوێدا بوونی هەبێت.

کەواتە هەتا هەمە جۆری زیاتر بێت زۆرتر یەقینت لەو بابەتە مێژوویە دەست دەکەوێت، بەڵام مێژوونووسانی کۆن وایان نەکردووە، ئەمە وای کردووە مرۆڤ گومانی بۆ دروست ببێت، ئێستا کتێبەکانی زانستی فەرموودەی سونیەکان و شیعەکان جیاوازن لەیەک، هەریەکەیان هی ئەوتریانی قبوڵ نیە.

ئایا ئەوانەی لەکتێبی پیرۆزدا هاتوون ئەوانە گیراویانەتەوە کە سەر بەو ئایینەن یان خەڵکی تریش گیراویانەتەوە، ئەگەر خەڵکی تر باسیان کرد بێت و گێڕا بێتیانەوە تا سەر ئەو کات دەتوانین بڵێین سەرچاوەی مەعریفەیە، کەواتە لێرەشدا کێشەی مێژووییمان بۆ لەم بابەتەدا دروست دەبێت کە کێشەی دووەمە.

کێشەی سێیەم: لە ڕووی ڕاڤە کردنەوەیە کاتێک کە تۆ فەرموودەیەک دەخوێنیتەوە، رووکەشی ئایەتێک دەخوێنیتەوە پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ یەکێک لە بەڵگە نەویستەکانی ئێستادا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت و چۆن ڕاڤەی دەکەیت، چۆن لێی تێدەگەیت ئەمە زانستێکە پێی دەوترێت (هێرمۆنتیکا).

لە جیهانی ئیسلامیدا هەتا ئێستا نەبووە چونکە ئێمە ڕاستەوخۆ نە لەگەڵ سەردەمی نوێ و زانستی نوێدا نە لەگەڵ دیووە کرداریەکانی سەردەمی نوێدا دەرگیر نەبووین یا لە کتێبەکاندا باسکراوە یان کەسێکی تر بۆی باس کردووین خۆمان نەچووینەتە ناو ئەو جیهانەوە بۆیە هەستمان بەو دژانە نەکردووە بۆیە پێویستمان بە ڕاڤەی نوێ نەبووەو هەر بە ڕاڤە کۆنەکان گرنگی دراوە و هەتا کۆنتر بنووسیت باشتر ڕاڤەت کردووە.

بەدڵنیاییەوە مرۆڤ ناتوانێت لەم سەردەمەدا بژی هەتا ئەم بابەتە فەلسەفی و فیکریانەی بۆ یەکلایی نەبێتەوە کە بابەتانێکی زۆر زۆر گرنگن، لە بابەتی کتێبە گەردونیەکاندا یەک هەڵە بەسە بۆ ئەوەی پێغەمبەر نەبوونی پێغەمبەر بوون بسەلمێت، یەک دژبەیەک هاتنەوە بەسە لە قورئاندا بیدۆزیتەوە، لەبەر ئەوە کتێبی پیرۆز تایبەتمەندی خۆیی هەیە لەبەر ئەوەشە ئەوەندە هەستیاری بەرامبەر بابەتە ئایینیەکان دروست دەبێت تەنانەت گفتوگۆیەکی سادەش لە نێوان دوو کەسدا دەبەسترێت چونکە بابەتە ئایینیە ئەوا دەوروژێت و دەبێتە باس.

لە سەردەمەکانی پێشوودا دەرئەنجامی کرداری شتەکان زۆر بە ئاسانی دەردەکەوت واتە پانتای دیوی کرداری فروانتر بوو تا پانتایی دیوی تیۆری، لە سەردەمەکانی لەوەو پێشدا چونکە جیهانی هەر مرۆڤێک بچووک بوو دەرئەنجامی

کارەکانی خۆی ئاسان لەناو جیهانەکەی خۆیدا کەشف دەکرد، بۆ نموونە کەسێکی مرۆڤکوژ لە شەڕدا دەردەکەوت کە توانای کوشتنی چەند کەسی هەیە، بەڵام ئێستا پانتایی تیۆری زۆرترە و جاری وا هەیە کەسێک لە وڵاتیک قسەیەک دەکات، قسەکەی دەڕوات شەپۆلێک دروست دەکات لە شوێنێکی تر نازانی دەرئەنجامەکەی چیە؟.

بواری تیۆری زۆرتر پانتایی بۆ دروست بووە هەتا بواری کرداری بۆیە نابێت تەنها بۆ دیووە تیۆریەکە نابێت قسە بکەیت، تەنها من نیم کە قسە دەکەم بەڵکو ئەوانی تریش قسەیان هەیە، تەنها من دیندار نیم ئەوی تریش دیندارە، جاران ئەوەی دیندار بووایە لە (دار الاسلام) بوو لە تەمەنی منیشدا هەتا سەردەمی نویّ دروست نەبوو بوو مەسیحی و جوولەکەکانم رووبەڕوو نەبینی بوو بەڵام دوای سەردەمی نویّ دەتوانین دابنیشین و دیبەیتیش بکەین و مامەڵەش بکەین.

بوارە تیۆریەکە پانتایی فراوانتر بووە لە بوارە کرداریەکە بۆ ئەم کۆمەڵەی کە دێت ئەمە وای کردووە ئەم بابەتانە زۆرتر ببنە جێی باس لە چاو سەردەمەکانی پێشوودا، موسڵمانەکان دەڵێن شەریعەت چارەسەری هەموو گرفتەکان دەکات کەمترین گومان دەربارەی ئەمە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی هەرای لە سەر دروست بکات.

بابەتی ئایینی بابەتێکی هەستیارە بۆ کەسێک کە موتەدەینە و باوەڕی بە بابەتە مەعنەویەکان هەیە بە راستی ئەو سەردەمەیە کە ئەو کەسەی دەست بە ئایینیەوە بگرێت وەک ئەوەیە دەست بە پشکۆیەکەوە بگرێت، حافیزی شیرازی دەڵێت: (ئێمە دەبێت بەسەر ئیمانمانەوە بلەرزین وەک چۆن داربیەک بەسەر کانیاوێکەوە دەلەرزێت).

ناکرێت پشت بە خودی کتێبە پیرۆزەکانیش ببەستیت بۆ سەلماندنی ئەو شتانەی کە لە کتێبی پیرۆزدا هەیە چونکە دواجار ئەویش بەشێکە لەو کتێبەی کە دەتەوێت بیسەلمێنیت، تەنانەت نابێت گویّ بۆ خاوەنی ئەو کتێبەش بگریت چونکە ئەو کە نەوەد و نۆ قسەی هەیە ئەمەش دەکات بە سەدەمین قسەی و دەبێت راڤەی بکەیتەوە.

یەکەم کەس بە رای ئێمە کە درکی بە قووڵی ئەم بابەتە کرد، مامۆستا ناصری سوبحانی بوو هەر چەندە ئەو لە سەردەمی کرانەوەی دونیا و جیهانگیریدا نەژیا، دەڵێت: (ئەگەر ئیمامی بوخاری بیزانیایە ئومەتی ئیسلامی چ کۆڵێک دەدەن بەشانیدا زیڕەی دەکرد و کتێبی سەحیحی نەدەنووسی)، چونکە ئەمە بابەتێکی زۆر زۆر گەورەیە.

ئایا من بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە لە قورئاندا تەنها پشت بە قورئان ببەستم؟ چۆن قورئان ئەو مەعریفەیە بە من دەگەیەنێت بەبێ ئەوەی لە دەرەوەی قورئان شتێک هەبێت بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە، مامۆستا ناصر دەڵێت (دەبێت لە دەرەوەی قورئان شتێک هەبێت بۆ ئەوەی دیوە شاراوەکانی قورئانمان پێ نیشان بدات)، شتەکە تەنها بەڵگە نەبێت بەڵکو ژیان بێت لە دەرەوە و قورئانمان پێنیشان بدات، ئەوەش ژیانی پێغەمبەرە، بۆ ئەوەی ماناکانی قورئانت بۆ روون بێتەوە دەبێت لە دەرەوەی قورئان ئەو مانایانە ببینیت.

تەنها بە سەیرکردنی قورئان لە قووڵایی قورئان تێناگەیت پێویستە لە دەرەوە دیوێکی تری روانینت بۆ دروست ببێت، هەر ئەمەیە وا دەکات سوونەت و فەرمووده پێویست بێت ئەمەیە دیوە مەعریفیەکەی، هیچ کەسێک بە قورئان تێناگات بەڵکو دەبێت لە ژیاننامەی پێغەمبەرەوە سەیر بکات کە تەنها بریتی نیە لە فلان ریوایەت و فیسار گێڕانەوە کە گومانی تێدەچێت بە دەم پێغەمبەرەوە هەڵبەسترا بێت، ئەوەی گرنگە کۆی ژیاننامەی پێغەمبەرە، هەندێکی لە بوخاریدایە و هەندێکی تریشی لە موسلیمدا.

ئەو کەسەی کە تەنها دەیەوێت بە ناسینی دینێک، دین بناسێت ئەوا قەد نایناسێت دەبێت دینی تریش بخوێنێتەوە، ئەم هەمە جۆریە وا دەکات لە قووڵاییان تێبگەیت، لەم مەسەلەیەشدا بابەتی گوناه سەنتەریە.

بوزا دەڵێت: (مرۆڤ وەک کەسێکە کەوا سواری ئەسپ و عارەبانەیەک بوو بێت لە رێگایەکی خاکیدا دەڕوات دەیەوێت سەیری دەوروبەری خۆی بکات بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەڕوات ئەسپ و عارەبانەکە تەپوتۆزێک دروست دەکات کە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت دەوروبەری خۆی ببینێت و ئەگەر بیشوەستێت ئەوا ئامانجەکەی نایەتەدی کە لەکاتی جووڵاندایە کە دەوروبەر و جێگەی تر ببینێت، ئەو تەپوتۆزەی کە دروست بوو بە هۆی جووڵەوە، ناوی گوناهە).

یەکێک لە راڤەکارانی "کیرگەگۆر"[1] بەناوی "مێری بەیکەر"[1]: (دەڵێت تۆ وا دابنێ کەسێک لە گەرماودایە هەموو گیانی شل بووە و پاک بۆتەوە دەچیتە بەر هەوایەکی

---

١. سۆرین کیرگەگۆر: لە ٥ی ئایاری ساڵی ١٨١٣ لە شاری کۆپنهاگ لە دانیمارک لە خێزانێکی دەوڵەمەند لە دایک بووە.

پاش مردنی باوکی سامانێکی زۆری بۆ بەجێ ماوە و لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لەگەڵ کچێکدا پەیمانی هاوسەرگیری دەبەستێت و پاشان پەشیمان دەبێت و لە سەرەتادا دەیویست ببێتە قەشە و بەڵام دواتر رووی لە فیکر کرد و زیاتر لە بیست کتێب و بەرهەمی لەم بوارەدا نووسیوە.

سارد دەبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی و قورس دەبێت لە سەری ئەم نەخۆشیە بەهۆی ئەو کردارە هەڵەوە بوو کە چۆتە بەرهەواکە ئەوەش گوناهە)، پێغەمبەران لە بواری وەحیدا ئەو گوناە و تەپوتۆزەیان نەبووە دەکرێت بکرێنە ئەو سەرچاوە مەعریفیەی کە مەعریفەمان دەربارەی کتێبە پیرۆزەکان پێ بدەن.

***

---

کیرگەگۆر لەو باوەڕەدابوو کە زۆربەی خەڵکان تەنیا لە یەک قۆناغدا ژیان بەسەر دەبەن و ژیانیان تووش ئاڵوگۆڕی نابێت. ئەو کەسەی کە لە قۆناغی هەستۆکی (خۆش ڕابواردن) ژیان بە سەر دەبات، کاتەکانی ژیانی خۆی بە خۆشی و سەرمەستیەوە تێدەپەڕێنێت و لە هەر هەل و دەرفەتێک کە بۆی دەرخسێت لە بۆ چێژوەرگرتنی زۆرتر لەم ژیانەیە.

ئەم جۆر مرۆڤە بەتەواوەتی لە جیهانی هەستەکانی خۆیدا بەسەر دەبات و کۆیلەی کات و خواست و ویستەکانی خۆیەتی و هەڵبەت شتە ناخۆش و دەردەدارەکان بۆ ئەویش زۆر ناخۆش و ناحەزن.

کیرگەگۆر لە تەمەنی ٤٢ساڵیدا لە ١١ نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٥٥ کۆچی دوایی کرد.

١. مێری بەیکەر ئێدی: لە ١٦ جولای ١٨٢١ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتەوە دونیاوە.

هەر چەندە لە ژیانی خێزانداریدا سەرکەتوو نەیبووە و سێ جار هاوسەرگیری کردوووە بەڵام ئەم خانمە لە بواری نووسین و کاری هزریدا سەرکەتوو بووە و توانی لە ساڵی ١٨٧٩ دامەزراوەی بزاوتی زانستی مەسیحی دابمەزرێنێت کە بریتیە لە سیستمێکی ئەمریکی پرۆتستانی بۆ فیکری ئایینی و بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمە بیروباوەڕیەکان کە کەنیسەی جیهانی پشتی پێدەبەستێت.

خاوەنی چەندین نووسین و بەرهەمە و ناسراوترین کتێبی بریتیە لە (زانست و تەندروستی و دەروازەیەک بۆ کتێبی پیرۆز)ە. جگە لە نووسینەکانی چەند دامەزراوە و بڵاوکەرەوەیەکیش دامەزراندووە لە وانە (کۆمەڵگەی زانستی مەسیحی بۆ بڵاوکردنەوە) لە ساڵی ١٨٧٩. کە زۆرێک لە گۆڤارەکان لێرەوە بڵاو دەکرانەوە لەوانەش بڵاوکراوەی (کریستیەن ساینس مۆنیتۆر).

مێری بەیکەر ئێدی لە ٣ی دیسەمبەری ساڵی ١٩١٠ کۆچی دوایی کرد.

# ئایین و وەحی چی بۆ من دەکەن؟

هەندێک لە فەیلەسوفەکان سروش (وحی) بە سەرچاوەیەکی سەربەخۆ دادەنێن بۆ مەعریفە هەندێکیشیان دای نانێن بە سەرچاوەی مەعریفە، ئایین و وەحی چی بۆ من دەکەن؟ ئەگەر بڵێیت پێویستیە مادی و کۆمەڵایەتی و ئەخڵاقیەکانم بۆ دابین دەکات دەی خۆ ئەمە بە بێ دینیش دەکرێت، ئابووری بەبێ دین دەکرێت خەڵک هەیە زۆر لە بواری ئابووریدا سەرکەوتووە و باوەڕی بە خوداش نیە، خەڵک هەیە ئەخڵاقیە و بڕواشی بە ئایین نیە، ئەی ئایین چی بۆ من دەکات، من چاوەڕوانیەکم لە ئایین هەیە؟

مرۆڤی ئەم سەردەمە مرۆڤی خاوەن مافە و هەردەم بیر دەکاتەوە کە مافم لەو شتەدا کامەیە و چۆنە و چیە؟ سەرەتا پێشگریمانەی ئەوە دەکەین کە ئایین وەڵامی ئەو پێنج پرسیارە سەرەکیەمان دەداتەوە، (ڤیلیەم جەیمز) کە بە دامەزرێنەری دەروونناسی ئایینی دادەنرێت، دەڵێت: ئەم پێنج پرسیارە هیچ کەسێک ناتوانێت بێ وەڵامیان بژی (خودا چیە، منی ئاگا ئایا بەردەوامیم هەیە، ئایا من ئیرادە و توانای هەڵبژاردنم لە شتەکاندا هەیە یان بەسەرمدا سەپێنراوە، ئایا بوون بوونێکی ئەخلاقیە، ئایا مانایەک بۆ ژیانی من هەیە؟).

عەبدولکەریم سروش چەندین تیۆریای لە ئێراندا دانا یەکێک لەوانە تیۆریای (هەڵکشان و داکشانی شەریعەت)[١] بوو کورتەی ئەم تیۆریایە ئەوەیە کە وتی بە پیاوە ئایینیەکان ئێوە هەموو ئەوەی کە بە ناوی مەعریفەی دینی و خوداوە دەیدەن بە کۆمەڵگە مەعریفەی زەمینی و مرۆییە، هی خودا نیە بەڵکو هی خۆتانە، توانی لە رووی فەلسەفیشەوە بیسەلمێنێت، لەوێدا کورتەی فەلسەفەی زانستی هێناوە کە مەعریفەی مرۆیی دوو بەشە هەموو مەعریفەی مرۆیی لە هەموو قۆناغێکدا پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە.

زانستە ئەزموونیەکان جێکەوتیان لە سەر زانستە مرۆییەکان هەیە، ئەوانیش کاریگەریان لە سەر فەلسەفە و زانستە فیکریەکان هەیە، زانستە فیکریەکانیش

---

١. عبدالكريم سروش، قبض و بسط تئوريک شريعت، مؤسسەی فرهنگی صراط، تهران، چاپ هشتم، ١٣٨٢هـ.ش.

جێکەوتیان لە سەر زانستە ئەزموونیەکان هەیە هەموویان پێکەوە سیستەمێک تەواو دەکەن، کە زانا و فەیلەسوفەکان فەلسەفەی زانست ناویان ناوە (پارادایم).

پارادایم لە پشتی زانستەکانەوەیە و راگرێکە بۆیان و بە چاو نابینرێت بەڵام ئەگەر پارادایم بگۆڕێت هەموو زانستەکان دەگۆڕێن، سروش بۆ سەلماندنی قسەکانی نموونە بە شیعرەکانی مەولانای رۆمی دەهێنێتەوە کە دەڵێت: (گەڵاکان لە هاویندا بە سەوزی خۆیانەوە دەنازن، هاوینیش دەڵێت با من بڕۆم ئەو کات سەوزی خۆتان دەبیننەوە) ئەوان وا دەزانن ئەو سەوزیە هی خۆیانە لە کاتێکدا هی هاوینی نەبینراوە هاوین (پارادایم)ە.

خودی زانستەکە نیە گۆڕانکاری لە زانستەکەدا دروست دەکات بەڵکو شتێکە کە سەرجەمی زانستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە هەموو پارادایمێکدا کە کۆمەڵێک زانست و مەعریفە هەیە پێکەوە مەعریفەی ئەو سەردەمە پێک دەهێنن، بۆیە دەبینین زانایەکی فیزیایی کە داهێنانێک دەکات جێکەوت لە فەلسەفەدا دروست دەکات.

هەموو سەردەمێک پارادایمی تایبەت بە خۆیی هەیە هەندێک فەیلەسوف و مێژوونووس هەیە مێژووی سەردەمەکان بەپێی گۆڕانکاری پارادایمەکان دەنووسنەوە، (فۆکۆ)[1] کتێبێکی بەناوی (وشەکان و شتەکان)[2] مێژووی مرۆڤایەتی لەو کتێبەدا بەپێی گۆڕانکاری پارادایمەکان روونکردۆتەوە لە هەموو پارادایمێکدا

---

١. میشێل فۆکۆ: لە پواتیەی فەرەنسا لە١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٦ هاتۆتە دنیاوە. لە ساڵی ١٩٥٢ لیسانسی دەروونناسی وەرگرت و لە نەخۆشخانە دەرونیەکان سەرقاڵی کارکردن بوو. ساڵی ١٩٦٦ دکتۆرای لە بواری فەلسەفەدا وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٧٠ بە سەرۆکی بەشی مێژووی کۆلیژی دووەمی فەرەنسا هەڵبژێردرا.

فۆکۆ لە پەرتوکیەکەیدا بە ناوی (شیتی و شارستانێتی)، کە تێزی دکتۆرایەکەیەتی، نیشانی دەدات کە شێتی چەمکێکی کۆمەڵایەتیە، نەک تەنها دەرون پزیشکی، ئەمە شکڵی تایبەتی، سیستەمی حقیقەت (واتە پەیوەندی نێوان دەسەڵات بە لقێکی دیار لە زانست)ە کە بەیەک کات و لە یەک کۆمەڵگەی تایبەتدا شێتی پێناسە دەکات.

کارەساتەکانی کۆمونیزم و فاشیزم و (پۆلیسی نهێنی) ستالینی و کەمپەکانی مەرگی هیتلەر، نیشاندەری تیۆرەکانی فۆکۆن. لە قۆناغی تری فیکریدا سەرنجی فۆکۆ بۆ بابەتی سێکسی گۆڕا کە بە نووسینی چەندین وتار دەربارەی (دوو رەگەزەکان) و سێ بەرگی کتێبی مێژووی سێکسی کۆتایی هات.

فۆکۆ لە ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی نەخۆشی ئایدزەوە لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

٢. فوکو، میشل، کلمات و اشیا، ترجمە: مسعود خیرخواە، انتشارات آگاە، تهران ١٣٨٦.

زانستەکان دەبنە دوو بەش، فەیلەسوفەکانی زانست ناویان دەنێن دوو جۆر زانست (زانستی بەرهەمهێن "العلوم تولیدی"، زانستی بەرخۆر "العلوم استهلاکی").

هەمیشە بەرهەمهێنەکان داهێنانە قووڵەکان دەکەن و بەرخۆرەکانیش سوود لە داهێنانەکان دەبەن)، بۆ نموونە لە ئابووریدا شتێک کەشف دەبێت دوایی مێژوونووسەکان دەینووسنەوە بەم شێوەیە زانستەکان لە نێوان بەرهەمهێنان و بەکاربردندا یاری دەکەن هەندێک لە زانستەکان کە بەرهەمهێنن دەستکاری کارەکانی تر دەکەن کە بەرخۆرن جێکەوتیان لە سەر دەبێت.

عەبدولکەریم سروش وتی: ئەوەی کە ئێوە وا دەزانن لە خوداوە وەرتان گرتووە ئەوە پارادایمی ئەو سەردەمەیە، بەکاربردنی زانستە بەرهەمهێنەرەکانە چونکە مەعریفەی دینی کۆمەڵێک زانستی بەکاربەرە بۆیە مەعریفەی ئایینیەکان بەپێی گۆڕانکاریەکانی سەردەمەکان دەگۆڕێت، کەواتە ئەوەی کە من وادەزانم لە شوێنێکی ترەوە بۆم بەتایبەت ئەوە هی سەردەمەکەی خۆمە وەرمگرتووە بەڵام دیار نیە و نایبینم. بۆیە ئەرکی سەرەکی ئایین بریتی نیە لە ناساندنی ئەو مەعریفانەی کە لە سەردەمی خۆماندا هەیە، ئایین خۆشی و چێژ و رۆڵی تایبەتی خۆیی هەیە، کەواتە هەموو سەردەمێک پارادایم و مەعریفەی تایبەت بە خۆی هەیە، هەموو سەردەمێکیش ئاگایی تایبەت بەخۆیی هەیە.

مەعریفە تەنها داتا و زانیاری و ژمارەیەک نیە وەری بگرین بەڵکو لایەنی کرداریشی هەیە، ئەگەر هەموو سەردەمێک پارادایم و ئاگایی تایبەت بەخۆیی هەبێت ئەم ئاگاییە تەنها دیوی تیۆریایی نیە بەڵکو دیوی کرداریشی هەیە، خەڵکانێک هەن بەناوی دینەوە دەیانەوێت مەعریفەکەی ئەم سەردەمە وەربگرێت بەبێ ئەوەی دیوە کرداریەکەی ئەم سەردەمەی قبوڵ بێت.

بۆ نموونە تۆ ناتوانی مەعریفەی سیاسی هەبێت و لە باسی دیموکراسی تێبگەیت هەتا لە مافی مرۆڤ تێنەگەیت، بەنیازن تەکنەلۆژیا بهێنن لە رۆژئاواوە بەبێ ئەوەی دیوە کرداریەکەی ئەم تەکنەلۆژیایە بێنن ئاخر ئەمیش ئەخلاقیاتی تایبەت بەخۆیی هەیە، تەنانەت بەنیازن مەعریفەی ئەم سەردەمەیان هەبێت بەڵام دیووە کرداریەکەی سەردەمێک و پارادایمێکی تر بهێنن، ئەمە کێشە و گرفتی ئەم سەردەمەی ئێمە، بۆ نموونە دیوێکی کرداری لە سەر ئاگایی سەردەمێک دامەزراوە ئێستا ئاگاییەکە گۆڕاوە بەتەمان ئەو دیوە رەفتاریە لەگەڵ ئەمەدا بگونجێنن بەڵام ناگونجێت و تووشی کێشە دەبێت، چونکە ئاگایی تەنها تیۆریا نیە ئەوە نیە تۆ دوو کتێب بخوێنیتەوە و لەبەری بکەیت، ناگونجێت کە بەگۆڕانی پارادایم و ئاگایی مرۆڤەکان دیوی کرداریان نەگۆڕێت.

مرۆڤ ناتوانێت قەد وا بژی چونکە هەموو سەردەمێک مەعریفەی تایبەت بەخۆیی هەیە و دیوی کرداری تایبەت بە خۆشی هەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شتێکی هاوبەش نەبێت لە نێوان سەردەمەکاندا بەڵکو پارادایمەکانیش شتی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا وەکو کۆمەڵێک بازنەن کە ناوچەی هاوبەشیان هەیە، هەندێک بابەتی مەعریفیش هەیە لە هەموو سەردەمەکاندا دووبارە دەبێتەوە.

ئەگەر بڕیار بێت من لە سەردەم و پارادایمێکی تردا دەژیم چۆن متمانەم بە پێغەمبەر هەبێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکەم و مەعریفەی لێوەربگرم  کە لە ئاگایی و پارادایمێکی تردا بووە، کلتور و سەردەمێکی تری هەبووە. گوناه ئێستا لە فەلسەفەدا جێگەی تایبەت بە خۆیی هەیە.

لە پەنجاکانی سەدەی بیست بە دواوە چەمکی گوناه چۆتە سەنتەر فەیلەسوفەکان باسی گوناه دەکەن، فەلسەفە و تیۆریای نوێ لەم بوارەدا دروست بووە بەڵکو زۆرێک لە فەلسەفەی زانستەکان بۆ نموونە فەلسەفەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە گوناهەوە پەیدا کردووە پێش ئەو ماوەیە نە زاناکانی زانستە ئەزموونیەکان نە فەیلەسوفەکانیش باسی گوناهیان نەدەکرد بەڵکو هەر لێی نەدەگشتن.

عەبدولکەریم سروش دەڵێت: (من لە بەریتانیا پرسیارم لە کارڵ پۆپەر کرد وتم گوناه لای تۆ چیە؟ ئەویش وتی: من تێناگەم)، چەند سەدە پێش پۆپەر، فەیلەسوفی بەناوبانگی زانست (پاسکاڵ) ئەو کاتەی کە تیۆریا بەناوبانگەکەی پێشکەش بە ناپلیۆن دەکات و بۆی روون دەکاتەوە ناپلۆن دەڵێت: شوێنی خودا لێرەدا لە کوێدایە ئەویش دەڵێت من لەو تیۆریایە تێناگەم، چونکە شتەکە خۆی میکانیکیە و خۆی بە خۆی تەواو دەکات ئیتر باسی خودا لەوێدا نیە.

بەڵام لە پەنجاکانی سەدەی بیست بە دواوە باسی خودا و ئایین زیندوو دەبنەوە چونکە رۆڵیان لە بابەتەکاندا هەیە ئیتر فەیلەسوفەکانی فەلسەفەی سیاسەت، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ئەم بابەتە جارێکی تر لە رێگەی گوناهەوە شی دەکەنەوە.

(هۆبز) دامەزرێنەری گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەڵێت: (سیستەمی سیاسی و سیاسی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لەسەر گرێبەستێک لە نێوان دەسەڵاتدار و خەڵکدا دروست دەبێت، هۆکاری بەستنی ئەم گرێبەستەش ئەوەیە کە مرۆڤ گورگی براکەیەتی ئەگەر دەسەڵاتێک نەبێت ئەو گورگانە یەکتر لەناو دەبەن و گوناه دەکەن).

کۆمەڵێک لە زانستی نوێ دروست بوون لەوەو پێش بوونیان نەبووە بۆ نموونە "هابرماس" هات و وتی: زانستەکان دابەش نابن بە زانستە ئەزموونیەکان و

ئەدەبیەکان و مرۆییەکان، ئەزموونیەکان بۆ مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ شتدا، مرۆییەکان بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە کە مانا لە نێوانیاندا سەنتەرە، زانستە رزگارکەرەکان وەک ئەخلاق و هونەر و ئایین.

لە زانستە ئەزموونیەکاندا پزیشکێک هەر هێندە بەس نیە کە زانستی پزیشکی باش شارەزا بێت بەڵکو گرنگە کە لە پیشەکەیدا گوناهی ئەخلاقی نەکات، ئەخلاقیانە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشدا بکات، ئیدی تەنها زانست بەس نیە بەڵکو ئەخلاقیانە مامەڵکردن لەگەڵ زانستدا گرنگە.

وەک نموونەکەی بوزا کە پێشتر ئاماژەمان پێدا و گوناهی بە تەپۆتۆزی ئەسپ و عارەبانەی کەسێکی سوار لەناو دارستانێکدا ناو برد. ئێمەش لەکاتی جووڵەدا تەپوتۆزێک دروست دەکەین و دەبێتە هۆی ئەوەی حەقیقەت نەبینین و چاومان نابینا دەبێت، ئەمەیە لە کتێبە ئایینیەکاندا و بە تایبەتی لە قورئاندا ئاماژەی روونی پی دەدرێت: (يُرِيدُ ٱلۡإِنسَٰنُ لِيَفۡجُرَ أَمَامَهُۥ ۝٥ يَسۡـَٔلُ أَيَّانَ يَوۡمُ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝٦ ).

کەسەکە دەیەوێت گوناه بکات و دەڵێت قیامەتی چی، وەک نموونە و لێکدانەوەی کیرگەگەرد کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد و لێرەدا جارێکی تر بۆ زیاتر روون بوونەوەی بابەتەکە ئاماژوە پێدەینەوە کە دەڵێت: (تۆ وا دابنێ کەسێک لە گەرماوە و هەموو گیانی شل بووە و پاک بۆتەوە دەچێتە بەر هەوایەکی سارد دەبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی و قورس دەبێت ورێنە دەکات لە سەر ئەم نەخۆشیە بەهۆی ئەو کردارە هەڵەوە بوو کە چووە بەر هەواکە ئەوەش گوناهە مرۆڤیش بەهۆی گوناهەوە زۆر شت دەڵێت کە واقیعی و حەقیقەت نیە).

مادام ئێمە حەقیقەت نابینین بەهۆی ئەو تەپوتۆزەی کە دروستمان کردووە بە هۆی جووڵەمانەوە کەواتە دەبێت بیدەین بەدەست کەسێکەوە کە هەر چەندە دەشجووڵێت بەڵام تەپوتۆز دروست ناکات، ئەمەیە متمانەکردن بە پێغەمبەران فەلسەفەی پێغەمبەرایەتی بەشێکی زۆری ئەمەیە.

مرۆڤ هەتا گوناهی کەمتر بێت ئاگایی زیاترە، باشتر حەقیقەت دەبینێت، هەتا مەست بێت حەقیقەت نابینێت بۆیە مرۆڤە ئەزموونە گەورەکان ئاگاترن، هەتا ئاگاتر و ئەزموونت زیاتر بێت پێکەنینت دێت بەوانەی کە خەریکی یارین خەریکی مەسئەلەی دەورن چونکە ئەوان حەقیقەت نابینن، بیهێنە پێش چاوت پیاوێکی پیر کاتێک وەسیەت دەکات بۆ منداڵەکانی و میراتیەکانی بەش دەکات لە نێوانیاندا لەو کاتەی کە پێیان دەدات کورەکان لە سەری شەڕ دەکەن، باوکەکەش پێیان

پێدەکەنێت چونکە ئەو دەزانێت و تێدەگات کە ئەگەر ئەم بیویستایە و بمایەتەوە نەدەگشتە ئەوان، ئەو حەقیقەت دەبینێ چونکە ئاگاتر و ئەزموونی زیاترە.

مامۆستا نوورسی لە یەکێک لەکتێبەکانیدا دەڵێت: (بوونی سەد و بیست هەزار پێغەمبەر لە سەر هەبوونی خودا بەڵگەیە) ئەو کاتەی کە خوێندمەوە رام وا بوو چۆن دەبێت کەسێک نوێنەری خودا بێت و بکرێت بە بەڵگە لەسەر هەبوونی خودا بەڵام ئێستا تێدەگەم لەبەر ئەوەی ئەوان بێ گوناهترن، ئاگاترن و چاویان کراوەیە و حەقیقەت دەبینن، پێغەمبەران لە بواری وەحیدا ئەو گوناە و تەپوتۆزەیان نەبووە دەکرێت بکرێنە ئەو سەرچاوە مەعریفیەی کە مەعریفەمان دەربارەی کتێبە پیرۆزەکان پێبدەن.

لە شوێنێکدا لە (موستەفا مەلەکیان)یان پرسی چ بەڵگەیەکت هەیە لەسەر بوونی خودا ئەویش وتی: دایک و باوکم منیان باش پەروەردە کردووە، (ادبنی ربی فأحسنا تأدیبی)، وا پەروەردەی کردووم کە حەقیقەت ببینم بە بەرژەوەندی خۆم نەیشکێنمەوە و لێکدانەوەی بۆ نەکەم، بەڵگەی بۆ بهێنمەوە نەک راڤەی بۆ بکەم، راڤە هەوا پەرستیەوە بەرژەوەندی تێیدا بوونی هەیە بەڵام بەڵگە هێنانەوە مەعریفەتناسیە.

ئێمە لە هەموو بوارێکدا نەک تەنها ئایین زیاتر متمانەمان بە کەسە بێلایەنەکان هەیە، هەتا بێگوناهی کەسەکان بچیتە سەرەوە تۆ دەتوانی باشتر متمانەی پێ بکەیت و شتی لێوەربگریت چونکە زۆرتر بێلایەن دەبێت، ئێمە متمانەمان بە پێغەمبەر (د.خ) هەیە بۆیە ئەمە یەکێک بووە لەو هۆکارانەی کە خەڵک شوێنیان کەوتووە، ئەم متمانەیە لەوەوە دروست بووە.

زۆرجار کەسانێک هەن زۆر زانایە بەڵام فیلبازە کەس خۆشی ناوێت و ناکەونە شوێنی بەڵام کەسێکی تر هەیە هەر چەندە عاریفە و مەعریفەی هەیە ئەوەندەش خاکی و راستگۆیە دوو لایەنەیە لایەکیان مەعریفە و ئاگاییە لاکەی تری مامەڵەی ئەخلاقیە.

فەیلەسوفەکانی زمان دەڵێن کاتێک زمان مانای دەبێت بۆ ئەمەش دوو کۆمەڵەن، کۆمەڵەیەکیان فەیلەسوفە کیشوەریەکانن "ئەڵمانیا و فەرەنسا" کە ئەمانیش بوون بە سێ بەشەوە، (دیاردەناس، وجودی و هیرمۆنتیکارەکان)ن دەڵێن کاتێک زمان مانای دەبێت و تێگەیشتنمان بۆی دەبێت کە گونجاو بێت لە گەڵ شتە پێشینەکانی ئێمە چونکە باوەڕیان وایە هەموو مرۆڤێک ژینگەیەکی فیکری و مەعریفی و جەستەیی سەربەخۆیی هەیە و بۆ خۆی جیهانێکی سەربەخۆیە.

بۆ ئەوەی سادەتری بکەینەوە لێچووی دەکەن لەگەڵ کتێبخانەیەکدا کە تێیدا هەموو بەشەکان جیاکراونەتەوە کاتێک کتێبێک دێتە ناو ئەو کتێبخانەیەوە دەبێت لە یەکێک لەو بەشانەدا جێی بێتەوە و سەر بە یەکێک لەو بەشانە بێت لە رووی بابەتیەوە، دەبێت ئاشنا بێت بە یەکێک لەو بەشانە ئەگەر جیاواز لەو بەشانە بێت و تازە بێت هیچ بەشێک دەرگای بە روودا ناکاتەوە و وەک پارچەیەک لە خۆی قبوڵی ناکات، ئەو کاتە شت مانای دەبێت کە لەگەڵ بوونە پێشووەکەی ئێمە گونجاو بێت.

ئێمە ژینگەیەکی ژیانیمان هەیە ئەو شتانە قبوڵ دەکەین کە لەگەڵ ژینگەی ئێمەدا گونجاوە. هەر بۆیە ئێمەش رامان وایە ئەو ئیسلامە لە ناوچەی کوردەواری ئێمەدا گونجاوە کە ئیسلامی کوردیە چونکە ژینگەیەکی وجودیانەی قووڵ هەیە ئەگەر بەتەواوەتی رێک نەبێت لەگەڵ ئەمەدا ئەوا نامۆ دەردەچێت، ئەگەر کتێبێکی سەلەفی سعودی بهێنرێت لەناو کوردا وەرگێرانی بۆ بکرێت چەندە کار لەکۆمەڵگە دەکات بە بەراورد بە کەسێکی وەک (مەحوی) بە دڵنیاییەوە مەحوی زیاتر جێکەوتی دەبێت چونکە ئاشنایە و بە خانەکانی ژیان و رۆحی ئێمە دەخوات.

ئەوان باوەڕیان وایە هەموو شتێک کاتێک مرۆڤ قبوڵی دەکات کە لەناو جیهانی ئەوا جێگەی بێتەوە. کۆمەڵێکی تر لە فەیلەسوفان هەن کە پێیان دەوترێت فەیلەسوفە تەحلیلیەکان، ئەمانە دەڵێن: کاتێک وشە مانای هەیە نەک بچێتە ناو خانەکانەوە بەڵکو جێکەوتی لە سەر یەکێک لە ئەزموونەکانی ئێمە ببێت.

هەروەها دەڵێن: تۆ وا دابنێ شانۆکاری و کاتێک لە سەر تەختەی شانۆ وەستاویت دەنگێک دێت تۆ دەزانی دەنگی گڵۆپەکەیە تەقیوە لە دەرەوە بۆیە هیچ خۆت تێک نادەیت دواتر دەنگێکی تر دێت و دەزانیت دەرهێنەرەکەیە و ئاگادارت دەکاتەوە کە لە فلان رۆڵدا باش نەبوویت لەسەر ئەزموونەکەت شتی وت گرنگی بەوەی یەکەمجار نادەیت بەڵام ئەمەی دواییانت پێ گرنگە ئەمەیە مانا پەیدا دەکات.

مەعریفەی پێغەمبەران بەهۆی ئەو متمانەیەی هەمان پێیان بە یەکێک لەم دوو رێگەیە جێکەوتیان لە سەر ئەزموونەکانی ئێمە هەیە و دەبێت، جۆرێک لە مەعریفەی تایبەت بە ئێمە دەبەخشن، مانا بە ژیانی ئێمە دەبەخشن، لەگەڵ ستراکچەری بوونی ئێمەدا دەگونجێت، یان لەگەڵ ئەزموونە پێشینەکانی ئێمەدا پێک دێن، دەنگ و بیستن لە یەک جیاوازن چوون ئەگەر مرۆڤ نەبێت ببیستێت ئەوا بوونی نابێت. کاری پێغەمبەران بیستنە نەک دەنگ واتە لەگەڵ جیهانی مرۆڤدا هەیە لەگەڵ مانا مامەڵە دەکات، لەگەڵ ئاگاییدا مامەڵە دەکات نەک لەگەڵ حەقیقەتی مادیدا .

مرۆڤیش ئاگاییەکانیەتی نەک فاکتەکانی خودا دەفەرموێت: (لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡ)، "زیانتان پێناگەیەنێت هەر کەسێک گومڕا بێت ئەگەر ئێوە هیدایەتان وەرگرت بێت" تەباتەبایی فەیلەسوفی ئێرانی لە تەفسیری (المیزان)[1]دا دەڵێت من بەم ئایەتەدا بۆم دەردەکەوێت مادە و دیوە جەستەییەکەی من ئەوە من نیم بۆ چونکە ئەوان زیان بە من دەگەیەنن بەڵام زیان بەو خودی منی راستەقینەی من ناگەیەنن، وەک مەولانا دەڵێت: (ئەو منەی لە من منتری) ئەوە دەکاتە ئاگایی من و خودی من.

ئیقباڵ لاهوری لە تیۆریای خودیەکەیدا باسی ئەمە دەکات، ئەو مەعریفانەی پێغەمبەران دەیهێنن دەستکاری ئەم جیهانە دەکەن ئەم جیهانەی ئێمە دەکەن ئەزموونەکانمان، ئەو پرسیارانەشی کە وتمان کەس ناتوانێت بێ وەڵامیان بژی پەیوەندیان بەم جیهانەوە هەیە، ئاگایی من نەک جەستە، گەورەیی و بچووکی جەستەم یەکسان نیە بە مرۆڤبوونی من، رەنگی من یەکسان نیە بە مرۆڤبوونی من، ئەزموونەکان و ئاگاییەکان و ئیرادە و بەها و ئەرزش و دیوی رۆحی ئەمانە بە یەکەوە جۆرێک لە من دروست دەکەن کە ناوی دەنێن ئاگایی.

ئاگایی تەنها زەین نیە بەڵکو منێک کە بە پێی سەردەمەکان دروست دەبێت، پێغەمبەران لەگەڵ ئەو ئاگایی و خودەدا مامەڵە دەکەن. ئەو خودەیە بەهۆی گوناهەوە حەقیقەت ببینێت لە کاتێکدا چاوەکان هەروەک خۆیانن و گوێکان هەر هەمان گوێن بە پێچەوانەوە زۆرجار ئەوانەی کە ئەوان و لەشیان بە گوناهباری راگرتووە لە رووی هێزەوە بەهێزن و لە رووی لەش ساغیشەوە هیچ گرفتیکیان نیە.

(هانا ئارێنت)[2] لێکۆڵینەوەی لە سەر هیتلەر کردووە و دەڵێت: (هیتلەر خەیاڵی نەبووە بۆیە توانیویەتی ئەو هەموو خەڵکە بکوژێت)، حەقیقەتی نەبینیوە، ئەمەیانە

---

١. محمد حسين الطباطبائى، تفسير الميزان، مؤسسه الاعلمى للمطبوعات، لبنان – بيروت، الطبعة الاولى ١٩٩٧.

٢. هانا ئارێنت لە دایکبووی ١٤ ئۆکتۆبەری ١٩٠٦ی هانۆڤەر ئەڵمانیایە، تەنیا منداڵی پاوڵ مارتای بە رەگەز جولەکەی روسیە.

ئارێنت پاش تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لە کۆینگس بێرگ، ساڵی ١٩٢٤ دەستی دایە خوێندنی کۆمەڵناسی لە زانکۆی ماربێرگ، پاشان لەبەردەستی مارتن هایدگەر هەر لەو زانکۆدا دەستی دایە خوێندنی فەلسەفە..

گەورە دەبێت ئاگایی زیاتر دەبێت و تەنانەت دەگاتە خودشکۆفایی، هەر ئەمەیە مامۆستا ناصر و ئیقباڵی لاهوری پێیان وایە رۆحی مرۆڤ لە بەرزەخ و بەهەشتیشدا هەر دەجووڵێت، ئەمەیە (مَا زَاغَ ٱلۡبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ ) چاوی پێغەمبەر (د.خ) تەنانەت لە حوزوری خوداشدا ئاگابووە و دەیزانی چی دەگوزەرێت، مرۆڤ چەند ئاگاتر بێت ئەوەندە خودی گەورەترە، بەمەیە پێگەیشتوویی و کاڵی مرۆڤەکان دەپێوریت نەک بەجەستە.

لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە کە: (جارێک "عەبدوڵڵای کوری مەسعود"[1] چوو بووە سەر دارخورمایەک و هاوەڵانی پێغەمبەر بە قاچەکانی پێدەکەنین،

---

پاشانیش چۆتە زانکۆی هایدلبێرگ و نامەی دکتۆراکەی بە ناوی (چەمکی خۆشەویستی لە ئەندێشەی کلتوردا) پێشکەش کردووە، هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا لە زانکۆی بەرلیندا ئیلاهیاتی مەسیحی خوێندووە.

ئارێنت بە یەکێک لە فەیلەسوفە هاوچەرخەکان دادەنرێت کە پاش سیمۆن دی بۆڤوار دیارترین ژنە فەیلەسوفە.

ئارێنت پێی وایە کاتێک کە مرۆڤێک بیر ناکاتەوە بوونی نیە، مەبەستی لە سیاسەت تێگەیشتنە نەک کارکردن، کە گۆڕانکاری بەسەر پەیوەندی ئێمە و رابردوودا هێنا و دەڵێت بیرکردنەوە واتە بیرهێنانەوەی ڕابردوو و پەیوەستکردنی بە ئێستاوە.

هانا ئارێنت لە ٤ی دێسەمبەری ١٩٧٥ نیویۆرکی ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە.

بۆ زیاتر بڕوانە: حەمەکەریم، شادان، هانا ئارێنت و ئەندێشەکانی، گەورەترین تاوانی ئەخلاقی هەر مرۆڤێک بیرنەکردنەوەیە، گۆڤاری تاوی کۆمەڵایەتی ٢٠١٤.

١. عەبدوڵای کوڕی مەسعود: ناوی تەواوی (عبدالله بن مسعود بن غافل بن حبیب الهذلی) کە بە "ئیبن مەسعود" ناسراوە و یەکێکە لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) و شەشەمین کەسە لە پیاواندا کە لە مەککەدا ئیمانی بە ئیسلام هێنا و موسڵمان بوو.

یەکێکە لەو کەسانەی کە هەموو قورئانی لەبەر بووە و لە خودی پێغەمبەرەوە فێری خوێندنەوەی قورئان بووە و یەکەمین کەسیش بووە بە ئاشکرا قورئانی لە مەککەدا خوێندنەوە و هەر بەم هۆیەشەوە لە لایەن قورەیشەوە ئازار دراوە و دەموچاو و روخساری بریندار کراوە.

یەکێکە لەو کەسانەی کە لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچی کرد و بە هەمان شێوە بۆ حەبەشەش کۆچی کردووە و لە جەنگی بەدر و زۆرێک لە جەنگەکانی دیکەدا بەشداری کردووە.

لەپاش وەفاتی پێغەمبەریش بوو بە یەکێک لە موفەسیر و راڤەکارانی قورئان و بە جۆرێک هەر کەسێک لە قورئاندا پرسیاری هەبووایە رووی لە عەبدوڵای کوڕی مەسعود دەکرد.

پێغەمبەریش فەرمووی ئەوە بەچی پێدەکەنن؟ ئەوانیش وتیان بە قاچی باریکی عەبدوڵڵا ! پێغەمبەریش (د.خ) فەرمووی ئەو دوو قاچە لای خودا لە کێوی ئوحود گەورەتر و قورسترن).

لە راستیدا ئەم ئاگاییە زۆر پەیوەندی بە گوناهەوە هەیە بۆیە دەبینی کەسێکی بە تەمەنە بەڵام هێشتا باڵغ نەبووە، کەسی واش هەیە گەنجێکە تەواو پێگەیشتووە چونکە شایستە بەوەیە و ئاگایی تەواوی هەیە، خودا مامەڵە لەگەڵ ئەو شایستەبوونەدا دەکات (وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ) ئەمەیە، ئیشی پێغەمبەرانیش لەو چوارچێوەیەدایە، لەبەر ئەوە کاتێک کەسێکی کاڵ فام تێڕوانینی دەبێت بۆ دین ئەو کاتە هەم تێگەیشتن و هەم دەرئەنجامی تێگەیشتنەکەشی کاڵ دەبێت.

بۆیە هیچ کات دینی مرۆڤێکی عاریف وەک دینی مرۆڤێکی ئاسایی نیە و نابێت هەر ئەمەیە ئەزموونی پێغەمبەرانە، ئێمە دڵۆپێکین لە دەریای نبوەت، لەم رووەوە ئێمە باوەڕمان پێیانە. ئیشی بەڵگە بەرچاو روونیە دەی پێغەمبەران بەرچاویان روونە و ئاگان.

پلانتیجا دەڵێت: (بەڵگەنەویست، بەڵگەنەویست نیە بەڵکو روونکەرەوەیە)، تەنانەت عەبدولکەریم سروش دەڵێت: (ئیشی ئەخلاق روونکردنەوەیە)، هەر ئەوەیە نابێت درۆ بکەین چونکە لە درۆکردندا شاردنەوە هەیە بۆیە ئەرکی ئەخلاقیمە راست بڵێم بۆ ئەوەیە حەقیقەت دەربکەوێت، بۆیە دەبێت ئارامیم هەبێت چونکە کاتێک توندوتیژی دەنوێنم ناهێڵم حەقیقەت دەربکەوێت بەڵام کە ئارام بووم رێگە دەدەم حەقیقەت دەربکەوێت.

گوناه ئەو روونی و دەرکەوتنە ناهێڵێت، سوهرەوەردی[1] لە پێشەکی یەکێک لە کتێبەکانیدا دەڵێت: (ئەوەی شەست رۆژ بەڕۆژو نەبێت کتێبی من نەخوێنێتەوە)، لە

---

عەبدوڵای کوڕی مەسعود لە ساڵی ٣٢ی کۆچی، لە شاری مەدینە کۆچی دوایی کرد.

١. سوهرەوەردی ناوی (یەحیای کوڕی حەبەشی کوڕی ئەمیرەک)ە و لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی کۆچیدا، لە نێوان ساڵانی ١١٥٠ – ١١٥٥ زایینی لەدایک بووە و ساڵانی سەرەتای تەمەنی هەر لە سوهرەوەرد بەسەر بردووە و هەر زوو فێری خوێندنەوە و نووسین بووە.

دواتر، سوهرەوەردی بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن دەچێت بۆ مەراغە لە ئازەربایجان، پاشان سوهرەوەردی دەڕوات بۆ ئەسفەهان کتێبی البصائر النصيرية فی المنطقـی عومەری کوڕی سەهلانی ساوی دەخوێنێت.

راستیدا فەلسەفە خۆشەویستی دانایی لەوێوەیە گرتنەبەری ئەو رێگەیە، ئیش لە سەرخۆ کردنە دیوی کرداریە کە بەبێ ئەمە دیوە تیۆریەکەش نایکرێت، ناکرێت لە یەکیان جیا بکەیتەوە.

تیۆریایەک هەیە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا پێدەوترێت (الاتحاد بين العاقل و المعقول) مرۆڤ هەر هەمان مەعقولەکانی خۆیەتی چونکە مەعقولەکانیەتی دەبێتە رەفتاری، مەعقول جیاواز نیە لە عاقڵ بەڵکو یەکێتیەک هەیە لە نێوانیاندا دەتوانین بڵێین یەک شتن، کە من شتم زانی دەبێتە رەفتارم، بۆیە مرۆڤ فیکر سەنتەرە کە فیکری گۆڕا رەفتاریشی دەگۆڕێت.

ئەو کەسانەی بێ گوناهن ئیتر مرۆڤەکانی تر کێش دەکات بۆ خۆی تەنانەت لە عیرفاندا پێغەمبەر لە رووی نبوەت و ئەزموونی پێغەمبەرایەتیەوە هاتۆتە پێشەوە جوبرەئیلی کەمەندکێش بۆ خۆی کردووە، ئەوەتا لە سەفەری ئیسراو میعراجدا لە جێگەیەکدا جوبرەئیلە بە پێغەمبەر دەفەرمووێت: (ئیتر لەمە بەدوا من ناتوانم بێم خۆت بەتەنها برۆ)، لەهەموو شتێکدا دەکرێت زانیاری و داتا گرنگ نیە هەر چەندە هەندێک مەعریفە هەیە زیندووە بەڵام دەبێت لە مرۆڤی زیندووەوە وەریبگرین، پێغەمبەران لەم بوارەدا زیندووی زیندوو بوون ئەزموونیان هەبووە.

---

سوهرەوەردی، لە مێژووی فەلسەفە و عیرفاندا، بە دامەزرێنەری رێبازی ئیشراق لە قەڵەم دەدرێت و بە یەکێک لە پیاوە یاخی و سەرچڵەکانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێت و لە تەمەنێکی کورتدا، ٣٦ بۆ ٣٨ ساڵ، توانی نزیکەی پەنجا کتێب بنووسێت، کە بەشێکیان بە فارسی و بەشێکیان بە عەرەبین.

دواتر تۆمەتی ئەوە دەخەنە پاڵ سوهرەوەردی، کە هەم باوەڕی بەوە نیە کە پێغەمبەر، دوا پێغەمبەری خودایە و خۆی لافی پێغەمبەرایەتی لێدەدات و هەمیش خەڵک هان دەدا دژ بە دەوڵەت و دەسەڵات و لە ئیسلام دەرچووە و بیروباوەڕێکی زەردەشتیانەی هەیە، بەمجۆرە تەکفیری دەکەن.

بەم هۆیەوە زیندانی دەکرێت و نان و ئاوی نادەنێ. هەرچەندە سوهرەوردی خۆی لە ئەنجامی مەشقی رۆحی و رۆژووە و توانای بەرگەگرتنی رۆحی زۆریەوە، بۆ ماوەیەک بەرگەی ئەو تینوویتی و برسێتیەی گرت، وەلێ دوای ماوەیەک بڕستی لێبڕا و گیانی سپارد.

شەمسەدینی شارەزوری، کە یەکێک بووە لە قوتابیەکانی سوهرەوەردی، لە کتێبی (نزهة الأرواح و روضة الأفراح)دا دەڵێت، کە مامۆستاکەی لە ساڵی ٥٨٦ی کۆچیدا گیانی سپاردووە.

ئارش نەراقی دەڵێت: (بنەڕەت لە زانستی ئیسلامیدا عەقیدە نیە بەڵکو ئەزموونێکە دواجار وێنە پەیدا دەکات و دەبێت بە عەقیدە)، ئەزموونێکی ئیمانی و رۆحی گەورەیە، ئاگاییەکی سەیرە ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) لە ئەشکەوتی (حەڕا) بۆی دروست دەبێت لە کاتی هاتنی سروش (وحی)دا، لە رووی زانستیەوە نازانێت چیە بەڵام لە رووی ئەزموونیەوە بەئاگاهاتنەوەیەکی سەیرە.

ئەمە بەشێکی گرنگی پێغەمبەرناسیە، پێویستە ئێمە بەم دیوە ئاگاییە مامەڵە لەگەڵ پێغەمبەرایەتی پێغەمبەردا بکەین بەبێ ئەوەی لە فاکتدا بمێنینەوە دوور بکەوینەوە لە شتە رواڵەتی و مادیەکان.

دەبێت لەو سەرەوە لە ئاگایی و ئەزموونە ئایینیەکەوە بیبینەوە بۆ ئەم سەر نەک لە رواڵەتەوە دەست پێبکەین، ئیمامی غەزالی دەڵێت: (هەموو مرۆڤێک بەشێک لە پێغەمبەرایەتی تێدایە) ئەگەر ئێمە پێغەمبەرێکی بچووک نەبین ناتوانین لێی بگەین و قبوڵی بکەین و لە ئەزموونی سوود وەربگرین دەبێت ئاگابین هەتا بتوانین شایستە بین، لێرەوەیە خۆشەویستی نێوان پێغەمبەر و خۆشەویستانی دروست دەبێت، هەر ئەمەیە مەولانا دەڵێت: (ئەو کەسەی ئاڵتوون ناسە دەزانێت ئەم بەردەی ئێمە چ بەردێکە و هی چ کیوێکە)، شێخی سەعدی دەفەرموێت: (منالێک ئاڵتوون بەخورما دەگۆڕێتەوە).

ئاگایی هاوبەشە و مامەڵەی من و تۆیە نەک من و ئەو، کاتێک دوو کەس بەیەکەوە قسە دەکەن ئەوە ئاگاییەکەیانە نەک فاکت و جەستەیان، من و تۆ دەکاتە مەودای نێوان من و تۆ ئەو ئاگاییەی لە نێوان من و تۆدا هەیە. مرۆڤ بوونی من و تۆ لەوێدایە پێغەمبەرانیش ئیشیان لەوێدایە، مرۆڤی بەرچاو گرنگ نیە بەڵکو ئەو مرۆڤەی ناوەوە گرنگە شێخی سەعدی دەڵێت: (سەرت مەخەرە سەر زەوی ئەوە بخە سەرزەوی کە لەسەرتدایە).

***

## کێشەکانی تایبەت بە بابەتە ئایینیەکان:

ئەو کیشانەی کە پەیوەندیان بە بابەتە ئایینیەکانەوە هەیە سێ جۆر کێشەیە: جۆری یەکەم: (مەعریفی)ە ئایا لە رووی مەعریفیەوە بابەتە ئایینیەکان شایانی ئەوەن کە بسەلمێنرین لە رووی فەلسەفی و فیکریەوە هەر لە بابەتی خوداوە هەتا پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر، سەلماندنی هەر شتێک بابەتێکی کلاسیکی و کۆنە، بەڵام لە ئێستادا لە تیۆریای مەعریفەی نوێدا بابەتی مەعقولیەت هاتووەتە ناوەوە ئایا مەعقولە خودا بوونی هەبێت یان مەعقول نیە، ئایا مەعقولە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر راست بێت، ئەمە چ مانایەک بۆ ئێمە دەگەیەنێت و جێکەوتی لە سەر ژیانی من هەیە و مانا بە ژیانم دەدات.

هەر لە سەرەتاوە بەڵگەکانی بوونی خودا ئێمە لە رووی مەعریفیەوە قسەمان لە سەر کردووە، بابەتی مەعقولیەتی بوونی خودا یەکێکە لەو بابەتانەی کە بە گەرمی لە فەلسەفەی دیندا باس دەکرێت، گریمان مەعقول بوو خودا بوونی هەیە ئایا ئەو خودایە قسە لەگەڵ یەکێک لە بەندەکانیدا دەکات ئەوەی کە پێی دەوترێت سروش (وحی) ئەگەر سروشی بۆ دەنێریت ئەوا نیاز و مەبەستی ئەم وەحیە چیە؟ ئایا دەکرێت ببێتە سەرچاوەی مەعریفی وەک سەرچاوە مەعریفیەکانی تر بۆ نموونە بەڵگەهێنانەوە و شهود و شایەتیدان و ... هتد.

لە پێشوودا قسەمان لە سەر کردووە و گۆڕیمان (التحویل) بە بابەتێکی ئەخلاقی لە رێگەی گوناهەوە، وتمان مادام ئەوان ئەخلاقیانە مامەڵەیان کردووەو گوناهیان نەبووە ئەوا ئێمە دان بەپێغەمبەرایەتیاندا دەنێین.

جۆری دووەم: لایەنی مێژوویی: ئێمە گەشتینە ئەو بڕوایەی کە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر مەعقولە، بەڵام کێ دەڵێت ئەوەی ئەوان هێناویانە بەبێ زیاد و کەم و بەبێ هەڵە و کەموکوڕی گەشتۆتە ئێمە ئایا لە رووی مێژووییەوە هەر ئەوەی ئەو سەردەمەیە، ئێستا بە نەوتراوی یەکێک لەو گرفتانە هەیە ئایا دەتوانینم پشت بە سونەت ببەستین وەک سەرچاوە ئایا فەرموودەکانی پێغەمبەر کە لە کتێبەکانی فەرموودەدا هاتوون هەمووی راست و دروستن و هەڵبەستراو نین.

ئایا لەگەڵ عەقڵ و مەعقولیەتی ئەمڕۆدا گونجاون و هیچ کێشەیەکیان نیە، تەنانەت گەشتۆتە رادەیەک کە کۆمەڵێک دروست بوون بڕوایان بە سونەت نیە تەنها باوەڕیان بە قورئان هەیە ئەمە هەموویان دەچنەوە ناو کێشە مێژووییەکەوە،

ئەمە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکیان ناوەوەی وەحیە لایەنەکەی تریان دەرەوەی وەحیە.

لایەنە دەرەکیەکەی واتا ئێمە لە رووی زانستی مێژووەوە تیۆریای مێژووی پێشکەوتوو نەک زانستە مێژوویە کلاسیکەکە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەین و دوو ئاست لەیەک جیا بکەینەوە ئاستێکیان: یەکە یەکەی رووداوە مێژووییەکان بگرین (فەرموودە، ئایەت)، ئاستێکی تریان کۆی پرۆسەکەیە، وا دەبینم لە رووی کۆی پرۆسەکەوە مرۆڤایەتی دەربارەی دینی ئیسلام لە رووی مێژووییەوە کێشەیەکی ئەوتۆ نیە نە رۆژهەڵاتناسەکان نە ئەوانەی کە بە زانستە مرۆییە نوێیەکان مامەڵە دەکەن.

کاتێک رۆژهەڵاتناسەکان کە هاتوون زانستی مرۆییان نەهێناوە بەڵکو بە زانستە رۆژهەڵاتیەکان مامەڵەیان کردووە کەمترین کەسیان هەیە کە گومانی لە کۆی پرۆسەکە ببێت، واتە ئەو رووداوانەی کە بە سەر پێغەمبەردا هاتووە، ئەوەی کە فەرموویەتی ئەمە وەحیە، ئەو فەرموودانەی کە لانیکەم بڕێکی زۆر لەوانەی کە گێڕاویانەتەوە بۆ ئێمە، بەڵام یەکە یەکەی بابەتەکان فڵان شت روویداوە و فیسار شت رووی نەداوە.

خاڵە گرنگەکە ئەوەندەی بەندە لێی ورد بوو بێتمەوە لەمە دایە کە دواجار رۆژهەڵاتیەکان و ئەوانەی تریش گفتوگۆیەکی نامەعریفی هەیە کە بە زۆر دەیانەوێت بیسەلمێنن کە فڵان رووداوی مێژووی روویندداوە و بە شێوازێکی زۆر دواکەوتووانە چارەسەری ئەو بابەتەنەیان کردووە، بە شێوەیەکی زۆر نازانستیانە و رووکەشیانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم بابەتانەدا کردووە لەکاتێکدا دەبێت قووڵتر و مەعریفیانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا بکرێت.

سەبارەت بەدەرەوە ئەگەر ئێمە بە فەلسەفەی مێژووی نوێ مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەین زۆرێک لە داهێنانە مێژوویەکان لە قازانجی ئەم بابەتانەدان بۆ نموونە گێڕانەوەی رووداوێک کە چەند خەڵکێکی جیاجیا کە یەکتریان نەبینی بێت لە هەموو سەردەمەکاندا کە هیۆم ناوی ناوە بڕبڕەی پشتی فەلسەفەی مێژووی نوێ.

بۆ نموونە زۆر رووداو هەن غەیرە موسڵمانەکان گێڕاویانەتەوە وەک لەناوبردنی جولەکەکانی خەیبەر یەکێک لەو بەڵگانەی کە دەڵێت رووی نەداوە ئەوەیە کە جولەکەکان خۆیان باسیان نەکردووە، لە کاتێکدا لەو کاتەدا یەهودیەت خۆی بوونی هەبوو لە کتێبە یەهودیەکاندا نەهاتووە لە کاتێکدا جولەکە لە دواییدا کەوتوونەتە ململانێ لەگەڵ ئیسلامدا بە دوای بچووکترین بۆشایی ناو ئیسلامدا گەڕاون لە کاتێکدا هاوسەردەمەکانی ئەو رووداوە باسیان نەکردووە.

ڕووداوێک هەتا فرەیی هەبێت لەگێڕانەوە و کەسەکان و جیاوازیان لە ئایین و بیرەوە لە ڕووی مێژووییەوە ئاسانتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت تا ئەوەی کە تەنها گروپێک یان توێژێک بیگێڕنەوە، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە هەندێک مێژوونووس تەنها سەرنج و ڕای پیاویان وەرگرتووە بە بیانووی ئەوەی کە گوایە ئافرەت زاکیرەی خراپە و لاوازە بەپێچەوانەوە ئەوەی پیاو ژن گێڕاویانەتەوە لە ڕووی مێژوویەوە بەهێزترە لەوانەی کە تەنها پیاوان گێڕاویانەتەوە.

کۆی پرۆسەی دینی لە ڕووی مێژووییەوە ئەمە ڕووە دەرەکیەکەیەتی کە زۆر گفتوگۆی لە سەر نیە، بەڵام تەنها تاکە تاکەی ڕووداوەکان گومانی لێدەکەن بۆ نموونە گەر بڕوایان وابێت ئەم قورئانە دانراوی پێغەمبەرە کەواتە بە ناراستەوخۆ دانیان پێداناوە کە ئەم قورئانە لە پێغەمبەرەوە هاتووە و بەڵگەیەکی مێژووییە کە ١٤٠٠ ساڵە تەمەنیەتی، دەبینین مامەڵەکان زیاتر سایکۆلۆژین وەک لەوەی مەعریفی بن ئەمەیان بۆ سەلماندنی دەقە لە ڕووی دەرەوە نابێت دەق خۆی بەڵگە بێت لە سەرخۆی بەڵکو شتێکی تر دەبێتە بەڵگە لە سەر دەق.

دیوێکی تری مێژوو هەیە لەناو دەقدا بە تایبەت ئەوانەی کە باسی دەکەن وەک زمانی دین باسی ئەو ڕووداوانە لە مێژوودا دەکەن کە کتێبی پیرۆز خۆی دەیانگێڕێتەوە چ قورئان، ئینجیل و تەورات بێت ئایا داستانی ئادەم و حەوا بە ڕاستی ڕوویداوە، گفتوگۆی نێوان خودا و ئیبلیس و ئەوانی تر ڕووداوێکی مێژووییین، بوونی مرۆڤ سەرەتایەکی هەیە کە بۆ ئادەم و حەوا دەگەڕێنەوە و لە بەهەشتەوە هاتوون، ئەم بابەتانە و چەندین بابەتی تر کە پێیان دەوترێت مێژووی ناو دەق هەندێک لە فەیلەسوفەکان ناویان ناوە ئەفسانەکانی ناو دەق.

ئەمە خۆی بۆ خۆی بابەتێکە لە فەلسەفەی دیندا جێگەی خۆی هەیە ئیشی لە سەر دەکرێت بەناوی زمانی ئایینی، ئایا ئەو ڕووداوانەی کە ئایینەکان بە زمانی ئێمەی مرۆڤ دەیگێڕنەوە مەبەستیانە کە بە ڕاستی ڕوویانداوە یان مەبەستیان ئەوەیە کە شتێکی شاراوە هەیە لە پشتیەوە و بە ئێمەی پیشان بدەن، ئایا ڕووداوی گفتوگۆی نێوان ئیبلیس و خودای گەورە ڕوویداوە لە ڕاستیدا یان دەیەوێت پلەی بەرزی مرۆڤمان پێ نیشان بدات بەم ڕووداوە، لە ئێستادا ئەمە زۆر جێگەی گفتوگۆیە بە تایبەت لە ئایینی مەسیحیدا لە ڕۆژئاوا.

تەنانەت چووەتە ناو بابەتێکی ترەوە ئەویش ئەوەیە کە ئایا لە کتێبی پیرۆزدا دەکرێت درۆ هەبێت و هەڵە هەبێت. ئەوانەی لەم بوارەدا ئیش دەکەن ڕەچاوکردنی فەرهەنگی ئەو سەردەمەی کە دەقی تێدا هاتۆتە خوارەوە زۆر گرنگە.

یەکێک لە فەیلەسوفەکان نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە: تۆ وادابنێ لە جێگەیەکدا یەکەمجارە جۆرێک لە میوە بوونی هەبێت، با بڵێین میوەی کیوی کەسێک دەبینی لە مەجلیسێکدا خەریکی خواردنیەتی کەسێکی تریش نازانێت ئەم میوەیە تازەیە و ناوی کیویە دەتەوێت ئەو کەسەی میوەکە دەخوات بۆ ئەمی تری باس بکەیت کە لەوەو پێش کیوی نەبینیوە و نەیخواردووە، دەڵێیت: ئەو کەسەی خەریکی پەتاتە خواردنە ناوی فلان کەسە لێرەدا باسی کەسەکەی بۆ دەکەیت نەک کیویەکە، ئایا ئایینەکان رەچاوی سەردەمەکانیان کردووە، ئەمە ئەفسانە و درۆ نیە بەڵکو ئەمە کەشفی حەقیقەتە، ئەو شتە شاراوەیەی کە لە پشتی ئەمەوە هەیە چیە؟ دەبووایە ئێمە زۆرێک لە خوێندنی دینی خۆمان سەرقاڵی ئەمە بووینایە.

ئەوەی کە زۆر گرنگە لەم بابەتەدا کێشەی سێیەمە کە ئەویش کێشەی (هیرمۆنتیکی)ە کە لە ئێستادا ئەمە چڕتر بۆتەوە، واتە خەڵک چۆن لە دەقی پیرۆز تێدەگات، چۆن شت لە دەقی پیرۆز وەردەگرین، دەق چۆن نیازەکانی من جێبەجێ دەکات، جیاوازی نێوان راڤەی دەقی پیرۆز و یاخود شیتەڵکردنی دەقێکی ئەدەبی چیە؟ ئایا دەقێکی ئەدەبی شیتەڵ دەکرێت هەروەک ئەوەیە کاتێک راڤە بۆ ئایەتێکی قورئان دەکرێت؟ بێگومان ئەو کەسەی کە دەقێکی ئەدەبی شیتەڵ دەکات هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵیدا نیە جیاوازە لەو کەسەی کە عیشقی هەیە بۆ کتێبی پیرۆز و دەقەکانی، ئەمانە هەمووی مامەڵەی هیرمۆنتیکین کە من چۆن لەمانە تێدەگەم.

ئێستا دینیەکان و خەڵکانی تریش چاوەڕوانی ئەوەیان هەیە کە کتێبی پیرۆز چارەسەری کێشەکانیان بکات، نیازەکانیان بۆ بێنێتەدی و جێبەجێیان بکات، ئایا لە دەقی پیرۆزدا فەرمانێکی هەمیشەیی هەیە بۆ هەموو سەردەمەکان یان هەمووی تایبەتە بەسەردەمی دابەزینی دەقەوە، من لە کوێی ئەو دەقە سوود دەبینم؟.

ئەمە گرفتی هیرمۆنتیکیە یان تێگەیشتن لە دەقە، لە ئێستادا باس باسی تێگەیشتنە لە قورئان و فەرموودە کەمتر باسکردنە لە مەعریفە و مێژووی دەق. مامەڵەی هیرمۆنتیکی لەوێوە دەست پێدەکات کە من دانم بەوەدا ناوە کەئەمە کتێبی پیرۆزە بۆیە دەمەوێت لێی تێبطەم، کاتێکیش رازی بووم بەوەی کە ئەمە کتێبی پیرۆزە ئیدی ئەویش بۆخۆی کۆمەڵێک پێشگریمانەی هەیە.

یەکەم: ئەوەی کە خودایەک بوونی هەیە (دیوی مەعریفی)، هەروەها ئەم خودایە لەگەڵ بەندەکانی خۆیدا قسە دەکات چونکە بنەڕەتی کتێبی پیرۆز لە سەر قسەیە (کلام) بەندەکانیشی دەتوانن لێیەوە بیبیستن.

دووەم: راستە خودا توانای رەها و زانستی رەهای هەیە بەڵام بە بێ تواناکانی من قسە دەکات بۆ ئەوەی لێی تێبگەم، چونکە بابەتەکە تەنها خودا نیە بەڵکو ئێمەی

مرۆڤیشین واتە خودا ڕەچاوی توانای یەک بەیەکی ئێمەی لەناردنی وەحیدا مرۆڤی کردووە. بۆ نموونە من گفتوگۆ لەگەڵ مناڵەکەم دەکەم باس باسی زانیاری من نیە بەڵکو باس باسی ئەوەیە کە ئەو چەندە لێم تێدەگات، لێرەدایە حساب کردن بۆ چەندێتی و چۆنێتی تواناکانی مرۆڤیش دێتە ناوەوە.

سێیەم: لە کتێبی پیرۆزدا خودا کۆمەڵێک شتی باس کردووە کە بۆ ئەبەدیەتە چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوا دەبێتە کتێبێکی مێژوویی لە پیرۆز بوون دەکەوێت، کاتێکیش دەڵێم کە پایەی ئەبەدی تێدایە واتە من نیازێکم هەیە بەو ئەحکامانە و تێری دەکەن بۆم جا ئەحکامی رۆحی، فیکری، ئەخلاقی بن، شێخی سەعدی دەڵێت: (خودا دوو جار بەخشندەیە، جارێک کە ئێمە پێویستیەکمان هەیە ئەو بۆمانی پڕ دەکاتەوە، جارێکیش کە پێویستی خولقاندووە)، واتە تەنها فەرمانەکەی نەناردووە بەڵکو پێویستیەکەشی لەو فەرمانەدا ناردووە.

ئەم فەرمانانەی لە قورئاندا هاتوون بە لەبەرچاوگرتنی فراوانی فەلسەفەی زمانی تازە بە تایبەتی دوای ڤیتگنشتاین و قوتابیەکانی دەرکەوتووە کە زمان ئەرکی جیاواز جیاوازی هەیە، یەکێک لە ئەرکەکانی زمان گەیاندنی هەواڵە ئەگینا ئەرکی دیکەشی هەیە بۆ نموونە یەکێک لە ئەرکەکان خۆ نومایان کردنە یاخود دەربڕینی ئەوەی لە دڵدا هەیە.

فەرمان کردنیش یەکێکی ترە لە ئەرکەکانی زمان، لە دینیشدا کاتێک دەوترێت خودا وەحی بۆ پێغەمبەر (د.خ) ناردووە و نیازی بۆ ئێمەش ناردووە ئێمەی گوێگری ئەو وەحیە نیازەکانمان جیاوازن کۆمەڵێکیان هەواڵین بۆ نموونە خودایەک بوونی هەیە و قیامەت هەیە، هەندێکی تر لە نیازەکانمان ڕێنمونی کارین پێمان دەڵێت: ئەوە بکە و ئەمە مەکە، هەموو ئەو ئەرکانەی لە زماندا هەیە لە دەقیشدا هەیە، بۆ نموونە لە شوێنی وادا هەیە مەبەستی لە هاندانە.

لە کتێبێکی (ئیبن قەیمی جەوزی)[1]دا هاتووە لە باسی شیرکدا ئایا خودا لە هاوەڵدانان بۆ خۆی خۆش دەبێت یان نا لەوێدا بابەتێک دەخاتەڕوو کە دەڵێت:

---

١. ئیبن قەیمی جەوزی: ناوی تەواوی شەمسەدین موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئەیوب کوڕی سەعد کوڕی حەریز زەرعی دیمەشقیە.

ئیبن قەیم لە ساڵی (٦٩١) کۆچی لە گوندی (ازرع) سەر بە ناوچەی حورانی وڵاتی سوریا لەدایکبووە، لە سەردەمی لاویدا چۆتە دیمەشق و لە لای زانایانی ئەو شارەدا دەستی بە خوێندن کردووە و خوێندن فێر بووە.

ڕووبەرووی بە هۆی بیروڕا و هەڵویستەکانیەوە ڕووبەڕووی ئەزیەت و ئازارێکی زۆر بوویەوە و هاوڕێ لەگەڵ ئیبن تەیمیەدا لە بەندینخانەی قەڵای دیمەشق بەند کرا و لە دوای

جاری وا هەیە خودا هەندێک شتی فەرمووە بەڵێنی داوە کە بتخاتە دۆزەخ ئەگەر شیرکێکی بچووکیش بکەیت ئەوا مەبەستی لەوەیە هانت بدات وازبهێنیت نەک ئەوەی بیانخاتە ناو دۆزەخەوە، ئەمە ئەرکێکی زمانە کەشفی کردووە.

کۆمەڵێک شت هەیە لەو نیازانەدا لەو شتانەی لە کتێبی پیرۆزدا هاتوون هەست دەکەیت لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا دژ دێنەوە یاخود نایەنەوە، بۆ نموونە ئەو حوکمانەی کە گروپە توندڕەوەکان بەکاری دەهێنن لە ئێستادا نە لەگەڵ ئەخلاقدا دێنەوە نە لەگەڵ ڕۆحی گشتی کۆمەڵگەدا وەک ئیقباڵی لاهوری ناویناوە ڕۆحی سەردەم، ئەی دەبێت چۆن لەمانە تێبگەین ئەمەیە کە ناودەبرێت بە قەیرانی هیرمۆنتیکی.

مەلا عومەری سەرۆکی بزوتنەوەی تالیبان بە مەلاکانی جیهانی وت: وەرن من ئالنگاریتان دەکەم یەک فتوام بۆ بدۆزنەوە لە کتێبەکاندا کە دروست نەبێت من بتی بوزاییەکان نەڕوخێنم ئەوا نایڕوخێنم. ئەمە لەگەڵ ڕۆحی ئەم سەردەمەشدا نایەتەوە هیچ موسڵمانێکیش لە دڵیدا ئەوەی پێخۆش نیە، ئەمەیە کە ڕووی دەرەوەی شتەکە باسێک دەکات و ناوەڕۆکەکەشی باسێکی تر، ئەمەیە قەیرانی ڕاڤە و تێگەیشتن. خەڵک سەبارەت بەم بابەتە بوون بە سێ گروپەوە:

یەکەم: مامەڵەی حەرفیانە لەگەڵ دەقدا دەکەن کە ئەوانیش ئەوانەن کە پێیان دەوترێت (سەلەفیەت) و توندڕەوەکان کە ڕایان وایە ئەوەی لەوێدا هەبووە لە ڕووی حەرفیەوە بۆ ئەم سەردەمەش دەخوات و دەگونجێت.

دووەم: ڕایان پێچەوانەی ڕای یەکەم و پێیان وایە ئەوەی لە پێشوودا هەبووە تەنها بۆ ئەو سەردەمە گونجاو بووە و هیچی بۆ ئەم سەردەمە ناخوات، ئەم دوو گروپە لە ڕاستیدا لە ڕووی فیکریەوە لەم بابەتەدا هیچ کێشەیەکیان نیە.

سێیەم: ئەمان ڕایان وایە نە ئەوەی یەکەمە کە حەرفی بۆ ئەم بابەتە دەڕوانن و نە ئەوەی دووەمیشە کە بۆ ئەم سەردەمە نابێت بەڵکو ئێمە دەتوانین ڕێباز و پرۆگرامێک هەیە لەوێدا شتانێک کەشف بکەین کە لە سەرووی ئەو زەمەنەوە و بۆ هەموو سەردەمەکانی تر، ئەگەر ئەوەی یەکەم بێت ئەوا لەگەڵ ڕۆحی ئەم سەردەمەدا پێچەوانە دێتەوە.

---

کۆچی ئیبن تەیمیەدا ئەویش ئازادکرا و تاڕادەیەکی زۆریش بە ئیبن تەیمیە سەرسام بووە و خاوەنی چەندین بەرهەمە کە تەنیا نزیکەی (٣٠) پەرتوکیان بە چاپ گەیەنراون.

ئیبن قەیم لە مانگی ڕەجەبی ساڵی (٧٥١) هیجری، کۆچی دوایی کرد.

کێشەکەش تەنها شتێکی پارەیی (جوزئی) گۆڕا بێت بە شتێکی پارەیی تر بەڵکو هەموو سیستەمەکە گۆڕاوە، ئەگەر بلۆکێک لاببەیت لە دیوارێکدا بلۆکێکی تر دەخەیتە جێگەی لەو کاتەدا نەخشەکە وەک خۆی ماوەتەوە، ئەگەر دیوارەکە نەما بێت چی روودەدات، چۆن شوێنی ئەو بلۆکە لە دیوارە تازەکەدا دەدۆزیتەوە، چۆن ئەم بینا تازەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو بلۆکەدا دەکات.

رۆشنبیر و عاقڵەکانی ئەم سەردەمە لەوە گەشتوون کە ئەم سەردەمە بە تەواوەتی لەگەڵ سەردەمەکانی تردا جیاوازە و لە هەمان کاتیشدا شتی هاوبەشیان هەیە، بیناکە جیاوازە گەرچی هەمان مادەش لە دروستکردنیدا بەکارهێنرا بێت. ئەمە گەورەترین بابەتە رووبەڕووی کەسە دینیەکان دەبێتەوە لەم سەردەمەدا هەر لەبابەتی زانستی نوێوە بیگرە هەتا سیاسی و فیکری و فەرهەنگیەکانی ئەم سەردەمە.

ئەم سەردەمە تەنها دیوی کردەیی تەکنەلۆژیا نەگۆڕاوە بەڵکو شتانێکی قووڵتر هەیە ئەم تەکنەلۆژیایەی دروست کردووە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە تەنها دیوی فیکری نەگۆڕاوە چونکە کاتێک تۆ فیکری نوێت قبوڵ بوو دەبێت دیووی کرداریەکەشت قبوڵ بێت کە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت.

لەم سەردەمە تێناگەیت هەتا لە بابەتی ماف تێنەگەیت کە بە واتای ئەوە دێت کە هەموو تاکێک سەربەخۆیە ئەمەش واتای ئەوەیە کۆمەڵێک شت هەیە کە هیچ کەسێک بۆی نیە دەستکاریان بکات تەنانەت دینیش، بۆ نموونە لە رێسا راڤەیەکاندا هیچ کەس بۆی نیە دەستکاری رێسا بیرکاریەکان بکات کە هیچ کەس ناتوانێت بیسەلمێنێت ١+ ١ = ٣، مافی سروشتیش کە ئێستا لە زانستە مرۆییەکاندا هەیە شتانێکی نەگۆڕ و سەربەخۆن کە هیچ کەسێک بۆی نیە دەستکاریان بکات، کاتێک ئەم پێشگریمانەیەت قبوڵ بوو دەبێت دیوی کردەیی ئەمەشت قبوڵ بێت.

لێرەدایە مرۆڤی خاوەن ماف هەموویان یەکسانن ئیتر تۆ ناتوانی ژن و پیاو لە یەک جیا بکەیتەوە، کتێبی پیرۆز بۆ ئێرە چ قسەیەکی هەیە چۆن لەم قەیرانە هیرمۆنتیکیە تێبگەین بەتایبەتی بۆ ئەوانەی دەردی دینیان هەیە و دینیان خۆش دەوێت، هەم دەیانەوێت دیندار بن و نایانەوێت ئەو پاشخانەی رۆژهەڵات بە گشتی کۆمەڵگەکانی ئێمە بەتایبەتی کە هیچ گەنجینەیەکمان بەقەد ئەمانەمان پڕ نیە، گەنجینەی ئابووریمان خاڵین گەنجینەی ئەمنیمان خاڵی بووەتەوە بەڵام گەنجینەی مەعنەویمان پڕە کە رازی بوونی ئێمە ئەفسون و نهێنیەکە.

لێرەدایە، مانایەک بۆ ژیانمان نامێنێتەوە بەبێ ئەم نهێنی و گەنجینەیە، نامانەوێت هەڵوەشێتەوە و پووچگەرا بین، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین حساب

پاککردنەوەش نابێت کە بڵێین خودا فەرموویەتی و تەواو، ئێمە بەتەواوی قسەمان لە سەر ئەوەیە کە دەڵێین خودا فەرموویەتی، نەیدەینە پاڵ خودا، تێگەیشتنی هیرمۆنتیکا ئەوەیە کە جیای بکەیتەوە ئایا هەر بە راستی خودا فەرموویەتی یان خۆت دەیڵێیت و دەیدەیتە پاڵ خودا، مرۆڤی دیندار لەم سەردەمەدا ئەمە یەکێکە لەسەرەکی ترین گرفتەکانی کە رووبەڕووی دەبێتەوە.

بیر کراوەتەوە بۆ چارەسەرکردنی هەر لە زووەوە بۆ نموونە فیقهی مەقاصیدی (واتە تۆ حەرفیانە مامەڵە لەگەڵ دەقدا ناکەیت بەڵکو ئامانجەکەت بەلاوە مەبەستە)، لە سەردەمی ئیمامی شافیعیدا هاتووە کە ئامانجەکانی دەقەکان و حکومەکان ئێستاش رۆشنبیرە ئیسلامیەکانیش هەر دەڵێن لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

***

## گرفتەکانی فیقهی مەقاصید:

لە ئێستادا گرفتەکانی فیقهی مەقاصیدیش دەرکەوتووە چونکە دواجار ئەم جۆرەش لە فیقه مامەڵە لەگەڵ شتە پارەییەکاندا دەکات کاتێکیش تەواوی سیستەمە گۆڕا بێت ئەمیش هیچی پێناکرێت. ئێستا جۆرێک لە ئەدەبیات دروست بووە بە ناوی کەلامی غەیبەت، واتە غائیب بوونی خودا لە ژیانی ئێمەدا، لەم کەلامەدا ئەگەر نەگاتە ئەوەشی کە خودا بوونی هەیە ئەوا ئەوەندە خەمیەتی کە بۆ بوونی نیە بۆ لەناو مەسیحیەتدا ئامادەیی نیە، زۆر بڵاوە.

بەتایبەتی یەکێک لە فەیلەسوفەکان (سیمۆن وی)[1] بەوە ناسراوە کە ئەو تێزەی هەیە کە ناوی ناوە (ئیلحادی دینی) بەڵگەی پێ نیە کە خودا بوونی هەیە بەڵام ئاوات و ئارەزووی ئەوەیە کە خودا بوونی هەبێت، کەسێک ئاوا وجودیانە مامەڵە

---

١. سیمۆن وی: لە ڕێکەوتی ٣ی شوباتی ١٩٠٩ لە فەرەنسا و لە شاری پاریس هاتە دونیاوە، بنەماڵەکەیان لەسەر ئایینی یەهودی بوون و بەڵام ئەو بوو بە مەسیحی.

بەهۆی دەستڕۆشتوویی بنەماڵەکەیانەوە توانی پەروەردەیەکی باش بەدەست بێنیت و توانی زمانەکانی لاتین، سانسکریت فێر بوو و دەستی دایە خوێندنەوەی کایەکانی وەک ئەخلاق، فەرهەنگ، هونەر و ئەدەبیاتی یۆنان و ڕۆمان و لەبەر ئەوەی مەسیحیەتی بە ئایینێکی ئاشتیخواز و پشت و پەنای هەژاران دەزانی ئەو ئایینەشی بۆ خۆی هەڵبژارد.

خانمە عاریفێکی مەسیحی و دژە جەنگ و ئاشتیخواز بوو و بۆ ئەوەی حاڵی هەژاران بزانێت بۆ ماوەیەک وەک کرێکار لە کارگەکاندا کاری کرد بەڵام دوای چەند مانگێک بەهۆی کێشەی تەندروستیەوە نەیتوانی کار بکات چونکە نەخۆشی سیلی هەبوو.

دواتر ڕووی کردە خوێندن و توانی دیپلۆمی باڵا لە فەلسەفەدا بەدەست و بێنێت و بوو بە مامۆستای ئامادەیی کچان و وانەی فەلسەفەی دەوتەوە تا مردنیشی هەر بەم کارەوە خەریک بوو.

لەبەر کارە کۆمەڵایەتی و هەمان کات کەسایەتی پاکی ناوبانگی دەرکرد بوو و زۆربەی نووسینەکانیشی لە پاش مەرگی بڵاوکرانەوە.

لەبەر ئەوەی نەخۆشی سیلی هەبوو و پێویستی بە خۆراکی باش و تەندروست و حەوانەوە هەبوو بەڵام ئەویش هەر وەک هاوڵاتیانی تری کە هەژار بوون کەمترین خۆراکی دەخوارد چونکە فەرەنسا لە ژێر داگیرکاری ئەڵمانیادا بوو و کەمترین خۆراک دەستی هاوڵاتیان دەکەوت. دواجار لە تەمەنی ٣٤ ساڵیدا لە ٢٤ ئەگۆستی ١٩٤٣ کۆچی دوایی کرد.

لەگەڵ ئاییندا بکات کە بنەڕەتی دینداریش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت چۆن ئەم کیشانەی بۆ چارەسەر دەکرێت.

یەکێک لە نووسەرەکان هاتووە بۆ ئەمە جیاکردنەوەیەکی کردووە کە جیهانی دەقی پیرۆز یەک جیهان نیە، منیش جیاکردنەوەیەکم کرد لەسەر بنەمای جیاوازی نێوان جیهان و گیان، جیهان لە دەرەوە و گیانیش لە ناوەوە ئەمانە دوو جیهانن و جیان لە یەک کاتدا مرۆڤ دەتوانێت مامەڵەیەکی دینی و ئیمانی کرد بێت کە مامەڵەیەکی گیانیانە لەگەڵ دیندا بکات نەک مامەڵەیەکی جیهانیانەی کرد بێت چونکە جیهان گومانی تیادا دروست دەبێت، ئەگەر قورئان تەنها وەک کتێبێک سەیر بکەم و مامەڵەی لەگەڵدا بکەم دەکرێت بە ئارەزووی خۆم دەستکاری بکەم بەڵام کە بوو بە بەشێک لە گیانی من ئیتر ناتوانم بەرامبەری بێباک بم، مامەڵە رۆحیەکان زیاتر مامەڵەی گیانین، مامەڵە فەلسەفی و دەرەکیەکان زۆرتر مامەڵەی جیهانیانەن.

بەڵام جیاکردنەوەکەی ئەو کەسە کردوویەتی لە جیهاندایە کە دەبێت ئێمە دوو جیهان لە یەکتر جیا بکەینەوە ئیتر ئەم دوو جیهانیە بە زمانی جیاواز ئاماژەی پێکراوە ئەو ناوی ناون جیهانی یەکەم و دووەم، جیهانی یەکەم سەردەمی دابەزینی پێغەمبەرە کلتور و داب و نەریت و مامەڵە و تێگەیشتنی عەرەبە لە ژیان، تەنانەت هەر ئەمەیە فەیلەسوفی یابانی (ئیزوتسو) دەڵێت: لای عەرەبەکان سێ شتی سەرەکی بوونی هەبوو ئەوانیش (کۆچکردن لە وەرزی بەهار و زستاندا، بازرگانی، دەسەڵات و موڵکیەت).

هەندێک دەڵێن (عەبدوڵای کوڕی ئوبەی)[1] بۆیە دژایەتی پێغەمبەری کردووە چونکە ویستوویەتی ببێت بە دەسەڵاتدار، دەڵێت: هەموو دەربڕینە قورئانیەکان

---

١. عەبدوڵای کوڕی ئوبەی: هەروەها بە ئیبن سەلول-یش ناسراوە. گەورەی هۆزی خەزرەج بووە. مسوڵمانان بە رابەری دووڕووەکان ناویان بردووە. پێش ئەوەی پێغەمبەر بگاتە مەدینە، عەبدوڵا گەورەی ئەو باژێڕە بووە.

ئیبن سەلول هێندەی بۆی کرابێت دژایەتی توندی پێغەمبەر و یارانی کردووە، ئیدی لە ئاشکرا و پەنهاندا، لەپێناو گرتنەدەستی کاروبارەکانی مەدینەدا. دیرۆکنووسانی مسوڵمانان زۆر هەڵوێستی دژکارانەی بەرامبەر ئیسلام لێوە تۆمار دەکەن، لەوانە؛ کشانەوەی خۆی و کۆمەڵێک لە شوێنکەوتووانی، لە غەزوی ئوحود، رووداوی (ئیفک)، یارمەتیدانی جوڵانەوەی جووەکان بە سەرۆکایەتی عبدالله ی کوڕی سەبەء، ...هتد.

دوای ئەوەی کە سوپای مسوڵمانان لە غەزوی (بەنی موستەڵەق) دەگەڕێنەوە، کوڕەکەی دەروازەی شار لە باوکی دەگرێت بە شمشێرێکەوە، سوێند دەخوات کە رێگە نادات بڕواتە ناو شار هەتا پێغەمبەر مۆڵەت نەدات.

باسی ئەم سێ شتە دەکەن بەڵام بەمانای تازە لەم قۆناغەدا کاتێک وەحی دێت بە زمانی عەرەبی تەنها وشە نەبووە بەڵکو دیوی رۆحی و فیکری و مەعنەوی ئەوانیش بووە، ئەمە مامەڵەیەکی قووڵترە لە وشە و دەربڕینی دەرەکی، کاتێک وەحی دابەزیوە حیسابی بۆ جیهانی ئەوانیش کردووە ئیدی دیوی رۆحیە قووڵەکەی ئەوان بێت یان دیوی زمانی دەرەکی ئەوان بێت یاخود دیوی کلتوریان بێت.

جیهانێکی تریش کە لە ناو ئەو دەقەدا هەیە ئەو جیهانە وەحیە بۆ هەموو سەردەمەکان کاتێک خودا بە پێغەمبەری فەرموو تۆ بۆ هەموو خەڵک نێردراویت دەبێت حیسابی بۆ بەدەر لە جیهانەکەی ئەوانیش کردبێت واتە جیهانێک بۆ هەموو سەردەمەکانە.

قەیرانی هیرمۆنتیکی لەوەدا دروست دەبێت کە چۆن ئەم دوو جیهانە لێک جیا بکەینەوە، کامەی بۆ ئەو سەردەمەیە و کامەی بۆ هەمیشەییە، ئەگەر مەعریفیانە لێی بڕوانین تێدەگەین کە بۆ هەموو سەردەمەکان بووە بۆ نموونە کاتێک خودا دەفەرمووێت: (کەس مەکوژن هەر کەسێک، کەسێک بکوژێت بەناهەق وەک ئەوە وایە هەموو مرۆڤایەتی کوشت بێت)، ئەمە بۆ هەموو سەردەمەکانە نەک تەنیا ئەو سەردەمەی کە تیایدا هاتووەتە خوارەوە.

لەدەقەکاندا هاتووە کە (درۆ مەکەن، لەگەڵ دایک و باوکتاندا باش بن) ئەمانە پەیوەندیان تەنها بۆ جیهانی یەکەم نیە، ئەگەر دیندارەکان بتوانن ئەمە چارەسەر بکەن باشترین خزمەتە کە دەیکەن لە رووی ئایینیەوە بڕێکی زۆری ئەو قەیرانانەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی تووشی بووە بە هۆی بابەتە ئایینیەکانەوە بەمە چارەسەر دەبێت، ئەوەی بۆ چارەسەر دەبێت کە گەنجێک لە ئەوروپا خزمەتی دەکات بەڵام کچەکانیان بە کەنیزەک سەیر دەکات وا دەزانێت لە جیهانی یەکەمدایە.

تەنانەت دابەشبوونی گروپەکان کە لە ناو ئێمەدا بوونی هەیە لە سەر بنەمای فیکر زۆربەی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، جیهانی سەردەمی پێغەمبەر رەچاوی توانا هزری و فیکری و سایکۆلۆژیەکان و رۆحیەکانی ئەو سەردەمەی کردووە.

خودا هەرگیز ئەرکێک نادات بەسەر شانی بەندەکانیدا کە لە سەروو توانایانەوە بێت، چۆن ئێمە دەتوانین لەم جیهانەدا ئەو دوو جیهانە لەیەکتر جیا بکەینەوە چونکە لە راستیدا بۆ سەردەمەکانی پێشوو ئەم کێشەیە نەبوو هەتا پەنجاکانی سەدەی

---

ئەم کەسە نەک هەر جێباسە و زۆری لەمەڕ نووسراوە، بەڵکو لە قورئاندا ئایەت هەیە کە (هۆی دابەزین)ەکەی بۆ ئەم دەگێڕنەوە، کاتێک کە دەمرێت، پێغەمبەر نوێژی لە سەر دەکات، قورئان لە ئایەتی ٨٤ی سورەتی تەوبەدا باس لەم کارەی پیغەمبەری کردووە.

عەبدوڵای کوڕی ئوبەی لە مانگی (ذی القعدة)ی ساڵی نۆیەمی کۆچی، مردووە.

بیست لە وڵاتی ئێمەدا ئەم کێشەیە نەبووە لەبەر ئەوە بووە مەلاکان بە ئاسانی دەرسیان وتۆتەوە و خەڵکیش بە گوێی کردوون و هیچ کێشە و گرفتێکیش نەهاتۆتە پێش و شەریعەتیش جێبەجێکراوە و کەسیش پرسیاری نەبووە ئەوەی مامۆستا لە مزگەوت وتوویەتی ئەوە خودا فەرموویەتی و هیچ گرفتێکیان لە جێبەجێکردنیدا نەبووە.

کاتێک جیهانی نوێ لە جیهانی پێشوو جیابوویەوە ئەم گرفتە سەری هەڵدا ئیتر کەشفی ئەوە کرا کە ئایا ئەوەی پێشوو بۆ ئەم سەردە گونجاوە؟ ئەمە پرسیارە سەرەکیەکە بوو کە بۆمان دروست بوو، ئێمە دەتوانین جیهانی دووەممان قبوڵ بێت جیهانە هەمیشەییەکەمان قبوڵ بێت لەگەڵ فەرمانەکانی کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا وێک دێنەوە، بەڵام دوو گرفتمان هەیە:

یەکەمیان: ئەوەیە کە چۆن لە جیهانی یەکەم جیای بکەینەوە ئەوەی بۆ هەموو سەردەمەکانە چۆن جیای بکەینەوە لەوەی کە بە هۆی عەرەب بوونی پێغەمبەرەوە (د.خ) و دابەزینی وەحیەوە لەناو عەرەبدا هەیە.

دووەمیان: ئەم جیهانی یەکەمە چۆن وای لێبکەین لەم سەردەمەدا بیگونجێنین و درێژە بە بوونی خۆی بدات.

پێشگریمانەی ئێمە ئەوەیە کە هەموو سەردەمێک شتانێکی گونجاو بەڵگە نەویستی خۆی هەیە دوو شت لەم سەردەمەدا کە مەعقولن و بەڵگە نەویستن.

یەکێکیان: مافی مرۆڤە، هەر شتێک پێچەوانە بێتەوە لەگەڵ ئەمەدا دەبێت دێن بەرگریەکی لاوازی بۆ دادەنێن و هیچ چارەسەرێکیش پێی نایەتە بوون، یان دەیانەوێت ئەوەی پێشوو بە زۆر بە سەر ئەم سەردەمەدا بسەپێنن خۆیشی خۆی نابینێت وەکو ئەوەی ئەو هەموو خەڵکە دەدەن بەکوشت و هیچ ئەنجامێکیشی نیە زۆرینەشیان خوێندەوارن بەڵام بەم لایەنەیان ئاگادار نین، بەڵگە نەویستەکانی ئەم سەردەمەیان نەناسیووە.

دووەمین بەڵگە نەویستی ئەم سەردەمە کە عاقڵەکان لە سەری کۆکن بریتیە لە (پلۆرالیزمی ئایینی) تەنها من لەسەر حەق نیم مادام وایە دەبێت گفتوگۆ بکەین من ئەوەی خۆم بەسەر تۆ ناسەپێنم لە سەر بنەمای ئەوەی کە ئەوانەی تۆ هەڵەیە و ئەمانەی من هەمووی راستە بەڵکو دەبێت گفتوگۆ بکەین لێک بگەین و رێک بکەوین ئەمە جۆرێکە لە مامەڵەی فرەیی مەعریفی.

دەی کاتێک جیهانی یەکەم پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ ئەمەدا ئەوا دەبێت چی بکەین بۆ نموونە کوشتنی کەسی هەڵگەراوە لە دین (مرتد) تێنەگەیشتنە لەم بەڵگەنەویستەی ئەم سەردەمە کە فرەییە، کۆمەڵێک رێسا هەیە لە فەلسەفەی زانستە

مرۆییەکاندا دەبێت مرۆڤ شارەزا بێت تیایاندا ئینجا ئەمە بکات، هەر ئەوەیە مەرجەکانی کەسی موجتەهید، لەم سەردەمەدا هەر کەس مرۆڤناس نەبێت ناتوانێت (فتوا) بدات و ئیجتیهاد بکات ئەگەر ئەنجامیشی بدات وەک خۆی نابێت.

یەکێک لەو ڕێسایانەش بریتیە لەوەی کە لەناو بابەتە مرۆییەکاندا دوو جۆر بابەتمان هەیە، بابەتانێک هەن کە مەرجدار نین بە زەمەن و کاتەوە، بابەتگەڵێکیش هەن کە مەرجدارن، پێویستیان بە زەمینە هەیە ئامانجێک هەیە دەیانەوێت بیهێننە دی، هەندێک بابەتەی وجودی و ڕۆحی قووڵ، درک کردن بە هەندێک بابەتی هونەری و ئیستاتیکی قووڵ، کەشفکردنی ئەبەدیەت و ئاگابوون بە خودا.

هەموو مرۆڤێک هەست بە هەبوویەک دەکات کە ئەوی ترە تەنانەت خێڵە سەرەتاییەکانیش هەستیان بەوە کردووە هەتا گەورەترین فەیلەسوفیش ئەو هەستە هەر هەبووە و دەبێت، ئەمە لە سەرووی مەرجەوەیە کاتێک کە دەکەوێتە مەعریفە و دەگۆڕێت بە مەرج ئەوە شتێکی ترە، ئەمەیە ڤیتگنشتاین و سپینۆزا ناویان ناوە ئەبەدیەت، بەڵام کۆمەڵێک مامەڵەی تری مرۆیی هەن مەرجدارن دەبێت لەناو زەمەینەدا بن ئامانجێکیان هەیە دەبێت بیهێننە دی، ئەمانەن کە لە ئێستادا پێیان دەوترێت زانستی مرۆیی.

ئەوانەن لە کتێبی پیرۆزدا لە قورئاندا (لعلكم تعقلون) (لعلكم تعلمون) هەموو ئەو دەربڕینانەی تر تەنانەت لە بواری ڕۆحیشدا (لعلكم تتقون) بۆ ئەوەی ئامانجەکە بێتەدی، ئەمانە کە بوون بەمەرجدار زەمینەکە ڕۆڵی لە دەرکەوتنی بابەتەکاندا هەیە، لێرەدایە جیهانی یەکەم دروست دەبێت بەپێی زەمینەکەی ئەو کاتە لە زەمینەکەی ئێستا جیاوازە.

مادام زەمینەکە گۆڕاوە ئیتر تۆ ناتوانیت ئەوە بێنی بە زەمینەکەی خۆیەوە لەم زەمەنەدا دای بنێیت، بۆ نموونە عەدالەت لە قۆناغی یەکەمیدا کاتێک باسی عەدالەتی تەوزیعیە و دابەشکاریە کە هەموو چینێک بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەمە قۆناغێک بوو کە زەمینەیەک لەو کاتەدا دروستی کردبوو کە پێی دەوترا عەدالەتی تەوزیعی بەڵام دوای ئەو قۆناغە عەدالەتی کۆمەڵایەتی هاتە ناوەوە لەو قۆناغەدا هەموو مرۆڤەکان یەکسانن نەک تەنها مرۆڤی یەک چین، ئەمە بەر مەبنای مافی مرۆڤ.

لێرەدایە نابێت کۆیلە بمێنێت، لە هەندێک لە وڵاتاندا تاکو ئێستا کۆیلە هەرماوە لە کاتێکدا ئایینەکانیش کۆیلایەتیان ڕەت کردۆتەوە چونکە لەو وڵاتانەدا هەر بە زەمینە کۆنەکە لە ئێستادا مامەڵە دەکەن، کاتێک دادپەروەریە کە تۆ بەم زەمینەی ئێستا مامەڵە بکەیت نەک بەوەی پێشوو کاتێک دێت ئەو فەرمانە مەرجدارانەی کە

بە زەمینەکەی پێشوو لەم سەردەمەدا جێبەجێ دەکەیت ئەو کات لەگەڵیدا دژ دێتەوە و ناتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت تەنانەت دژ دێتەوە لەگەڵ خۆیدا هەتا کەسێک باوەڕی پێدەکات چەندان کەس گومانی لێدەکەن، تەنانەت هەزاران کەسیش دژایەتی دەکەن ئەمەیە بابەتەکە، جیهانی دووەم هەر وەکو خۆی ماوە بەس جیهانی یەکەم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

ئەمەیە (شێخ وەلیوڵڵا دەهلەوی) کە قوتابی (موحەمەد عەبدولوەهاب)[1] بووە لە هیندستان بووە کە فیقهی هیندستان جیاوازە لە فیقهی عەرەبەکان، دەڵێت: فیقهی لەوە و پێشی ئیسلامی گونجاو بووە لەگەڵ بوونیەی سروشتی عەرەبیدا ئەمە حەقیقەتە هەر چەندە ئێستا خەڵکانی دژە دینیش دەیڵێن بۆ ئەو زەمینەی پێشوو بووە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی زەمەنەکاندا ئەمانیش دەگۆڕێن.

هەتا ئەو کاتەی ئەمە ئەنجام نەدەین کێشەکان چارەسەر نابن، (حەسەن تورابی)[2] توانی لە ئیسلامی جیهانیەوە بگوازێتەوە بۆ ئیسلامی ناوچەیی کە ئەمە

---

١. موحەمەد کوڕی عەبدولوەهاب: لە ساڵی ١١١٥ کۆچی لە گوندی عەینەی سەر بە (نەجد) لە باکووری رۆژئاوای شاری ریاز لە سعودیە لەدایک بووە.

لە تەمەنی منداڵیەوە قورئانی پیرۆز و زۆرێک لە فەرموودەکانی پێغەمبەری لەبەرکردووە و باوکی فێری سەرەتاکانی فیقهی کردووە. کاتێک گەورەتر بووە چووە بۆ مەککە و لەوێدا بۆتە قوتابی چەند زانایەک و پاشان چۆتە شاری مەدینەی و لە لای زانا و شێخەکانی ئەوێ دەرسی خوێندووە.

موحەمەدی کوڕی عەبدول وەهاب بانگەوازی بۆ سەلەفیەت دەکرد و بۆ ئەم مەبەستەش زۆر سوودی لە بیروڕاکانی ئیبن تەیمیە وەرگرت و بەمەش ژمارەیەک شوێنکەوتووی بۆ خۆی پەیدا و کرد و لە لایەن چەند میرێکی نیمچە دوورگەی عەرەبیەوە پشتگیری لێکرا و چەندین ناوچەش لە دژی وەستانەوە.

هەندێک لە بەرهەم و نووسینەکانی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب بریتین لە: (التوحید، کشف الشبهات، مختصر الإنصاف والشرح الكبیر، مختصر زاد المعاد، القواعد الأربع، أصول الإیمان، فضل الإسلام، مسائل الجاهلیة، السیرة، الهدي النبوي و ..الخ).

موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە ١ی شەوالی ساڵی ١٢٠٦ هیجری کۆچی دوایی کرد.

٢. حەسەن تورابی: لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری کەسلا لە رۆژهەڵاتی سودان لە دایکبووە. قۆناغەکانی سەرەتایی تا زانکۆی لە سودان تەواو کردووە وساڵی ١٩٥٥ بڕوانامەی لە یاسا لە زانکۆی خەرتوم بەدەستهێناوە.

بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و دکتۆراشی لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسا بەدەستهێناوە.

یەکێکە لەو کارە گرنگانەی ئەم پیاوە کردوویەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەک سودان ئەمە زۆر گرنگ بوو کە کردی.

لێرەدایە ئێمە دەگوازینەوە بۆ شتێکی تر کە جیاوازە لەوەی پێشوو کاتێک من مامەڵە لەگەڵ کتێبە فیقهیەکانی لەوەو پێشدا دەکەم تەنها مامەڵەیەکی ئامادەیی یەک لایەنە دەکەم کارەکە زۆر ئاسانە، شتێک لەوێ هەیە و دەیدۆزمەوەو دەری دەهێنم تەنها زاکیرەی دەوێ واتە تەنها شتەکان بناسیت ئەمە کێشەی فەلسەفە و فیقهە بەشێوەیەکی گشتی کاتێک شتێکی ئامادەی پێشوو دەهێنیت لە زەمینەیەکی تردا و بە هەمان سیستەمی پێشوو جێبەجێی دەکەیت ئەو کات توندوتیژی دروست دەبێت چونکە بۆی نابێت و پێی نامۆیە.

مارکسیەت پێشکەوتووترین فیکری سەردەمی خۆی بوو بەڵام کاتێک ویستیان وەکو شتێکی ئامادەکراو بەسەر کۆمەڵگەدا بیدەن بووە هۆی کوشتنی ملیۆنان مرۆڤ و هیچ دەرئەنجامێکی باشیشی لێنەکەوتەوە، فیکری دینیش بە هەمان شێوەیە کاتێک شتێکی ئامادە دەهێنیت و بەبێ ئەوەی رۆڵ بەوانە بدەیت کە تۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت ئەو کات توندوتیژی و بەرپەرچدانەوە روودەدات.

ئەمەیە یەکێکە لەو گۆڕانکاریانەی کە لە مەعریفەدا روویداوە جیاوازی نێوان فیکر لەم سەردەمە و لە سەردەمەکانی پێشوودا ئەوەیە کە فیکر لە سەردەمەکانی پێشوودا ئامادە بوو تەنها فێری دەبوون بەڵام لە دوای ڤیتگنشتاین و فەیلەسوفە

---

لە ساڵی ١٩٨٨ وەزیری دەرەوەی سودان بووە و لە ساڵی ١٩٩٦ سەرۆکی پەرلەمانی سودان بوو لە شەستەکانی سەدەی رابردوو ئەندامی سەرەکی دامەزراندنی بەرەی پەیمانی ئیسلامی بووە. دواتر بەرەی ئیسلامی نەتەوەیی دامەزراند. دواتریش کۆنگرەی گەلی عەرەبی ئیسلامی دامەزراند.

زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی بە باشی زانیوە، لە ساڵی (١٩٦٩) چۆتە ریزەکانی ئیخوان موسلیمین و دواتر وازی لەو رەوتە هێناوە و رەوتێکی فیکری تایبەت بەکاری خۆی دروستکردووە.

حەسەن تورابی بە یەکێک لە سەرکردە ئیسلامیە بەناوبانگەکانی جیهان دادەنرێت و یەکێکە لە دیارترین موجتەهیدە ئیسلامیەکان و چەندین کتێبی لە بوارەکانی ئیسلام و بنەماکانی فیقهی ئیسلامی و چاکسازی ئیسلامی و سیاسی ئیسلامی و نووسیون.

لە رێکەوتی ٥ ئازاری ٢٠١٦ لە شاری خەرتومی پایتەختی سودان لە تەمەنی (٨٤)ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

تازەکان ئێستا من تەنها فیکر وەرناگرم بەڵکو خۆشم رۆڵم لە دروستکردنی ئەو فیکرەدا هەیە.

راستە ئێستا مافی مرۆڤ خولقێنراوی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەیە بەڵام ئەم خولقێنراوەی دەستی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا لە دونیادا سنووربەندمان دەکات، پێویستمان بە مامەڵەیەکی عاقڵانە هەیە لەلایەن مرۆڤە دیندارەکانەوە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا کە وا دەکات مرۆڤە دیندارەکان واز لە دیوە سونەتیەکەی خۆیان نەهێنن هەتا ئەو کاتەی کە پێچەوانە نەیەتەوە لەگەڵ عەقڵانیەتی نوێ و ئەخلاقی نوێدا واتە ئەخلاقیاتێکی بان گەردونی و بۆ هەموو سەردەمەکان دەبێت.

یەکسانی نێوان مرۆڤەکان ئەخلاقی ترە لە جیاوازی کردن لە نێوانیان لەم سەردەمەدا، دەی ئەگەر ئەوە بوو بێتە بنەمای مافی مرۆڤ ئیتر من بۆ قبوڵم نابێت، لێرەدایە کە ئایین جیهانیکی ترمان لێ دەکاتەوە بۆ پێگەیاندن و گەورەبوون و شکۆفە بوونی زاتی بۆ شکۆمەندی مرۆڤ ئەمەش دەچێتە ناو ئەو چوارچێوە مەعریفیەی کە ئێمە ئایین وەک بابەتێکی دەرەکی کە هیچ پەیوەندیەکی بە منەوە نەبێت.

ئەمەش مامەڵەیەکی ناتەواوە لەگەڵ دیندا و دەیگوازێتەوە لە ئایینەوە بۆ من، باسی خودا ناکەم بەڵکو خودا بۆ من و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم بەم شێوەیە مانا پەیدا دەکات ئەگینا لە دەرەوەی من بێت من لێی تێناگەم.

بەڵگە دەبێت خۆی بەرگری لە خۆی بکات نەک لەبەر شتێکی تر، مامەڵەی نالۆژیکی جگە لەمە شتێکی تر نیە، ئێمە ئەگەر بە تەنگ رۆحی خۆمان و چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆمانەوەین ئەگەر بەدوای ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیەوەین، ئەگەر بەدوای مرۆڤبوونی خۆمانەوەین نابێت لە دەرەوەی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

کەی خودا لە خودایەکی دەرەکیەوە دەبێت بەو خودایەی کە پێغەمبەران باسیان کردووە ئەو کاتەیە کە مرۆڤ ئامادەیی هەیە، من چۆن خودا دەناسم و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم، دەی کاتێک لە دەرەوەی زەمینەکەی من بێت دەبێتە شتێکی فیزیکی یان میتافیزیکی کە پەیوەندی بەمنەوە نیە و لێی ناگەم هەر چەندە لە کتێبەکانیشدا باسکرا بێت بەڵام هیچ پەیوەندیەکی بە ژیانی منەوە نیە چونکە لەناو سیستەمەکەی مندا ئامادەیی نیە.

***

## سەرەکی ترین بابەتەکانی مەعریفەتناسی:

یەکێک لە سەرەتایی ترین بابەتەکانی مەعریفەتناسی نوێ (ئەپستمۆلۆژیا) ئەوەیە کە مەعریفە سنووری خۆی دەزانێت، یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی فەیلەسوفە مەعریفەیەکانی ئەم سەردەمە لە فەیلەسوفە فیکریەکانی سەردەمەکانی پێشوو جیا دەکاتەوە بریتیە لەوەی کە فەیلەسوفەکانی ئەم سەردەمە تەنیا بیر لە خودی مەعریفە ناکەنەوە کەچی دەزانن و چی نازانن بەڵکو سنوورەکانی مەعریفەش دەزانن، ئاگادارن کە کامە نازانرێت بۆیە شتەکان بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی مەعریفە دەبن بەسێ بەشەوە:

بەشێکیان: بابەتگەلی عەقلانی دەکرێت بەڵگەیان بۆ بهێنرێتەوە، واتە عەقڵ قبوڵ دەکەن.

بەشێکی تریان: دژە عەقڵن ناچێت بە عەقڵی هیچ مرۆڤێکدا کە ئەوانە راستن، وەک بابەتە بیرکاری و لۆژیکیەکان.

بەشێکی تریان: ئەوەیە کە ئەرکی دروست کردووە و پانتاییەکی گەورەی پێدراوە لە بواری مەعریفەدا ئەویش کۆمەڵێک شتمان هەیە نە عەقڵ قبوڵکەرن نە دژە عەقڵیشن.

ئەمە یەکێکە لە جوانترین ئەو بەشانەی مەعریفەتناسیە کە فەیلەسوفەکان لە کانت بەدواوە ئیشیان لە سەر کردووە کە نەدەتوانی بە لایەنگریان بەڵگە بهێنیتەوە نەدەتوانیت لە دژیان بەڵگە بهێنیتەوە، لە سەردەمەکانی پێشوودا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئامادەیی هەبووە بۆ نموونە: بوونی راز لای عاریفەکان، خودا رازی بوونە، راز ئەوەیە کە نەدەتوانی بەڵگەی لە سوودی بهێنیتەوە نە دەتوانی لە دژیشی بەڵگە بهێنیتەوە.

ئەمە یەکێکە لەو شتانەی سنووری توانا زەینی و مەعریفەیەکانی مرۆڤی دیاریکرد کە ئیتر مرۆڤ لە خۆی بایی نەبێت کە وا نەزانێت کە دەتوانێت هەموو شتێک بزانێت، دەتوانێت بەڵگە بۆ هەموو شت بهێنێتەوە، بەڵکو لە سەردەمی فەیلەسوفی مەسیحی (ئۆکام)[1] بە دواوە کە تیۆریاکەی ئەو لەو بوارەدا بەناوی (گوێزانەکەی ئۆکام) بەناوبانگە.

---

١. ڤیلیام ئۆکام: لە ساڵی ١٢٨٨دا لەدایک بووە فەیلەسووفێکی رەبەنی سەر بە قوتابخانەی برایانی مەسیحی بووە، لە سەدەی چواردەیەمدا لە ئینگلترا ژیاوە.

لەوێوە هەتا ئێستا لە رووی فەلسەفیەوە بە نزیکەیی ئەوە سەلمێنراوە ئەگەرچی لە رووی زانستی ئەزموونیەوە هێشتا نەچوونەتە ژێر ئەم بابەتەوە وایان زانیووە دەتوانن هەموو شتێک بزانن ئەوەشی کە نایزانن تەنها بابەتەکە کاتە بۆیە وتیان: (کاتمان بدەنێ مرۆڤیش دروست دەکەین)، بەڵام لەفەلسەفەدا بەپێچەوانەوە مەعریفەتناسی کە لەم بوارەدا راستی لای مەعریفەتناسەکان دەرکەوت نەک زاناکانی زانستە ئەزموونیەکان، چونکە مەعریفەتناسەکان وتیان، لەوانە، ڤیتگنشتاین وتی: (ئێمەی مرۆڤ شتگەلێک هەیە کە ئێمە ناتوانین وێنای بکەین بۆیە دەبێت بێدەنگ بین لەبەرامبەریان)، چونکە ناتوانین بەڵگەی لایەنگری یان دژایەتی بۆ بهێنینەوە.

ئۆکام وتی: (ئێمە دەبێت لە هەموو شتێک بگەڕێین تەنها دوو شت نەبێت کە لە راستیدا و لە بنەڕەتیشدا یەک شتن ئەویش ئەوەیە هەر شتێک خۆیمان پێ نیشان نەدا یان ئەو شتەی کە پێویستە بۆ ئەوەی ئەمان پێ نیشان بدات بناسین).

لێرەوە باسی خودای هێنایە ناوەوە ئێمە خودا ئەزموون ناکەین بەڵام بە بۆچوونی ئەو شتە مومکین و ئەزموونکراوەکان بەبێ بوونی خودا بوونیان نابێت و نیە و ناتوانین لێیان تێبگەین بۆیە لەبەر خاتری ئەمان دەبێت باسی ئەویش بێتە ناوەوە.

هیوم ئەم وتەیەی هێنایەوە و سوودی لێوەرگرت و گواستیەوە بۆ مێژوو کە دەڵێت: (ئەوەی کە لە مێژوودا گرنگە رابردوو نیە بەڵکو گرنگ ئێستایە)، بەڵام بۆیە دەچنە ناو شتەکانی رابردووەوە چونکە بۆ شتەکانی ئێستا پێویستە، بۆ نموونە: باس باسی منە کەچی دەچن بۆ باسی باو و باپیرانم، باسی ئێستای کوردە وا دەکات باسی مێژووی کورد بێتە ناوەوە.

بوون هەر ئەوەی ئێستایە ئەوەی کە دێتە ناوەوە بەخاتر ئەمەیە بۆیە هەر دووکیان (ئۆکام، هیوم) باوەڕیان وایە کە ئێمە کۆمەڵێک شت هەیە ناتوانین

---

خاوەنی بیرۆکەی ناسراوی (گوێزان)ە پرەنسیپی ئەم بیرۆکە فەلسەفیەی ئۆکام ئەوە روون دەکاتەوە، کە ئاسانترین رێگا بۆ گەیشتن بە چارەسەری هەر گرفتێک لە پەیڤیندا، دۆزینەوەی چارەسەرە راستەقینەکەیەتی.

ئۆکام، کە لە سەردەمێکدا لە سەدەی چواردەیەمدا لە ئینگلترادا ژیاوە، فەلسەفەی قوتابخانەکانی سەر کەنیسەی کریستیانی بە تەواوی لە مێشکی قوتابیاندا باڵادەست و زاڵ کراوە. ئۆکامیش لەو سەردەمەدا رۆڵی گرنگی هەبووە لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئەو جۆرە رەهەندە.

ئۆکام لە لە ساڵی ١٣٤٨دا کۆچی دوایی کردووە.

بیسەلمێنین کەچی دەبێت دان بە بوونیاندا بنێین نەک لەبەر ئەوەی کە سەلماون بەڵکو لەبەر شتە سەلماوەکان پێویستیمان بەوانە، بۆ نموونە تەنەکان (ئاسن، مس، فافۆن) ئەزموون دەکەین بزانین بە گەرما دەکشێن لە کاتێکدا هەرگیز ناگەینە یەقین لەو بابەتەدا چونکە رەنگە مادەیەک مابێتەوە لەبووندا تاقیمان نەکرد بێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم رێسامانە دەستبکەوێت کە بریتیە لەوەی کە: (تەنەکان بەگەرما دەکشێن) ناچارین ئەوە قبوڵ بکەین.

کانت هات سوودی لە هیۆم و ئۆکام وەرگرت و دەڵێت: (من خەوتبووم هیۆم بەئاگای هێنامەوە)، هەروەها دەڵێت: (بۆ ئەوەی لە واقیع تێبگەین تەنها ئەزموونکردنی واقیع گرنگ نیە بەڵکو کۆمەڵێک پێشگریمانەمان هەیە ئەوانە بە سەلمێنراو قبوڵ نەکەین لە شتەکانی ئێستا تێناگەین و ناتوانین ئەزموون بکەین، بۆ ئەوەشی ئەزموون بکەین دەبێت ئەو شتانەی پێشوو بەبێ بەڵگەهێنانەوە قبوڵ بکەین، ئەوانە رۆڵی رێنمونیکردنیان هەیە بۆ ئەوەی بمانگەیەنن بەو شتە دەرەکیانە و هیچ بەڵگەیەکیشمان نیە لەسەر بوونی خۆیان).

دواتر کارڵ پۆپەر ئەمەی وەرگرت و وتی: (هیچ روانینێک بێ لایەن نیە)، هیچ شتێک نیە ئەگەر پێشینەیەکی نەبێت، ئەو شتە پێشترەیە وا دەکات ئەم شتە واببینی، کانت ئەمەی سەلماند وتی: ١٤ مەقولەمان هەیە کە ١٢ دابەش کرد بەسێ گروپی چوار چوارەوە لەگەڵ مەقولەی شوێن و کات وتی بەبێ ئەم چواردە شتە ئێمە ناتوانین لە واقیع تێبگەین ئەمانەش لەناو مێشکی ئێمەدایە کە بۆ پۆلێن کردن و تێگەیشتن لە شتەکان ئەو چواردە شتەی بە پێشگریمانە وەرگرتووە.

سروش دەباغ[١] دەڵێت: (فەیلەسوفە رۆژهەڵاتیەکان کاتێک کە رەخنەیان لە رۆژئاواییەکان گرت گوایا یەکێک لەوانە کانتە و ئەزموونگەرایە، ئەزموون

١. دکتور سروش دەباغ: کوڕی رۆشنبیر و بیرمەندی ناوداری ئێرانی "د. عەبدولکەریم سروش "ە و لە ٧ جولای ١٩٧٤ لە تاران لە دایک بووە.

سروش دەباغ لێکۆڵەری بواری ئایین و فەلسەفە و ئەدەبیاتە و بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکوی زانستە پزیشکیەکانی تاران لە بواری دەرمانسازیدا بەدەستهێناوە و لە زانکۆی ڤارویکی ئینگلتەراش بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری فەلسەفەی شیکاریدا بەدەستهێناوە.

لە ئێستاشدا سەرۆکایەتی دامەزراوەی فیکری و مەعریفی (معرفت و پژوهش) لە ئەستۆدایە و لە هەمان کاتیشدا لە لە زانکۆی تۆرینتۆی کەنەدا خەریکی توێژینەوەیە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی پۆست دکتۆرایە و هەر لەو زانکۆیەشدا وانە دەڵێتەوە.

هەرچیمان پێ بڵێت ئەوە حەقیقەتە و بڕاوەتەوە، بەڵام لەوە نەگەشتن کە کانت ئەزموونگەرا نەبوو بەو مانایە بەڵکو ئەزموونگەرایی باڵاگەرا بوو)، واتە باوەڕی بە کۆمەڵێک ڕێسای پێشتر هەبوو کە ئەگەر ئەو ڕێسایانە نەبن ئێمە ناتوانین لە شتەکان بگەین و ئەزموونیان بکەین.

یەکێک لەو شتانەی کە پێشتر دەبێت ئێمە بەپێشگریمانە وەری بگرین (خودا)یە، لە فەلسەفەی ئەخلاقی کانتدا ویژدان و ئەخلاق بوونی نیە ئەگەر من باوەڕم بەخودا نەبێت تەنانەت بەڵگەشت نیە لە سەری چ بە لایەنگری و سەلماندنی چ بە ڕەتکردنەوە و دژی، بەڵام ئەگەر بە پێشگریمانە وەری نەگری مانا نادات و لێی تێناگەین.

بابەتی کات بە هەمان شێوەیە چونکە شەو و ڕۆژ و کاتژمێرەکان نیە چونکە ئەوانە دیاریکەری ئەون، کات خۆی بۆ خۆی دیار نیە بەڵام مێشکی مرۆڤ بۆ ئەوەی لە شتەکان تێبگات کات بە گریمانە وەردەگرێت، شوێن بە گریمانە وەردەگرێت. فیزیکی نوێ سەلماندوویەتی کە شوێن بوونی نیە بەڵکو ڕەهەندە بەڵام مێشکی ئێمە بە پێشگریمانە وەری دەگرێت بۆ ئەوەی شتەکان لەناو شوێندا بن و لێیان بگەین، شتێک هەیە لە پێشتردا ئێمە بەڵگەمان بۆ نەهێناوەتەوە بە بێ بەڵگە قبوڵمان کردووە ئەگەر قبوڵمان نەکردایە نەمان دەتوانی لە واقیع و ئێستا تێبگەین.

تەنانەت ئەمە لە فەلسەفەی بوونیشدا بە هەمان شێوەیە هایدگەر دەڵێت: (چوار شت هەیە ئەگەر ئەوانە نەبن مرۆڤ قەد وەک مرۆڤ دەرناکەوێت، مرۆڤ بۆ

---

توێژینەوەکانی زیاتر لە سەر کەسایەتیەکانی وەک: (مەولانا، جۆن هیک، عەلی شەریعتی، سوهراب سپێهری، داستایوفسکی، ئیمانۆیل کانت و لودویگ ویتگنشتاین)ە، ئەم کەسایەتیانە کاریگەریان لەسەر سروش دەباغ هەبووە.

توێژینەوەکانیشی زیاتر لە بوارەکانی (فەلسەفەی ئەخلاق، فەلسەفەی شیکاری، ئایین ناسی، عیرفان، توێژینەوە لە بەرهەمەکانی مەولانا، فەلسەفەی زمان و ڕوشنبیری ئایینی)ن.

گەلێک بابەت و بەرهەم و کتێبی هەیە لەوانە: (آئین در آیینە، عام و خاص در اخلاق، سکوت و معنا، زبان و تصویر جهان، امر متعالی، امر اخلاقی، درس گفتارهایی در فلسفه اخلاق، ترنم موزون حزن (تأملاتی در روشنفکری معاصر)، در باب روشنفکری دینی و اخلاق، فکر نازک غمناک، درس‌گفتارهایی در فلسفەی تحلیلی و در سپهر سپهری و ... هتد،).

ئەوەی لە مادەوە بگوازێتەوە بۆ دازاین " مرۆڤ لەناو بووندا بەزیندوویی" دەبێت ئەم چوار شتە بوونیان هەبێت ئەوانیش: خودا، مرۆڤ، شوێن، کات).

ڕۆشنبیرەکانی ئێمەی ڕۆژهەڵات خێرا دەچنە سەر شتەکان بەبێ ئەوەی بزانن مێشکی خۆیان بەشی لەو شتەدا هەیە، هەر بۆیە شتەکان لای خۆمان بە وەستاوی وەردەگرن و یەکسەر بڕیاری کۆتایی دەدەن بۆ نموونە ئایینیەکان دەڵێن: ئەو کەسە موسڵمانە یان نا، لەکاتێکدا نازانن مێشکی ڕۆڵی هەیە لەوەی کە ئەو بە موسڵمان دادەنێت یان نا. تۆ خۆت ڕۆڵت هەیە لەوەدا پێشگریمانەکانی تۆ ڕۆڵیان هەیە، دژە ئایینیەکانیش دەڵێن: نا ئەمە عەقڵانی نیە ئەوە نیە و ئەوەیە بەبێ ئەوەی هیچ گرنگیەک بدەن بە پێشگریمانەکانی خۆیان.

لێرەوەیە کە کۆمەڵێک گرفتمان بۆ دروست دەبێت تەنانەت لە تێگەیشتن لە دەقە پیرۆزەکان وەک ئەوەی کە ئەم دەقانە شتێکی ئامادەکراو بێت لە دەرەوە و من وەریبگرم و تێگەیشتن هیچ ڕۆڵێکی تیایدا نەبێت، لە کاتێکدا بەبێ پێشگریمانەکان لێیان تێناگەم.

لێرەدایە لە نێوان زانا و زانراودا، عاقڵ و مەعقولدا، سێیەمێک هەیە کە ڕۆڵی گرنگی لەم بابەتەدا هەیە ، تەنها لە بابەتە تیۆریەکاندا وا نیە بەڵکو لە بابەتە کرداریەکانیشدا ڕۆڵ دەگێڕێت لەبەر ئەوە ئەو (بکە، مەکە) کە لە سەردەمەکانی لەوەو پێش بۆ ئێمە دێت وەستاو نین، مێشک و کلتوری مرۆڤەکان ڕۆڵیان هەیە لەو بکە و مەکانە، ئەمەیە کە (شێخ وەلیوڵڵا دەهلەوی دوو سەدە لەمەو پێش وتی: (فیقە گونجاوە لەگەڵ کلتوری عەرەبیدا) ناتوانێت وەستاو بێت، بۆ نموونە بکە و مەکەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی و بەهاکانی ئەو قۆناغە پەیوەندی هەیە بە پێشگریمانەکانی ئەو قۆناغە کە بوونیان هەیە هەموو سەردەمێک پێشگریمانەی خۆی هەیە.

تێگەیشتن لەم بابەتە تێگەیشتنە لە قووڵایی بکە و مەکەکانی ئایین کە لە ئێمەی داوا دەکات زانینی ئەم شتانەش بە قازانجی ئایینە چونکە ئەو بەشەی کە پەیوەندی بەو پێشگریمانانەوە هەیە تۆ بۆت جیا دەبێتەوە لەو شت و بەشەی کە وانیە، ئێستا بیرکردنەوەیەکی سایکۆلۆژی دروست بووە وادەزانن باسکردنی ئەم بابەتانە بۆ ئەم قۆناغە ئەوا دەتەوێت بیگۆڕیت، لە کاتێکدا وانیە بەڵکو دەتەوێت بیناسی.

فەیلەسوفەکانی مەعریفەتناس دەڵێن: ئەو شتانەی کە لە جۆری سێیەمن کە مرۆڤ ناتوانێت بەڵگەیان بۆ بهێنێتەوە چ لە دژی و چ لە لایەنگری دەبێت ئەو شتانە وەک خۆیان قبوڵ بکرێن ئەگەر قبوڵ نەکرێن ئەوا ناتوانین شتەکانی تر بناسین، ئەو شتانەش حەوت دانەن.

یەکەم: ئاگایی: مرۆڤ تەنها جەستە نیە بەڵکو ئاگاییەکەیەتی کە لەگەڵ ئاگایی ئەوی تردا یەک دەگرێت، من ئاگام بە ئاگاییەکانی تۆ بە من، فەیلەسوف هەیە ناسراوە بە فەیلەسوفی ئاگایی و دەڵێت: ئاگایی هیچ بەڵگەیەکی نیە بەڵکو ئێمە لێی تێدەگەین، هەتاکو ئێستا هیچ کەس نەیتوانیوە بەڵگە بۆ ئاگایی بهێنێتەوە بەڵام مرۆڤەکان لێی گەیشتوون و مامەڵەشیان لەگەڵیدا کردووە بێگومان ئەمە لە رووی مەعریفیەوە ئەگینا دەکرێت لە رووی رۆحیەوە ئەزموونی ئەمە بکرێت، مرۆڤ تا رۆحانی تر بێت ئاگایی زیاتر دەبێت.

دووەم: بابەتی جەبر و ئیختیار ئایا ئێمە ناچارین یان خاوەن ئیرادەین، ئازادین یان شتەکان بە سەرماندا چەسپاوە، ئەوانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە هەر یەکەیان بەڵگەیان بۆ یەکێکیان هێناوەتەوە هیچ کەسێک نەیتوانیوە بەرامبەری شکست پێ بهێنێت.

لە سەردەمی نوێدا تەنانەت لە فەلسەفەی سینەمادا ئەمە بابەتێکی گەورەیە یەکێک لە هونەرمەندەکان پرسیاری لە فەیلەسوفێک کرد بوو نموونەیەکی بۆ هێنا بووەوە کە وتبووی: (لە یەکێک لەو وڵاتانەی کە ئازادی نیە گەنجێکی پێنەگەیشتوو دەچێت فیلمێکی قەدەغە دەکڕێت و هەست دەکات لە ماڵی خۆیاندا ناهێڵن ئەو فیلمە سەیر بکات و بیر دەکاتەوە خاڵۆی ئەوی زۆر خۆش دەوێت و بیریش دەکاتەوە ماڵی خاڵیشی لەوێ نین دەڕوات لەوێ دەست دەکات بە لێدانی فیلمەکە لەو کاتەدا خاڵۆژنی دێتە ژوورەوە، کوڕەکەش بیر دەکاتەوە گەر خالۆژنی ئەمە لای خاڵی باس بکات ئەو کات چی لێدەکات بۆیە خالۆژنی دەکوژێت، پرسیار لە فەیلەسوفەکە دەکات کە دەڵێت: پێم بڵێ ئێمە ناچارین یان ئازادین، ئەگەر ئەو رووداوە رووینەدایە ئەو کەسە ئەو شتەی نەدەکرد).

بەڵگەیەکی قەناعەت پێکەرمان نیە لە سەر ئەوە بەڵام وەک پێشگریمانە وەری دەگرین کە ئازادین بۆ ئەوەی بتوانین ئیشەکانمان بکەین.

سێیەم: ژیانی پێش لەدایکبوون، بەڵگەیەکمان نیە پێش لەدایکبوون ئێمە چۆن بووین و چیمانکردووە و لەکوێ بووین بەڵام بە پێشگریمانە وەری دەگرین کە بە لەدایکبوونەوە دەست پێدەکات یان بە پێشگریمانە هەندێک کەس وەری دەگرن کە ژیانی پێش لەدایکبوونیش هەیە بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان نیە.

چوارەم: ژیانی دوایی مردن، هیچ کەس هیچ بەڵگەیەکی نیە لە سەر ئەوە چ لە سەر هەبوونی چ لە سەر نەبوونی.

پێنجەم: ئەگەر ئێمە دەزگا مەعریفیەکانمان جۆرێکی تر بووایە ئەو کات ئێمە چۆن بوونمان دەبینی و دەمانناسی، ئەو ناسین و بینینەی ئێمە گونجاوە لەگەڵ

پێکهاتەی فیکری و زەینی و جەستەیی ئێستامان، بۆ نموونە: هەرچی ڕێسای ئەخلاقی هەیە پەیوەندی بە پێکهاتەی جەستەیی ئێستامانەوە هەیە، ئەگەر جۆرێکی تر لە مرۆڤ بووینایە نیچە وتەنی: (سۆپەرمان) ئەو ئەخلاقیاتەی ئێستا بوونی نەدەبوو، بۆ نموونە گەر توانای کەشفکردنی شتە شاراوەکانمان هەبووایە بۆ نموونە کەشفکردنی قسەی ناڕاست و درۆ، ئەو کات ڕاستگۆیی و درۆزنی نەدەبوونە بابەتی ئەخلاقی چونکە کەشف دەکرا ئەو کاتە ئەخلاقیە کە مرۆڤ ناتوانێ کەشفی بکات و من درۆ نەکەم و ڕاستگۆ بم.

زۆرێک لە فەیلەسوفەکانی فەلسەفەی زانست دەڵێن: ئەگەر ئێمە دوو ڕەهەند بووینایە تەنها درێژی و پانیمان هەبووایە هەموو بوونمان بە دوو ڕەهەندی دەبینی بەڵام مادام توانامان هەیە چاو بەرزبکەینەوە کەواتە ڕەهەندی تریش هەیە.

شەشەم: خودا، یەکێکی تر لەو شتانەی کە زۆربەی فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێ بە تایبەت ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە بابەتە ئایینیەکان هەبووە و پێشگریمانەیان داناوە و دایشیان ناوە کە دەبێت پێشگریمانەی ئەوە لە پێشەوە هەبێت و بەبێ ئەو ئەم بوونەمان نەدەناسی بریتیە لە بوونی (خودا) زۆرێک لەپرسیارە وجودیەکانی مرۆڤ بەبێ هێنانە ناوەوەی ناوی خودا مانای نابێت، بۆ نموونە من بۆ بە ئەخلاق بم زۆرێک لە فەیلەسوفەکانی فەلسەفەی ئەخلاق دەڵێن لەبەر ئەوەی کە خودایەک هەیە، پێشگریمانەیە و سەلمێنراوە.

دەزگا دەرک پێکەرەکانی ئێمە چۆن واقیع دەناسین، فەیلەسوفەکانی مەعریفەتناسی دەڵێن: ئێمە کۆمەڵێک شت، گوزارە، ڕووداو، بارە مانایەکان، بارە سۆزاویەکان، دەناسین، بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی ئێمە دەیان ناسین دەبنە دوو بەش:

بەشێکیان پێیان دەوترێت شتە (وەصفیەکان) پیاهەڵدراوەکان هەواڵ دەدەیت دەربارەی شتێک لە دەرەوە ئەو شتانەی کە شایەن بەوەن پێیان بڵێی ڕاستە یان هەڵەیە، ئەمە پانتایەکی فراوانی لە مەعریفەی مرۆییدا داگیرکردووە.

بەشەکەی تریان شتە (تەوصیلیەکان) داواکردنی تێدایە، بکە و مەکە بەشێکی کەمی ئەمەیە، بەهای تێدایە، بۆ نموونە هەناریکم بەدەستەوەیە و دەڵێم شیرینە ئەمە شتێکی پیاهەڵدراوە دەتوانیت تاقی بکەیتەوە بزانیت وایە یان وانیە بەڵام دەڵێم تامی خۆشە تۆ قەد ناتوانیت بزانیت وایە یان وا نیە چونکە لای من خۆشە و لای تۆ ناخۆشە ئەوە پێی دەوترێت شتێک بەهادانانی تێدایە، من بەهایەکی پێدەدەم.

ئەم شتە بەهادارانە بەبێ بوونی مرۆڤ بوونیان نیە، لەم بابەتانەدا مرۆڤ سەنتەرە، ئەو شتەی بەلای منەوە خۆشە واتە بەلای منەوە خۆشە.

بابەتە ئەخلاقیەکان بەبێ بوونی مرۆڤ مانا نادەن، بابەتە هونەریەکان ئەوە جوانە و بەلای منەوە جوانە، بابەتە یاساییەکان، سیاسیەکان، ئەم بابەتانە بەبێ بوونی مرۆڤ مانایان نیە، ئەوە مرۆڤە وا دەکات ئەو شتانە بوونیان هەبێت، ئەو درەختانە سەوزن من لەوێ بم یان نا هەر سەوزن بەڵام ئەوە جوانە ئەگەر من لەوێ نەبم جوانی مانایەکی نیە، ئەم بابەتە تەوصیلیانە دوو بەشن.

بەشێکیان لەناو زەمینەکەدا پێشگریمانەی کۆمەڵگەکانن، سەردەمەکان رۆڵیان هەیە لە بەخشینی بەها پێیان تەنانەت هەندێک لە فەیلەسوفەکان بڕوایان وایە کە لە بنەڕەتدا بەستراون بە چوارچێوە (سیاق)ە مێژوویی و گروپیەکانەوە.

بەڵام ئەوانەی بان زەمانن بۆ هەموو سەردەمەکانن مەگەر بسەلمێنرین کە تایبەتن بە سەردەمێکەوە لە کاتێکدا لە فەلسەفەی مەعریفەتناسی نوێ و فەلسەفەی زانستی نوێدا بۆ ئەم بابەتە دەڕۆیت ڕێساکە وایە دەبێت پاپەندن بە زەمەنەوە ئێمە دەبێت بەڵگەیەکمان هەبێت بۆ ئەوەی بۆ سەرووی کاتەوە بێت، گرفتمان چارەسەر دەبێت تێگەیشتنی ئێمە لە کتێبەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تێگەیشتنمان لە بوون و مێژوو و کلتور گۆڕانکاری بەسەردادێت چونکە هەمیشە ئەم بابەتە تەوصیلیانە پابەندن بە زەمینە کە بەشێک لەو زەمینەیە بریتیە لە پێکهاتەی جەستەیی و رۆحی و کلتوری ئێمە.

یەکێک لە گەورەترین هەڵە لۆژیکیەکانیش لەم بابەتانەدا بریتیە لە بازدان بە سەر مێژوودا چ بە ئەرێنی و چ بە نەرێنی، بۆ نموونە عەدالەت ئەو تێگەیشتنەی ئەمڕۆ لە عەدالەت هەیە تۆ بەوە تێبگەیت لێی کە سێ سەدە لەمەو پێش هەبوو لە کاتێکدا ئەوە لەناو زەمینەدایە ئەو کاتە تێگەیشتنی خۆی هەبووە و ئێستاش هی خۆی، دین وەکو بابەتە بان مێژوویەکەی داوا لە ئێمە دەکات کە دادپەروانە مامەڵە بکەین ئەوە دەچێتە دەرەوەی زەمینەوە چونکە ئەوە بەهایەکی مرۆییە بەڵام دیوی دەرەوەی ئەم عەدالەتە لەناو زەمینەکەدایە جیاوازە لەم سەردەمەوە بۆ سەردەمەکانی تر، بۆیە ئەگەر ئەوەی پێشوو بێنیت و لە ئێستادا دایبنێیت لەگەڵ دادپەروەریدا پێچەوانە دێتەوە.

بە پێچەوانەشەوە یەکێک لە گەورەترین  بە تایبەت ئەوانەی کە مامەڵەیان باش نیە لەگەڵ دیندا و نادینین  ئەمە دەکەن بە بەڵگە بابەتەکانی سەردەمی نوێ کە زەمینەی خۆی هەیە و ریشەی لە رووی زمانەوانیەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی پێشوو بۆ نموونە توندڕەوی ئەو تیرۆرەی ئەمڕۆ زەمینەی مۆدێرنە لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی خۆی و ئەم سەردەمە دروستی کردووە دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمەکانی پێشوو.

بۆ نموونە لەناو قورئاندا بۆ ریشەی تیرۆر و توندوتیژی دەگەڕێن لە کاتێکدا ئەمە بابەتێکە پابەندە و بەستراوە بەپێشگریمانەکانی ئێمەوە، واتە ئەگەر ئەم سەردەمەو تەکنەلۆژیا و مۆدێرنە نەبووایە هەرگیز ئەمە دەرنەدەکەوت لەبەر ئەوە ئەمە بازدانە بەسەر سەردەمدا.

بابەتی دیموکراسی گەڕانەوە بۆ شورای سەردەمەکانی لەوەو پێش هەڵەیە بەڵکو ئەمە بابەتێکە لەم سەردەمەدا دەرکەوتووە، پێشگریمانەی خۆی هەیە ئەگەر فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێ و مافی مرۆڤ و چەمکە بنەڕەتیەکانی ئەم سەردەمە دەرنەکەوتنایە بۆ نموونە چەمکی ماف ئەوەی ئەوەی کەمن لێناگەڕێم هیچ کەسێک لێم وەربگرێتەوە تەنانەت خوداش ئەمە وای کردووە کە کۆمەڵێک چەمکی ئەخلاقی دەربکەون کە ماف تیایدا سەنتەرە لە کاتێکدا شێوازی مافی سەردەمەکانی لەوەو پێش ئەرک بوو من جێبەجێم دەکرد بەڵام ئێستا مافەکانم سەنتەرن، ئەمە ئەو ململانێیەیە لە نێوان چینی کۆن و نوێدا هەیە، گەنجەکە هەمیشە داوای مافی خۆی دەکات ئەویش داوای ئەرک لە گەنجەکە دەکات لە دوو شێوازی ئەخلاقی جیاوازدا دەژین و لە یەکتر تێناگەن.

ئەگەر ئەمە نەبووایە هەرگیز بابەتەکانی دیموکراسی دەرنەدەکەوتن کەچی بەتەمان بچن لە ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا ئەم بابەتانە بدۆزنەوە هەرگیز نایدۆزێتەوە و نەگونجاوە، ئەمە یەکێکە لەو بابەتانەی کە رازە ئێمە ناتوانین بەڵگەی لە سوود بۆ بهێنینەوە و ئەو شتەشی کە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە ئێمە ناتوانین لەم سەردەمەدا بەڵگەی لە دژ بێنینەوە، ئەوانەی لەناو زەمینەدان نەک ئەوانەی سەروو زەمینە، ئەم بابەتە لە بابەتە فەرمانیەکان و بکە و مەکەکانە بەڵام پێویستە ئێمە بزانین چەند جۆر بکە و مەکەمان هەیە بۆ ئەوەی بە باشی چوارچێوەی ئەم بابەتەت بۆ دەربکەوێت چونکە لایەنی کرداری بکە و مەکەکان وەک یەک نین.

***

# جۆرەکانی بکە و مەکە (امر و نهی):

بەلایەنی کەمەوە ئێمە حەوت جۆر بکە و مەکەمان هەیە واتە لە حەوت ڕێگەی جیاوازە بۆ بکە و مەکە فەرمان بە ئێمە دەدرێت.

جۆری یەکەم: بکە و مەکەی فەرمانی (امر): کەسێک بە هەر هۆیەک بێت فەرمان بەسەر مندا دەکات و منیش لە سەرمە جێبەجێی بکەم بۆ نموونە لە فەرمانگەیەکدام بەڕیوبەرەکەم فەرمانێک بە سەرمدا دەکات منیش مادام فەرمانبەرم دەبێت جێبەجێی بکەم، خودا لەبەر ئەوەی دروستکەر (خالق)ی منە فەرمان بەسەر مندا دەکات منیش مادام بەندەی ئەوم دەبێت جێبەجێی بکەم بەڵگەی ناوێت.

جۆری دووەم: بکە و مەکەی ئەخلاقی: کاتێک تۆ بەمن دەڵێیت ئارام بگرە، درۆ مەکە، ڕێسا ئەخلاقیەکە نیشانی من دەدەیت لە بابەتە ئەخلاقیەکەدا بەبێ بەڵگە هێنانەوە  و پرسیارکردن هەرگیز بوونی نیە، بۆ من درۆ نەکەم؟

لێرەدایە فەلسەفەی ئەخلاق دروست دەبێت، ئەوانەی کە دەیانەوێت خەڵک بە گوێی ڕێسا ئەخلاقیەکان بکەن بەبێ بەڵگە ئەوا هەرگیز سەرکەوتوو نابن بە گوێی ناکەن، لە بابەتە ئەخلاقیەکاندا دەبێت ئامانجێک و بەڵگەکاریەکی عەقڵانی بوونی هەبێت ئەمەیە فەیلەسوفەکان گەشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەمە شتێکی باشە، بۆ نموونە مافی مرۆڤ شتێکی ئەخلاقیە لەم سەردەمەدا چونکە عاقڵەکانی ئەم سەردەمە بەڵگەیان هەیە بۆ ئەوەی کە ئەم شتە باشە.

ئێمە پێمان وایە هەموو فەرمانە شەرعیەکان بابەتی ئەخلاقین لەبەر ئەوەی هەموویان بەڵگەکاریان هەیە، خودا خۆی لە قورئاندا پێمان دەفەرمووێت: ئەی خاوەن عەقڵەکان و ئیعتیبار وەرناگرن، ئەمانە باس باسی ئەمەیە، هەر فەرمانێک پێچەوانە بێتەوە لەگەڵ ئەخلاقدا ئەوا فەرمانی خودا نیە گەرچی بەهی ئەویشی دابنێن چونکە فەرمانی خودا بەرکارەکەی بریتیە لە بابەتێکی ئەخلاقی و بەڵگەی ئەخلاقیشی هەیە.

جۆری سێیەم: بکە و مەکەی میتۆدی: کاتێک کە تۆ دەتەوێت بە شتێک بگەیت ئەگەر دەبێت ڕێگەیەک و ڕێبازێک هەبێت پیایدا تێپەڕێت و لە سەری بڕۆیت.

ئەو بڕۆ و بکەیە بابەتێکی میتۆدیە چونکە ئامانجەکە ئەوە دیاری دەکات ئەمەیە هەندێک لە فەقیهەکان وتوویانە (فیقهی مقاصد) لە ڕاستیدا بڕێکی زۆری ئەو

شتانەی بەبان مێژوویی دانراون لە مێژوودا فەقیهەکانی نوێ مەبەستیان لەمەیە کە ئەمانە میتۆد و ئامرازن بۆ شتێک بۆ ئامانجێک، (مقاصد) واتای ئامانجەکە.

به بۆچوونی من ناتەواوی ئەم مامەڵە ئامانجیانە ئەوەیە کە هیچ ڕۆڵێکیان بۆ بکەو مەکە ئەخلاقیەکە نەهێشتۆتەوە بۆیە دەبینی لە ئامانجیاندا زۆرجار دژ دروست دەبێت، بۆ نموونە یەکێک لەو ئامانجانەی دانراون بریتیە لە پارێزگاری نەفس، پاریزگاری دین، لە کاتێکدا هەندێکجار دەبێت یەکێکیان بکەیت بە قوربانی ئەویتریان لەبەر ئەوە ناچاربوون پلەبەندی بۆ دابنێن، بە رای من ئەگەر بابەتە ئەخلاقیەکانیان بکردایەتە سەنتەر باشتر ئەم بابەتەیان بۆ روون دەبووەوە، دین هاتووە ڕێسا ئەخلاقیەکان دروست بکات هەموو سەردەمێکیش ئەخلاقیاتی خۆی هەیە (انما بعثت مکارم الاخلاق).

جۆری چوارەم: بکە و مەکەی حەتمی: (علة و معلول)، بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلەکە بڕوات و کار بکات دەبێت بەنزینی تێبکەیت چونکە بەبێ بەنزین ناڕوات، کارەکە کە ڕۆشتنە بەستراوە بە هۆیەکەوە کە بەنزینە.

جۆری پێنجەم: بکە و مەکەی فەلسەفی: بۆ ئەوەی ژمارە ٢ دەست بکەوێت دەبێت دوو ژمارە ١ هەبێت واتە (١+١=٢) ئەگەر دوو ژمارەیەکت نەبێت هەرگیز دوو دروست نابێت.

شەشەم: بکە و مەکەی یاسایی: یاسا بوونی سەربەخۆی هەیە لە ئەخلاق، وەک خۆم بڕوام بەمە نیە چونکە ئەگەر دان بە بکە و مەکەی یاساییدا بنێم بە سەربەخۆیی ئەوا دان بە بکە و مەکەی فیقهیشدا دەنێم بە سەربەخۆیی ئەو کاتە چۆن یاسا مافی سەربەخۆ بوونی خۆی هەیە بەبێ بەڵگە هاوکات شەریعەتیش مافی سەربەخۆ بوونی هەیە و نابێت سەرزەنشتی ئەوانە بکرێت کە شەریعەت بەبێ بەڵگە جێبەجێ دەکەن، بۆیە فەیلەسوفە نوێیەکانی یاسا دەڵێن: یاسا نە بکە و مەکە و فەرمانە نە ڕێسا یاساییەکانە بەڵکو بنەمایە، لێرەدایە یاسا و ئەخلاق دەبنەوە بەیەک، شەریعەت و ئەخلاقیش دەبنەوە بەیەک.

ئەم بکە و مەکە یاسایانە کۆمەڵێک لە مەعریفەتناسەکان بڕوایان وایە کە ئەویش بوونی سەربەخۆی خۆی هەیە، ئەم بکە و مەکەیانە لەو شوێنانەدا بەکاردێن کە بەها وەردەگرن، بەهاش ئەو کاتە دروست دەبێت کە کۆمەڵگە ئیعتیباری پێدەدات بەبێ مرۆڤ بەها بوونی نیە، ئەم بەهایانە وادەکەن کە بکە و مەکە لە سەردەمەکاندا دروست ببن.

فەیلەسوفەکان، پێغەمبەر و ئایینەکان هاتوون کە بکە و مەکەکانمان پێ بڵێن هەتاوەکو بەهاکان دروست ببن، بەڵام چۆن دروست دەبن و چی دەبێتە هۆی

دروست بوونیان ئەوەش لەنێوان مەعریفەتناسەکاندا جیاوازی هەیە بەڵام دیارترین تیۆریا ئەو تیۆریایەیە کە دەڵێت: (دوو جۆر بەهامان هەیە، بەهایەکمان هەیە ئێمە دەمانەوێت لەبەر خۆی، بەهایەکیشمان هەیە لەبەر شتێکی تر دەمانەوێت واتە ئامرازە).

ئەو شتانەی کە بەهای ئامانجین لەناو مرۆڤدان یەکێکن لەو شتانەی کە ناتوانین بەڵگەیان بۆ بهێنینەوە چ لە لایەنگری و چ لەدژی، بەڵکو مەعریفەتناسەکانی سەردەمی نوێ لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەمانە لەناو ئێمەی مرۆڤدا بوونیان هەیە کە پێیان دەوترێت (دیوە قووڵەکەی مرۆڤ) یاخود (دەروووناسی، بەهاناسی) قووڵی مرۆڤ هەر لە ئەفلاتوونەوە هەتا ئەمرۆ لەسەر کۆمەڵێک شت عاقڵەکانی ئەم بوارە کۆکن کە کۆمەڵێک شت هەن لەناو هەموو مرۆڤێکدا بوونیان هەیە و مرۆڤەکان بەشوێنیانەوەن بەبێ ئەوەی بەڵگەشیان هەبێت کە بۆچی بە شوێنیانەوەن.

بۆ نموونە لەسەردەمی فەلسەفەی یۆنانیدا سێ شت دیاریکرا کە مرۆڤ بەشوێنیانەوەیە، (حەقیقەت) مرۆڤ دەیەوێت حەقیقەت کەشف بکات و لەو پێناوەدا ماڵ و تەمەنی خۆی بەخت دەکات بۆ؟ ئەو بۆیە وەڵامی نیە لە رازەکانە، پێکهاتەی ئێمە وەهایە، مرۆڤ بە شوێن (جوانی)ەوەیە هەموو مرۆڤێک شتی جوانی بەلاوە جوانە تەنانەت ئەگەر دیوە فیکریەکەشی نەزانێت مەبەستمان لە جوانیە لەناو بووندا بۆ؟.

مرۆڤ بەشوێن (چاکە)وەیە هەر ئەمەش وادەکات مرۆڤەکان لە یەکتر بگەن و بەهاکانیان لە یەکتر نزیک بکەنەوە، بەها قۆناغیەکان دروست بکەین بۆ ئەوەی بەم شتانە بگەین.

ئەمانە بە مامەڵەی زمانەوانی ناکرێت ئێمەی کورد بە زمان تێدەگەین لەیەک کە چی دەڵێین بەڵام هەرگیز لەوە تێناگەیت کە ئەوەی من دەیڵێم هەقە بە رێگەی جیاواز لە زمان نەبێت، من بە مامەڵەی زمانی تێدەگەم عەرەبەکان بە شتەکان چیان وتووە و چی دەڵێن تەنانەت هۆکاری شیکردنەوەیان بۆ ئەو بابەتە چی بووە، بۆم دەردەکەوێت بە شێتیان وتووە (مجنون) چونکە باوەڕیان وابووە (جن) دەچێتە لەشی مرۆڤەوە بەڵام من ناتوانم تێبگەم کە هەر بە راستی (جن) چۆتە ناو لەشی مرۆڤەوە.

گریمان لە عەرەبیدا مەجنون لەوەوە هاتووە بەڵام ئەمە لەزمانی ئینگلیزیدا وا نیە، لە کوردیدا وا نیە، کێشەی زۆرێک لە مامەڵە ئایینیەکانی ئێمە ئەم جۆرە مامەڵە زمانیەیە کە ناکرێت تۆ بەڵگەی بۆ بهێنیتەوە، ئەوەی عەرەبەکان وتوویانە (الانسان)

له (نیسیانەوه) هاتووه لەئینگلیزیدا وا نیه تەنانەت جاری واهەیه فەلسەفەیان له سەر ئەمه دروستکردووه لەسەر ئەم مامەڵە زمانەوانیە.

کێشەی ئەوانەی که لێکۆڵینەوەی راڤەی دەقە پیرۆزەکان دەکەن دێن به مانا زمانەوانیەکەی و مەعریفه لەم بابەتەدا دروست دەکەن، ئەوەی که عەرەبەکان دەڵێن (الانسان) له (نسیان) یاخود له (ئونس)ەوه هاتووه بەڵگه نیه له سەر ئەوەی که هەر به راستی له مەعریفەشدا له (نسیان)ەوه هاتووه.

ئیبن عەرەبی کاتێک تیۆریای (وحدة الوجود)ی خۆی باس دەکات دەڵێت: له زمانی عەرەبیدا هیچ رستەیەک بێ ناو نابێت، کەواته هەمیشه دەبێت ناو بوونی هەبێت دەڵێت هەموو شتەکانیش ناوی خودان کەواته هەموو شتەکان خودان، لێرەدا تیۆریاکەی لایەنی زمانەوانیه.

ئەگەر ئێمه مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ دەقی پیرۆزدا بکەین ئەوا مامەڵەی زمانەوانی پیرۆزی دەقەکان دەکوژێت، زۆرێک له گروپەکان مامەڵەی سۆفستایی لەگەڵ دەقدا دەکەن ئەگەر ئەو راڤەیەی ئەو پێچەوانه بێتەوه لەگەڵ (مەعریفە، ئەخلاق، هەموو ئەو شتانەی بوونی مرۆڤی پێوه بەستراوه) قبوڵیەتی مادام فڵان دەق له رووی زمانەوانیەوه وای وتووه، له کاتێکدا بێ ئاگایه لەوەی که مانای وشەکان به پێی سەردەمەکان دەگۆڕێت و هەم تۆ ناتوانی به پێشگریمانەی سەردەمێکەوه باز بدەیت و لەسەردەمێکی تردا پەیڕەوی بکەیت، به تایبەت له زانسته مرۆییەکاندا ئەمه مامەڵەیەکی ناعەقڵانیه.

پیاوێکی ئەڵمانی هەیه بەناوی (یوزیف ڤان ئێس)[1] باشترین کتێبی دەربارەی سێ سەدەی سەرەتایی مێژووی ئیسلام نووسیووه[1] و خەڵاتیشی بەدەستهێناوه

---

١. یۆزیف ڤان ئێس: له ١٨ی نیسانی ١٩٣٤ له شاری ئاخن له ئەڵمانیا له دایکبووه، یەکێکه له رۆژهەڵاتناس و ئیسلام ناس به ناوبانگەکان و مامۆستای خانەنشینی زانکۆیه.

له ساڵی ١٩٥٩ به نووسینی لێکۆڵینەوەیەک له بارەی عیرفانی ئیسلامیەوه له شاری بۆن بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت. له زرۆرێک له زانکۆکانی ئەڵمانیا و ئەمریکا وانەی وتۆتەوه و له ساڵی ١٩٩٩ خانەنشین کراوه و دوای خانەنشینی چەندین کاری و لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوه.

لەنێو نووسین و بەرهەمەکانیدا کتێبی شەش بەرگی (کەلام و کۆمەڵگه له سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی) تایبەتمەندیەکی باڵای هەیه و له نێوان ساڵانی ١٩٩١ بۆ ١٩٩٧ له شاری بەرلین بڵاوکراوەتەوه.

دەڵێت: (لە سێ سەدەی سەرەتای ئیسلامدا ئیمان یەکسان بووە بە ئاگایی)، نەبەستراوە بە چینێکەوە لەبەر ئەوە ئیمان هەمیشە شتێکی ئەخلاقی بووە، ئەو کەسە باوەڕی تەواوی بە خودا و پێغەمبەر (د.خ) و فەرمانەکانیان بووە.

بەڵام کاتێک لە دواتردا ئیمان و ئیماندار دەبێت بە گرووپێک و مامەڵەی نائەخلاقیش بکەن هەر ئیماندارن ئەمە مەدلولەکەشی بەپێی سەردەمەکە گۆڕاوە بۆ تایبەتمەندی چینێک، یان مامۆستا، پێغەمبەر دەفەرموویت: (من نێردراوم مامۆستا بم) واتا هەقیقەتێکت دەستدەکەوێت و دەیگەیەنی بەوانی تر بەڵام کاتێک تایبەت دەبێت بە چینێکی دیاریکراوەوە ئەگەر کەسەکە هیچ نەزانێت مادام موچەی مامۆستای وەردەگرێت هەر مامۆستایە.

ئەمە هۆیەکەی ئەوەیە مەدلولەکەی دەگۆڕێت بە پێی سەردەم دەبێت ئاگاداری بین، مامەڵەی زمانەوانی بکەیت و بتەوێت هەمان شتی ئەوەی پێشوو بێت هەرگیز راست دەرناچێت بۆیە ئێستا لە فەرهەنگە بیانیەکاندا وشەکان جیا دەکەنەوە کە لە ساڵی ئەوەندە بۆ ئەوەندە ئەم وشەیە مانای ئەوەی گەیاندووە لە راستیدا فەرهەنگناسیش خۆی بۆ خۆی زانستە، لێرەدا زۆر شتمان بۆ چارەسەر دەبێت.

ئەو دەقانەی باسی حەرامی گۆرانی و مۆسیقا و ئەو بابەتانە دەکەن (دکتۆر جەواد عەلی)[2] لێکۆڵەرێکی گەورەی عیراقیە چەندین لێکۆڵینەوەی لە سەر سەردەمی

---

زۆرێک لە کۆلیژەکانی رۆژهەڵاتناسی وەک زانکۆی پاریس و واشنتۆن وەک رێزلێنانێک بڕوانامەی دکتۆرای فەخریان پێبەخشی و یەکێک لە کتێبەکانیشی بە کتێبی ساڵ لە ئێراندا دانرا.

١. فان اس، یوزیف، علم الکلام والمجتمع في القرنین الثاني والثالث للهجرة، ترجمة: سالمة صالح، الطبعة الاولی، ناشر: منشورات الجمل، ٢٠٠٨ م.

٢. دکتۆر جەواد عەلی: لە ساڵی ١٩٠٧ لە کازمەین لە عێراق لە دایک بووە و نازناوی عەلامەی پێبەخشراوە. لە ساڵی ١٩٣٨ لە زانکۆی هامبۆرگی ئەڵمانی توانی بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست بهێنێت و پاشان گەڕایەوە عێراق و بە هۆی هەڵوێستە سیاسیەکانی لە ساڵی ١٩٤٢ زیندانی کرا.

لە هەر یەکە ناوەندە زانستیەکانی(کۆڕی زانستی عێراق) و (کۆڕی زمانی عەرەبی) لە قاهیرەدا بەشداریەکی چالاکی هەبووە. بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە توێژینەوە و نووسینەوە زۆربەی کاتەکانی ژیانی بە تەنیایی بەسەر بردووە و تەنانەت بەجۆرێک خێزان و منداڵەکانی زۆربەی کات لە وڵاتی ئەڵمانیا بوون و تەنیا سەردانی یەکتریان کردووە و هاوسەرەکەشی ئەڵمانی بووە.

عەرەبی پێش ئیسلام نووسیووە دەڵێت: (مۆسیقا لە سەردەمی پێغەمبەردا مانای باشی نەبووە بە واتای جێگەی سۆزانی هاتووە دەی لەناو زەمەندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە چۆن دەگونجێت هەمان مانا بهێنیت و لە ئێستادا جێگیری بکەیت مامەڵەی زمانەوانی ئەمە دروست دەکات، چارەسەری ئەمە زۆر گرفتمان بۆ چارەسەر دەکات) [1].

سەیید قوتب دەفەرموێت: (یەکەی دەربرینی قورئان بریتیە لە وێنە)، وێنەش کاتێک وەک تابلۆیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم دەچمە ناویەوە بۆیە کاتێک قورئان باسی قیامەت دەکات بینراوە و من دەیبینم تەنها لێکچواندنێک نیە لە نێوان قیامەت و شتێکی تردا بەڵکو قیامەت خۆی وێنەیەکی زیندووە و من دەچمە ناویەوە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین داهێنانەکانی سەیید قوتب.

***

---

دکتۆر جەواد عەلی کتێبێکی دە بەرگی بە ناوی (المفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام) کە بۆ توێژینەوە لە سەردەمی جاهیلیەت یەکێکە لە سەرچاوە هەرە باشەکان.

جگە لەم کتێبە چەندین بەرهەم و نووسینی تری هەن کە بریتین لە: (اصنام العرب، تاریخ الصلاة في الاسلام، معجم الفاظ و صورة الارض و ... هتد).

دکتۆر جەواد عەلی ساڵی ١٩٨٧ لە عێراق کۆچی دوایی کرد.

١. على جواد، المفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام، الناشر: جامعة بغداد، الطبعة: الثانیة، ١٩٩٣.

# چۆن لە بابەتەکانی ناو دەقە پیرۆزەکان تێبگەین؟

دوو نموونە دەکەینە ئیشی دەستمان تا بۆمان روون ببێتەوە کە چۆن لە بابەتەکان لە ناو دەقە پیرۆزەکاندا تێبگەین، ئێمە سێ جۆر لە عەقڵانیەتمان هەیە پەیوەند بەم بابەتەوە.

یەکەم: عەقڵانیەتی لۆژیکی پێوانەیی (قیاسی) کە شتێک دەپێویت بە شتێکی تر لەبەر بوونی هۆکاری هاوبەش لە نێوانیاندا یەکێک لەو شتانەش بابەتە ئایینیەکانە کە پێوانەی دەکەین، وەک ئەوانەی لە کتێبەکانی (فیقە و ئوسوڵ فیقە)دا هاتووە، هۆکاری ئارەق حەرامبوون بریتیە لە سەرخۆش کردن هەر شتێکی تریش ئەم کاریگەری و هۆکارەی تێدا بێت حەرام دەبێت.

دووەم: عەقڵانیەتی ئیستیقرایی، شتێک تاقی دەکەیتەوە ئەنجامێکی تیا دەردەهێنیت، بۆ نموونە ئاسن بە گەرما دەکشیت، فافۆن و مسیش تاقی دەکەینەوە بەگەرما دەکشێن دەرئەنجامێک دەگرین کە کەواتە تەنەکان، کانزاکان بە گەرما دەکشین.

هیۆم دەڵێت: ئەمە هەرگیز یەقین نابەخشێت بەڵام مرۆڤایەتی ناچار بووە ئەم مەعریفەیە قبوڵ بکات بە تایبەت لە زانستە ئەزموونیەکاندا ئەوەی پێی دەوترێت: (ئەزموون)، شتەکان ئەزموون دەکات و ڕێسای گشتی لێ دەردەکات.

سێیەم: عەقڵانیەتی نموونە، نموونە پیشاندان، سیناریۆ دروستکردن، ئەمەیان زۆرتر لە دەقە ئایینیەکاندا زیاتر دەردەکەوێت، (وَيَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَالَ) خودا نموونە دەهێنێتەوە، (ئیبن تەیمیە)[1] لە یەکێک لە کتێبەکانیدا بەناوی (اصول التفسير)[1] باسی

١. ئیبن تەیمیە: ناوی تەواوی تەقیەدین ئەبو عەباس ئەحمەد کوڕی عەبدولسەلام کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی تەیمیەی حەڕانیە ٢٢ کانوونی دووەمی ١٢٦٣ لە دایک بووە.

زانا و ئایناس و ژیربێژێکی ئیسلام بوو، لەدایکبووی شاری حەڕان بوو، کە ئێستا بەشێکە لە کوردستانی تورکیا و نزیکە لە سنووری سووریا.

باوەڕی وا بوو کە زانستە سروشتیەکان باڵاترن لە زانستە بیرکاریەکان و ئەمەش بۆ وەڵامدانەی ئەو کەسانەی کە سەر بە فەلسەفەی مەشایی و لایەنگری بیروڕاکانی ئەرستۆ بوون بەکار دەهێنا.

فەقیهێکی حەنبەلی و سەلەفی مەشرەب بوو بە دامەزرێنەری تیۆریایی وەهابیەت دادەنرێت و لەبارەی نازناوەکانیشیەوە بیروڕای جیاواز هەیە هەندێک بە موفەسسیر،

ئەوە دەکات بۆ نموونە تۆ لە من دەپرسی: نان چیە؟ من سەمونێکت پیشان دەدەم، ئەمە واتای ئەوە نیە کە کولێرە نان نیە، بەڵام ئەمە نموونەیەکە لە دەیان و بگرە سەدان جۆر لە نان.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئیشی لە سەر بکەین پیشاندانی نموونەیە بۆ ئەو میتۆدانەی کە لە پێشوودا باسمان کردووە. یەکێک لەو نموونانەی کە زۆرترین ئامادەیی هەیە لەناو رۆح و رۆشنبیری ئێمە و دەقە ئایینیەکاندا بریتیە لە بابەتی دادپەروەری (عەدالەت)، یەکێکی تر لەو نموونانە بریتیە لە بابەتی (ژن)، ئەم دوو نموونە لەبری نموونەکانی تریشن دەنا چەندان نموونەی ترمان هەیە.

***

---

رجالی، موفتی و ئەدیب ناویان بردووە و نازناویشی ئیبن تەیمیەش لە باوانیانیەوە بە تایبەتی باپیرەی بۆی ماوەتەوە.

هەندێک لە نووسراو کیبەکانی ئیبن تەیمیە بریتین لە: (منهاج السنة النبوية، توحيد الالوهية، قاعدة جليلة فى التوسل و الوسيلة، الاكليل فى المتشابه والتأويل، التبيان فى نزول القرآن، الرساله الاكمليه، الرساله العرشية، رسالة ايضاح الدلالة فى عموم الرسالة، رسالة فى أمراض القلوب وشفاؤها و ... هتد).

ئیبن تەیمیە لە رێکەوتی (٢٠ ذوالقعدة ٧٢٨ هجری) بەرامبەر بە ٢٥ سێپتەمبەری ساڵی ١٣٢٨ زایینی کۆچی دوایی کرد.

١. ابن تيمية، مقدمة في أصول التفسير، دار مكتبة الحياة، لبنان، بيروت ١٩٨٠.

## بابەتی دادپەوەری (عەدالەت):

دەربارەی بابەتی دادپەروەری و ئایین قسەی زۆر هەیە، یەکێکە لە داوا سەنتەریەکانی ئایینی ئیسلام لە ئێمە ئەوە کە خودا دەفەرموویێت: (اعدلوا)، پانتایەکی فراوانی لە ناو قورئاندا بۆ خۆی بردووە تەنانەت پێغەمبەری خودا (د.خ) بە وردبوونەوە لە فەرموودەکانی بۆت روون دەبێتە هیچ شتێکی تر بەقەد دادپەروەری جێگەی گرنگی نەبووە، گرانترین کارێک بەلایەوە ئەوە بووە کە بڵێن: (تۆ دادپەروەر نیت)، بۆ نموونە پیاوێک بە پێغەمبەر دەڵێت: (ئەی موحەمەد دادپەروەربە) پێغەمبەریش (د.خ) سوور هەڵگەراوە و فەرموویەتی ئەگەر من دادپەروەر نەبم کێ دادپەروەر دەبێت؟.

دروستکردنی هەستی دادپەروەری لەناو دین و ئایینیەکاندا بابەتێکی لەناو دینی ئیسلامدا سەنتەریە، ئەم بابەتە ئایین زۆر گرنگی پێداوە و لەم سەردەمەشدا زۆرترین گرفت لەم بابەتەدایە تەنها لە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵانیدا نەبووە کە قورئان گرنگی بەم بابەتەداوە بەڵکو لەمڕۆدا هەستیارترین بابەتەکە جارێکی تر ئێمە لەگەڵی دەرگیر دەبین و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

لە سەدەی پێشوودا قسە زۆر دەربارەی دادپەوەری (العدالة) کراوە و وتراوە لە (شێخ وەلیوڵڵا دەهلەوی و موحەمەد عەبدولوەهاب) بە دواوە دادپەروەری بابەتێکی سەنتەریە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا جا چ دادپەوەروەری ناوخۆیی، چ دادپەروەری جیهانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بۆ نموونە داگیرکەر هاتووە وڵاتی ئێمەی داگیر کردووە، (جەمالەدینی ئەفغانی) ئیشی لە سەر کردووە و ئێمەش ئەرکە لە سەرمان دەریان بکەین بۆ ئەمە پشتیان بە بابەتی دادپەروەری بەستووە، ئەوەش مامەڵەیەکی نادادپەروەرانەیە کە هاتوون وڵاتی ئێمەیان داگیرکردووە ئەمە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی دادپەوەری جیهانی لە ئێستاشدا بابەتێکی زیندووە.

لە ناوخۆشدا دادپەوەری باس و خواست و بابەتی رۆژانەی کۆمەڵگەی ئێمەیە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین لەبەر ئەوە بابەتی دادپەوەری لە سەدەی رابردوودا سەنتەری ترین بابەت بووە بیریار و فەیلەسوفە دینیەکان ئیشیان لە سەر کردووە چ لە رۆژئاوا چ لە رۆژهەڵاتیش، هەر جارە و کۆمەڵێک لەو بیریارانە هاتوون و بە جۆرێک شیکردنەوەی بۆ دادپەروەری کردووە لە سەرەتاوە وایان داناوە کە ئیسلام سیستەمی هەیە و جێگرەوەی سیستەمە نادادپەوەرەکانی ئەمڕۆیە کەواتە

بۆ ئەوەی دادپەروەریمان دەست بکەوێت پێویستە ئەو سیستەمە بهێنین و بیچەسپێنین تا پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیست تاکو سەیید قوتب و پرۆژەکەشی ئەم فیکرە باو بوو.

لە دوای کۆچی دوایی "سەیید قوتب" و کەشفبوونی ئەوەی کە ئایدۆلۆژیا جیهانیەکان (مارکسیەت، سەرمایەداری و ....هتد،) خەوش و ناتەواویەکانیان دەرکەوت ئیتر بانگەشەی ئەوەی کە ئیسلامیش سیستەمێکی هاوشێوەی ئەوانەیە وایکرد وردە وردە خاو بێتەوە، ئێستا لەو بڕوایەدام هیچ کەسێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو بانگەشەی ئەوە ناکات کە ئیسلام داستانێکی گەورەی هەبێت بۆ دادپەروەری و سیستەمێکی پێگەیشتوو و تەواو بێت.

گفتوگۆ هەیە لە سەر ئەوەی ئایا ئیسلام خۆی بۆ خۆی شتی تایبەتی هەیە کە لە باسی دادپەروەریدا کە لای کۆمەڵگە و بیرەکانی تر دەست نەکەوێت یاخود ئیسلام تەنها کەشفی هەیە ئەوەی کە هەیە و خەڵکی تر دۆزیویەتەوە و لای ئەمیش بوونی هەیە لە کۆتاییدا ئەوەی کە باس دەکرێت ئەوەیە کە ئیسلام کۆمەڵێک بنەمای هەیە دەربارەی دادپەروەری کە یەکێک لە بنەماکان دادپەروەریە کە ئیسلام داوا دەکات دادپەروەر بن بەڵام دادپەروەری چۆنە؟.

لە ئێستادا زۆرێک لە بیریارەکان کە دادپەروەری بە پێی قۆناغ و کۆمەڵگەکان گۆڕانکاری بە سەردا دێت، واتە ئیسلام سنوورێکی بۆ دادپەروەری دانەناوە بەڵکو داوای جێبەجێکردنی ئەو دادپەروەریە دەکات کە ئێمە لێی تێدەگەین. بەڵام ئێمە رامان وایە باسکردنی دادپەروەری چەندین رەهەندی هەیە لەوانە رەهەندی (ئەخلاقی، سیاسی و کۆمەڵایەتی) ئەم بابەتە دەچێتە ناو زانستە مرۆییەکانەوە، دەتوانین لە دوو رەهەندەوە بۆ دادپەروەری بڕۆین.

رەهەندێکیان: پانتایی دادپەروەری چیە؟ ئەگەر تەماشای بیریارە سیاسیەکان و ئەوانەی بڕوایان بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەیە تێدەگەین بابەتی دادپەروەری بابەتێکی کۆمەڵایەتیە ناچێتە ناو مەجالی تاکەوە هەمیشە ئەمە لێدەگەڕێین بۆ تاکەکان، کۆمەڵێکی تر لایان وایە دادپەروەری بابەتێکی تاکیە.

پێشمان وایە بابەتێکی ئایینیە و دەچێتە ناو بابەتە دینیەکانەوە، ئەگەر دادپەروەری بریتی بێت لەوەی کە من ستەم لەوانی تر نەکەم و مافی خاوەن مافەکان بدەم ئەی سەبارەت بەخۆم چی؟ ئایا ستەمکردن لە خۆم دەچێتە ناو چوارچێوەی دادپەروەریەوە لە راستیدا ئەمە بابەتێکی ئایینیە و زۆریش گرنگە.

لێرەدایە بابەتە مەعنەویەکان زۆر ئامادەیی پەیدا دەکەن ئەگەرچی لە فیکری ئایینیدا زۆرباس ناکرێت چونکە کە باسی دادپەروەری دەکرێت یەکسەر باسی

دادپەروەری دەرەکی دەکرێت لە کاتێکدا ئەم بابەتە لە ناخەوە دەست پێدەکات، ئەمە پانتایەکی دادپەرەوەریە کە لە دواییدا زیاتر باسی لێوە دەکەین.

بەلای ئێمەوە دادپەروەری دوو رەهەندی هەیە (پانتایی پانتایی، قۆناغەکانی دادپەروەری)، لێرەدا باس لە رەهەندی قۆناغەکانی دادپەروەری دەکەین و رەهەندەکەی تری هەڵدەگرین بۆ کات و شوێنێکی دیکە. خۆم سێ قۆناغی دادپەروەریم بڕیوە.

قۆناغی یەکەم: (دادپەروەری ناوەدینی): واتە لەناو قورئان و سونەتدا بۆی گەڕاوم ویستوومە بناغەی دادپەروەری لەناویاندا بدۆزمەوە ئەمەش ئەو کاتە بووە کە فەلسەفەی بونیادگەرایی لەم ناوچەیەدا زۆر ئیشی لە سەر دەکرا، بناغە و بنەمای شتەکان چیە، شەریعەتی لەو بابەتەدا لە ئێران ئیشی دەکرد، لای خۆشمان یەکەم ژمارەکانی گۆڤاری (بوون و ئازادی و ژمارە سەرەتاکانی رەهەند) ئیشیان لەسەر ئەم فەلسەفەیە دەکرد.

منیش لەو قۆناغەدا بە هۆی ئەوەی لە ئێران ژیابووم و بۆ کوردستان گەڕا بوومەوە، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێت بونیادی دادپەروەری لەناو دیندا چی بێت. دوایی سەیرکردنی قورئان و سونەت و کتێبەکانی تر کە لەو قۆناغەدا زۆر هەبوون بۆ نموونە کتێبی (فیقهی زەکات)[1] دکتۆر یوسف قەرزاوی[2] کە کتێبی لەو کاتەدا رۆژ

---

١. یوسف القرضاوی، فقه الزکاة، الطبعة: الثانیة، الناشر: مؤسسة الرسالە، سنة ١٩٧٣.

٢. یوسف قەرزاوی: لە دایکبووی ٩ی ئەیلوولی ١٩٢٦ ، کەسایەتی ئیسلامی میسریە و بە یەکێک لە بیرمەندەکانی جیهانی ئیسلامی ئێستادا دادەنرێت.

بە دامەزرێنەری یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامی دادەنرێت و و یەکێکە لەو تیۆرسیانەی کە لە بواری میانڕەوی و رەوتی وەسیەتدا ناسراوە و زۆرترین دەرکەوتنیشی بە هۆی نووسین و بەرنامە تەلەفیزیۆنەکانیەوە بووە و پشتگیری لە زۆربەی شۆڕشەکانی وڵاتە ئیسلامی و عەرەبیەکان کردووە کە لە دژی گەندەڵی و ستەمی کاربەدەستانی وڵاتەکانیان ئەنجامیان داوە.

خاوەنی چەندین بڕوانامەی رێز لێنان و خەڵاتە لە سەر ئاستی وڵاتانی ئیسلامی و جیهان و بە هۆی کارەکانی و نووسین و بڵاوکردنەوەی فیکری میانەڕەوی لە جیهانی ئیسلامیدا.

دکتۆر یوسف قەرزاوی بەشداری لە نووسینی ١٢٠ کتێبی پرۆگرامی خوێندنی وڵاتی قەتەر لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی قەتەر هاوکاری کردووە.

بە سەدان بەرهەم و نووسراوی هەیە لە بوارەکانی: فیقە و شەریعەتی ئیسلامی، فیکر و ئابووری ئیسلامی و هەندێک لە نووسینەکانیشی بریتین لە: (الحلال والحرام في الإسلام،

بوو، ئەبوعەلای مەودودی ناوی نابوو کتێبی ئەم رۆژگارە، بەوردی و سەرنجەوە ئەم کتێبەم خوێندەوە، هەروەها کتێبەکانی پرۆژەی سەیید قوتب لە سەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەروەها کتێبەکانی (مالیک بن نەبی)م[1] خوێندەوە کە ئێستا دەوڵەتی مالیزیا پەسەندی کردووە و سەرۆک وەزیران دەیەوێت وڵات لەو رێگەوە بەڕێوە ببات.

دواجار گەشتمە ئەو بڕوایەی کە بونیادی عەدالەت لەناو ئیسلامدا سێ بواری سەرەکی هەیە کە ئەوانیش لە ئایەتی (مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ ﴿٤٥﴾) بۆ بابەتە چووم، ئەوەی بە خەڵکانی ناو دۆزەخ دەوترێت بۆ خرانە ناو دۆزەخەوە ئەوانیش دەڵێن ئێمە نوێژگەر نەبووین، منیش هاتم نوێژم بە نیشانەی بابەتە رۆحیەکان وەرگرت و بابەتی رۆحی لای ئەوان سەنتەر نەبوو.

هەروەها بابەتە ئابووریەکان، بابەتی وشیاری خەڵک چی دەکرد ئێمەش ئەوەمان دەکرد و بیرمان نەدەکردەوە، ئەو کاتە مامۆستا ناصری سوبحانی دوالیزمەی هەبوو بەناوی نوێژ و زەکات، (عەلی عیزەت بیگۆڤیچ) دوالیزمەی هەبوو رۆحانیەت

---

فتاوى معاصرة، المدخل لدراسة الشريعة الإسلامية، من فقه الدوله في الإسلام، دور القيم والأخلاق في الاقتصاد الإسلامي، الحياة الربانية والعلم، النية والإخلاص، التوكل، التوبة إلى الله، الورع والزهد و ... الخ).

١. مالیک بن نەبی: لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٥ لە شاری قوستەنتینەی رۆژهەڵاتی جەزایر لە دایک بووە.

خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەیەکی فەرەنسی لە جەزایر تەواو کردووە پاش بڕینی قۆناغەکانی تر خوێندن لە ساڵی ١٩٢٧ رووی کردە فەرەنسا و بوو بە کارمەندی دادگاە.

لە فەرەنسادا بەهۆی خوێندنەوە و تێڕامانەوە بیرکردنەوەیەکی قووڵی بۆ دروست بوو و کتێبێکی لەبارەی جیهانی ئیسلامەوە نووسی و پاشان فەرەنسای بەرەو قاهیرە بەجیهێشت و دوای شۆڕش جەزایر گەڕایەوە وڵاتەکەی.

مالیک بن نەبی توانی لە گەلێک بابەت و ئاریشەی جیهانی قسەی خۆی هەبێت و چەندین کتێبی لەسەر ئاریشەی شارستانیەتەکان لە پاریس، میسر و جەزایر بڵاوکردەوە کە هەندێکیان بریتین لە: روخساری جیهانی ئیسلام، تێفکرینی ئەفریقی- ئاسیایی، سەردەمی ڕێنسانس، بۆ گۆڕانکاری و لە دایکبوونی کۆمەڵگە ... هتد.

لە رێکەوتی ٣١ ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ لە وڵاتی جەزایر کۆچی دوایی کرد.

و مادیەتی هەبوو، من لەباتی ئەوەی دوالیزمە کەشف بکەم سیانیەکم کەشف کرد بوو ئەمانە لە ناو قورئاندا بونیادێکیان هەیە.

کاتێکیش باسی جێبەجێکردنی شەریعەت دەکرێت جارێکی تر ئامادەییان پەیدا کردۆتەوە (ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ ) ئەمان پێچەوانەی دۆزەخیەکان نوێژیان کردووە و زەکاتیان داوە و بابەتە وشیاری و مەعریفەییەکانیان بەلاوە گرنگ بووە.

تەنانەت کە گەڕام لە قورئاندا بۆم روون بوویەوە لە زۆرێک لە سوورەتەکاندا ئەم بونیادە رەنگی داوەتەوە و لەو قۆناغەدا راڤەی سورەتی (المؤمنون) دەکرد لە سەرەتای سورەتەکەدا باسی نوێژ و زەکاتی تێدایە دوای باسی بابەتی زەواج دەکات کە بڕوام وایە بابەتی زەواج پێش ئەوەی پرۆسەیەکی جەستەیی بێت بابەتێکی مەعریفی و فیکری و وشیاریە. رام وابوو مرۆڤ سێ قەیرانی سەنتەری هەیە کە بریتین لە بواری (رۆحی، ئابووری و مەعریفی).

دوای قووڵبوونەوە لە بابەتەکەدا گەشتمە ئەو بڕوایەی ئەمەی کردوومە لە پێشوودا مامەڵەیەکی زۆر ورد نیە واتە باس لە راست و هەڵە و باشە و خراپەی ئەمە نیە بەڵکو ئەمە مامەڵەیەکە ناتوانم لە بەرامبەر نادینیەکاندا بەرگری لێبکەم.

لەبەر ئەوە سەیری مێژووی نوێی جیهانی ئیسلامیم کرد لە سەدەی رابردوودا و بەبیرکردنەوە لە غەیری خۆم و لە بیریار و نووسەرەکانی تر بۆم دەرکەوت ئەوەی پێی دەوترێت: (مەعریفەی دینی) دەچێتە ناو شتە باوەکانی (پارادایم)ی سەردەمی خۆیەوە چ شتێک باو بێت ئەویش ئەو بەرگە دەپۆشێت نەک ئەوەی هیچی نیە ببیەخشێت، مامەڵەکە یەک لایەنە نیە، واتە هەر ئەوە نیە ئایین، شت پێشکەشی سەردەم بکات بەڵکو سەردەمیش یارمەتی ئێمە دەدات کە لە دین شارەزا بین و تێبگەین و خوێندنەوەی نوێمان بۆی هەبێت.

کاتێکیش بنەماکانی سەردەم لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئاییندا هاو ئاسۆ بوونەوە ئەو کاتە راڤە دروست دەبێت وەک (گادامێر[1] و راڤەکارانی هیرمۆنتیکا "دیاردەگەراکان") باسیان لێوە کردووە.

---

١. هانز گیۆرگ گادامێر: فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە و لە ساڵی ١٩٠٠ زاییندا لە ماربۆرگ لە دایکبووە، بە کتێبە بەناوبانگەکەی (حەقیقەت و میتۆد) و هەروەها بە زانستی هێرمنوتیکا ناوبانگی دەکردوە.

بۆم دەرکەوت کە بۆ تێگەیشتن لە بابەتی دادپەروەری (عەدالەت) تەنها بە تێگەیشتن لە بابەتی خودی ئایین لێی تێناگەم، تەنانەت ئەوەشی کە پێم وابوو کە لە خودی قورئان دەرمهێناوە هەندێکی سەردەم فێری کردبووم و تەنانەت سیالیزمەیەکەی خۆشم لە سەردەمدا بینی بووم و دواتر چووم ناو قورئان و سونەتی بۆ دەگەڕام، ئەوانەی بەشوێن حەقیقەتدا وێڵن دەبێت دوور بن لە غورور و وابزانێت حەقیقەت تەنها لای ئەوە.

لە قۆناغی دووەمدا: بۆم روون بوویەوە کە مەعریفەی سەردەم رۆڵی هەیە، بابەتی عەدالەت هێندە بابەتێکی مێژوویيە و رواڵەتیە هێندە بابەتێکی میتافیزیکی جێگیر نیە، واتە تەنها یەک دیووی نیە و بڕا بێتەوە، سەردەمەکان رۆڵیان لە دروستکردنی مانای دادپەروەریدا هەیە، مەعریفەکانی سەردەم کاتێک گۆڕانکاریان بە سەردا دێت راڤە و مانای دادپەروەریش گۆڕانکاری بە سەردا دێت. کاتێک لە مانای دادپەروەری (عەدالەت) تێدەگەیت کە وەکو بابەتێکی وەستاو سەیری نەکەیت بەڵکو وەکو بابەتێکی کۆمەڵایەتی مرۆیی لەناو مێژوودا سەیری بکەیت، ئایین داوای لە ئێمە کردووە کە دادپەروەر بین بەڵام خودی دادپەروەری بابەتێکی کۆمەڵایەتی مێژوویيە.

هەر لەو قۆناغەدا بیری ئیشتراکی سەنتەر بوو، یەکێتی سۆڤیەت رۆڵی هەبوو، زۆربەی نەتەوە چەوساوەکان خۆیان بە لایەنگری ئەو دادەنا، زۆربەی بیریارەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر بیری ئیشتراکی، بانگەشەی یەکسانی دەکات ئەوا ئیسلامیش یەکسانی تێدایە.

لەو قۆناغەدا کە قۆناغی شۆڕشەکان بوو لە پێناو بابەتی مرۆیی و دروستکردنی سیستەمێکی گشتگیری کە یەکسانی فەراهەم بهێنێت لە نێوان مرۆڤەکاندا، بۆیە بیریارەکانی ئەو سەردەمە کە باسی دادپەروەریان دەکرد باسیان لەوە دەکرد کە ئیسلامیش هەڵگری یەکسانیە، واتە سەردەم وایکرد بوو ئەوان بەو شێوەیە بیر بکەنەوە.

---

باوکی سەرۆکی زانکۆی ماربۆرگ بووە، لەگەڵ کانتیە نوێیەکاندا (پۆل نیترۆب و نیکۆلای هارتمان) کاری کردوە و دکتۆرای بەدەستهێناوە.

گادامێر هاوڕی هایدگەر بووە و بە بۆچونەکانی کاریگەر بووە، هەر ئەمەش وایکردوە جیا ببێتەوە لە کانتیە نوێیەکان.

گادامێر لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کردوە و کۆمەڵێک تێزی و کتێبی بە پێزی لە پاش خۆی بەجێهێشتوە.

پارادایم و مەعریفەی ڕۆژگارە کاریگەری لە سەر بیر و مەعریفەی مرۆیی دادەنێت و مرۆڤ بە شوێن ئەو شتەدا دەگەڕێت. ئەگەرچی خودا لە قورئاندا، پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەدا داوایان لە ئێمە کردووە دادپەروەر بین بەڵام لە ڕاستیدا تێگەیشتن لە دادپەروەری، بابەتێکی مێژووییە، ناتوانین لە ڕێگەی فەلسەفەوە یەکلایی بکەینەوە بۆ نموونە (١+١=٢)، ئەگەر وامانکرد ئەوا دەبێت بە نادادپەروەری چونکە بە زۆر بە سەریاندا دەیسەپێنین.

لەم قۆناغی دووەمەدا گەشتمە ئەو بڕوایەی دادپەروەری ئایینی ئەوەی بیریارە ئایینیەکان بانگەشەیان بۆ کردووە هێنانی تیۆریا ئامادەکراوەکانی ڕۆژگارە بۆ ناو ئیسلام، بۆ نموونە: بیریارەکانی سەر بە ڕەوتی (ئیخوان موسلمین) زیاتر تیۆریاکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتیان دەهێنایە کایەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە وڵاتانێکی هەژار بووین، سەرمایەداری و چینی دەوڵەمەندەکان لای ئێمە بێزراو بوون و چینی کرێکاران (پرۆلیتاریا) گرنگ و خۆشەویست و ڕێز لێگیراو بوون.

هەر ئەمەش وایکرد تیۆریا سەرمایەداریەکانی دادپەروەری کەس بەرگری لێنەدەکرد ئەگەر تاکەتاکە کەسانێکیش هەبوونایە باسیان لەم تیۆریایانە بکردایە ئەوا گرنگی نەدەدرا بەکتێب و بیرەکانی، مۆدی ڕۆژ بوو وایکرد بوو گرنگی بدرێت بەو تیۆریایانە و ئەو جۆرە لە دادپەروەری، دواتر دەهاتن بۆ ئەمانە لەناو قورئان و فەرموودەدا دەگەڕان.

تیۆریای مەعریفەی وەک ئێستا برەوی نەبوو کە تێبگەن ئەمە هەڵقوڵاوی بیری خۆیانە دەیدەنە پاڵ قورئان و فەرموودە نەک لەوانەوە وەریان گرتبێت، هێنان و باسکردنی تیۆریاکانی دادپەروەری گەورەترین بابەت لەو قۆناغەدا بوو.

منیش لە قۆناغی دووەمی بیرکردنەوەم لە دادپەروەری، تێگەیشتن لە تیۆریاکانی دادپەروەری سەنتەر لەلام بوو، زۆرترین خوێندنەوەکانی من لە دوو دەیەی ڕابردوودا دەربارەی ئەو تیۆریایانەی دادپەروەری بووە. واتە قۆناغی دووەم بریتی بوو لەکۆمەڵێک تیۆریا.

دوای خوێندنەوەو دیراسەکردنی قۆناغی دووەم و خوێندنەوەی زیاترم بۆم ڕوون بوویەوە کە نابێت من تەنها بەوە ڕازی بم کە عەدالەت کۆمەڵێک تیۆریایە و تەواو بەڵکو لای من ئەم قۆناغی دووەمە کۆتایی هات، نابێت تیۆریاکان وەک ئاوێنە بن بە دەستمەوە لە ڕێگەی ئەوانەوە سەیری کۆمەڵگە بکەم، دوو هۆکاری وایکرد ئەم قۆناغە تێپەڕینم.

هۆکاری یەکەم: بۆم ڕوون بوویەوە تیۆریاکان ناتوانن بچنە قووڵایی کێشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەوە.

هۆکاری دووەم: لە راستیدا کۆمەڵێک هاودژی و بابەتی قووڵی ناعەدالەتی لەناو کۆمەڵگەدا هەیە هەر کام لە تیۆریاکان بکەیتە بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵیدا هەندێک لە گرفتەکان چارە دەبن بەڵام هەندێک گرفتی ترت دروست کردووە، بۆ نموونە: فیکری ئیشتراکی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە دێتە ناو کۆمەڵگەوە و چاوەڕێ دەکرێت یەکسانی لە نێوان خەڵکدا دروست دەکات کەچی وا دەکات گروپێکی دەسەڵاتدار خۆیان بە سەر خەڵکدا بسەپێنن.

هەروەها ناتوانیت رۆڵی ئایین لەم بابەتەدا دیار بخەیت چونکە دواجار ئەو تیۆریایانە بەکار دەهێنیت کە لە دەرەوەی ئایینن و دواتر دەگەڕێیتەوە لەناو ئاییندا بۆیان دەگەڕێیت، هاوشێوەی ئەو کەسانەی کە بانگەشەی ئیعجازی زانستی دەکەن کە دەچن شتە ئامادەکراوەکان دەهێنن و دواتر لەناو ئاییندا بە دوایدا دەگەڕێن.

قۆناغی سێیەم: تێپەڕاندنی تیۆریاکانی دادپەروەریە بۆ هەلومەرجی دادپەروەری: ئێمە لە بارودۆخێکدا دەتوانین بابەتی دادپەروەری بوروژێنین، لێرەدایە کە ئیتر پێویست ناکات بە شوێن ئەوەدا بگەڕێیت کە لە ناو ئاییندا کام تیۆریا هەیە، ئەم بابەتانە زۆر قووڵن بۆ بەها مرۆییەکان دروست دەبن، کۆمەڵێک پرسیاری قووڵ هەیە کە ئێمە لە رێگەی وەحیەوە نەبێت ناتوانین وەڵام وەربگرینەوە.

ئەم پرسیارانە و وەڵامەکانی وەحیش تیۆریا نین. یەکەم کەس بابەتی دۆخی دادپەروەری لەناو فیکری مرۆییدا وروژاند (هیوم) بوو، دەڵێت: "ئەگەر لافاوێک بێت ماڵەکەی من ببات لەگەڵ خۆی دەکرێت بڵێین ئەو لافاوە شتێکی نادادپەروەرانەی کردووە، بەرپرسیارێتی روو دەکاتە کێ؟".

ئەو شتانەی کە لە رووکەشدا وا دەردەکەون کە شتێکی نادادپەروەرانەن تۆ ناتوانیت وشەی دادپەروەری بۆ بەکاربهێنیت، ئەمەیە زۆر گرنگە کە ئێمە دەتوانین لە چ دۆخێکدا دادپەروەری بەکار بهێنین، ئایا ئەوەی لە رووکەشدا ئێمە دادپەروەری بۆ بەکار دەهێنین یان بەکاری ناهێنین لە راستیدا دۆخی خۆیەتی؟.

لەو بڕوایەدام لەو جێگەی کە مرۆڤ ئامادەیی نەبێت دادپەروەریش باسی نیە، ئێمە باسی دادپەروەری خودایی (عدل الاهی) ناکەین چونکە ئەوە شتێکی ترە، بۆ ئەوەی دادپەروەری بوونی هەبێت دەبێت مرۆڤیش بوونی هەبێت، بابەتی دادپەروەری و نادادپەروەری هەر بارودۆخێکیش پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە.

بۆ نموونە: کاتێک لەو شاخە کە درەختێک دەکەوێت ئەوا دەنگی هەیە بەڵام ئەمە بیستن نیە بۆ ئەوەی دەنگ بگوازرێتەوە بۆ بیستن دەبێت لەو جێگەدا مرۆڤێک هەبێت و گوێی لێبێت، بۆ ئەوەی دادپەروەریش لە بابەتێکی سروشتیەوە ببێت بە بابەتێکی مرۆیی دەبێت مرۆڤ بوونی هەبێت.

ئەو کاتەی مرۆڤ ئامادەیی پەیدا دەکات ئەوەندەی دۆخی دادپەروەری گرنگە هێندە سیستەمە دادپەروەریەکان گرنگ نین، گرفتی پێشینانی ئێمە ئەوە بووە کە بەردەوام باسی سیستەمەکان کراوە، زیاتر گرنگی دراوە بە شتە دەرەکیەکانی مرۆڤ نەک ناوەوەی مرۆڤ.

مارکس لە بابەتی سەرخان و ژێرخاندا زۆر یارمەتیدەرم بوو بۆ گەیشتن بەو بڕوایەی کە دادپەروەری و نادپەروەری رووکەشی نەمان خەڵەتێنێت، دۆخەکە زۆر گرنگترە لەو دیوە دەرەکیە.

دوو شت لەم سەردەمەدا باشتر یارمەتی لەم بابەتەدا ئێمە دەدەن، لای کەسێکی وەکو مارکس، شۆڕش زۆر گرنگە، بۆچی لای مارکس و کۆمەڵێک فەیلەسوفی تر (کە ناو دەبرین بەو فەیلەسوفانەی باوەڕیان بە شۆڕش هەیە)، هێندە شۆرش بەگرنگ تەماشا کراوە؟ چونکە دەڵێن دۆخێک لەناو کۆمەڵگەدا لای مرۆڤەکان دروست دەبێت بەدەستکاری کردنی دیوی دەرەوەی کۆمەڵگە تۆ ناتوانیت دادپەروەری بگەڕێنیتەوە بەڵکو دەبێت لە ریشەوە دەری بێنیت.

بۆ نموونە: تۆ وا دابنێ لە زانکۆدا سەرۆکایەتی زانکۆ بڕیار دەدات یەکەمینەکانی بەشەکان بۆ خوێندن لە دەرەوە بنێردرێن، دەیاننێرن تائێرە ئەمە شتێکی دادپەروەرانەیە، بەڵام ئەمە لە رووکەشدا وادیارە بەڵام لە بنچینەدا دۆخەکە بە جۆرێکە کە هەر لە قۆناغی یەکەمەوە وایان نەخشە بۆ کێشاوە کە ئەو کەسانەی خۆیان دەیانەوێت پلەی یەکەم بهێنن، دەبینیت دۆخەکە جیاوازە لە دەرئەنجامەکە.

لێرەدا ئەوەی گرنگە دەستکاری بکرێت دۆخەکەیە نەک دەرئەنجامەکەی چونکە ئەوانەی بوون بە یەکەم لە رووکەشدا ئەوانە لە فێرخوازە ئاست نزمەکان بوون بەڵام چونکە لە پارتی دەسەڵاتدار بوون بۆیە بوون بە یەکەم. هەر چەندە باس ناکرێت و لەبەرچاودا نیە بەڵام گۆڕانکاری لە دۆخەکەدا گرنگترە لە بابەتی دادپەروەریدا تا جێبەجێکردنی دەرئەنجامەکان.

هەر ئەمەیە کە مارکس بانگەشەی بۆ دەکرد و دەیوت: "ئەگەر شۆرش نەکەیت هیچ سوودێکی نیە" لە بابەتی دادپەروەریدا ئەوە گرنگ نیە کە تیۆریایەک بهێنم بۆ ئەوەی دەرئەنجامەکان بگۆڕم بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن دەستکاری دۆخەکە بکەین.

لێرەوەیە ئایین رۆڵ پەیدا دەکات و بارودۆخ دەگۆڕێت نەک دەرئەنجام، ئایین تیۆریای دادپەروەری نیە بەڵکو بۆ دۆخەکە خاوەن رووگەیە، (إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمْ) دەبێت دۆخەکە و قووڵاییەکە بگۆڕێت، دەبێت

کلتورەکە دەستکاری بکرێت، یاساکان ناچنە ناوەوە چونکە کۆمەڵێک شتی دەرەکیە بۆ ئەو بارودۆخەی کە هەیە، سیاسەت و سیستەمەکەی بۆ شەرعیەتدانە بەوەی کە هەیە.

تەنانەت ئەو هەموو گەندەڵی و نادادپەروەریانەی کە دەسەڵاتداران کردویانە هیچ شتێکیان نەهێشتۆتەوە کە بەبێ یاسا و نووسراو کرا بێت بەڵکو هەموو شتێکیان بە یاسا کردووە لە کاتێکدا نادادپەروەریشە، ئەمە دەرئەنجامە لە کاتێکدا دۆخێکی نەوتراو و نەبینراو هەیە کە لە قووڵاییدایە دەبێت دەستکاری ئەوە بکرێت و دادپەروەری لەو جێگەدا ئیشی خۆی دەکات.

ئەگەر دۆخەکە دەستکاری نەکرێت هەر گۆڕانکاریەک و هەوڵێکی چاکسازی هەبێت دەچێتەوە خزمەتی ئەو بە یاسا کراوانە و هیچ رۆڵێک ناگێڕێت لە سەر دۆخەکە.

بە رای بەندە بیریار و رۆشنبیرەکانی رۆژهەڵات نابێت تەنانەت باسی تیۆریاکانی دادپەوەریش بکەن چونکە بەبێ دەستکاریکردنی ئەو قووڵاییە هیچ سوودێک بە کۆمەڵگەکانمان ناگەیەنێت. هەر بۆیە کاتێک کە لە ناوچەکانی ئێمەدا شۆڕشێک سەرهەڵدەدات چونکە تەنها هەوڵ دەدەن رووی دەرەوەی بابەتەکە بگۆڕن و هیچ گرنگیەک بەو قووڵاییە نادەن ئەوا دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکان رابەرەکان خۆیان دەبنەوە بەدیکتاتۆر.

گۆڕینی ئەو قووڵایی و دۆخەش بەبێ بابەتی ئایین و مەعنەویەت ناکرێت چونکە داجار ئەویش نادادپەروەری و دیکتاتۆری بەرهەم دەهێنێت. ئەم دۆخەی کە باسی دەکەین لەناو رووبەرە نووسراوەکاندا نیە بەڵکو قووڵترە لەوە، بناغەیەک (ستراکچەر)ێک هەیە هەرچەندە لە سەری دەنووسن قووڵتری دەکەنەوە ئەو کەسەشی بەرگری دەکات لەو دۆخەی کە دروستیان کردووە خۆشی دەبێتە بەشێک لە نادادپەروەریەکە.

ئەو رەخنەشی لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێم هەیە ئەوەیە کاتێک چوونە ناو حکومەت و دەسەڵاتەوە خۆشیان بوون بە بەشێک لەو نادادپەروەریە چونکە لە قووڵاییدا ئیشیان نەکردووە تەنها بە رواڵەتەوە خەریک بوون. شۆڕشە گەورەکان هەردەم لە لایەن مرۆڤە گەورەو رۆحیەکانەوە سەرکردایەتی کراون (گاندی،

ماندێلا[1] و... هتد.) چونکە ئەمان گرنگیان بە دۆخ و قووڵاییەکە داوە نەک ڕواڵەت و شێوەی دەرەوەی.

ئەگەر سەیری ئایین بکەین لەو ناسینەی مرۆڤ بۆ خۆی لە ئاییندا دەیبێت و کاتێک ئامادەیی پەیدادەکات، ڕێز لە مرۆڤ دەگیرێت بە ڕای من قووڵترین ڕێز لە مرۆڤ لە دیندا ئەوەیە کە بە بێ مرۆڤ نە ماف بوونی هەیە نە دادپەروەری دێتە بوون.

کاتێک مرۆڤ ئامادەیی پەیدا دەکات ئیتر بە ڕێنوماییە قووڵانەی کە لە کتێبی حوزور و قورئاندا باسمانکرد کە بنەماکە پرۆسیسە نەک مەعریفە وادەکات دۆخەکە بگۆڕێت، چ دۆخی کەسەکە چ دۆخی کۆمەڵگەش، شتێکی ئامادەکراو ناهێنێت و بیسەپێنێت بە سەر کۆمەڵگەدا بە بێ ئەوەی دەستکاری خۆتت کرد بێت بەڵکو پرۆسەیەکە لەو قووڵاییەوە دێتەوە و خۆشت ئامادەییت هەیە تیایدا و کار دەکەیت

---

١. نیلسۆن ماندێلا: لە ١٨ی تەموزی ساڵی ١٩١٨ لە ترانسکای ئەفریقای باشوور لە دایکبووە.

خوێندنی سەرەتایی هەر لە ئەفریقا دەستپێکردووە، لە دوای دروستکردنی چەندین ئاستەنگی لەبەردەمیداو بۆ ئەوەی دای ببڕن لە خوێندن، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لە سەر درێژەدان بە خوێندن و توانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست بێنێت.

لە ساڵی ١٩٤٢ ماندێلا ماندێلا پەیوەندیکرد بە ڕێکخراوی ئەنجومەنی نەتەوەی ئەفریقی بۆ پاراستنی مافی ڕەش پێستەکان. دواتر بوو بە فەرماندەی ئۆپۆزسیۆن و بەرهەڵستی لە وڵات.

لە شوباتی ساڵی ١٩٦٢ ماندێلا دەستگیرکراو بە سزای پێنج ساڵ زیندانی حوکمدرا، ئەویش بەتۆمەتی سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی نایاسایی و ڕێکخستنی مانگرتن و توندتیژی، جارێکی دیکە حوکمدرایەوە بەدرێژایی هەموو ژیانی، ئەمجارەیان بەتۆمەتی پلان دانان بۆ کردەوەی چەکداری، چونکە ئەوکات تۆمەتی ئەوەیاندایە پاڵ ماندێلا کە ئەو خیانەتی لە وڵاتەکەی کردووە.

ماندێلا لە ڕێگەی چالاکیە سیاسیەکانیەوە بووە سەرۆکی کۆنگرەی میللی ئەفریقا، کە گەورەترین ڕێکخراو بوو لەسەر ئاستی هەموو کیشوەرەکەو داوای یەکسانیو نەهێشتنی نەژادپەرستی ئازادیان دەکرد لە ئەفریقای باشووردا.

بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ دەیخەنە زیندانەوە، تا ساڵی ١٩٩٠ و لە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵیدا و لە ژێر فشارێکی نێودەوڵەتیدا ئازادکراو بووە سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە و دواجار لە ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

و پێی گەورە دەبیت و تێدەگەیت، ئەمەش وادەکات پەنجەرەیەک دروست بکات کە لێوەی تەماشا بکەیت و سەرهەڵبڕیت.

تەنها ئەو کەسانەش توانیویانە لە عەدالەت بگەن کە سەریان هەڵبڕیوە و ئەوانەیان بریوە، بیرمەندێک دەڵێت: "ئەوەندەی من بەدوادا چوونم بۆ هونەر کردووە تەنها چوار قسە لە سەر هونەر هەیە.

یەکەم: تیۆریای لاساییکردنەوە، من لاسایی سروشت دەکەمەوە وەک سوهراب دەڵێت: کاتێک کە هونەر دەخولقێنم دوو رووبار هەیە یەکیان لە دەرەوەو ئەوی تریان لە ناوەوەی من.

دووەم: تیۆریای ئینشایی، واتە خولقاندنی ئەوەی کە نیە لەناو واقیعدا بۆ نموونە باشترین دانیشتن بریتیە لە دانیشتنی رێک بەڵام لە راستیدا شتێکی وا نیە چونکە ئێمە هاتین کورسیمان دروستکرد.

سێیەم: لەبەر ئەوەی کە حەقیقەت و ئەخلاق و دادپەروەری نابینین دەچین خۆمان سەرقاڵ دەکەین بە مەست بوون و خەیاڵەوە واتە خەیاڵ بۆ خۆمان دروست دەکەین.

چوارەم: هەست دەکەین لە زیندانێکداین دەمانەوێت لێی دەرچین، لە بابەتی دادپەروەریشدا دەبێت لەو دۆخەی کە هەیە لێی دەرچین بۆ ئەوەی لێی بگەین نەک تەنها سەیری دیوی دەرەوەی بکەین.

لێرەدایە دەرەوەی ئایین و ناوەوەی ئایین یەک دەگرنەوە، واتە لە قۆناغی یەکەمدا تەنها رووکاری دەرەوەی ئایینم دەبینی و دەموتەوە، شتێکی ئامادەبوو، لە قۆناغی دووەمدا کە سەردەمی تیۆریاکان بوو تەنها قسەی دەرەوەی ئایینم دەکرد بەپێچەوانەی قۆناغی یەکەمەوە، لە قۆناغی سێیەمدا کە قۆناغی گۆڕانکاری قووڵی دۆخەکەیە، ناوەوەی ئایین و دەرەوەی ئایین بەیەک دەگەن و پێکەوە ئیش دەکەن. بەبێ ئەم گۆڕانکاریەی قۆناغی سێیەم هیچ گۆڕانکاریەک لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ناکرێت.

***

## دۆخ سەنتەری نزیکترە لە دادپەروەری

بە هۆی ئەو ئەزموونە دوور و درێژەی خۆم هەمە لە بەدواداچوونم بۆ دادپەروەری گەشتوومەتە ئەو بڕوایەی دۆخ سەنتەری نزیکترە لە دادپەروەری لە واقیعدا هەم نزیکترە لەوەی کە ئایین دەیەوێت.

لە راستیدا، پانتایی بابەتەکەمان بۆ فراوانتر دەکات و ئایینیش دەتوانێت رۆڵی باشتر لە بابەتەکەدا ببینێت. بە بڕوای من ئایین دوو کاری کردووە.

یەکەم: ئیشکردنە لە بواری دۆخی دادپەروەریدا.

دووەم: ئیشکردن لە فراوانکردنی پانتایی دادپەروەریدا. دەکرێت ئەمە گەورەترین خزمەت بێت ئایینەکان بە گشتی و ئیسلام بەتایبەتی پێشکەشی دادپەروەریان کرد بێت.

یەکەم تایبەتمەندی دۆخی دادپەروەری بریتیە: لەوەی کە پابەندە بە زەمینەوە (کۆنتێکست)، هاو شێوەی تێۆریایەکی ئامادە نیە بهێنرێت و بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنرێت چونکە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکات لەگەڵ شتێکی وەستاودا ناکات، سازدانی زەمینەی لەبار بۆ ئەمە زۆر گرنگە، دۆخی دادپەروەری لەبری سەپاندن جێی دەکەیتەوە لە کۆمەڵگەدا و خۆی بۆ خۆی گەورە دەبێت و دروست دەبێت.

کەسە ئایینیەکان بە شێوەیەکی زارەکی ئاماژە بەمە دەکەن بەڵام بە شێوەیەکی رووکەشگەرا، نەچووینەتە قووڵایی ئەم بابەتەوە کە زانستە مرۆییەکان یەکەمین تایبەتمەندیان ئەوەیە کە زەمینەیان هەیە. واتە ناتوانین بە دەرچوون لە زەمینەکە لێیان تێبگەین، مامەڵەکردن لەگەڵ زەمینەدا دوو دەرئەنجامی دەبێت.

یەکەمیان: تێگەیشتن لە زەمینەیەک نایبەیت بۆ زەمینەیەکی تر واتە تێگەیشتنی ئەمرۆ سەبارەت بە هەندێک لە بابەتەکان نایبەیتەوە بۆ سەردەمەکانی پێشوو بۆ نموونە تێگەیشتن لە بابەتی توندوتیژی، با لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر بچینەوە.

ئەم بابەتانەی ئێستا کە مۆدێرنە دروستی کردوون نایبەینەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر و بیسەپێنینەوە بە سەر دەقەکاندا کە ئەمەی دەیکەین خزمەتێکی گەورەیە بە ئایین، ئەگەر لەو سەرەوە بۆی بڕوانین، خەڵکی ئایینی کۆن تێگەیشتنەکەی ئەوسەریش ناهێنین بۆ سەردەمی ئێستا، واتە هەر سەردەمە و مامەڵەی خۆی. دەبێت بزانین شتی ئامادە هیچ سوودێک ناگەیەنێت هەر ئەمەیە بە ئایدۆلۆژیاکردن واتە شتی ئامادە.

سەدەی رابردوو مرۆڤایەتی پانتاییەکی فراوانی تاقیکردنەوەی شتە ئامادەکان بووە و هیچ دەرئەنجامێکی نەبووە لەو پەڕی چەپەوە بۆ ئەو پەڕی راست، ئەزموونی شتی ئامادەمان کردووە و مرۆڤایەتی سوودی لێ نەبینیوە، دەبێت بواری بەشداریکردنی مرۆڤایەتی بدرێت نەک تەنها لەکاردا بەڵکو لە تێگەیشتنیشدا ئەو کاتە ئەخلاق تەنها دیوێکی کردەیی دەرەکی نابێت بەڵکو دیوێکی مەعریفیشی دەبێت، رێگە دەدرێت مرۆڤەکان لە رووی فیکریشەوە تێبگەن و پێبگەن.

دووەمیان: لە رووی زمانەوانیشەوە تێدەگەین ئەگەرچی زاراوەکان هەمان زاراوەن لەبەر ئەوەی دۆخ سەنتەرە و مامەڵەکە لەگەڵ ئەودایە بۆیە ماناکانی بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەو تێگەیشتنەی ئێمە بۆ دادپەروەری هەمانە لە ئێستادا هەمان واتا نیە بۆ دادپەروەری لە سەردەمەکانی پێشوودا هەمان بوو، ئەگەر وا تێبگەین ئەوا دەکەوینە هەڵەوە.

ئەوانەی لە بواری ئاییندا لێکۆڵینەوە و بە دواداچوون و شیکردنەوە دەکەن بە مامەڵەی ئێستاوە کە چ واتایەک دەبەخشن، بابەتەکانی پێشوو دەخوێننەوە لە راستیدا ستەمیان لە ئایین و بابەتەکانی کردووە چونکە مانایەک دەبەخشن بە سەریاندا کە تێگەیشتنی ئێستا جیاواز بووە لە تێگەیشتنی پێشوو بۆ هەمان بابەت چونکە هەر یەکەیان پەیوەستن بە زەمینەی خۆیانەوە، بۆ تێگەیشتن لە هەر بابەتێک دەبێت لە زەمینەکەی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت. بۆیە دەبێت لێکۆڵینەوەی ئاینی لێکۆڵینەوەیەکی دیاردەناسیانە بێت واتە چۆن دەرکەوتووە لەناو دۆخەکەی خۆیدا بۆ ئەوەی ستەمی لێنەکەین.

(ڤان ئێس) ی ئەڵمانی خاوەنی گەورەترین کتێبە لە سەر مێژووی سێ سەدەی سەرەتای شارستانیەتی ئیسلامی هاتووە باسی ئیمان دەکات دەڵێت: "ئیمان لەم سێ سەدەیەدا ئەو واتایەی نیە کە ئێستا لە کتێبەکانی عەقیدەدا باس دەکرێت، بەڵکو ئیمان لەو سێ سەدەیەدا (فعل) کار بووە بۆیە ئیمان زیاد و کەمی کردووە بەڵام ئێستا ئیمان لە کتێبەکاندا بریتیە لە باوەڕبوون بەخودا و رێسایەکی جێگیرە"[١].

کاتێک ئەمەی ئەم سەردەمە بەو پێوەرانەی ئەوسا، یان ئەو سێ سەدەیە بە پێوەرەکانی ئێستا بخوێنینەوە ئەوا ناتوانین مافی خۆیانیان پێبدەین. لە بابەتی دادپەروەریشدا بە هەمان شێوەیە، (مامۆستا بوون) لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودادا هاتووە "من نێردراوم مامۆستا بم" لەو کاتەدا واتا: ئەو کەسەی کە شتێک

١. جوزف، فان اس، المصدر السابق.

دەگەیەنێت بە کەسێکی تر بەڵام مامۆستا بوون لە ئێستادا ئەو کەسەیە کە کارێکی هەیە (وظیفە).

بۆ نموونە جێنشینی پێغەمبەر (د.خ) کێیە؟ لەو سەردەمەدا جێنشینی پێغەمبەر ئەو کەسە بووە کە پەیامەکەی ئەو بگەیەنێت بەڵام لە ئێستادا ئیش و کارێکە، جلوبەرگێکە، پیاوی ئایینی، زۆریان جیاوازی هەیە، دەبێت بەپێی زەمینەکەی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و واتای پێ ببەخشیت.

دەبێت لێکۆڵینەوە و دیراسەکردن بەمجۆرە بێت چونکە شتە مرۆییەکان لەناو دۆخدان، دادپەروەریش بەو جۆرەیە. فرەژنی لە ئێستادا کە بۆتە باسێکی گەرموگوڕ لە سەردەمەکانی پێشوودا کارێکی قەدەغە و خراپ نەبووە بەڵکو ئەخلاقیش بووە چونکە زەینەکە و سەردەمەکە وای خواستووە.

تایبەتمەندی دووەم: ئەمە وادەکات لەبری ئەوەی کۆشش (اجتهاد) لە فلان بەشدا بکەین لەلای کەسێکی فەقیە هەیە، ئەوا تێکۆشان لە دۆخەکەدا بکرێت، کەسانێکی وەک ئیقبال لاهوری دەڵێت: "سەر لە نوێ دارشتنەوەی فیکری ئایینی بە پێی سەردەمەکە نەک تازەکردنەوەی فیکری ئایینی" چونکە مامەڵە لەگەڵ زەمینەدا دەکات ئەگەر ئەوەی پێشوو بێت ئەوا کاری خۆی جێبەجێ ناکات و ئەرکی خۆی ناگەیەنێت.

ئەمەش وادەکات چالاک بێت چونکە مامەڵە لەگەڵ دۆخدا دەکات. بۆ نموونە ئێستا دەوترێت ئیسلامی عەرەبی کە لە کتێبە عەرەبییەکانەوە هێنراوە و بەسەر نەتەوەیەکی غەیرە عەرەبدا دەسەپێنرێت دۆخەکەیان لەبەرچاو نەگرتووە ئەمەش وایکردووە گرفت و قەیران دروست بکات، مامەڵەکە یەکلایەنەیە، ئەو هەموو داهێنان و مامەڵەی عاریفان و خوداناسان و ئەو هەموو هەوڵ و کۆششەیان لە بواری رۆحی و مەعنەوییەوە ئەگەر تەنها بە ئایینە تەقلیدیەکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت هەموویان دەبن بە داهێنراو (بیدعە).

بەڵام لە راستیدا ئیسلام لە بواری مەعنەوی و رۆحیشدا بواری بەشداریکردنی داوە و دەیەوێت کەسەکان خۆیان دەرگیر بن و چالاکی و بەشداریان هەبێت نەک تەنها دەقێک بسەپێنرێت بەسەریاندا و ئەمان هیچ رۆڵێکیان نەبێت.

بۆ نموونە ئەگەر رێگەی بە بەشداری مەولەوی تاوگۆزی نەدرایە کە ئەزموونی خۆی بکات ئەوکات هیچ شاعیرێکمان نەدەبوو بەناوی مەولەویەوە، مەولەوی ئەزموونی تایبەتی خۆی هەیە کە جیاوازە لە ئەزموونی ئەوانی تر، ئەگەر رێگەی بەشداریکردن نەدرایە ئەوا ئێستا ئێمە هونەری ئیسلامیمان نەدەبوو، فەیلەسوفێکی

وەک ئیقباڵ، عاریفێکی وەک مەولانای رۆمیمان نەدەبوو، حیسابکردن بۆ دۆخ واتە ئەوەی بەرامبەریشت بەشداری بکات.

لە بابەتی دادپەروەری شدا دەبێت مرۆڤەکان بەشداریان هەبێت و لەبواری مەعریفی و کرداریدا ئەم بابەتە ببنە پێشەوە. دۆخەکە رۆڵی لە گەورەکردن و گەیاندنی ئەم چەمکەدا هەیە.

دەبێت دوور بکەوینەوە لەو بڕوایەی کە پێمان وابێت پێشینان هەموو شتێکیان لە بوارە ئایینیەکەدا بۆ ئێمە کردووە، ئێمە پێویستمان بە هیچ شتێکی تر نیە بیکەین، لە راستیدا ئەگەر هەموو شتێکیان بۆ ئێمە تەواو کرد بێت و هیچیان بۆ ئێمە نەهێشت بێتەوە ئەو کات هەڵە و ناتەواو دەبێت.

کاتێک بوار دەدەین بە بەشداری ئەوانی تر ئەو کات لە رواڵەتگەڕاوە دەگوازینەوە بۆ قووڵایی بابەتەکان، ئەگەر وامان کرد ئیتر زۆرینەی گرفتەکانمان بۆ چارەسەر دەبێت، مامەڵەکە لە دەق سەنتەریەوە دەگوازرێتەوە بۆ مامەڵەیەکی ئەخلاقی، لەبری ئەوەی ئەم کۆمەڵگە دیلە جارێکی تر دیلیان بکەیتەوە یارمەتیان دەدەیت ئازاد بن، دەچیتە ناویانەوە، هەر وەک چۆن مەولانا دەڵێت: "چونکە پێغەمبەر هادیە ئیتر ئیشی پێغەمبەر ئازادیە" واتە دەبیتە کەسێکی رێ نیشاندەر و مامەڵەیەکی ئەخلاقیە نەک مامەڵەیەکی تیۆری ئامادەکراو و بیسەپێنیت بە سەر کۆمەڵگەدا زۆرجار لەگەڵ ئەخلاقدا ئەمە پێچەوانە دێتەوە.

ئایین دەبێت بە رێگەیەک و پیایدا دەڕۆیت نەک دەرئەنجامێکی گیراوی لەوەو پێش، ئەگەر ئایین بشوبهێنرێت بە ئەخلاقی خودا ئەوا یەکێک لە تایبەتمەندیە ئەخلاقیەکان کە دراوە بە ئێمە بریتیە لە هەڵبژاردن (اختیار) چالاکبوون و داهێنان، سونەتی مەعنەوی پێغەمبەری خودا وەکو مامۆستا سەعیدی نوورسی دەفەرموێت: "بەمە بەردەوام دەبێت تا قیامەت" واتە ئەگەر زەینم ناچار نەکرێت بیر بکاتەوە ئەو کات لەو بابەتەدا بەشدار نەبووە و رۆڵی نەبووە. بە بڕوای من و لەژێر رۆشنایی ئەمەی کەوتم ئەوا بابەتی دادپەروەری بە تەواوی دەبێت بە بابەتێکی ئایینی نەک ئایین بە مانای ئایدۆلۆژیا.

کاتێک بەم شێوەیە بۆ ئایینمان روانی ئەو کات ئەم بابەتە دەبێتە بابەتێکی تەواوگیری و منی بەندە لە گۆڕانکاریەکاندا رۆڵم دەبێت، دەبێتە بابەتێکی تەواوی باوەڕ سەنتەری نەک دۆگما سەنتەری، باوەڕ وایە ئایین وادەکات لە من کە لە کاروبار و گۆڕانکاریەکاندا بەشداریم هەبێت نەک بمکات بە کەسێک تەنها دەقەکان بسەپێنرێت بە سەرمدا و منیش بەبێ ئەوەی بەشداریم هەبێت جێبەجێی بکەم،

لەبری ئەوەی تەنها مامەڵەیەکی دەرەکی بێت ئەوا دەگوازرێتەوە بۆ مامەڵەیەکی ناوەکی و رۆڵی سەرەکیم لە گۆڕانکاری خۆیشمدا دەبێت.

بە بۆچوونی من ئەوانەی دژدێنەوە بەم روانینە بۆ ئایین و بابەتە مرۆییەکان بریتین لە سێ کۆمەڵ.

کۆمەڵەی یەکەم: دۆگماکان: دۆگماگەراکان بواری بیرکردنەوە نادەن و لەو بڕوایەدان هەموو شتێک هەیە پێویست بە بەشداری و داهێنانی ئێمە و بیرکردنەوەی ئێمە ناکات، دەڵێن مرۆڤ ئەگەر خۆی باش بکات ئیتر هەموو شتێک باش دەبێت، لەکاتێکدا وانیە چونکە ئەگەر وابووایە ئەی ئەم هەموو تەسکیەی نەفسە لەدیندا هاتووە بۆچی هاتووە.

کۆمەڵەی دووەم: ئەوانەن کە بەردەوام بەڵگەی ئامادەیان دەوێت خۆیان بە شوێنیدا ناگەڕێن، ئەوانەی کە بەمجۆرەن قەد ناتوانن بە شوێن ئایینەوە بن چونکە رۆحی ئایین گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا، ئەوەیە گواستنەوە لە حەقیقەت ویستیەوە بۆ شوناس ویستی، شوناسێکی پێشتر ئامادەکراو و هەبوو بەرگری لێدەکەیت و هەموو بەڵگەکانت بە خزمەت ئەم شوناسە دێنیتەوە، گوایا لە پێشوودا فەیلەسوفان و کەلامیەکان لە سەر ئەمە جیا بوونەتەوە و بوون بە دوو بەشەوە.

فەیلەسوفەکان هیچ کات دەرگای بەڵگەیان دانەخستووە و ئەگەر بەڵگەی تازە هەبوو بێت ئەوا مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە بەڵام کەلامیەکان پێشتر بەڵگەکانیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکاندا وەڵام بدەنەوە.

ئێستاش خەڵکانێک هەن تەنها ئیش لە سەر ئەوە دەکەن کۆمەڵێک ناتەواوی لە کتێبەکاندا بدۆزنەوە یاخود کۆمەڵێک بەڵگە هەڵدەگرن و لە بەرژەوەندی فیکرەکەی خۆیان بەکاریان دەهێنن، هیچ گرنگیەک بە بەڵگە و رای نوێ نادەن. ئەمەی کە دەیکەن دوورە لە ئەخلاقیاتی مەعریفیەوە چونکە سەنتەریترین خاڵی ئەخلاقیاتی مەعریفی ئەوەیە کە کەسەکە حەقیقەت سەنتەر بێت، حەقیقەت سەنتەری یەکێکە لە رێسا و چوارچێوە هەرە قووڵەکانی قورئان.

کۆمەڵەی سێیەم: رێژەگەراکان: حەقیقەت رێژەییە کە ئەمەش دادەنرێت بە خراپترین ئەو گرفتانەی کە رووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، مادام حەقیقەت رێژەییە کەواتە پێویست ناکات بیر بکەمەوە چونکە ئەوەی منیش و ئەوەی ئەویش هەردووکیان هەر دادپەروەریە و هەر یەکەمان بە رێژەیەک، هەموو شارستانیەتێکیش دادپەروەری و مافی مرۆڤی خۆی هەیە، بۆیە پێویست بە بیرکردنەوە ناکات. ئەمە وادەکات لەم دۆخە تازەیەدا پێویست نەکات بە شوێن چارەسەرەوە بین.

ڕێژەگەرایی بە نەوتراوی لای ئایینەکان هەیە، بەپێی ئەمەش بێت ئەوا زوڵمکردن و ستەمکاریش دەبێت بە ڕێژەیی. لە کاتێکدا دەبوو لەبری ئەمە هەوڵ و تێکۆشان بکەن (جهاد) کە دادەنرێت بە ڕۆحی ئایین لەناو کۆمەڵگەدا چونکە ئەگەر ئەمە نەبێت ئەوا هیچ مانایەکی نامێنێت. ئەم ڕێژەگەراییە لەگەڵ دۆخی دادپەروەریدا پێچەوانە دێتەوە.

بە رای من دۆخی دادپەروەری فەراهەم نایەت ئەگەر بەو مانایانەی دادپەروەری لێکۆڵینەوە بکەین کە لە ئێستادا لەناو کۆمەڵگەی مرۆییدا هەیە بەبێ ئایین، هەموو تیۆریا و فەیلەسوفەکانی دادپەروەری کە هەوڵیانداوە دادپەروەری لە ئایین جیا بکەنەوە بۆ ئەوەی دادپەروەری سەربەخۆ بێت لەبری ئەوەی خزمەت بە بابەتەکە بکەن بەپێچەوانەوە بووە بە گەورەترین گرفت لە بەردەم دادپەروەریدا چونکە مانایی دادپەروەییان بەرتەسک کردۆتەوە.

دووەمین تایبەتمەندی دادپەروەری ئایینی ئەوەیە مانای دادپەروەری فراوانترە لە دادپەروەری لەناو فەلسەفەی دادپەروەریدا کە لە سەدەی بیستەمدا هەیە، بۆ نموونە: ئەگەر ئێستا سەیری مرۆڤایەتی بکەین کە بڕوایان بە سەربەخۆیی تاکەکان هەیە تۆ چۆن دەژیت، بژی، گرنگ ئەوەیە لە دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا پێکەوە لەو بابەتانەدا دادپەروەری ڕەچاو بکەین ئیدی من بۆ خۆم لە ژیانی تاکەکەسی خۆمدا چۆن مامەڵە بکەم نادادپەروەرانە نیە.

لە ڕووی مامەڵەم لەگەڵ جەستە و کات و هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە تاکێتی خۆمەوە هەیە، لە ژێر بانگەشەی ئەوەی کە فیکری دادپەروەرانە لە سەدەی نوێدا پەرەی سەندووە بەم شێوەیە مامەڵە دەکەن، بە رای من ئەمجۆرە مامەڵەیە وای کردووە کە دادپەروەری بۆ پەیوەندی نێوان تاکەکەن نەک هەموو مرۆڤایەتی کورت بکرێتەوە.

بۆ نموونە لە هەر وڵاتێکی ڕۆژئاواییدا گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەیە و دادپەروەری بوونی هەیە و دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دادپەروەرانە دەگوازرێتەوە بەڵام ئەم دادپەروەریەی ئەوان سێ گرفتی هەیە.

یەکەمیان: ئەگەر لە کۆمەڵگەکانی تردا ئەو پەڕی نادادپەروەری بوونی هەبێت ئەمان دەرهەقی بێباکن.

دووەمیان: چەندێتیە نەک چۆنێتی، دواجار ئەوەی بڕیار دەدات کە ئەوەی پێگەیشتوون دادپەروەرانەیە یاخود نا، واتە ئەگەر زۆرینە وتیان ئەم کارە دادپەروەرانەیە ئەوا دادپەروەرانەیە ئەگەر ڕەتیان کردەوە ئەوا دادپەروەرانە نیە، واتە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەچنەوە ناو کۆمەڵەی ڕێژەگەراکانەوە.

بۆ نموونە: ئەگەر زۆرینەی کۆمەڵگە پێیان وابێت لەباربردنی مناڵی کۆرپە لە سکدا کارێکی دادپەروەرانەیە ئەوا دەبێت بە کارێکی دادپەروەرانە.

سێیەمیان: ئەم پارچە پارچەکردنەی دادپەروەری لەناو کۆمەڵگەکانیاندا ئەگەر بارێکی نادادپەروەرانە لە کۆمەڵگەکانی تردا دروست بکات ئەوا هیچ باکیان پێی نیە، بۆ نموونە: چەمکی دادپەروەری لەناو دەوڵەتە سۆشیال دیموکراتەکاندا بەستراوەتەوە بە چەمکی خۆشگوزەرانی (رەفاهیەت)ەوە، بەلایانەوە گرنگە کە خۆشگوزەرانی خۆیان هەبێت و بۆیان فەراهەم بکرێت ئەگەرچی ئەم فەراهەمکردنە لە سەر حسابی کۆمەڵگەیەکی تریش بێت هیچ باکیان پێی نیە گرنگ ئەوەیە خۆیان خۆشگوزەران بن.

دادپەروەری ئەوان گرنگە گەرچی لە سەر حسابی دادەروەری جیهانیش بێت ئەوان تەنها پابەندن بە کۆمەڵگەکەی خۆیانەوە. دواجار ئەم دادپەروەریە دەبێتە دادپەروەریەکی دەرئەنجامگەرا بەڵام دادپەروەری فەزیلەتگەرا ئەوانەی لە فەرهەنگدا لە قووڵایی مرۆڤەکاندا گۆڕانکاری بکرێت ئەمە گەورەترین خزمەتە پێشەکەشی مرۆڤایەتی بکرێت نەک ئەوی تر.

ئەمە گۆڕانکاریە قووڵە دەبێتە هۆی وەرچەرخانی دادپەروەری لە دەرئەنجامگەراوە بۆ دادپەروەریەکی فەزیلەتگەرا واتە لە ناوەوەی مرۆڤەکانەوە دەست پێدەکات، پانتایی دادپەوەری فراوانتر دەبێت تەنها دیوی دەرەوەی کۆمەڵگە و گرێبەستی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردن لە سیاسەت و هەڵبژاردندا تاکەکاندا نیە بەڵکو لە ناوەوەشدا گۆڕانکاری دروست دەکات، تاکەکانیش خۆیان بەشدارن و دەگۆڕین و لە ژیانی تاکیشدا دەبێت ئەخلاقیانە بژین.

گۆڕانکاری لەناوەوەی مرۆڤدا بەهیچ جۆرێک بە ئایدۆلۆژیا ناکرێت تەنانەت ئەگەر لە ئایینیشەوە سەرچاوەی گرت بێت، خزمەتی ئایین ئەوەیە لە قووڵاییەکانی ناخی مرۆڤەوە دەست پێدەکات، دەبێت دوور بێت لە سەپاندن و بەیەک چاو سەیرکردن، بۆیە دەبێت کۆشش کردن لە ئوصولدا بکرێت.

کاتێک گۆڕانکاری ناوەوەی مرۆڤ دەگرێتەوە ئەوا دادپەوەری دەبێتە فەزیلەت، چیتر من (تاک) بێباک نابم بەرامبەر بە کۆمەڵگە ئەگەرچی یاساش رێگەی پێدا بم. فەلسەفەی ئایین دەبێت گرنگی بەم لایەنە بدات، هەموو ئایینەکان جەختیان لەوە کردۆتەوە کە گۆڕانکاری لە دەرەوە روو نادات ئەگەر لە پێشدا لە ناوەوە روونەدات، (إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ).

له راستیدا ئەمەیە فەرهەنگ (کلتور) سەنتەری لەبری سیاسەت سەنتەری، گرفتی کەسایەتیە ئیسلامیەکانی ئێستا ئەوەیە دەیانەوێت کە رووی دەرەوە (سیاسەت) بگۆڕن بەبێ ئەوەی گرنگیان بەم قوولاییە دابێت، مرۆڤی سیاسەت سەنتەر تەنها کار دەکات، فەرمانی پێدەکەن و ئەویش دەجوولێت و جێبەجێی دەکات و بەبێ ئەوەی خۆی بیربکاتەوە و بەشداری بکات. بەڵام بیرکردنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە بەشداری هەبێت.

لێرەدا مەعریفە دەبێتە پاڵپشتیەکی ئەخلاق چونکە بەشێکی لە ئەخلاق ئەوەیە خۆت بیر بکەیتەوە و لەناو دۆخەکەدا بەشداریت هەبێت، ژیانی رەسەنانە ئەمەیە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە چیتر مامەڵەی ئەخلاقی، رێسای ئەخلاقی ئامادە وەرناگیرێت بەڵکو ئەخلاق دەبێتە پرۆسیسێک کە خۆت خەریکی پوختەکردنی خۆت دەبیت، ئەخلاق کورت نابێتەوە لە هەست و سۆزدا، گریان، واتە ئەمانە نابن بەمەرجێکی بنەڕەتی تەواو بۆ ئەخلاقبوونی کەسێک.

***

# شێوازی دەزگای سۆزاوی مرۆڤ

شێوازی دەزگای سۆزاوی ئێمەی مرۆڤ هەمیشه دوالیزمەیه، کاتێک بەبێ بیرکردنەوه ئەم دەزگا سۆزاویه بەکار دەهێنیت ئیتر دەرئەنجامەکان دەبن به (خۆش و ناخۆش، چاک و خراپ، باش و نەباش، شەیتانه یان فریشتەیه) بەڵام کاتێک بیرکردنەوه وەک دەزگایەکی ئەخلاقی بۆی زیاد دەکرێت و رۆڵی خۆیی پێدەدرێت وای لێدێت که دەرئەنجامەکان دەگونجێت (باش و خراپ) نەبن بەڵکو سێیەمێک هەبێت.

جیاوازی نێوان مرۆڤێکی بیرکەرەوه لەگەڵ مرۆڤێک که بیر ناکاتەوه و تەنها هەست و سۆز بەکار دەهێنێت لێرەدایه، جیاوازی نێوان کۆمەڵگەیەک که فەرهەنگی خۆی بەردەوام پوختە دەکات لەگەڵ حەشاماتدا لێرەدایه. فیکر لەم بوارەدا تەنها له دەرئەنجامدا فریای دادپەروەری ناکەوێت بەڵکو له پرسیارکردنیشدا یارمەتی دەدات.

ئەم سێیەمینەیه وادەکات ئیتر تۆ باکگراوندێکی فیکری و مەعنەویت بۆ بابەته ئەخلاقیه سۆزاویەکان هەبێت، ئەمەش دەبێته هۆی ئەوەی له سەر رواڵەت بڕیار نەدرێت و شوێن کۆمەڵ نەکەوین بەڵکو بەشداریکردن و بیرکردنەوه گرنگه و پێوەرەکان له ناخی خۆتەوه دەردەچن، واته ئەخلاق دەبێته پرۆسەیەک، دەبێته هونەری ئەخلاق، ئیشی له سەر دەکەین.

ئەخلاقی ئایینی به جۆرێکه که ورده ورده دروست دەبێت و مرۆڤەکه خۆی رۆڵی له دروستکردنیدا دەبێت. کورتەی عیرفان و تەصەوف ئەمەیه، تەنانەت ئەخلاق له فەلسەفەشدا هەر بەمجۆریه بۆ نموونه: کاتێک سوقرات دەڵێت" ئەخلاق (عیشق) هونەره" هەر ئەمەیه مەبەستەکەی نەک شتێکی ئامادەی وەرگیراو، مامەڵەی ناوەکی گفتوگۆیانەیه که پوخته پوختەکردنه، له کاتی پوختەکردنەکەدا ئەخلاق دەبێت به منی مرۆڤ، دادپەروەری دەکاته من لەکاتی پوختەکردن و چاککردنی خۆمدا.

ئایین لێرەدا دەتوانێت رۆڵی هەبێت، بێجگه لەبابەته رۆحی و مەعنەوی و ئایینیەکان هیچ تیۆریایەکی تازەی دادپەروەری ناتوانێت ئەمه پێشکەش به مرۆڤ بکات، ئەگەر فەرهەنگ سەنتەری باشترین مامەڵەی مرۆڤانه بێت چونکه مرۆڤی فەرهەنگ سەنتەر له خۆی ورد دەبێتەوه و تێڕامانەکانی خۆشی دەگرێتەوه.

(نیگڵ)[1] دەڵێت: "مرۆڤەکان یان سیاسەت سەنتەرن یان فەرهەنگ سەنتەرن"[2] سیاسەت سەنتەرەکان تەنها فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن کە پێیان دەوترێت، بەڵام فەرهەنگ سەنتەرەکان دوورتر دەڕوانن چونکە لە خۆیان وردبوونەتەوە و روانینی بۆ خۆی هەیە.

ئۆنامۆنۆ دەڵێت: "مرۆڤی مشەخۆر و مرۆڤی نامشەخۆر هەیە" مرۆڤی مشەخۆر ئەوانەن تەنها بەردەمی خۆیان دەبینن و هیچ روانینێکیان نیە و سەربەرز ناکەنەوە، بەپێچەوانەوە نامشەخۆر ئەوانەن کە سەربەرز دەکەنەوە و دوورتر دەڕوانن.

لەناو کۆمەڵگەشدا بە هەمان شێوە مرۆڤی سیاسەت سەنتەر وەک مشەخۆرەکانن، بەڵام نامشەخۆرەکان دەبینن. ئایین و پوختەی ئایین و عیرفان تەنها ئیشیان ئەوەیە مرۆڤ فێری ئەو روانینە دەکەن، ئەمەش وادەکات مانای دادپەروەری فراوانتر ببێت. ئەم پوختەکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی لە کاتی بینینتدا پیاهەڵدانێکت نەکەم کە لە تۆدا نیە و لەپشتەوەش باست نەکەم بەخراپە، تەنانەت ئەگەر هەڵەیەکیشت هەبوو دەبێت هەوڵ بدەم چاکی بکەم و بۆت راست بکەمەوە.

لەم پلەدایە ئەخلاق دەبێت بە رۆحی کۆمەڵگە. لێرەدا لە رووکەشدا لە رووی ئەخلاقیەوە دەتوانین بە یاسا هەموو شتێک رێکبخەین و شەرعیەتی پێبدەین بۆ هەموو شتێک بڕیارێکی یاسایی بۆ دەردەکەن و پێچەوانە نەجوڵاونەتەوە.

کاتێک بەمجۆرە بوو ئەو کاتە مرۆڤەکە دەبێت بە ئایین سەنتەری و لە پێشوودا وتمان مرۆڤێک پەیدا بووە داوای مافەکانی دەکات لەم قۆناغەدایە، تەنها فەرمانەکان جێبەجێ ناکات بەڵکو داوای مافەکانیشی دەکات. جیاوازی نێوان کەسێک کە لەکتێبەکانەوە زانیاری وەردەگرێت لەگەڵ کەسێک کە خۆی ئەزموونی هەیە لێرەدایە، ئەزموونەکەش تەنها بۆ دیوە رۆحی و ئیمانیەکە ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ دیوە کۆمەڵایەتییەکەش دەگەڕێتەوە.

---

١. تۆماس نیگڵ: لە ساڵی ١٩٣٧ لە ئەمریکا لە دایک بووە و لە ئێستادا مامۆستای فەلسەفە و یاسایە لە زانکۆی نیۆیۆرک.

نیگڵ زیاتر لە بواری فەلسەفەی زەین، فەلسەفەی ئەخلاق و ئەبستمۆلۆژیادا تویژینەوە دەکات و کارەکانیشی رەنگدانەوەی ئەخلاقی ئەرکگەران و لەسەر گەلێک لە کایەکانیش رەخنەی جیدی هەیە.

تۆماس نیگڵ گەلێک نووسین و کتێبی هەیە کە هەندێکیان بریتین لە: ئەخلاق ناسی، یەکسانی و لایەنگری، بە دووی مانادا و زەین و کەیهان و .... هتد.

٢. برابری و جانبداری، توماس نیگل، ترجمە: جواد حیدری، نگاە معاصر، تهران ١٣٩٤.

جیاوازی نێوان کەسێک لە نامۆبووندا دەژی و کەسێکیش لە دەرەوەی ئەوە دەژی ئەم قۆناغەیە، ئەو کەسەی کە نامۆیە و تیایدا دەژی هەر کارێک کە ئەنجامی دەدات لە دڵیدا نیە چونکە بە شێوەیەکی رۆتینی رۆژانەیە لەلای چونکە خۆی هیچ بەشداریەکی تیایدا نیە، ئاداب و مەرجەکان جێبەجێ دەکات دڵنیاشە هیچ گۆڕانکاریەک و کاریگەریەکی لە سەر خۆی نیە، مەولانا دەڵێت: "فێری هونەری تینوێتی ببە نەک ئادابەکانی ئاو خواردنەوە" هیچ گۆڕاناکاریەک بەبێ دەستکاری ئەم دۆخ و قووڵاییە نایەتەبوون.

گۆڕانکاری رووکەشی و تازەکردنەوەی دیوی دەرەوەی ئایین هیچ لە گرفتەکان چارەسەر ناکات و بگرە قووڵتریشیان دەکاتەوە. ئیمامی غەزالی لە کتێبی کیمیای بەختەوەریدا (احیاء العلوم الدین)[1] باسی ئەمانەی کردووە باسی هەموو زانستە ئایینیەکانی کردووە بەڵام لە دۆخێکی ئەخلاقی قووڵدا، مەولەوی تاوگۆزی دەڵێت: "عیسەوی ئاسا ئەحیام کەرەوە" مەبەستی ئەم زیندوو کردنەوەیە لە ناوەوە گۆڕان و دووبارە لەدایکبوونەوەیە، کاری ئایینیش زیندووکردنەوە و تازەکردنەوەی ئێمەیە لە ناخەوە و بە شێوەیەکی ئەخلاقی قووڵ نەک بەخشینی شتێکی دەرەکی.

کاتێک ئێمە ئەم رێگەمان بەکارهێنا لەبری ئادابی ئەخلاقی فێرکردنی ئەخلاقی دەکرێت، ئەمە پرۆسەیەکە و کاری تێدا دەکەیت. هیچ کۆمەڵگەیەک گۆڕانکاری نەکردووە و نایکات بەبێ بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیە، رۆحە گەورەکانیش زادەی لە دایکبوونی ئەم پرۆسەیەن.

مەولانا دەڵێت: "گەورەترین گوناهی زاناکان ئەوەیە ئەگەر تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە بوون ئیتر هیچیان نامێنێتەوە چونکە خوێندن بەلای ئەوانەوە پرۆسەی خۆگۆڕانکاری نەبووە" لەکاتێکدا ئەگەر زانست ئەم پرۆسە و هونەرە بێت ئەو کاتە ئەگەر زاکیرەشی نەمێنێت پرۆسەکە هەرماوە و دەمێنێت.

تۆلێ[2] دەڵێت: "خراپترین شتێک کە مرۆڤایەتی فێری بووە بیرکردنەوەیە" چونکە کردوویانە بەجێگرەوەی گۆڕانکاریکردن لە ناوەوە و لەو بڕوایەدابن کە هەموو

---

١. غزالی، محمد بن محمد، احیاء علوم الدین، ترجمه: موید الدین محمد خوارزمی، به کوشش حسین خدیو جم، انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٥١ هـ.ش.

٢. ئەکهارت تۆلێ: لە ١٦ شوباتی ١٩٤٨ لە شاری لۆنن لە باکوری دۆرتمۆند لە ئەڵمانیا لە دایک بوو.

قۆناغی سەرەتایی لە ئەڵمانیا و قۆناغەکانی تری لە ئیسپانیا و ئینگلتەرا تەواو کردووە و لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا رووی لە زانکۆ کرد و بەڵام دواتر وازی لێهێنا و روویکردە راوێژ و

مەعریفە لەویدایە، کێ زانیاری زیاتری لابێت ئەوە زاناترە لەکاتێکدا کە تووشی لە بیرچوونەوە بوو هیچی نامێنێت.

هەوڵەکانی ئێمە دەبێت تەنها لەوەدا خۆی نەبینێتەوە کە رووکاری دەرەوەی کۆمەڵگە و مرۆڤەکان گەورە و فراوان بکەین، ئاستی زانیاریەکان و ژمارەی داتاکان زۆرتر بکەین بەڵکو دەبێت هەوڵ بدەین ئیش لەسەر ناوەوە بکەین، (کان قرأن یمشی علی الارض) (کان خلوقە القرأن) ئەمانە ئیشکردنە لە سەر ناوەوە نەک رووی دەرەوە، هیچ هەڵسوکەوتێک شتێکی ئامادە نیە وەربگیرێت بەڵکو لە مامەڵەکردنی تۆوە سەرچاوە دەگرێت و پرۆسەیەکە فێری دەبیت، دەبێت بە بەشێک لە تۆ و ئیتر ناتوانیت لە بیر خۆتی ببەیتەوە.

مامۆستا ناصر دەڵێت: "دەبێت بە مەلەکە" واتە وای لێدێت ئیتر ناتوانیت وانە بیت، بۆ نموونە لە ئێستادا خوێندەواری بووەتە مەلەکە و تاکەکانی ئێستا ناتوانن نەخوێنەوار بن. عیشق، فەزیلەتە مرۆڤ ناتوانێت ئارەزوومەندانە عاشق ببێت یان نەبێت، ئیمان، دادپەروەری، ئەمانەش مرۆڤ ناتوانێت ئارەزوومەندانە ببێت و یان دەستیان لێبەر بدات.

یەکێک لەو شتە گرنگانەی لە سەردەمەکانی لەوەو پێش بۆ ئێمە ماوەتەوە ئەوەیە دادپەروەری ڕێسایەکی دەرەکی نیە وەک ئەوەی ئەمڕۆ بەڵکو فەزیلەتە و وەریدەگرین. ئایین دەتوانێت لێرەدا زۆر ڕۆڵی گەورە ببینێت و رووگەیەکی نەبینراو بە کۆمەڵگە ببەخشێت بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بکات سیاسیەکان و کەسە دیارەکان شتێک بکەن، ئەخلاق دەبێتە دۆخێک و تیایدا دەژین نەک ڕێسایەکی ئامادە و وەریبگرین.

دادپەروەری وەک کردەیەکی مرۆیی پێویستی بەدۆخێکی قووڵتر هەیە هەروەها پێویستی بە فراوانکردنی واتاکەشی هەیە، جووڵاندنی نەک تەنها بە بەکارهێنانی واتاکانی پێشووتری. هیچ نووسەر و کتێبێکی کەسانی پێش ئێمە وەڵامی هەموو پرسیارێکیان لا نیە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بەم شێوەیە مامەڵە بکەین دەبێت

---

ڕاهێنانی مەعنەوی و ئەم کارەی تا ساڵی ١٩٩٥ درێژە پێدا و گەلێگ شوین بۆ ئەم مەبەستە گەڕا و تا دواجار لە رۆژئاوای ئەمریکا نیشتەجی و بوو ژیانی هاوسەری پێکهێنا.

یەکەم کتێبی بەناوی (هێزی ئێستا) یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٧ دا بڵاوکرایەوە و تا ساڵی ٢٠٠٨ بە ٣٣ زمانی زیندووی جیهان بڵاوکرایەوە و لە ساڵی ٢٠١١ بە کاریگەرترین کەسایەتی مەعنەوی جیهان ناسرا.

تۆلێ هەر چەندە بە کەسایەتیەکی مەعنەویەتگەرا دادەنرێت کەچی خۆی بە نوێنەری هیچ ئایینێک نازانێت.

بگوازینەوە بۆ کلتور سەنتەری و کردنی بابەتە ئەخلاقیەکان بە سەنتەر. بەم هەنگاوەمان لەوە تێدەگەین مامەڵەکردن لەگەڵ دەقێک یان شتێکدا لە زەمەنێکدا ئەخلاقی بووە بەڵام ئێستا نائەخلاقیە چونکە ئەمە پرۆسەیەکە و مەعریفەی مرۆیی و دۆخەکە گۆڕاوە، بەلامانەوە قورس نابێت و گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەم وتە و هەڵسوکەوتکردنە پێچەوانەی ئایینە.

بابەت گەلێک هەیە بۆ ئەوەی ئێمە دوور بین لە هەڵە تێگەیشتن لێیان دەبێت بزانین دەگونجێت لە سەردەمێکدا بوونیان ڕەوا بێت بەڵام لە ئێستادا نائەخلاقی و ناڕەواییە بۆ نموونە (هەبوونی کۆیلە)، لە سەردەمەکانی پێشوودا ئەگەر بوترایە با کۆیلە نەبێت ئەوا ئەم قسەیە ڕەت دەکرایەوە و بە توندی دژایەتیان دەکرد چونکە شتێکی نائەخلاقی نەبووە و پێویستیش ناکات ئێستا دەست بکەین بە بەڵگەهێنانەوە بۆ نەبوونی و بڵێین ئایین قەدەغەی کردووە بوونی هەبێت، چونکە دۆخەکەی ئەو سەردەمە وایکرد بوو کە هەبوونی کۆیلە ئەخلاقی بێت و ڕێگەپێدراو بێت.

بەڵام لە ئێستادا ئەخلاقیاتی مرۆیی و دۆخی سەردەم وایانکردووە واتایەکی تر بە بابەتەکان ببەخشن وایکردووە کۆیلەبوون قەدەغە و نائەخلاقی بێت و ڕێگەپێدراو نەبێت، بۆیە دەبێت دووربکەوینەوە لەوەی کە گشتگیری بۆ هەموو سەردەمەکان بکەین. پەیامی پێغەمبەران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگەیشتوویی دەردەکەوێت بەم واتایە نەک بەو واتایەی پێشووی، بۆ نموونە ئەگەر سەرەکیترین پەیامی پێغەمبەر ئەوە بێت کە (ئەی مرۆڤ، تۆ مرۆڤیت، مەبە بە خودا). کاتێک سیستەمی دیموکراسی سەرهەڵدەدات و بەمرۆڤ دەڵێت نابێت ببیت بە خودا و بە تاکەکەس ئەوا لەگەڵ ئاییندا ئەخلاقیترە و گونجاوترە، ئەگەر مەعریفەیەکی نوێ دروست ببێت و من لەگەڵ خێزانمدا مامەڵەی مرۆیی بکەم وەکو ماڵ و موڵک مامەڵەی لەگەڵدا نەکەم ئەوا ئەم مامەڵەیە ئەخلاقی تر و ئایینی تریشە. ئایین دیوە مەعنەوی و قووڵ و چالاک و مامەڵە مەعشوقیانەیە کە چاوی لێدەکرێت و شوێنی دەکەون و کۆمەڵگە دەجولێنێت و ئەخلاقیانەیە. فەرهەنگ و شتی نوێ دێنێتە بوون، ئەزموونی ڕۆحی گەورە پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکات.

مامەڵەکردن بەم شێوەیە دوو تایبەتمەندی گەورە بە مرۆڤ دەبەخشیت، ئەوانیش تایبەتمەندی (جیدی بوون، ڕاستگۆیی)، مرۆڤ لەو کاتانەدا ناجیدی دەبێت کە هەست بکات دروستکراوێکی تایبەتە و هەرگیز لەناو ناچێت، کۆمەڵگەی ئیسلامیش هەروایە، چونکە باوەڕمان وایە ئەگەرچی سیستەمی سیاسیمان خراپە، تەندروستیمان لە ئاست چاوەڕوانی ئێمەدا نیە، لە ڕووی فیکرەوە دواکەوتوو بین،

لە ئەخلاقدا لە دواوە بین، بەڵام مادام موسڵمانین تێدا ناچین، ئەمە وادەکات پابەند و جیدی نەبین، لە ئاستی تاکیشدا بە هەمان شێوەیە.

بەڵام کاتێک بڕوامان بەوە هێنا کە ئێمە دروستکراوێکی تایبەت نین و هەموو ئەگەرێک بە رووماندا کراوەیە وەک مردن و نەخۆشکەوتن و کەوتن و برینداربوون ئەو کاتە زۆر پابەند دەبین بە خۆپاراستن و هەوڵدان و بەشداری تەواوم لە پرۆسەکەدا دەبێت. کاتێک بەم شێوەیەش مامەڵەمان لەگەڵ ئاییندا کرد ئەو کاتە راستگۆش دەبین، راستگۆ دەبێت لەگەڵ خۆیدا هەڵە و ناتەواویەکانی خۆی بەلاوە قورس نابێت و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی دەدات، راستگۆش دەبێت لەگەڵ مێژووی خۆیدا و ناتەواویەکانی ئەویش دەبینێت، ئەمەش وادەکات دەمارگیری بۆ هیچ شتێک نەبێت و رەخنە قبوڵ بکات، هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تەنها ناشیرینی و ناتەواویەکانی دوژمنەکەی نەبینێت بەڵکو جوانی و باشیەکانیشی لەبەر چاو دەگرێت.

***

# پرسی ژن

لە دوو سەدەی رابردوودا بابەتی ژن لە رووی فیکریەوە لەناو کۆمەڵگەدا گۆڕانکاریەکی زۆری بەسەردا هاتووە، وەک بزوتنەوەی فیمینیستەکان و جووڵانەوەی فیمینیستی لە ئێستادا بووەتە دیاردەیەکی جیهانی لەوە تێپەریوە تەنها بابەتێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی بێت بەڵکو بووەتە بابەتێکی فەلسەفی و مەعریفیش، ئێستا کۆمەڵێک فەیلەسوف هەن لە ژنان و لە دەرەوەی ژنانیش لە بواری فەلسەفی و فیکریدا ئیش لە سەر ئەم دیاردەیە دەکەن.

بۆیە ئەم بابەتە بابەتێکی گەورە و گرنگە ئەوە هەڵدەگرێت، جیاواز لەو مۆدێلە باوەی کە لە کۆمەڵگە و لای رۆشنبیرەکان بوونی هەیە مەسەلەی ژنان و نادادپەروەری بەرامبەر بە ژنان و توندوتیژی کە باسی ئەو بابەتانە دەکرێت ئەمەش واتای ئەوەیە کە پرسی ژنان لەم سەردەمەدا گرنگە، بۆیە دەکرێت لە رێگەیەوە نانی پێ پەیدا بکرێت و خەڵک لە رێگەیەوە بەرپرسیارێتی و پۆست وەربگرێت، پارتەکانیش خۆیانی پێ گەورە بکەن.

لەم سەردەمەدا ئەم بابەتە، بابەتێکی سەنتەریە، ناکرێت هیچ مرۆڤێکی مەعریفی، رۆشنبیر خۆی لەم بوارە لابدات، لەلایەکی ترەوە پرسی ژنان وەک یەکێک لە بابەتەکانی تر پەنای بۆ دەبرێت بۆ شەرعیەتدان، بۆ نموونە ئەگەر سەیری فیکری ئایینی بکەین لە سەدەی رابردوودا هەمیشە جۆرێک لە جۆرەکان شەرعیەتی لە بابەتی ژنانەوە وەرگرتووە بەوەی کە کاتێک کە ئایینەکان دروستبوون لەوانە ئایینی ئیسلام، ئیدی دۆخی ژنان گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە.

هیچ بیرمەندێکی ئیسلامی نیە ئەم بابەتەی نەوروژاند بێت، واتە کاتێک کە پێغەمبەر (د.خ) هات بارودۆخی ژنان چ گۆڕانکاریەکی بەسەرداهات، ژنان پێش هاتنی ئایینی ئیسلام نەک تەنها لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەڵکو لە سەر ئاستی جیهان بە هاوڵاتی پلە دوو، وەک موڵکێک کە دەکرێت پیاوان خاوەنیان بن تەماشا دەکران.

لە فەلسەفەی یۆنانی کۆنەوە لە (سوقرات، ئەفلاتون و ئەرستۆ)وە کە تێڕوانینیان چۆن بووە سەبارەت بە ئافرەت تاکو هاتنی ئایینی ئیسلام. هەردەم بیرمەندە ئیسلامیەکان پشتیان بەم بابەتانە بەستووە تا لە رێگەیانەوە شەرعیەت

بدەن بە ئایین کە دەیەوێت ژنان رزگار بکات و مافی تەواویان پێبدات بەو جۆرەی کە دەبێت هەبێت، کەواتە ئایین رزگارکەری ژنانە.

لە بەرامبەردا کۆمەڵێک لە رۆشنبیران و سیکۆلاریزمەکان شەرعیەتی پرۆژەی خۆیان لەوەوە وەردەگرنەوە کە پێیانوایە ئایین ستەمی لە ژن کردووە، هەر دوو کۆمەڵە بابەتی ژن دەکەن بەهۆیەک بۆ شەرعیەتدان بە بیر و پرۆژەکانیان.

لە ئێستادا یەکێک لەو بابەتانەی کە بە گەرمی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت پرسی ژنانە هەر یەکە لەو کۆمەڵانە بۆ شکست پێهێنان و رەخنەگرتن لەوی تر بەکاری دەهێنن. کەواتە ئەم بابەتە کەیسێکی دوو لایەنەیە و هەردوو کۆمەڵەکەش دەیانەوێت شەرعیەتی خۆیان لەم بابەتەوە بۆ خۆیان بەدەست بهێننەوە.

هەر دوو کۆمەڵکەش بەڵگەی مێژوویان بۆ پاڵپشتی لە راکەی خۆیان هەیە، کاتێک ئایینیەکان دەڵێن: "فەیلەسوفەکانی کۆن ئافرەتیان بە پلە دوو داناوە لەبەر ئەوەی لە رووی جەستە و فیکرەوە جیاوازن لە پیاوان" راست دەکەن، تەنانەت کانت کە بە باوکی فەلسەفەی نوێ دادەنرێت روانینی بۆ ئافرەت پلە دووە.

لەناو فەرهەنگی ئایینیشدا لە راستیدا ئافرەت پلە دووە بابەتی شایەتیدان و هەندێکی تریش، بۆ نموونە ئەگەر سەیری کتێبی (کیمیای بەختەوەری- احیاء العلوم الدین)ی ئیمامی غەزالی بکەین وەک گەورەترین بیرمەندی ئیسلامی لەو بوارەدا دەبینین جیاواز لە پیاوان بۆ ئافرەتان دەڕوانێت و دەڵێت: "باشترین کارێک بۆ ئافرەتان ئەوەیە لە ماڵەوە دابنیشن و کەسێک بەدەر لە خێزانی خۆیان نەیان بینێت، بەبێ مۆڵەتی پیاوەکانیان نەچنە دەرەوە" واتە شتانێک کە بڕوا ناکەم لە ئێستادا هیچ کەسێکی ئایینی بتوانێت وەکو خۆی بۆ ئەم سەردەمە بیگرێتەوە و خەڵکی قبوڵی بێت.

ئەمانە هەن لە راستیدا و هیچ پێویست بەوەش ناکات بشاردرێتەوە و بەڵگە بهێنرێتەوە بۆ ئەوەی کەوا دەربخرێت کە ئەمە بەو واتایە نایەت، بمانەوێت و نەمانەوێت فەرهەنگی سەردەمەکانی پێشوو بە ئایینی و نائایینیەوە سەرنجیان بۆ ژن و ماف و ئەرکەکانی بەو جۆرە بووە.

ئەگەر فەرهەنگی سەردەمەکانی پێشوو بەمجۆرە روانینیان هەبوو بێت ئەی کەواتە حەقیقەت لەکوێدایە و لەچیدایە؟، لێرەدایە خەڵکانی بیریار لەبری ئەوەی هەردەم خەریکی پینەکردن و بەڵگەهێنانەوە بن بۆ رووپۆشکردنی ئەم بابەتە بە دوای چارەسەرکردنی بابەتەکەوەن واتە لە پینەکاریەوە دەگوازنەوە بۆ مامەڵەی مەعریفی و چارەسەرکاری.

یەکەم هەنگاویش ئەوەیە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە گرفتێک هەیە لە روانین و مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکەدا چونکە هەر گرفتیک دان بەبوونیدا نەنرێت چارەسەر وەرناگرێت، لەبری ئەو هەموو کتێب و نووسراوانەی کە نووسراون و هەوڵیانداوە بەڵگە بهێننەوە بۆ ئافرەت و مافەکانیان ئەوا دانیان بە گرفتەکاندا بنابایە لە سەردەمەکانی پێشوودا و چارەسەریان بکردایە باشتر دەبوو لەرووی گەڕانەوەی کات و گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەن ماف و ئاسوودە بوونی مرۆڤ، خاوەن ئەخلاق و ئایینیەکان تووشی راجیایی و ململانێ نەدەبوون و دژبەری نەدەبوون.

بە بڕوای من چارەسەری ئەم گرفتەشە بە ریگەی رێباز (میتۆد)ی دادپەروەری دۆخی دەکرێت، کە سەرەکیترین بنەمای ئەوەیە کە ئایین و فەرهەنگی عەرەب تێکەڵ بەیەک نەکرێن. ئەوانەی بانگ دەکەنەوە بۆ ئایین و دەیانەوێت جارێکی تر مەعنەویەت لەناو کۆمەڵگەدا زیندوو بکەنەوە و ئیسلام رۆڵی خۆی ببینێتەوە با بانگکردنەکەیان بۆ ئایین بێت نەک بۆ فەرهەنگی عەرەبی.

جیاکردنەوەی ئەم دوو شتە بنەمایەکی سەرەتایی و گرنگە، چونکە ئەگەر بانگەوازەکەت بۆ ئەو فەرهەنگە بێت ئەوا دەبێت جارێکی تر بەڵگە بهێنیتەوە بۆ ئەوەی پێشوو لە کاتێکدا بابەتەکە هێندە روونە هەموو مرۆڤێکی بە ویژدان و ئەخلاقی و رۆشنبیر دەرکی پێدەکەن. ئیتر پێویست ناکات نە لە رووی سایکۆلۆژیەوە بترسین کە پێمان وابێت کە ئەمە کاریگەری رۆژئاوایە لە سەرمان، نەبەجۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەین.

بۆ ئەوەی بچینە ناو باسەکەوە دەبێت ئاماژە بە بنەماکانی دادپەروەری دۆخی بدەینەوە کە لە پێشوودا ئاماژەمان پێداوە، بەڵام جیاواز لەوەی پێشوو و هەندێک تایبەتمەندی باس دەکەین کە پەیوەندیان بەم تەوەرەی ئێمەوە هەیە.

***

# تایبەتمەندیەکانی دادپەروەری دۆخی

یەکەمین تایبەتمەندی ئەوە یەکە: ئەم دادپەروەریە رووگەیەکی ئەخلاق سەنتەرە نەوەک بەرهەم سەنتەر، هەموو مرۆڤێکی ریفۆرمخواز لە سەرووی هەموویانەوە پێغەمبەران کە دەیانەوێت چاکسازی لە کۆمەڵگەدا بکەن بە قووڵی هەمیشە لەلایان ئەخلاق سەنتەر بووە، لە پێناو ئەخلاقدا ویستوویانە گۆڕانکاری لە فەرهەنگدا بکەن، بەڵام هەمیشە فەرهەنگ رێگر بووە لەبەردەم ئەم گۆڕانکاریە قووڵەی کە ئەم کەسانە ویستوویانە، لە دوو رووەوە.

یەکەم: ئەم کەسانە درکیان بەوە کردووە کە ئەم فەرهەنگە، فەرهەنگێکی نامرۆڤانەیە و دەبێت دەستکاری بکرێت، رۆشنبیرە ئایینیەکان باش ئاگاداری ئەم بابەتە هەن کە لە چەندین فەرموودەی پێغەمبەری (د.خ) خودادا هەمانە کە فەرموویەتی" ئەگەر فەرهەنگی عەرەب وا نەبووایە" گەورەترین و بەئازارترین رێگر لەبەردەم پێغەمبەری خودا ئەم فەرهەنگە بووە تەنانەت جاری واهەبووە خەریک بووە لە فەرمانی خودا دەربچێت.

بۆ نموونە: خودا فەرمان بە پێغەمبەر دەکات کاتێک (زەیدی کوڕی حاریسە)[١] خێزانەکەی تەڵاق دەدات دەبێت تۆ بیخوازیت لەکاتێکدا خەڵک زەیدیان بە کوڕی پێغەمبەر دادەنا، دەی خودا ئەم نموونەی بە سەر پێغەمبەر خۆیدا جێبەجێکرد تا بەوان بڵێت نەخێر زەید کوری پێغەمبەر نیە و خیزانەکەشی بووکی پێغەمبەر نیە.

---

١. زەیدی کوڕی حاریسە: یەکێک بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ)، ٣٥ساڵ بەر لە هیجرەت لەدایک بووە حاریسەی باوکی یەکێک لە غولامەکانی خەدیجەی هاوسەری پێغەمبەر بوو.

یەکێک لەو کەسانەی کە هەر لە سەرەتاوە موسلمان بوونی خۆی راگەیاند و لە تەمەنی دە ساڵیدا سەر ویستی خۆی بە شێوەی (تەبەنی) بوو بە منالی پێغەمبەر.

لە ساڵی ٦٢٢ زایینی زەید لە مەککەوە بۆ مەدینەوە کۆچی کرد و دواتر لەگەڵ زەینەبی کچی جەحشدا هاوسەرگیری کرد و دواتریش بە فەرمانی خودا زەید زەینەبی تەڵاق دا و بوو بە یەکێک لە خێزانەکانی پێغەمبەر.

تاکە هاوەڵی پێغەمبەرە کە لە قورئاندا ناوی هات بێت (لە ئایەتی ٣٧ی سوورەتی ئەحزاب) و لە ساڵی ٨ی کۆچی بەرامبەر بە ٦٢٩ زایینی لە وڵاتی ئوردن لە جنگی (موتە)دا شەهید بوو.

ئەمە لەپێناو گۆڕینی ئەو فەرهەنگەدا بوو بەڵام پێغەمبەر ئەم بابەتەی شاردەوە، (وَتُخۡفِي فِي نَفۡسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبۡدِيهِ) ئەوە دەشارێتەوە لە دڵتدا کە خودا ئاشکرای دەکات، واتە خودا فەرمانی پێکردبوو پێغەمبەر خەریک بوو بەجێی نەهێنێت، پێغەمبەر دڵنیابوو کە ئەنجامدانی ئەم کارە چ گرفتیکی فەرهەنگی بۆ دروست دەکات، بەرگەی نەدەگرت، مرۆڤ بە گشتی و پێغەمبەران بە تایبەتی بەرگەی ئازاری جەستەیی دەگرن بەڵام بەرگەی ئازار و بەربەرەکانێی فەرهەنگ ناگرن، قورسترین کار ئەوەیە لە فەرهەنگ وەدەرت بنێن و پێت بڵێن: تۆ سەر بەم فەرهەنگە نیت.

گەورەترین ئازار و قورسترین کارێک کە رووبەڕووی پێغەمبەران و مرۆڤ ریفۆرمخوازەکان دەبووە و دەبێتەوە لەو کاتەدایە کە دەیانەوێت دەستکاری فەرهەنگ بکەن و فەرهەنگیش دژیان دەوەستێتەوە ئەمە بەشێکیەتی. بەشەکەی تری ئەوەیە: ئەو کەسەی دەیەوێت گۆڕانکاری قووڵی ئەخلاقی لە کۆمەڵگە و فەرهەنگدا بکات دواجار خۆیشی درکی ئەم بابەتانە ناکات چونکە فەرهەنگەکەی ناهیڵێت، واتە کاتێک پێغەمبەران ویستوویانە گۆڕانکاری بکەن هەر فەرهەنگەکە خۆی رێگر بووە لەبەردەمیاندا کە نەتوانن درکی هەندێک بابەت بکەن.

واتە لە رووی مرۆیی و دیوە لۆکاڵیەکەیەوە نەک ئایینەکەی، وەکو ئەو بارودۆخەی ئەو تیایدا ژیاوە نەک وەک پەیامە گەردونیەکەی کە بۆی هاتۆتە خوارەوە. ئەوانیش درکی ئەو بابەتانەیان نەکردووە ئەم هیچ ناتەواویەکیش نیە، واتە لە دادپەروەری دۆخیدا من لەم دۆخەی خۆمدا دەژیم، دەمەوێت مامەڵەیەکی ئەخلاقی مرۆیی بکەم بەڵام دواجار منیش دروستبووی فەرهەنگەکەم ئەمەش وادەکات هەندێک شت درک نەکەم.

سەردەمی دواتر دێت یاخود گۆڕانکاری بەسەر ئەو سەردەمەدا دێت دەزانرێت کە منیش لەو بابەتەدا تووش بووم و درکی هەندێک بابەتم نەکردووە، موتەهەری[١]

١. مورتەزا موتەهەری: لە رێکەوتی ٣١ کانوونی دووەمی ١٩١٩ لە پارێزگای خوراسان و لە شارۆچکەی (فەریمان) هەڵکەوتوو لە ٧٥ کیلۆمەتری ناوەندی پارێزگاکە واتە مەشهەد لە دایک بوو.

پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی سەرەتایی و دوناوەندی لە مەشهەد و پاشان رو دەکاتە شاری قوم و لەوێ لە حەوزەدا زۆربەی کتێبە فیقهی و شەرعیەکانی ئایینزای شیعە دەخوێنێت و دواتر بۆ مەبەستی خوێندنی ئایینی روو لە شارەکانی ئەصفەهان و شیراز دەکات.

دەڵێت: "ناچارکراوم وا مامەڵە بکەم" ناچارێکی نەویستانە نەک ناچارێکی بەویستانە چونکە پێی ئاگادار نەبووم. بۆ نموونە: بابەتی کۆیلایەتی کە مرۆڤێک بەندەی مرۆڤێکی تر بووە ئەوە بابەتێکی ئاسایی بووە لەو سەردەمەدا و نابێت ئێمە هیچ بەڵگەیەک بهێنینەوە بۆ رەتکردنەوە یان بۆ ئەوەی بەرگری لێبکەین، مامەڵە ئەخلاقیەکە هەوڵیداوە و ویستوویەتی وردە وردە ئەمە کۆتایی پێ بهێنێت.

مرۆڤە ریخۆرمخوازەکان ویستوویانە لە چوارچێوەی بەش (جزء)یدا گۆڕانکاری تێدا بکەن، نەیانتوانیوە بە سەر سەردەمی خۆیاندا هەنگاو بنێن. زۆر بابەت دەگرێتەوە تەنانەت لەبابەتی پزیشکیدا لەو بڕوایەدا بەشێک لەوەی لە ئێستادا لە ژێر ناوی (طب النبوی)دا دەفرۆشرێتەوە پەیوەندی بە فەرهەنگی ئەو کاتەوە هەبووە، واتە دەریدەخات بەو شێوەیە چارەسەری نەخۆشیان کردووە رەنگە هەندێکیان لە دەرئەنجامدا لە ئێستا باشتر بن بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە بیهێنین بە سەر ئێستادا بیسەپێنین و نابێت رەخنە بارانیشی بکەین چونکە ئەوە پەیوەندی بە سەردەمی خۆیەوە هەیە. هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان مناڵ و ژنیان لەپاڵ یەکدا باسکردووە ئەمە تایبەت بووە بەسەردەمەکە و نەیانتوانیوە هەنگاو بنێن و لەسەردەمی خۆیان دابڕێن.

دووەمین تایبەتمەندی ئەوەیە کە: هیچ فەرهەنگێک لە منەوە دەرناهێنرێت، واتە تۆ ناتوانیت پەیوەندیەکانت لەگەڵ فەرهەنگدا بپچڕێنیت و لە فەرهەنگ بێیتە دەرەوە وەک لە ئێستادا ناویان ناوە دابڕان و پچڕاندن، هیچ مرۆڤێک ناتوانێت ئەوە بکات چونکە مامەڵە لەگەڵ فەرهەنگەکەدا دەکات.

---

لە ساڵی ١٩٥٣ وەک مامۆستای بەشی فەلسەفە لە کۆلیژی ئیلاهیاتی تاران و نزیکەی بیست ساڵێک خەریکی وتنەوەی وانە و لە پاڵیشیدا خوێندنەوە دەبێت.

لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ بۆ ١٩٧٣ تێکەڵاوی کاری سیاسی دەبێت و دەبێتە رەخنەگر لە سیستمی پاشایەتی و لەگەڵ عەلی شەریعەتیدا بە مونەزیرەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٩ دادەنرێت.

لە بواری فیقە و فکردا بە سەدان نووسین و بڵاوکراوەی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە: (المدخل إلی العلوم الإسلامیة، أسباب التوجهات المادیة، الإنسان والقدوة، أجوبة الأستاذ، الحکم والنصائح و الله والعالم و ... هتد).

بەشداری چەندین کۆڕ و کۆمەڵەی سیاسی دەکات و تا دواجار تەنیا سی مانگ دوای روخانی سیستمی پاشایەتی و هاتنەکایەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران لەسەر دەستی کەسیک سەر بە گروپی (فورقان) لە رێکەوتی ١ی ئایاری ١٩٧٩ تیرۆر کرا.

لە فەلسەفەی فەرهەنگ و زمانیشدا باس دەکرێت ئەگەر مرۆڤ هەموو شتێکی خۆی لەگەڵ فەرهەنگەکەی خۆیدا داببڕێت ئەوا خۆی نامێنێت چونکە من و ئەویترین بەیەکەوە، واتە منێک نامێنێتەوە واتە ئەم وتەیەی کە دەڵێت: "هەموو کەسێک، مرۆڤی سەردەمەکەی خۆیەتی" بە مانا قووڵەکەی بەتەواوی راستە و هەموو کەسێک لە سەردەمی خۆیدا دەژی و ناتوانێت خۆی لێ بێبەری بکات.

واتە تۆ لەناو ئەو فەرهەنگەدا یاری دەکەیت و دەجولێیت، لە دەرەوەت نیە بەڵکو لەناوتۆدایە و تۆش لەناو ئەودایت. هەردووکیان یەک شتن بەڵام دواجار بواری یاریکردن و کارکردنێکی ئەخلاقی لەناو هەموو فەرهەنگێکدا هەیە.

(ئامارتیا سن) دەڵێت: "دیموکراسی شتێکی وەستاو نیە بەڵکو هەموو فەرهەنگێک دیموکراسی تایبەت بەخۆیی هەیە" هەموو سەردەمێک دەیەوێت مامەڵەیەکی ئەخلاقی و مرۆیی بکات تایبەت بە سەردەمەکەی خۆی بۆ ئەوەی فەرهەنگەکە رێک بخاتەوە، بۆ ئەوەی دەرفەتی ژیانکردن بدات بە مرۆڤەکان. بۆ نموونە لە کلتوری عەرەبیدا راستە ئافرەت وەک دروستکراوێک جیاواز لە پیاو سەیرکراوە، چۆن پیاوان ویستوویانە سەروەت و سامان و ئاژەڵی زۆریان هەبێت ویستوویانە ژنی زۆریشیان هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری تاکدا مەجالێک ماوەتەوە کە بە شێوەیەکی مرۆیی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکرێت.

هەروەها لە بابەتی کۆیلەشدا، کۆیلە هەرچەندە گەورەکەی خاوەنی بووە بەڵام هەوڵدراوە لەبوارە تاکەکەدا بەشێوەیەکی مرۆڤی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. پێغەمبەر (د.خ) بە هاوەڵانی فەرموەوە: "ئەوان برای ئێوەن" یان هەر ئەوە بووە (عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف)[1] جلوبەرگەکانی وەک جلوبەرگی کۆیلەکەی بووە.

---

١. عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف: ناوی عەبدولڕەحمانی کوڕی زوهری قورەیشی و یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر بوو کە لە لە سەرەتادا ناوی عەبدولکەعبە بوو.

یەکێکە لەو کەسانەی کە لە سەرەتادا ئیمانیان بە ئیسلام هێناو موسڵمان بوو و لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچی کرد و هەروەها یەکێک بوو لەوانەش کۆچی بۆ حەبەشە کرد.

لە زۆرێک لە جەنگەکانی بێ باوەڕان لەگەڵ موسڵماناندا بەشداری کردووە و فەرماندەی ئەو سوپایە بوو کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) ناردی بۆ بۆ (الجندل) و توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.

یەکێکە لەو کەسانەش کە مژدە بەهەشتیان پێدراوە و بە (عشره المبشره) ناسراون، لە پاش شەهید بوونی عومەری کوڕی خەتابیش یەکێک لە ئەندامانی ئەو شورا شەش کەسیەی کە هەڵبژاردنی خەلیفەیان پێ سپێردرا بوو.

مرۆڤەکان لەماڵەوە ڕێز لە ئافرەت بگرن بەڵام هیچکات لەبواری مافدا هەرگیز وەک پیاوی پێنەدراوە، پێغەمبەر (د.خ) هەردەم شانازی ئەوە بووە کە لە خێزانەکانی نەداوە ئەمە لوتکەی مامەڵەی مرۆڤانەیە، بەڵام سەرەڕای ئەم مامەڵەیە هیچکات پلەی ئافرەتی نەهێناوەتە ئاستی پیاوەوە، چونکە پێویستی بەوە هەبووە فەرهەنگەکە بگۆڕدرێت نەک ڕووکاری دەرەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ فەرهەنگێک لە بناغەوە دەرناهێنرێت.

ئایینیەکان هەڵە دەکەن کە پێیانوایە دەبێت لە بناغەوە فەرهەنگی خۆت بگۆڕیت و وازی لێبهێنیت، هەروەها سیکۆلاریزمەکانیش هەڵە دەکەن وادەزانن کە دەکرێت تۆ مامەڵە لەگەڵ فەرهەنگی خۆتدا نەکەیت وەک دەڵێن گۆڕانکاری رادیکاڵ دروست بکەیت. گرفتی ڕۆشنبیرەکانی خۆمان ئەوەیە کاتێک داوای گۆڕانکاری دەکەن ئاگاداری یەکێک لە بنەڕەتیترین پایەکانی فەرهەنگی ئەم کۆمەڵگەیەنین کە ئایینە، بەبێ ئەوەی لێبزانن و باسی بکەن دەیانەوێت بچنە ناویەوە و گۆڕانکاری تێدا بکەن. دەبێت بزانین فەرهەنگ ڕۆڵی هەیە، ناکرێت مامەڵە لە سەرووی فەرهەنگەوە بکرێت.

مامەڵەکە مامەڵەیەکی ئەخلاقیە و جیاوازە لە مامەڵەیەکی سۆزاوی، ئەم جیاوازیەش خاڵێکی زۆر گرنگە، مامەڵەی ئەخلاقی یەکسان نیە بە مامەڵەیەکی سۆزاوی. مامەڵەی سۆزاوی هەردەم مامەڵەیەکی دوو لایەنەیە، لەگەڵ بوون یان دژبوون، خۆشەویستی و رق، چاکی و خراپی. ئەمە ئەگەر پەیوەندی بە هەموو مرۆڤەکەوە بێت یان بەشێک لە مرۆڤەکە بۆ نموونە: (فلان کەس خراپە، یان کەسێکی باشە بەڵام تورەیە، کەسێکی باش و نەرم و نیانە بەڵام جگەرە خۆرە)، مامەڵەی سۆزاوی مامەڵە لەگەڵ سێ لایەندا دەکات (خودی مرۆڤەکە، بەشێک لە دەروونی مرۆڤەکە، ئاکاری دەرەکی مرۆڤەکە) هەمیشە ئەو مامەڵەیە دوو لایەنەیە.

شوناسیش لە سەر ئەم مامەڵە سۆزاویە دروست دەبێت، بۆیە شوناسیش هەمیشە مامەڵەیەکی دوو لایەنەیە یان لەگەڵمی یان لە دژمی. سونیەک و شیعەیەک ناتوانن مامەڵەیەکی سێیەمی بکەن بەڵکو هەردەم دوو لایەنەیە یان لەگەڵ یەکدا تەبان و یەکتریان خۆشدەوێت یان دژن و رقیان لە یەکە. بۆ ئەوەی مامەڵەی سۆزاوی تێپەرینین دەبێت بیگوازیتەوە بۆ مامەڵەیەکی ئەخلاقی کە ئەمیش دەبێت سۆزی تێدا بێت، گەرموگوڕ بێت، مامەڵەی ئەخلاقی هەردەم دەرئەنجامێکی

---

عەبدولڕەحانی کوڕی عەوف لە ساڵی ٣١ کۆچی بەرامبەر بە ٦٥٢ زایینی، کۆچی دوایی کرد.

سۆزاوی تێدا دەبێت بەڵام نابێت لە مامەڵەیەکی سۆزاویدا کورت بێتەوە، دەبێت پشتێنەیەکی مەعریفی بۆ بونیاد بنرێت.

کاتێک دەڵێن: "دادپەروەری پەیوەندی بۆ دۆخ و سەردەمەوە هەیە، دەیەوێت رووگەیەکی ئەخلاقی بە فەرهەنگ ببەخشێت" واتای ئەوە نیە کە مامەڵەیەکی سۆزاویە.

زۆرینەی کەسانی ئایینی لە ئێستادا مامەڵەیەکی سۆزاوی دەکەن و وادەزانن خۆمان هەموو شتێکمان هەیە نابێت هیچ شتێک وەربگرین و ئەوەی لە رۆژئاواوە بێت خراپە. لەکاتێکدا مامەڵەی مەعریفی، پێغەمبەر دەفەرموویت: (الكلمة الحكمة ضاله المؤمن فحيث وجدها فهو أحق بها) حیکمەت ونبووی ئیمانداره لای هەر کەسێک بینیت ئەوە حەقە، ئەمە گواستنەوەیە لە مامەڵەیەکی سۆزاویەوە بۆ مامەڵەیەکی مەعریفی ئەگەرچی لە مەعریفەشدا ناتوانیت سەردەمی خۆت تێپەرێنێت، بەڵام مەعریفە قووڵترە لە مامەڵەی سۆزاوی.

بۆ ئەوەی منیش بژیم و مامەڵەیەکی ئەخلاقی بکەم دەبێت بیرکردنەوەم هەبێت، بەکارهێنانی بیرکردنەوە لە ئەخلاقدا رێسایەکی ئەخلاقیە. کانت دەڵێت: "بوێری بیرکردنەوەت هەبێت"، مامەڵەی دۆخ سەنتەری مامەڵەیەکی ئەخلاقیە بەڵام ئەخلاق کورت لەسۆزدا نابێتەوە، ئەو کەسانەی کە ئەخلاق کورت دەکەنەوە لە مامەڵەیەکی سۆزاویدا ئەوانەن کە بوێری بیرکردنەوەیان نیە.

مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ فەرهەنگدا مامەڵە دەکات، مامەڵەیەکی مەعریفیشە، ئەو مەعریفەیەش دەبێتە پاڵپشتی مامەڵە ئەخلاقیەکە، ئەخلاق لەم جۆرە رووگەیەدا کورت نابێتەوە لە مامەڵەی سۆزاویدا. هەمیشە سیستەمە دیکتاتۆرەکان و مامەڵە سونەتی و تەقلیدیەکان ئیش لەسەر دیوە سۆزاویەکەی مرۆڤ دەکەن، ئەمەش گەورەترین مامەڵەی نائەخلاقیە کە هەموو مامەڵەکان لە سۆزدا کورت دەکەنەوە.

یەکێک لە فەیلەسوفەکان دەڵێت: "هەمیشە سێ گروپ هەن لەبەردەم ئەم مامەڵە مەعریفیە بۆ ئەخلاق رێگرن.

گروپی یەکەم: مرۆڤە دۆگماکانن: ئەو مرۆڤانەن کە تەنها یەک چارەسەر دەزانێت بۆ نموونە بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکان دەڵێت: "خودا" چارەسەری دەکات، مرۆڤ ئەگەر تەقوای هەبێت هەموو گرفتەکان چارەسەر دەبێت، ئەگەر قسەکەی ئەوان راست بێت ئەی بۆ زۆرینەی مرۆڤە لە خوداترس و بەتەقواکان دەردی هەژاریان هەیە و چارەسەر نەبووە.

گروپی دووەم: بەڵگەسازەکان: ئەوانەی کە هەمیشە بەڵگەیەکی ئامادە بە دەستیانەوە هەیە، دەزانێت چی باوە لە سەردەمەکەی خۆیدا و ئەمیش هەردەم

کۆمەڵێک بەڵگە و زانیاری و کەرەستەی ئامادەی بەدەستەوە هەیە، واتە وەڵامی ئامادەی بەدەستەوە هەیە بۆ پرسیارەکان و بەبێ ئەوەی بیربکاتەوە، خەڵک لەبری ئەم بیری کردۆتەوە، ئەم هیچ بەشداریەکی لە شتەکاندا نیە.

گروپی سێیەم: رێژەگەراکان: ئەوانەی بڕوایان بە حەقیقەتی رێژەیی هەیە، حەقیقەتێکی رەها نیە، کەواتە ئەوەی تۆش حەقە و ئەوەی منیش حەقە، تۆ لە فەرهەنگی خۆتدا ژن دەکوژیت حەقە، منیش کە نایکوژم حەقە، تۆ کە ناهیڵیت ژنەکەت بێتە دەرەوە لە ماڵ لە سەر حەقیت، منیش ئازادم کردووە هەرچی دەکات بیکات ئەوە لە سەر حەقم، پێوەرێک نیە، دەبێت هەمیشە بیرکردنەوە کراوە بێت، لای مرۆڤی فیکری هیچ چارەسەرێک کۆتایی نیە بەڵام بڕواشی بە حەقیقەتێکی رێژەییش نیە.

لێرەدایە ئایین دەتوانێت رۆڵی هەبێت، حەقیقەتی ئەخلاقی رەها بۆ بابەتەکان بوونی هەیە، هەر چەندە کۆمەڵێک شت پەیوەندیان بە فەرهەنگ و دۆخەکانەوە هەیە بەڵام کۆمەڵێک شتی تر هەیە سروشتی هاوبەشی مرۆڤایەتی داخوازیانن. پێغەمبەرانیش لە رێگەی ئەو یاسا رەهایانەوە بووە هەوڵیانداوە گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەدا بکەن، ئەگەرچی فەرهەنگەکەی سەردەمەکەشیان لەبەردەمیاندا رێگر بووە، ئەوە گەورەترین حەسرەتی ئەوان بووە.

ئەگەر لە قورئان وردبینەوە دەبینین پێغەمبەر (د.خ) هێندە حەسرەتی هەبووە کە گەشتووەتە ئەوەی خۆی بکوژێت (فَلَعَلَّكَ بَـٰخِعٌ نَّفۡسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَـٰرِهِمۡ إِن لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهَـٰذَا ٱلۡحَدِيثِ أَسَفًا ) وشەی (باخع) واتە (قاتل)، خەریکبووە خۆی بکوژێت چونکە ئەوەی کە هەوڵیداوە بیکات ئەوان بڕوایان پێی نەبووە و هەندێک جاریش تێنەگشتوون چونکە فەرهەنگەکە رێگر لەبەردەمیاندا بووە، بەڵام ئەم رێسا گشتگیرانەیە وا دەکات لەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا گۆڕانکاری دروست ببێت.

دادپەروەری دۆخی مامەڵەی لەگەڵ دۆخەکاندایە و سەنتەر تیایدا مامەڵەی ئەخلاقیە، مامەڵەی ئەخلاقیش کورت نابێتەوە لە مامەڵەی سۆزاویدا بەڵکو هەمیشە پشتێنەیەکی مەعریفی کراوەی هەیە، بواری گفتوگۆ لە بابەتەکەدا دەهیڵێتەوە. لەبەر ئەوە کاتێک مەعریفەی مرۆیی شتێکی نوێی دۆزیەوە لەو بوارەدا ئەوا ئەم مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و پشتگوێی ناخات.

کۆی وتەکانمان ئەوەیە کە ئەم مامەڵەیە تەنها مامەڵەیەکی میتافیزیکی وەستاو و دابڕاو لە فەرهەنگ نیە، بەڵگەی فەلسەفی بە تەنها مرۆڤەکان ناگەیەننە مامەڵەی

ئەخلاقی و مرۆیی قووڵ، چونکە هەموو فەلسەفەکانیش لەناو پارادایمێکدا ئیش دەکەن، لەناو کۆمەڵێک ئامرازی مەعریفی فەلسەفی خۆیدا ئیش دەکات.

بۆیە فەیلەسوفێکی گەورەی وەک سوقرات نەیتوانیوە چارەسەری بابەتی ئافرەت بکات وەک ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەیبینین، لە کاتێکدا ئامادە بوو لە پێناو سەلماندنی حەقیقەتێکدا ژەهرخوارد بکرێت. پێغەمبەران و فەیلەسوفەکانیش نەیانتوانیوە هەنگاو بەسەر فەرهەنگدا بنێن، ئەگەر رەخنەیان لێبگرێن لە سەر ئەوەی کە هەنگاویان نەناوە بەسەریدا ئەوا مامەڵەیەکی نادادپەروەرانە دەکەین لە گەڵیاندا چونکە هەر سەردەمە و فەرهەنگی تایبەت بەخۆی هەیە و مرۆڤەکانیش منالّی ئەو فەرهەنگەن. بۆ نموونە ئێستا هیچ مرۆڤێک ناتوانێت واز لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بهێنێت بەڵام دەتوانێت مامەڵەیەکی ئەخلاقی لەگەڵ ئەنتەرنێتدا بکات.

عەبدولکەریم سروش دەڵێت: "من دەزانم ناتوانم لە فەرهەنگی ئیستهلاکی لیبراڵی ئەم سەردەمە خۆم دەرباز بکەم کە خەرجکردن بۆتە سەنتەر، دۆخێکیان هێناوەتە بوون کە خەڵک بەردەوام خەرج بکات بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانیان بەردەوام داهاتایان هەبێت و زیاد بکات. بارانێکە دەبارێت بە سەرماندا بەڵام خۆ دەتوانین چەترێک هەڵبدەین بۆ ئەوەی تەڕ نەبین، بەو چەترەش دەڵێت: (چەتری قەناعەت)".

واتە دەتوانم لە سەردەمەکەی خۆمدا گەرچی نەتوانم بیگۆڕم بەڵام مامەڵەیەکی ئەخلاقی بکەم و رووگەی پێبدەم، بە کورتی ئیشی پێغەمبەران ئەو رووگە پێدانەیە بەرەو مامەڵەیەکی مرۆڤانەتر. ئەوەیە لە ئێستادا فەیلەسوفەکان و بیرمەندەکان، ئیسلامیەکان دەڵێن: ئێوە دەتانەوێت پشت لەسونەت و شەرع بکەن، ئەوانیش دەڵێن: نەخێر پێغەمبەر (د.خ) هەر ئەوەندەی پێکراوە دەقەکان وا لێبکات کە مرۆڤەکان لە داهاتوودا ژیانیان بەرەو باشتر بڕوات نەک ئەوەی لە ئێستادا رزگاریان بوو بێت، واتە ئافرەت لە داهاتوودا ژیانی بەردەوام بەرەو باشتر بڕوات نەک ئەوەی کە لەو کاتەدا گرفتەکانی بەتەواوەتی چارەسەر بوو بێت، چونکە لەو سەردەمەدا فەرهەنگ و بوونی پێغەمبەر لەناو فەرهەنگەکەدا رێگر بوون.

بەدڵنیاییەوە دروستکەرترین مرۆڤ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێغەمبەران بوون کە زۆرترین کاریگەریان لە سەر مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچاربوون مامەڵە لەگەڵ فەرهەنگەکەدا بکەن چونکە لەناویدا ژیاون. ئەمەش وادەکات ئێمە گرنگی و پێگەی پێغەمبەران و ئایین بە باشی بزانین لە رۆڵیان لەناو کۆمەڵگە و ئاراستەکردنی مرۆڤەکاندا، نەک ئەوەی کارێک بدەیت بەسەر ئاییندا کە لە توانایدا نیە.

تەنانەت لە ئایینەکاندا هاتووە مادام ئایینەکانیش مەخلووقی خودان، هەموو مەخلووقێکیش کاری تایبەتی خۆی هەیە نابێت لە سەرووی ئەو ئەرکەوە لێی چاوەڕوان بکەیت، (أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ) خودا هەر شتێکی دروستکرد بێت فەرمانێکیشی بەسەریدا داوە، نابێت لە سەروو ئەو ئەرکەی خۆیەوە چاوەڕوانیت لێی هەبێت، یەکێک لەو دروستکراوانەش بریتیە لە خودی ئایین و پێغەمبەران، ئەگەر زیاتر لە ئەرکی پێغەمبەرایەتی چاوەری بکەم لە پێغەمبەر ئەوا دەیگەیەنمە پلەی خودایەتی.

ئەم چاوەڕوانیە زیاد لە توانا و ئەرکی خۆی بۆ کارەکتەرەکان و دروستکراوەکانی تریش جۆرێکە لە داهێنراو (بیدعە)، ئەمە ئەگەر بۆ پێغەمبەر وابێت ئەوا بێگومان بۆ ئایینیش بە هەمان شێوەیە ئیتر پێویست ناکات ئەو جیاکاریە بکرێت لە نێوان پێغەمبەر و ئاییندا لە کاتێکدا ئەم ئایینە بۆ پێغەمبەر هاتووە.

مامەڵەی فەلسەفی و میتافیزیکی، مامەڵەی پێشتر ئامادەکراو ناتوانێت چارەسەری ئەم بابەتە بکات چونکە لەناو سیستەمێکی پێشتردا مامەڵەی کردووە ئیتر (فەلسەفە، فەرهەنگ) بێت، دەبێت بیگوازینەوە بۆ مامەڵەیەکی مەعریفی، مێژوویی، واتە مەعریفەیەک کە لەناو مێژوودا گەورە دەبێت.

گەورەترین کودەتای کانت لە فەلسەفەدا لەم بوارەدا بوو، وتی: " مم میتافیزیکزانانە چارەسەری هەندێک بابەت و گرفتی بچووک دەکەن وادەزانن هەتا کێشەکان گەورەتر بن ئەوان زیاتر دەتوانن چارەسەریان بکەن، نموونەی ئەم مرۆڤە میتافیزیکزانانە وەکو ئەو باڵندەیەن کە دەیەوێت لە زەوی بەرز بێتەوە، لە سەرەتاوە باڵەکانی زۆرتر دەجوڵێنێت هەتاکو بەرز دەبێتەوە، هەتاکو بەرز بێتەوە وا هەست دەکات باشتر دەتوانێت بفرێت چونکە کێشی سووکتر دەبێت، خەیاڵی ئەوە دەکات کە دەتوانێت بگاتە شوێنێک پێویستی بە بەکارهێنانی باڵەکانی نەبێت".

ئەمجۆرە مرۆڤانەش وادەزانن چارەسەری هەموو کێشەیەکیان لایە لەکاتێکدا هەر مرۆڤێک بەم شێوەیە بیر بکاتەوە هەڵەیە و چارەسەری هیچ گرفتێکیش پێناکرێت، چونکە بێگومان شتێک هەیە بە ئەوان چارەسەر ناکرێت ئەگینا واتایەکی فیکری نابێت. کاتێکیش دەڵێین ئایین چارەسەری هەموو کێشەکان دەکات واتای ئەوەیە چارەسەری هیچ کێشەیەکی پێناکرێت، دەبێت گرفتێک هەبێت بە ئایین چارەسەر نەکرێت و بە رێگەیەکی تر چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ئایین بتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت.

کەواتە بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئایین ڕۆڵی هەیە و ڕووگەی ئەخلاقی دەبەخشێت، چارەسەری گرفتگەلێک دەکات لەو کێشانەش بابەتی (ژن)ە، بەڵام نابێت بە مامەڵەیەکی میتافیزیکی پێشتر شوێنی هەموو شتەکانی تر بە ئایین پڕ بکەینەوە.

گرفتی فەیلەسوفەکان ئەوە بووە شوێنیان دیاریکردووە، کۆمەڵگە کۆمەڵێک چین و توێژن گەورەترین پێکهاتەیان (پیاو)ە، دواتر (ژن)ە، دوای ژنیش چینی (مناڵ)ە، ئەمە دابەشکردنێکی فەلسەفیە لەبەر ئەمە نەیانتوانیوە کێشەکە چارەسەر بکەن، دەبێت ئەم مامەڵە مەعریفیە، فیکریە، ئەخلاقیە بگوازرێتەوە بۆ ناو مێژوو، واتە لەگەڵ فەرهەنگدا مامەڵە بکات.

ئەمجۆرە مامەڵەکردنەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی فەلسەفەی دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژیا) واتە فەلسەفە کاتێک لەناو فەرهەنگدا دەردەکەوێت. (سەیید حسێن نەسر) کە لە ئێستادا بە لوتکەی سونەتگەراکان دادەنرێت دەڵێت: " لە بەراوردکردنی ئایینەکاندا دەبێت مامەڵەی دیاردەناسیانە بکەین"، کەچی لە مامەڵەی فیقهیدا بەمجۆرە مامەڵە ناکات، واتە دوو لەتی دەکات کە ئەمەش سەیرە.

کاتێک مامەڵەی دیاردەناسیت قبوڵکرد دەبێت بۆ هەموو بابەتەکان قبوڵت بێت ئەگەر بۆ هەندێک قبوڵت بوو بۆ هەندێکیش ڕەتکردەوە ئەوا لەگەڵ میتۆدی دیاردەناسیدا پێچەوانە دێتەوە. بۆ بابەتی ژنیش دەبێت مامەڵەی دیاردەناسیانە بکەین ، واتە ئەوەی کە لەناو مێژوودا دەرکەوتووە، بەم مامەڵەی دیاردەناسیانە بۆت دەردەکەوێت پێگەی ژن لەم سەردەمەدا باشتر و بەرزترە لە پێگەی ژن لە سەردەمەکانی پێشوودا، بۆیە چارەسەرەکانی سەردەمەکانی پێشتر بۆ ئێستا ناگونجێن، بەڵام ئەمە وەک کاک ئەحمەدی موفتیزادە دەڵێت: (فی الجملە نەک بالجملە) واتە کۆی پرۆسەکە نەک تاکە تاکەی بابەتەکان.

دەکرێت لە بابەتێکی فیقهیدا لە سەردەمەکانی پێشوودا شتێک هەبێت کە ژن لەو بەشەدا مافی زۆرتری دەستکەوت بێت تائێستا بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت لە کۆی پرۆسەکەدا ژن ئەو کات مافی لە ئێستا زیاتر بووە.

لە مەزهەبی شافیعیدا هیچ کارێک لە سەر ژن ئەرک نیە تەنانەت لە ماڵەوەش، دەبێت خواردنی ئامادەی بۆ ببردرێتەوە بۆ ماڵەوە بەڵام هەر خۆی لە دواییدا لە کتێبی (کفایە)[١]دا دەڵێت: "بەڕێزی ژن لەوەدایە خزمەتی پیاوەکەی بکات"، بەڵام ئەمە

١. كفاية الأخيار فى حل غاية الإختصار، أبوبكر بن محمد الشافعى، المحققان: على عبد الحميد بلطجى و محمد وهبى سليمان، الناشر: دار الخير– دمشق، الطبعة: الأولى، ١٩٩٤.

واتای ئەوە ناگەیەنێت کە پێگەی ژن بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستا باشتر بوو بێت، ئەم جۆرە مامەڵەیە پێی دەوترێت (گوڵچن کردن) واتە بابەت بابەت لێی بڕوانیت نەک کۆی پرۆسەکە کە ئەمەش مامەڵەیەکی میتۆدی نیە.

ئەو پارادایمەی ئەمڕۆ لە یاسادا سەنتەرە، جۆرێک لە ئەخلاقیاتی دروستکردووە، کە پارادایمێکە پشت بە چەمکی ماف دەبەستێت، لە کاتێکدا پارادایمی سەردەمەکانی پێشوو پشتی بە چەمکی ئەرک (تکلیف) دەبەست، ئەوانە رێزیان زیاتر بوو کە هەرچی زۆرتر ئەرکیان بەجێ بهێنایە و داوای ماف نەکەن، واتە بە جۆرێک لە جۆرەکان عەیبە بوو مرۆڤ باسی خۆی و مافەکانی بکات.

لە راڤەی عیرفانی قورئاندا لە کتێبی راڤەی عیرفانی (مەیبەدیدا)[1] کەدانراوی (ئەبو عەبدوڵڵای ئەنساری)ە[2] کە گەورەتری کتێبی راڤەی عیرفانیە بۆ قورئان لە مێژووی ئیسلامیدا دەڵێت: "تاکە دروستکراوێک کە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات

---

١. ابوالفضل رشیدالدین میبدی، کشف الاسرار و عدة الابرار (مشهور به تفسیر خواجه عبدالله انصاری)، تحقیق و تنظیم: علی اصغر حکمت، ناشر کتاب: امیرکبیر، چاپ نهم، تهران ١٣٩٤.

٢. ئەبو عەبدوڵای ئەنصاری: ناوی تەواوی (ابواسماعیل عبدالله بن ابی منصور محمد)ە لە ساڵی ١٠٠٦ لە شاری هەرات کە ئێستا دەکەوێتە وڵاتی ئەفغانستانەوە لە دایک بووە بنەچە و باوباپیرانی بۆ ئەبو ایوبی ئەنصاری دەگەڕێتەوە.

بە یەکێک لە بلیمەتەکانی بواری قورئان و راڤەکردنی دادەنرێت عاریفێکی صۆفی مەسلەک بووە بە (پیر هەرات و پیری ئەنصار و ئەنصاری هەروی)ش ناسراوە. ئەمە جگە لەوەی کە دەستێکی باڵای لە وتە بێژی و هونەری مەدح و سەنای خودای هەبووە بە هەر یەکە لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی.

شوێنی مانەوەی زیاتر شاری هەرات بووە و خەریکی وانە وتنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەروەها هۆنینەوەی شیعریش بووە جگە لە خاوەنی چەندین بەهەمی نووسراو بووە.

هەندێک لە نووسین و کتێبەکانی بریتین لە: (طبقات الصوفیه، الکشف عن منازل السائرین، نصایح، ذم الکلام، زادالعارفین، مناقب اهل الاثار، انوار التحقیق، کنز السالکین و رساله واردات و ...هتد.)

ئەبو عەبدوڵای ئەنصاری لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی و لە حەفتا ساڵیدا هەر دوو چاوی بینایان لە دەست و بەڵام هەر لە وانە وتنەوە و راڤە و تەفسیر بەردەوام بوو زۆرێک لە بەرهەمەکانی لە لایەن خوێندکارەکانیەوە نووسراوانەوە و دواجار لە لە رۆژی هەینی لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە هەرات بە خاک سپێردرا.

و داوای هیچ ناکات تەنها کافرەکانن، چونکە کافرەکانیش لەم بوونەدا ئەرکێکیان پێ سپێردراوە کە ئێستا بوونەتە هۆی پێشکەوتنی جیهانیش بەڵام هیچ بیرکردنەوەکیان نیە، بەلای دانەری کتێبەکەوە مرۆڤەکان سێ کۆمەڵەن "عاریفەکان (السابقون)، ئەوانەی گوناه دەکەن و دواتر پەشیمان دەبنەوە و داوای لێخۆشبوون دەکەن ( اصحاب الیمین)، کافرەکان. نموونە دەهێنێتەوە بە کۆشکێک کە سێ کەسی تێدایە.

کەسی یەکەم: کەسێک لەگەڵ خاوەنماڵدایە هیچ شتێک لەو کۆشکەدا لەم کەسە شاراوە نیە، راز و نیازی هەیە لەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا (خودا: خاوەن ماڵە/ کۆشک: بوونە، ئەم کەسەش: عاریفەکانن).

کەسی دووەم: میوانەکان: ژوورێکی تایبەتیان بۆ دیاریکراوەو تەنها دەتوانن لەوێدا بن.

کەسی سێیەم: خزمەتکارەکان: ئەمانە لەناو کۆشکدان و تەنها فەرمان و ئەرکەکان جێبەجێ دەکەن بەبێ ئەوەی مافیان هەبێت".

بەڵام لە مێژوودا ئەمە بووەتە سەنتەر کە تەنها ئیشی کافرەکانە بووەتە ئیشی هەموو مرۆڤایەتی، مەعریفەی ئەخلاقی سەردەمی نوێ یەکێک لەو شتانەی کە دروستیکردووە ئەوەیە کەمن خۆم بیر بکەمەوە، ئەمەش وایکرد کە چەمکی (ماف) ببێت بە سەنتەر. من داوای مافی خۆم دەکەم و مرۆڤ و هەبووەکانی تر بەرپرسن بەرامبەر بەمافەکانی من، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نیە کە مافەکانی من لەناوببات و رێگری بکات لێم بۆ بەدەستهێنانیان، یەکێک لەو مافانەش مافی ژیانە (الحیاە)، ئەخلاقیاتی سەردەمە و پاڵپشتی مەعریفی هەیە، ئەمە جۆرێکی تر لە مەعریفەی خوداناسی (ئیلاهی) نوێی دەوێت.

***

# چەمکی دادپەروەری لە سەردەمەکانی پێشووتردا

ئێمەی مرۆڤ لە سەردەمەکانی پێشوودا تەنها فەرمانەکانی خودامان بەجێ دەهێنا خودا بەرپرس نەبوو بەرامبەر بە ئێمە، ئەمەش وایکردووە چەمکی دادپەروەری لەو سەردەمانەدا بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، دادپەروەری ئەوە بوو کە خودا فەرمانی پێدەکرد، ئەگەر خوداش فەرمان بکات بەکاری ناهەقی دەبێتە هەق، وەڵامیک بۆ ئەم بابەتە نەبوو.

ئەگەر مرۆڤ شتێک نەکات بە ئیرادەی خۆیشی نەبێت ئەوا خودا هەر دەتوانێت بمخاتە ناو جەهەنمەوە، ئەمە زۆر پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ یەکتاپەرستیدا (التوحيد)، لە قورئاندا تەنانەت ئەگەر خەڵک پێویستیشیان هەبێت بە سەر خودادا چەمکێکی سەنتەریە، ئەو کاتە ئەم ئایەتە قورئانیە دێتەوە سەنتەر کە دان بە مافی جێگیری مرۆڤەکاندا بنرێت.

لە سەر بنچینەی ئەم مافەش دەتوانیت پرسیار لە خودا بکەن، (کاتێک من ئیرادەم نەبوو کارێکم کرد تۆ چۆن لێ پێچینەوەم لەگەڵدا دەکەیت لە کاتێکدا هیچ دەسەڵاتێکم بەسەریدا نەبووە؟). لە فەرموودەدا هاتووە کۆتا کەس کە دەچێتە بەهەشتەوە دەڵێت بەخودا: خودایە من بەو بچووکیەی خۆمەوە و تۆش بەو گەورەییەی خۆتەوە فلان ئیشم پێدەکەیت و پێشم پێدەکەنیت.

ناکرێت خودا فەرمانێک بەسەرمندا بدات و لەسەر توانای منەوە بێت، ئیرادەی منی تێدا نەبێت، ئیرادەش ناتوانێت ئامادەیی (حوزور) نەبێت ئەگەر مافی جێگیر نەبێت، ئەمە چارەسەرە فیکری و فەلسەفیەکە، کەواتە بابەتە سەرەکیەکانی مافی مرۆڤ بابەتگەڵێکی مەعریفی ئایینین دەخوازیت جارێکیتر ئایینداری خۆمانی پێدا بڕێژینەوە.

دەستکاری مەعریفەی ئایینی خۆمان و ئەخلاقیاتی سەردەم دەخوازی ئەوەیە، دەبێت بیربۆچوونەکانی ئێمە سەبارەت بە کەیسێکی وەک بابەتی ئافرەت لەم سەردەمەدا دەبێت گۆڕانکاری تەواوەتی بە سەردا بێت. ئەگەر بابەتێک پێچەوانە بێتەوە لەگەڵ ڕێسا ئەخلاقیە قووڵەکانی ئەم سەردەمەدا پێویست ناکات بەرگری لە فەرهەنگی سەردەمەکانی تر بکەین بەڵکو دەبێت بەرگری لە ئایین بکەین چونکە شتی ناپێویست لە ئاییندا جێی نابێتەوە.

جۆن راوڵز دەڵێت:" عەقڵانیەت جیاوازە لە مەعقولیەت" مەبەستی لە مەقولیەت هەر ئەمەیە، عەقڵانیەت دیوە رووتەکەیە (بەرژەوەندیخواز)ە، ئەوەی فەیلەسوفەکان دەیانکرد بەشێوەیەکی پەتی، بەڵام مەعقولیەت واتای عەقڵ لەناو ئەخلاقدا، مێژوودا، بە عەقڵانیەتی فەلسەفی دەگونجێت ئایین پێچەوانەی مافی ژن بێت وەک ئەوەی فەیلەسوفەکان کردوویانە، بەڵام بەمەعقولیەت (عەقڵ + ئەخلاق) ناکرێت ئایین پێچەوانەی ماف و ئەو پێگەیشتووە ئەخلاقیەی ئەم سەردەمە بێت کە کەسە هۆشیارەکانی ئەم سەردەمە پێیگەیشتوون و لەسەری هاوڕان.

ئەوانەی لە بواری ئاییندا کار دەکەن لەبری بانگەشەکردن بۆ کلتوری ئایینی لە رابردوودا دەبێت بانگەشە بۆ ئەخلاقیات و خودی ئایین بکەن لەم سەردەمەدا کە لە سەرووی فەرهەنگەکانەوەیە، بە وردبوونەوە دەتوانین فەرهەنگ و بان فەرهەنگ جیا بکەینەوە، کام بەشەی ئایین وتارێکە بۆ هەموو سەردەمەکان کام بەشەی تایبەتە بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە، ئەمە لە ناو مێژوودا دەردەکەوێت کە پێی دەوترێت فەلسەفەی دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژیا).

هەزاران ساڵی تر مرۆڤەکان بیریان لە مافی مرۆڤ بکردایەتەوە پێی نەدەگشتن چونکە هەر فەرهەنگەکەی پێشوو بوو لە رووی مەعریفی و نەریتیشەوە، مێژوو بووە هۆی ئەو گۆڕانکاریە و وایکرد ئێمە بەجۆرێکی تر جیاواز لە مرۆڤەکانی پێش خۆمان ببینین. لەو بڕوایەدام مەترسیداری ئەو کەسانەی کە میتافیزیک بە رەهایی قبوڵ دەکەن هیچ کەمتر نیە لەو کەسە توندڕەوانەی کە دەیەوێت ئایین بەو جۆرە بگەیەنێت کە خۆی لێی تێدەگات و بە سەر کۆمەڵگەدا بیسەپێنێت.

چەندە باجی توندڕەوی ئایینیمان داوە لە سەردەمی رابردوودا ئەوەندە باجی بیریکی فەلسەفی (میتافیزیکی -تۆتالیتگەرا)مان داوە کە ملیۆنەها مرۆڤیان لە پێناو بیریکدا کوشت دەرئەنجامیشی نەبوو. کە بوونە هۆی ئەوەی ملیۆنەها مرۆڤ لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بکوژرێن.

ئەو بیرە ئامادەکراوە فەلسەفیانەی کە ئێستا بەناوی پێشکەوتنخوازیەوە کە تا ئێستا ماون بێجگە لە دەرئەنجامەکانی شتێکی ترنیە، بۆیە هیچ مامەڵەیەکی ئامادەکراوی فەلسەفی میتافیزیکی بێجگە لەهێنانە کایەی جەنط و کوشتار هیچ بەرهەم ناهێنێت. ئەگەر ئایین و فیکرە ئایینیەکانیش ئاوا مامەڵە بکەن ئەوا مەرگی خۆی رادەگەیەنێت، واتای چەمکی جیهانیبوونی خۆی لە دەستدەدات، دەبێت بیر و فیکر و مانای نوێ بهێنرێتە کایەوە بۆ مامەڵەکردن و خوێندنەوەی ئایین.

ئایین، مەعریفە، فەلسەفە، رۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی مافی مرۆڤدا لە سەردەمی نوێدا بەڵام مێژوو و سەیرکردنی مامەڵەکانی رابردوو وایکردووە

دەربکەوێت چ جۆرە مامەڵەیەک ئەخلاقی ترو مرۆڤانەترە، واتە مێژووش دەورێکی باڵایی بینیووە لە دروستکردنی مافی مرۆڤدا، بەم روانینەشەوە بۆ بابەتی ژن دەڕوانین و بۆمان روون دەبێتەوە کە دەبێت ژن مافی تەواوی بدرێتێ، ئەم مامەڵەیەش پێی دەوترێت مامەڵەی دۆخی.

بەو مامەڵانەی سەردەمەکانی تر ئەگەر بمانەوێت چارەسەری بابەت و گرفتەکانی ئێستایی پێ بکەین لە راستیدا جگە لە پینەکردن و رەچاوکردنی بەرژەوەندی پیاو هیچی تر نیە و بەرهەمی ناهێنێت.

بۆ نموونە: فرەژنی لە ئێستادا ئەوانەی کە دەیهێنن زۆرینەیان لە ژێر کاریگەری ئەو بیرەدان کە لە رابردوودا هەبووە بۆ ژن نەک لەوەی کە لە ئێستادا چەندە مافی ژنەکەی داوە تا ژنێکی تر بەسەریدا بهێنێت، بەدڵنیاییەوە هیچ ئەخلاقیاتێک رێگە نادات بە پیاوێک کە ژنی دووەم بهێنێت ئەگەر بەپێی چەمکی مافی ئەم سەردەمە تەواوی مافی ژنی یەکەمی نەدا بێت.

ئەمە دەبێت گۆڕانکاری ناوەکی بە سەر خۆیدا بهێنێت، کودەتای رۆحی دەوێت، درێژەدان بە رێبازی پێغەمبەرایەتی ئەو کودەتا ناوەکیەیە کە دەبێت مرۆڤ لە خۆیدا دروستی بکات، ئەگەر من بمەوێت وەک پێشوو بژیم (ژن، پارە، کەنیزەک، کۆشک، زەوی و زار)ی زۆرم هەبێت بەڵام لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری بکەم هەرگیز ناتوانم و سەرکەوتوو نابم.

ئەوەی پێغەمبەر کردی زۆرکردنی ژمارەکان نەبوو بەڵکو هەموو هەوڵی بۆ گۆڕینی فەرهەنگ و داب و نەریت بوو. رۆحە گەورەکان ئەوانەن کە هەموو هەوڵیان ئەوەیە لە ناوەوە خۆیان بگۆڕن بۆ ئەوەی دەرەوەشیان گۆڕانکاری بە سەردا بێت.

***

# داخوازی مامەڵەی دۆخی لە ئێمە

ئەمە دەبێت لە فەرهەنگەکەدا تێبگەیت چونکە هیچ سیستەمێکی مرۆیی نیە بە گشتگیری وەری بگریت، دەکرێت ئیش لە زانستی کۆمەڵایەتیدا دەبێت بواری (نامۆ، دووربین، هەڵاویردوو، تایبەتی- استثنائي) تیایدا بوونی هەبێت، بۆ نموونە: (مامۆستایەک دوای خۆی دەرگا دادەخات و ناهێڵێت قوتابی بێتە ژوورەوە لە رواڵەتدا دادپەروەری جێبەجێکردووە بەڵام ئەگەر قوتابیەکی زیرەک هەبوو هەرگیز دوا نەکەوتبوو ئەو رۆژە لەناو ئەوانەدا بوو دەبێت نەهێڵێت ئەویش بێتە ژوورەوە؟).

لە مامەڵەی مرۆیدا نابێت بەو شێوەیە گشتگیر بێت، بەڵام رۆحێکی گشتی قووڵی ئەخلاقی هەیە لە سەرووی ئەمەوەیە، ئەم مامەڵە دۆخیە چی لە ئێمە داخوازی دەکات، ئایین گەورەترین رۆڵی دەبێت تیایدا، گەنجینەی ئایین لێرەدایە، ئەوەی کە ئایین لەناو مندا گۆڕانکاریەکی قووڵ دەکات و ئامادەم بۆ وەرگرتنی هیچ شتێکی تر ناتوانێت بیکات، ئەوەی ئایین دەتوانێت وا لە من بکات پێچەوانەی بەرژەوەندی خۆم هەڵسوکەوت بکەم هیچ سیستەمێکی تر ناتوانێت ئەوە بکات چونکە ئایین مامەڵەیەکی ئەخلاقی قووڵە.

بەهۆی مێژووەوە شتێکی تر دەرکەوتووە کە پێی دەوترێت: جیاکاری ئەرێنی: یەکێک لە گەورەترین ئەو چەمکانەی کە فەلسەفە و بیری نوێ پێیگەیشتووە بریتیە لە چەمکی جیاکاری ئەرێنی، ئەمەش وەک مارکس دەڵێت: "دەبێت لە بنچینەوە کودەتا و گۆڕانکاری بکەیت".

بۆ نموونە زۆرینەی یەکەمەکانی زانکۆکانی کوردستان لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە پارتە دەسەڵاتدارەکان بوون، لە زانکۆی سلێمانی ٢٩ قوتابی خوێندنی باڵا هەبوون هەر هەموویان دەنگیان بە یەکێتی لە دەنگداندا دابوو چونکە ئەوەی لە خۆیان نەبووایە وەرنەدەگیرا.

ئەگەر بڕیارێکیان بدایە و بیانوتایە یەکەمەکان دەنێرین بۆ دەرەوە بۆ خوێندن لە رووکەشدا دادپەروەرانە بوو چونکە یەکەمەکان مافی خۆیانە هیچ پێچەوانەی یاسا نیە بەڵام نادادپەروەریەکە لەوێدایە کە نەیانهێشتووە جگە لە خۆیان کەس یەکەم بێت.

لە رووکەشدا دادپەروەری جیاوازە لە دۆخی قووڵی دادپەروەری. لێرەدا دادپەروەری ئەوە نیە یەکەمەکان بنێرن بەڵکو دادپەروەری ئەوەیە کە جیاکاری ئەرێنی بکەن و دەرفەت بەوانە بدەن کە تواناکانیان فەوتاوە، ئەمەیە پێی دەوترێت (تەمایزی ئیجابی).

لە ژێر رۆشنایی ئەمەدایە دانراوە کە رێژەی ئەوەندە بۆ ئافرەتان و چەندە بۆ گەنجان، رێژەی پیاوانیش، ئەگەر تەمایزی ئیجابی لە سەر ئەو مامەڵە دیاردەناسیە دۆخیە بێت ئەوا یەکێکە لە باشترین رێگەکان بۆ گەڕاندنەوەی دادپەروەری، نەک هەر نابێت بە شێوازی پێشوو مامەڵە لەگەڵ بابەتەکاندا بکەین بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەخلاقیاتی ئەمڕۆ مامەڵەکانی پێشووی قبوڵ نیە.

بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکدا ژنان مافی ئەوەیان نەبووە خوێندەوار بن، بەشداری سیاسیان هەبێت، دەستکەوتی ئابووریان هەبێت. ئان مارتیا سن کتێبێکی هەیە بەناوی (سەد ملیۆن مرۆڤی لەکارخراو)[1]، واتە ئەو ژمارەیە ئافرەتانن و خوێندەواریان نیە لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "بوونیان نیە".

ئەگەر بتەوێت یارمەتیان بدەیت و مافەکانیان بەدەست بهێننەوە ئەوا دادپەروەری دۆخی یارمەتیدەر دەبێت، نەک باوەڕی پێشوو، یان ئەوەی کە شەرع رێگەی داوە ژنی دووەم بهێنرێت، ئەخلاقی ئەم سەردەمە ئەوە ناخوازێت تۆ تەنها وەک کاڵایەک و مەکینەیەکی بەرهەمهێن لەئافرەت بڕوانیت.

تەمایزی ئیجابی یەکێکە لە رێگە چارەسەرەکان کە فیکری دیاردەناسانەی ئەم سەردەمە قبوڵی کردووە، بەندە بڕوام بەتایبەتکردن بە ناوچە هەژارەکان هەیە، تایبەتکردن بە چین و توێژە بێبەشەکان، تاکو لە رێگەیەوە دۆخەکە بگونجێت و بچنە ناو رکابەریەتیەکەوە.

کۆتا بیردۆزی دادپەروەری پێمان دەڵێت: "دادپەروەری بریتیە لە بەگەڕ خستنی تواناکانی مرۆڤ"، واتە چۆن هەلیان بۆ دەرەخسێنیت کە ئەو ژیانە دابین بکەن کە خۆیان دەیانەوێت. بۆ نموونە دوو کەس هەریەکەیان بری (١٠٠٠) هەزار دۆلاریان پێدەدەیت، یەکێک لەو دوو کەسە نەخۆشە، بەجۆرێک بری (٨٠٠) هەشت سەد دۆلاری دەچێتە نرخی دەرمانەکانی.

---

١. Sen Amartya More than ١٠٠ Million Women Are Missing," New York Review of Books, ٣٧ (December ٢٠, ١٩٩٠b)

لە رواڵەتدا یەکسانی پیادەکراوە بەڵام دەبێت بزانین کەسە نەخۆشەکە بڕی ٨٠٠ دۆلاری پێویستە بۆ بەگەڕ خستنی تواناکانی، تەمایزی ئیجابی پێمان دەڵێت بۆ ئەوەی توانای کەسە بگەڕێتەوە ئاستێکی باش دەبێت یارمەتی بدرێت.

ئەمڕۆ ئایینیەکان لەبری ئەوەی دژایەتی ئەم بابەتە بکەن دەبێت دەست بخەنە سەر برینەکان و بزانن لە پێشوودا چی ستەمێک وایکردووە چینێک بێبەش بن لە مافەکانیان ئەوا دەبێت هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی ئەو چینە بدەن.

لە بابەتی ئافرەتیشدا بەو شێوەیەیە، دۆخی پێشوو وایکردبوو پیاو هەموو شتێکی بۆ فەراهەمکراو بێت، دەبێت دۆخێک بخولقێنین ئافرەتانیش بەشداریان هەبێت و لە سایەیدا مافەکانیان وەربگرن، ئایین و فەرهەنگی ئایینی و قووڵاییەکانی ئایین ئەمە دەخوازێت، ریفۆرمی ئایینی ئەوامان لێ داوادەکات کە دۆخێکی نوێ دروست بکەین نەک ئەوەی پێشوو دووبارە بکەینەوە، بەڵام بە مەرجێک مامەڵەیەکی ئەخلاقی قووڵی لەگەڵدا بکەین، هەر بۆیە هەموو گۆڕانکاریەکی ریشەیی دەبێت لە ئەخلاقەوە دەست پێبکات نەک گفتوگۆی سیاسی.

لە کاتێکدا ئەوانەی ئێستا داوای مافی ئافرەتان دەکەن زۆرینەیان بۆ گەیشتنە بە حەز و ویستەکانی خۆیان نەک بەدەستهێنانی مافە راستەقینەکانی ئافرەت. بە دەستهێنانی مافەکانی ئافرەت بەبێ ئایین هەرگیز بەدەست نایەت، بەڵام دەبێت بزانین مامەڵەی ئایینی دروست کامەیە و چۆنە. هیچ رێباز و ریفۆرمخوازێک بەبێ ئەو لایەنە مەعنەویە ئایینیە نەیتوانیوە و ناتوانێت چاکسازی ریشەیی بکات.

یەکێک لە فەیلەسوفەکان راڤەی ئایەتێکی دەکرد زۆر بەلامەوە جوانە کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە (ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ) شەیتان هەمیشە بە هەژاری دەتان ترسێنێت، جا گەیاندبووی بەم ئایەتە (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ) ئەی خەڵکینە ئێوە هەژارن بۆ خودا.

خوێندنەوەیەکی فەلسەفی مەعنەوی کرد بوو بۆیان کە دەیوت: "باشی خودا لەگەڵ مندا ئەوەیە نیازێکی بەمن نیە (قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ ) وشەی الصمد واتە (بێنیاز) واتە هەر بەخشش و چاکەیە دەرهەق بەمن دەیکات بەهۆی نیازێکی تایبەتی خۆیەوە نیە کە بە منی هەبێت. شەیتان بەوە ئێمە دەترسێنێت کە نیازەکانمان جێبەجێ نابن و نایەنەدی و ئێمەش هەردەم نیازمان هەیە، خوداش بەبێ نیاز چاکە لەگەڵ ئێمەدا ناکات".

باشترین و بە ئەخلاق ترین مامەڵە ئەوەیە کە بەبێ ئەوەی نیازی بە تۆ هەبێت چاکەت لەگەڵدا بکات و یارمەتیت بدات. ئەمە قووڵترین مامەڵەی ئەخلاقیە، منی پیاو بێ ئەوەی نیازێکی پیاوانەی خۆم لەبەرچاو بێت لەگەڵ ژندا چاکە بکەم و یارمەتی بدەم، ئافرەتانیش بەبێ ئەوەی نیازە ژنانەکانی خۆی لەبەرچاو بێت مامەڵە لەگەڵ پیاواندا بکات، (الفقر) واتای نیاز، ئەمەیە مامەڵەی ئەخلاقی و تەنها بە ئایین دەکرێت.

ئەوەی لە گەندەڵیدا نقووم بووە، ئەو پیاوە ئایینیەی کە ئایین دەفرۆشیت و لە رێگەی فەرموودە و قورئانەوە دەیەوێت هەوەسەکانی خۆی تێر بکات، ئەوانەی کە دەیانەوێت هاوشێوەی سەروەت و سامانەکانیان ژمارەی ژنەکانیشیان زۆر بێت هەرگیز ناتوانن مافەکانی ئافرەت بەدی بهێنن.

بەبێ مامەڵەی قووڵی رۆحی و مەعنەوی و ئەخلاقی پێغەمبەرانە ناتوانرێت مافەکانی ئافرەت بدرێت، جوانترین سونەتی پێغەمبەر ئەو حەسرەت و ویستە قووڵە بووە بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخی کۆمەڵگە و گەیاندنی مافەکان بۆ خاوەن مافەکان، (وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ۝٨ بِأَيِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ ۝٩) ئەمەیە زەمینەی راستەقینەی ئەم ئایەتە، لە کاتێکدا زۆرن ئەوانەی لە ئێستادا زیندە بەچاڵن بەبێ ئەوەی لە رووی جەستەییەوە کوژرا بن.

رۆحە گەورەکانی کۆمەڵگە دەبێت بەبێ نیاز مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن، گەورەترین رێگریش لەبەردەم ئەمجۆرە مامەڵەیەدا بەستنەوەیەتی بە شتێکەوە کە فیزیکیە، وەستاوە، ستاتیکیە، بایۆلۆژیە، قووڵترین شتی زانستی کۆمەڵایەتی ئەمەیە کە نابێت بابەتی ماف و ئەخلاق ببەسترێتەوە بە هۆ و ئەنجامەوە، بکە و مەکە نابێت ببەسترێتەوە بە هەیە و نیە، دەبێت لە یەکتری جیا بکرێنەوە.

مامۆستا ناصری سوبحانی دەڵێت: " ئەوەی فەرمانمان پێدەکات خودایە، ئێمە لە سەرمانە جێبەجێی بکەین"، مامەڵەی ئەخلاقی پەیوەندی بەلایەنی بایۆلۆژیەوە نیە و بوترێت لەبەر ئەوەی ئافرەت لە شتێکدا لە پیاو کەمترە دەبێت مافیشی کەمتر بێت، جەستەی پیاو بەهێزترە بە بەراورد بە جەستەی ئافرەت بۆیە دەبێت مافی پیاو زیاتربێت، ئەگەر وابێت دەبێت مناڵ لە هەموو کەس مافی کەمتر بێت چونکە جەستەی لە رووی قەبارە و هێزەوە لەوانی تر بچووکترو بێهێزترە.

یەکێک لە گەورەترین هەڵەی کەسە ئایینیەکان بەستنەوەی ئەم بابەتە ئەخلاقیانەیە بە بابەتە بایۆلۆژیەکانەوە، هەر بەڵگەیەکیش دەهێننەوە دوای چەند سالێک بە هەڵە دەخرێتەوە، ئەو بەڵگەیەی کە دەوترێت ئافرەتان عەقڵیان ناتەواوە لە رووی بایۆلۆژیەوە بەڵگەیان بۆ هێناوەتەوە لە ئێستادا دەرکەوتووە هەڵەیە.

تەنانەت هەندێک لە هاوەڵەکانیش هەمان مامەڵەیان کردووە، ئیمامی عەلی دەڵێت: "ئافرەتان عەقڵیان کەمترە لەچاو پیاودا لەبەر چەند هۆکارێک، یەکێک لەوانە بوونی سووڕی مانگانەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی چەند رۆژێک لە مانگێکدا خوداپەرستی و عیبادەت نەکەن" لەکاتێکدا ئەمە هەڵەیە چونکە هەر ئایین خۆیەتی رێگەی داوە بە ئافرەتان کە لەو کاتەدا ئەرکە ئایینیەکان جێبەجێ نەکەن.

یان لەو کاتەشدا فەرمانی ئایین جێبەجێ دەکات. یانیش دەوترێت ئافرەتان چونکە لە ماڵەوە زوو هەڵدەخەڵەتێنرین لە کاتێکدا ئەمە هەڵەی فەرهەنگە و کلتورو پیاوسالاریە ناهیڵن ئلفرەتان برۆنە دەرەوە و چاوکراوەتر بن، هەموو بەڵگەیەکیان وەڵامێکی راست و دروستی هەیە ئەگەر بەعەقڵ و لۆژیک و فەلسەفە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

هەر چەندە ئەگەر بەڵگەکانیش لاواز بن بەڵام ئەگەر بەپێی فەرهەنگی سەردەم سەیر بکرێت ئەو کات بەڵگەکە جێگەی خۆی دەگرێت، بەڵام ئەگەر مامەڵەیەکی بان مێژووی لەگەڵدا بکەیت ئەوا هیچ وەڵامێکی پێ نیە، باشترین مامەڵەش مامەڵەی ئەخلاقیە.

یەکێک لەو بابەتانەی کە پێشووتر بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە ئەوە بوو باشە بۆچی دوو ئافرەت لە بابەتی شاهیدیدا بەیەک پیاو دادەنرێت، بەڵگەکانیش بۆ ئەمە هەردەم ئەوە بووە کە زاکیرەی ئافرەت لاوازترە، بەڵام کەهاوسەرگیریم کرد بۆم دەرکەوت زاکیرەی خێزانم بە بەراورد بە زاکیرەی من بەهێزترە، ئەم مامەڵە بایۆلۆژی و بەڵگە بایۆلۆژیانە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست زۆر یارمەتیدەر نین.

بەردەوام بەڵگەی بێهێزی ئافرەت لە رووی جەستەییەوە بەدەست پیاوانەوە لە رابردوودا هۆیەک بووە بۆ پێنەدانی بەر پرسیاری و پلە و پایەی کارگێڕی و سیاسی، بەڵام لە ئێستادا ئەو بەڵگەیە هەڵوەشاوەتەوە چونکە تەکنەلۆژیا جێگەی هێزی جەستەیی گرتۆتەوە.

مرۆڤ لە فەرهەنگەکەی خۆیدا دەتوانێت تاڕادەیەک مامەڵەیەکی مرۆڤانە دروست بکات بەڵام بابەتە ریشەیی و قووڵەکان بە گواستنەوە لەو فەرهەنگەدا دروست دەبێت، ئەمەش ئیشی مرۆڤە گەورە و داناکانە، دەبێت مامەڵەی ئایینی و ئەخلاقی یەک بخرێنەوە.

بەلای ئێمەوە یەکێک لە جوانترین ئەو نووسراوانەی کەخوێندمانەتەوە ئەوەیە کە لە فەیلەسوفێک پرسیارێک کراوە کە "ئایا سەدەی بیست و یەکەم سەردەمی ئایینەکانە؟" ئەویش دەڵێت: "نەخیر سەردەمی ئایینەکان نیە وەک فەرهەنگی

ئایینەکان بەڵام سەردەمی مەعنەویەتە" واتە لەم سەردەمەدا مامەڵەی ئەخلاقی و مەعنەویە، نەک هەمان مامەڵەی فەرهەنگەکانی پێشوو لەگەڵ ئەم سەردەمەدا کە دەبێتە هۆی خولقاندنی گرفتی گەورە بۆ کۆمەڵگە.

بۆ نموونە ململانێی و کوشتن و بڕین، مەزهەبچێتی لە نێوان سونە و شیعەدا دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەکردن بە فەرهەنگەکانی پێشوو لەم سەردەمەدا کە ئەمە مامەڵەیەکی نائایینیە لە کاتێکدا مامەڵە ئایینیەکە مامەڵەیەکی ئەخلاقی و مەعنەویە، ئەمان کە یەکتریان قبوڵ نیە ئیتر چۆن دەتوانن مافی ژنان بدەن، تەنانەت ناشتوانن لێی تێبگەن.

من لەو بڕوایەدام سەدەی بیست و یەک سەردەمی ئایینەکانە چونکە مەعنەویەت، ئەخلاق، رۆحی ئایینەکانە، ئایین بە واتا بان کلتوریەکەی، مەعنەوی و ئەخلاقە. یەکێک لە گەورەترین گرفتەکانی فیکری ئایینی لە ئێستادا کێشەی ئافرەتە، بە بابەتە فیقهیەکان ناتوانن ئەم گرفتە چارەسەر بکەن بەڵکو تەنها دەتوانن پینەی بکەن، چونکە بەشێک لە فیقە لەم سەردەمەدا پێکهاتووە لە فەرهەنگی پێشوو کە ئەمەش ناتوانێت چارەسەری گرفتی ئەم سەردەمە بکات.

بۆیە دەبێت لە (اجتهاد جزء) کۆششی بەشیەوە بگوازینەوە بۆ (اجتهاد الکل) کۆششی گشتی، رووگەکە بگۆڕین، ئەمەیە دادپەروەری دۆخی. واتا لە جۆرێکی تر لە ئاییندارییەوە دەست پێبکەین کە بابەتە ئەخلاقی و مەعنەویەکانی قبوڵ بێت، بۆیە پێغەمبەران کارێکی زۆر گرنگیان ئەنجامداوە کە لە خوداناسیەوە دەستیان پێکردووە.

ئێمە لە پێشوودا ئاماژەمان پێکردووە کە خوداناسیش هەر خودناسیە، راستە لە ئیسلامدا کرۆکی ئاییندارى (التوحید)ە یەکتاپەرستیە، بەڵام ئەو واتا فەرهەنگیە عەقیدەیەی نیە. کاتێک مامەڵەمان پێگەیشتووتر دەبێت ئەو کات فیکریشمان پوختەتر دەبێت.

ئەو ریفۆرمیستانەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا دەیانوت دەبێت لە یەکتاپەرستی (توحید)ەوە دەست پێبکەین لەسەرحەق بوون بەڵام بەو واتایە نا کە تەنها کە شتێکی جێگیر بهێنیت هی سەردەمەکانی پێشوو بیسەپێنیت بە سەر ئەم سەردەمەشدا بەڵکو ئەوە بێت کە کامە بە خودا شایستەیە، کامە ئەخلاقی ترە ئەوە جێبەجێ بکەین.

هیگڵ دەیوت: "ئەو پەیوەندیەی لە نێوان خالیق و مەخلوقدا لە ئایینی یەهودیدا هەیە پەیوەندیەکی نائەخلاقیە، چونکە بەندە هیچ رۆڵێکی نیە و ناتوانێت بیر بکاتەوە

بەڵکو تەنها فەرمان جێبەجێ دەکات و بەهێز دەیجولێنن"، ئەمە پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ ناسینی خودادا (وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ).

گۆڕینی تێڕوانینی من بۆ ئافرەت پەیوەستە بە بابەتی گۆڕینی بیروباوەڕی منەوە، چونکە ئەگەر لەو بڕوایەدا بین کە ژن هەر دەبێت لە جێگەی خۆی بێت و پیاویش هەروەها ئەوا دەبێت فەرهەنگەکەی پێشووم قبوڵ بێت و کاری پێ بکەم، ئەمەش شەرعیەتدانە بەو فەرهەنگە و ئەو ستەمەی لەو سەردەمەدا کراوە.

ئەم جۆرە مامەڵەیە بوو وایکردبوو کە مارکس پێی وابێت: "ئایین، تلیاکی کۆمەڵگەیە"، تلیاکێکە کە چینی سەرمایەداران بەکاری دەهێنن بۆ چینی پرۆلیتاریا (کرێکار)، ئێستاش ئەو تێڕوانینە کلاسیکیە نائەخلاقیە وادەکات بەناوی (ئایین، گریان، خوێندنی ئایەتی قورئانەوە، شتە بایۆلۆژیەکانەوە) وا دەکەن دەسەڵاتێک بۆ خۆیان دروست بکەن و خەڵک شوێنیان بکەوێت. مامەڵەی قووڵی ئەخلاقی و مەعنەویە، شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکانی مێژوویشی دروستکردووە، بەبێ ئەمەش هیچ گۆڕانکاریەک لەناو کۆمەڵگەدا ناکرێت.

دەبێت ئێمە تێڕوانین و فیکرمان دەربارەی بابەتی ئافرەت و مافەکانیان بگۆڕین و لە پێنەکاری دوور بکەوینەوە، ئەگەر فرەژنی پێچەوانە بێتەوە لەگەڵ بابەتە ئەخلاقیەکانی ئەم سەردەمەدا ئەوا بەدڵنیاییەوە پێچەوانەی ئایینیشە، چونکە لەو بڕوایەدا هیچ بنەمایەکی ئایینی پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ بابەتە ئەخلاقیەکاندا، ئەگەر مرۆڤ کوژی دەیان بانگەشە و پشتگیری ئایینەکانی بۆ بهێنرێتەوە بە مەبەستی دروستی و یاسایی بوونی ئەوا بەڕای من هەڵەیە و نادروستە چونکە پێچەوانەی ئەخلاق و بنەماکانیەتی.

لەو بڕوایەدام کە شەریعەت و ئەخلاق یەک شتن، ئەو قووڵاییە وادەخوازێت ئەگەر سەردەم وابخوازێت کە دەبێت ئافرەت ئازادی چوونە دەرەوەی هەبێت ئەوا نائەخلاقیە کە ڕێگەی لێ بگیرێت بە مەرجێک لە چوونە دەرەوەیدا مامەڵەی نائەخلاقی لەگەڵدا نەکرێت و بۆ کاری نائەخلاقی بەکار نەهێنرێت.

گرنگترین ڕێسای مەعنەویەت ئەوەیە کە مرۆڤ تیایدا ڕەسەنە، واتا خۆی بیر دەکاتەوە بە شێوەیەکی قووڵ، هەمیشە کەسە دانا و زاناکان لە هەموو سەردەمێکدا پێویستن و گرنگی تایبەتیان هەیە، مافی مرۆڤ کەسانی حەکیم پێیگەیشتوون بە وردبوونەوە لە مێژوو و دیاردەناسیەکان، قورئان داوا لە عەرەبەکان دەکات (قُلۡ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍۖ أَن تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثۡنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن

جِنَّةٍ ) من تەنها یەک داوام هەیە لە ئێوە کە هەستن یەک یەک و دوو دوو، بیربکەنەوە کە هاوڕێی ئێوە ش]تە، باس باسی بیرکردنەوە و تێرامانە، مرۆڤ بە ئازادیەوە بیر بکاتەوە و لەخۆی رابمێنێت، توانای هەبێت بۆخۆی بڕوانێت، هاوشێوەی مشەخۆرەکان نەبێت کە تەنها بەردەمی خۆی ببینێت.

(نیگل)ی فەیلەسوف دەڵێت "مرۆڤەکان دوو جۆرن، جۆرێکیان: مرۆڤانی سیاسەت سەنتەرن تەنها دەجوڵێن و کار دەکەن و بیر ناکەنەوە، جۆرەکەی تریان: کلتور سەنتەرن ئەوانەن کە دەتوانن بۆ خۆیان بڕوانن و سەر بەرز بکەنەوە و دوورتر ببینن".

فەیلەسوفەکانی سەدەی بیست و یەک ئەوانەی کە سەردەمی نوێیان دروستکرد دواتر وردە وردە گۆڕانکاری بەسەردا هات ئەو فەیلەسوفانە بوون کە توانای روانینیان هەبووە. ئێستا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەمجۆرە مرۆڤانەی کەمە، واتا مافی ئافرەت ئەوە نیە کە جلوبەرگەکانی بگۆڕێت بەجۆرێکی تر بەبێ بیرکردنەوە، بەڵکو بوونی ئافرەت و مافەکانی ئەوەیە کە ئەو دۆخەی بۆ دروست بکەیت کە بتوانێت لە خۆی رابمێنێت و بڕوانێت بۆ خۆی و سەر بەرز بکاتەوە نەک تەنها مشەخۆر بێت و فەرمان جێبەجێ بکات، پیاو بوونیش بە هەمان شێوەیە.

جیاوازی مامەڵەی ئەخلاقی و دابونەریت بەڕای فەیلەسوفەکان تەنها لەیەک خاڵدایە ئەویش ئەوەیە کە دابونەریت بیرکردنەوەی تێدا نیە ئەگینا خۆدەکرێت شتێکی ئەخلاقیش ببێت بە دابونەریت بەڵام لە مامەڵەی ئەخلاقیدا هەمیشە بیرکردنەوەیەک بوونی هەیە، دابونەریت دەکرێت لە چێژبردن یان رق لێبوونەوەدا کورت بکرێتەوە، بەڵام هەرگیز ناگونجێت لە مامەڵەی ئەخلاقیدا چێژبردن سەنتەر بێت.

بۆ نموونە کەسێک کاتێک تووشی نەخۆشی گولی (گەڕی) دەبێت هەتاکو زۆرتر جێگەکەی بخورێنێت چێژی زیاتری لێ دەبینێت، ئەمە واتای چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەنیە بەڵکو ئەوەی کە چارەسەری نەخۆشیەکەیە ئەوەیە دەبێت بیر بکرێتەوە دەرمان و چارەسەری بۆ وەربگیرێت.

واتا چێژ نابێت ببێتە سەنتەر بەڵکو دەبێت بیرکردنەوە بڕیار بدات ئەو کاتە مامەڵەیەکی ئەخلاقی دەبێت، بۆیە دەبێت ژن و مافەکان و ئازادیەکانی نابێت کورت بکرێنەوە لە چێژدا ئەگەر پێچەوانەش بێتەوە لەگەڵ ئەخلاق و مەعنەویەت و بیرکردنەوەشدا، لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا کە مامەڵەی ئەخلاقی بەتەنها مامەڵەیەکی سۆزاوی نیە.

ئەخلاق دەبێت پشتێنەیەکی مەعریفی و عەقڵانی هەبێت کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت پێمان بڵێت مافی ژن چیە نەک ئەوەی کەمن پێم باشە چۆن بێت. کەواتە چارەسەری بابەتی ژن و مافەکانی بە مامەڵەیەکی قووڵی ئەخلاقی دەکرێت بە باکگراوندێکی مەعریفی و عەقڵانی، ئایینیش هەمان ڕۆڵی هەیە، مرۆڤی مەعنەوی ئامادەیە پێچەوانەی دابونەریت و مامەڵەی سۆزاوی خۆی بێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازی و دونیابینیە فراوانە.

بازدان بە سەر سەردەمدا بۆ هەر دوو لایەنەکە خراپ دەکەوێتەوە، چ کەسە ئایینیەکان کە بیانەوێت بە ڕێساکانی سەردەمەکانی پێشوو گرفتەکانی ئێستا چارەسەر بکەن، هەروەها ئەوانەی کە دادگایی دینێکی سەروو فەرهەنگی دەکەن کە لەو قۆناغەدا بوونی هەبووە.

عەبدولکەریم سروش لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لێی دەپرسن بۆ پێغەمبەر نۆ ژنی هێناوە دەڵێت: "تۆش ببە بەپێغەمبەر و نۆ ژن بهێنە"، پێغەمبەرایەتی و مامەڵەی ئەخلاقی ئەو لەو قۆناغەدا ئەوەی خواستووە، ئەوەندەی ورد بوومەتەوە لەو بابەتە هیچ ژنهێنانێکی پێغەمبەر بەدەر نەبووە لە مامەڵەی ئەخلاقی، لە فەرهەنگێکدا کە پیاوان بۆیان نەبووە سەردانی ماڵە هەتیوێک بکات تەنانەت ئەگەر نزیکترین کەسی خۆیشی بێت لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە دەفەرموویێت: "کەستان با نەچێتە ماڵی نامەحرەمەوە، هاوەڵێکیش دەڵێت: ئەی هاوسەری براکەی، پێغەمبەریش دەفەرموێت ئەوە مردنە".

ئەگەر فەرهەنگێک ئاوا بوو بێت ئەوا جەعفەرێک عاشقی پێغەمبەر بوو بێت و شەهید بوو بێت بە بەراورد بە هاوەڵانی تر هەژارترین بوو بێت ئەوا دەبێت پێغەمبەر چۆن سەردانیان بکات، بەبێ ئەوەی خێزانی مارە بکات و دەستگیرۆیی و سەرپەرشتی شەش مناڵەکەی بکات، زۆرینەی فەرموودەکانی پێغەمبەر کە باسی پەروەردە دەکات لە سەر مناڵەکانی جەعفەر پیادە دەبێت جگە لەوانەی کە باسی حەسەن و حسێن دەکات، ئەخلاقی ترین مامەڵەی کردووە.

لە شەڕێکدا هەموو کەسەکانی خێڵێک بە بارمتە گیراون فەرهەنگی سەردەمەکەش وابووە کە ژنی ئەو خێڵە بۆ شەڕکەرەکان حەڵاڵ بووە گەورەترین ئیهانە بە سەرۆک خێڵەکە ئەوە بووە کە دەستدرێژی بکرێتە سەر کچەکەی، پێغەمبەر بۆ ئەوەی ئەوە روونەدات هەر لەوێدا پۆشاکەکەی بەری (عەباکەی) خۆی داوە بەسەریدا بۆ ئەوەی بیپارێزێت، ئەمە جگە لە مامەڵەیەکی ئەخلاقی هیچی تر نەبووە.

دیموکراسی کە زادەی ئەم سەردەمەیە هەڵەیەکی گەورە دەکەین کە بڵێین لە سەردەمی پێغەمبەریشدا بەم فۆڕمەی ئەمڕۆ بوونی هەبووە، هەروەها مامەڵەیەکی نائەخلاقیشە بوترێت مادام لەو سەردەمەدا دیموکراسی بەم فۆڕمە نەبووە ئەوا مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە مامەڵەیان نائەخلاقی بووە.

بابەتی ئافرەت و مافەکانی و ئازادیەکانی پێویستی بە دیوێکی ئەخلاقی و عەقڵانی و مەعنەوی هەیە، پێویستی بە جیاکاری ئەرێنی هەیە بۆ ئەوەی بچنەوە سەر دۆخەکەیان، هەروەها پێویست ناکات فەرهەنگی ئەو سەردەمانەی پێشوو بهێنین و بەسەر ئەم سەردەمەدا بیسەپێنین، هەر شتێکیش لەگەڵ رۆحیەتی ئەخلاقی ئەم سەردەمەدا دژ بێتەوە پێویست ناکات بەڵگە و بیانوو بهێنینەوە بۆ ناشرینیەکانی پێشوو بەڵکو دەبێت هەر شتە و لە ناو فەرهەنگی خۆیدا بەجوانی و ناشیرینیەکانیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

پێویستمان بەوەیە لەم سەردەمەدا ماف سەنتەر بین، دەبێت گرنگی بدەین بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو، شاهیدی نێوان ژن و پیاو دیسانەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەموو سیستەمەکە سەراپا پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، چونکە زۆرێک لەوانەی ئێستا مامەڵەی پێوە دەکرێت فەرهەنگەکەیە نەک ئایین بۆیە دەبێت ئێمە بوێر بین و نەترسین.

***

<u>سەرچاوەكان:</u>

(١). قورئانی پیرۆز.
(٢). تەحسین حەمەغەریب، حوزور و قورئان "دربارەی تێگەیشتن لە قورئان"، پرۆژەی كتێبی هەژان ژمارە (١٩)، بڵاوكردنەوەی پرۆژەی گەشە، چاپی یەكەم، سلێمانی: ٢٠١٧.
(٣). عبدالكریم سروش، قبض و بسط تئوریك شریعت، مؤسسەی فرهنگی صراط، تهران، چاپ هشتم، ١٣٨٢هـ.ش.
(٤). محمد حسین الطباطبائی، تفسیر المیزان، مؤسسە الاعلمی للمطبوعات، لبنان – بیروت، الطبعة الاولی ١٩٩٧.
(٥). <u>ابن خلدون</u>، مقدمە ابن خلدون، ترجمە: <u>محمد پروین گنابادی</u>، چاپ هشتم، جلد اول، شركت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران ١٣٧٥ هـ ش.
(٦). ویلیام. پی، آلستون، تجربەی دینی (دربارەی دین)، مجموعەی مترجمان: تهران ١٣٨٣ هـ.ش.
(٧). برابری و جانبداری، توماس نیگل، ترجمە: جواد حیدری، نگاە معاصر، تهران ١٣٩٤.
(٨). فوكو، میشل، كلمات و اشیا، ترجمە: مسعود خیرخواە، انتشارات آگاە، تهران ١٣٨٦.
(٩). غزالی، محمد بن محمد، احیاء علوم الدین، ترجمە: موید الدین محمد خوارزمی، بە كوشش حسین خدیو جم، انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٥١ هـ.ش.
(١٠). حەمەكەریم، شادان، هانا ئارێنت و ئەندێشەكانی، گەورەترین تاوانی ئەخلاقی هەر مرۆڤێك بیرنەكردنەوەیە. گۆڤاری تاوی كۆمەڵایەتی، ٢٠١٤.
(١١). یوسف القرضاوی، فقه الزكاة، الطبعة: الثانیة، الناشر: مؤسسة الرسالة، سنة ١٩٧٣.
(١٢). كفایة الأخیار فی حل غایة الإختصار، أبوبكر بن محمد الشافعی، المحققان: علی عبد الحمید بلطجی و محمد وهبی سلیمان، الناشر: دار الخیر– دمشق، الطبعة: الأولی، ١٩٩٤.
(١٣). فان اس، یوزیف، علم الكلام والمجتمع في القرنین الثاني والثالث للهجرة، ترجمة: سالمة صالح، الطبعة الاولی، ناشر: منشورات الجمل، ٢٠٠٨ م.
(١٤). <u>ابن تیمیة</u>، مقدمة في أصول التفسیر، دار مكتبة الحیاة، لبنان، بیروت ١٩٨٠.

(١٥). على جواد، المفصل فى تاريخ العرب قبل الاسلام، الناشر: جامعة بغداد، الطبعة: الثانية، ١٩٩٣.

(١٦). ابوالفضل رشيدالدين ميبدی، کشف الاسرار و عدة الابرار (مشهور به تفسير خواجه عبدالله انصاری)، تحقيق و تنظيم: علی اصغر حکمت، ناشر: اميرکبير، چاپ نهم، تهران ١٣٩٤.

(١٧). تەحسین حەمە غەریب، (دەرک، عەدالەت، ئەخلاق) گۆڤاری هەژان، ژمارە ١٦.

(١٨). جان هيک، فلسفه دين، ترجمه: بهزاد سالکی، انتشارات بين المللی الهدی، چاپ سوم، تهران ١٣٨١هـ.ش.

(١٩). جان هيک، بعد پنجم، ترجمه: بهزاد سالکی، انشارات فرهنگ و فلسفه، قصيده سرا، تهران، چاپ اول ١٢٨٢هـ.ش.

(٢٠). مايکل پترسون، وليلم هاسکر، بروس رايشنباخ ديويد بازينجر، عقل واعتقاد دينی (در آمدی بر فلسفه دين)، ترجمه: احمد نراقی، ابراهيم سلطانی، انتشارات: طرح نو، تهران، چاپ چهارم ١٣٨٣ هـ.ش.

(٢١). الوين پلنتينجا، فلسفه دين (خدا، اختيار وشر)، ترجمه: محمد سعيدی مهر، کتاب طه، قم چاپ دوم ١٣٨٢.

(٢٢). النور ايتامپ، وليام بی.آلستون، الوين پلنتينجا و ديگران، دربارەی دين، ترجمه: مالک حسينی، فاطمه مينايی، محمد منصور هاشمی، ليلا هوشنگی، انتشارات هرمس، چاپ اول، تهران ١٣٨٣.

(٢٣). حسين کاجی، اخلاق شناسی، انتشارات روزنه، چاپ اول، تهران ١٣٨٤.

(٢٤). نرمن گسلر، فلسفه دين، ترجمه: دکتر حميد رضا آيات اللهی، انتشارات حکمت.

(٢٥). د. محمد عابد الجابری، الدين والدولة وتطبيق الشريعة مرکز دراسات الوحدة العربيه، بيروت، الطبعه الأولی.

(٢٦). حسين يوسفی الشکوری، نوگرايی دينی، انتشارات قصيده، چاپ اول، تهران ١٣٧٧.

(٢٧). استيس، بيدليلی بی معنايی، ترجمه: ملکيان، نقد و نظر شماره ٣١ و ٣٢ پاييز و زمستان ١٣٨٢.

(٢٨). عبدالرحمن حسن حبنکه الميدانی، ضوابط المعرفه واصول الاستدلال والمناظره، دار القلم، دمشق، الطبعه الخامسه، ١٩٩٨م.

(٢٩). دين چشم اندازهای نو، مرکز مطالعات وتحقيقات اسلامی، ناشر: بوستان کتاب قم، چاپ دوم، قم ١٣٨٠ش.

(٣٠). محمد علی مبینی، عقلانیت باور دینی از دیدگاه ئالوین پلنتینجا، مرکز انتشارات مؤسسەی آموزشی و پژوهشی امام خمینی، قم ١٣٨٢.
(٣١). عدنان اصلان، پلورالیسم دینی (راەهای آسمان)، ترجمە: انشاءالله رحمتی، انتشارات نقش جهان، تهران ١٣٨٢.
(٣٢). لودویک ویتگنشاین، پژوهشهای فلسفی، ترجمە: فریدون فاطمی: نشر مرکز، چاپ دوم، تهران (١٣٨١).
(٣٣). مصطفی ملکیان، راهی بە رهایی، نشر نگاه معاصر، تهران ١٣٨٠.
(٣٤). ویلیام پی. الستون، فلسفە زبان، ترجمە: احمد ایران منش، احمد رضا جلیلی، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران ١٣٨١ش.
(٣٥). عبدالکریم سروش، بسط تجربەی نبوی، مؤسسەی فرهنگی صراط، چاپ سوم، ١٣٧٩.
(٣٦). عبدالکریم سروش، تفرج صنع، مۆسسەی فرهنگی صراط، چاپ پنجم، ١٣٨٠.
(٣٧). و. ت. استیس، عرفان فلسفە، ترجمە: بهاءالدین خرمشاهی، سروش، تهران ١٣٨٤.
(٣٨). رابرت ال. هولمز، مبانی فلسفە اخلاق، ترجمە: مسعود علیا، انتشارات ققنوس تهران ١٣٨٢.
(٣٩). محمد مجتهد شبستری، هرمونتیک کتاب و سنت، ناشر طرح نو، چاپ ششم.
(٤٠). سعید حجریان، از شاهد قدس ناشاهد بازاری، انتشارات طرح نو، چاپ دوم، تهران ١٣٨٠.
(٤١). سروش دباغ، آینە در آینە، مۆسسەی فرهنگی صراط، تهران ١٣٨٣.
(٤٢). محمد مجتهد شبستری، تأملاتی در قرائت انسانی از دین، ناشر طرح نو، چاپ اول، تهران ١٣٨٣.
(٤٣). وین پراوفوت، تجربەی دینی، ت: عباس یزدانی، کتاب طە، تهران، بهار ١٣٨٣.
(٤٤). علی شیروانی، مبانی نظری تجربە دینی، بوستان، کتاب قم، ١٣٨١.
(٤٥). Sen Amartya More than ١٠٠ Million Women Are Missing,'' New York Review of Books, ٣٧ (December ٢٠, ١٩٩٠b)

***

## لیستی ناوی ئەو کەسایەتیانەی کە لەم کتێبەدا هاتوون:

- ئانسلم.
- عەلی شەریعەتی.
- قەشە ئۆگستین.
- ئیقبالی لاهوری.
- موستەفا مەلەکیان.
- سەلمان فارسی.
- مەک ئانتایر.
- جۆن لۆک.
- هۆبز.
- پلانتیجا.
- کانت.
- هیگڵ.
- ئۆنا مۆنۆ.
- نیچە.
- هیۆم.
- سیڤن.
- ڤۆڵتێر.
- شێکسپیر.
- کارڵ مارکس.
- داروین.
- بەتلمۆس.
- کاسیرۆڵ.
- شلایماخر.
- سوهراب سپێهری.
- ئەبوعەلی سینا.
- ڤیتگنشتاین.
- فەخری رازی.
- ئەکرەم عەنەبی.
- ڤیلیەم جەیمز.
- ڤیلیام پی ئەلستۆن.
- جۆن هیک.
- جۆن راوڵز.
- فیورباخ.
- خەیام.
- دورکهایم.
- مێری.
- کیرگەگۆر.
- عەبدولکەریم سروش.
- فرۆید.
- مەگیە.
- ئەریک فرۆم.
- سەعیدی نوورسی.
- پۆڵ ریکۆر.
- ڤیکتۆر هۆگۆ.
- کۆپەرنیکۆس.
- گۆتە.
- راسڵ.
- ئیبن خەلدون.
- هانا هارنت.
- هیتلەر.
- ناسری سوبحانی.
- ئیمامی بوخاری.
- بوزا.
- مەولانای رۆمی.
- مەولەوی تاوەگۆزی.
- فۆکۆ.
- ناپلیۆن.
- پاسکاڵ.
- هابرماس.
- عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود.
- سوهرەوەردی.
- ئارش نەراقی.
- ئیمامی غەزالی.
- ئیبن قەیمی جەوزی.

- ئیمامی شافیعی.
- مەحوی.
- سیمۆن وی.
- مەلا عومەری تالیبان.
- ئیزوتسو.
- عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی.
- سپینۆزا
- شێخ وەلیوڵڵا دەلەوی.
- موحەمەد عەبدولوەهاب.
- حەسەن تورابی.
- ئۆکام.
- سروش دەباغ.
- ئیبن عەرەبی.
- سەیید قوتب.
- دکتۆر جەواد عەلی.
- ئیبن تەیمیە.
- یوسف قەرزاوی.
- مالیک بن نەبی.
- ئەبو عەلای مەودودی.
- گادامێر.
- کارڵ مارکس.
- گاندی.
- ماندێلا.
- ڤان ئێس.
- سوقرات.
- ئەفلاتون.
- ئەرستۆ.
- نیگڵ.
- زەید.
- موتەهەری.
- ئا مارتیا سن.
- عەبدورەحمانی کوڕی عەوف.
- سەیید حسین نەسر.
- ئەحمەدی موفتیزادە.
- ئەبو عەبدوڵڵای ئەنساری.

# پێڕست

پێشەکی:............................................................................................(٣).
دەروازەیەک: ...............................................................................(٨).
مرۆڤی نوێ، مرۆڤێکی خاوەن مافە:..........................................(٢٣).
بەڵگە دەرەکیەکانی بوونی خودا:..................................................(٢٥).
وەستانەی هیوم و کانت لە دژی بەڵگەهێنانەوە:...........................(٣٤).
داهێنانەکانی قوتابخانەی بناغەیی:..........................................(٤٥).
گرنگیدان بە پۆختەکردنی ئەخلاق:..............................................(٤٧).
جێکەوتەکانی بانگەشەکانی رەها بوون:....................................(٥٠).
بەڵگەکانی نەبوونی خودا:.....................................................(٥٥).
رەهەندی ئایینە یەکتاپەرستیەکان:.............................................(٥٧).
توانا و زانست و ئیرادەی خودا:.................................................(٦٤).
مەعریفە چیە؟:......................................................................(٦٨).
ئایین و وەحی چی بۆ من دەکەن؟:...........................................(٨١).
کێشەکانی تایبەت بە بابەتە ئایینیەکان:.....................................(٩٣).
گرفتەکانی فیقهی مەقاصید:..................................................(١٠١).
سەرەکی ترین بابەتەکانی مەعریفەتناسی:...............................(١٠٩).
جۆرەکانی بکە و مەکە (امر و نهی):........................................(١١٨).
چۆن لە بابەتەکانی ناو دەقە پیرۆزەکان تێبگەین؟:...................(١٢٤).
بابەتی دادپەوەری (عەدالەت):...................................................(١٢٦).
دۆخ سەنتەری نزیکترە لە دادپەروەری:......................................(١٣٨).
شێوازی دەزگای سۆزاوی مرۆڤ:................................................(١٤٦).
پرسی ژن:...........................................................................(١٥٢).
تایبەتمەندیەکانی دادپەروەری دۆخی:......................................(١٥٥).
چەمکی دادپەروەری لە سەردەمەکانی پێشوودا:........................(١٦٧).
داخوازی مامەڵەی دۆخی لە ئێمە:.............................................(١٧٠).
سەرچاوەکان:......................................................................(١٨٠).
ناوی کەسایەتیەکان:.............................................................(١٨٣).

**بەرهەمەکانی پڕۆژەی گەشە:**

١. ئەی پێغەمبەری خودا کێشەم هەیە، نوسینی: مامۆستا فاتیح مەلا رسول شارستێنی، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.
٢. لەخوا غافڵ مەبە، بەرگی یەکەم‌و دووهەم، نوسینی: مامۆستا فاتیح مەلا رسول شارستێنی، چاپی یەکەم،٢٠١٥.
٣. ٢٥ هەڵە لەپەروەردەکردنی منداڵ، هۆکاروچارەسەر، نوسینی: د.یاسر نصر. و: محمد حەمە میرزا، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.
٤. هونەری مامەڵە لەگەڵ هەرزەکاران، نوسینی: د.یاسر نصر. وەرگێڕانی: محمد حەمە میرزا، چاپی یەکەم، ٢٠١٧.
٥. وتەو پەندو ئامۆژگاری هاوەڵانی پێغەمبەر، نوسینی: سید عبدالله، و: عفان صدیق سەرگەتی، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.
٦. وتەو پەندو ئامۆژگاری عومەری کوڕی عبدالعزیز، نوسینی: سید عبدالله، و: حسین قادر پێنجوێنی، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.
٧. وتەو پەندو ئامۆژگاری حەسەنی بەصری، نوسینی: سید عبدالله، و: حسین قادر پێنجوێنی، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.
٨. ژیانی ئیمامی بوخاری، نوسینی: م. مجید حمید، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.
٩. ژیانی ئیمامی ئەحمەد، نوسینی: م. مجید حمید، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.
١٠. دواییینەکان، تەحسین حەمە غەریب، چاپی دووەم، ٢٠١٦.
١١. حوزورو قورئان، تەحسین حەمەغەریب، چاپی یەکەم،٢٠١٧.
١٢. بنیادنانی کەسایەتی چۆن دەبێت‌و بەرز ڕادەگیرێ، نوسینی: مامۆستا فاتیح مەلا رەسول شارستێنی.
١٣. هەناسەی دڵ، بەرگی یەکەم‌و دووەم، نوسینی: مامۆستا فاتیح مەلا رسول شارستێنی، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.
١٤. ئاین‌و کێشەکان، تەحسین حەمەغەریب، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.
١٥. کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، نوسینی: حەسەن مەحمود حەمە کەریم، چاپی پێنجەم، ٢٠١٨.